زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# زمانی ئاخاوتنی هەندێ پیشەی جیاواز لە هەرێمی کوردستاندا

نـــــامەیەکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زمان لە زانکۆی سەلاحەدین- أربیل کراوە، وەکو

بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

لەلایەن

**شالاو ساڵح حەمەغەریب**

بەکالۆریۆس لە زمانی کوردی - کۆلێژی زمان - زانکۆی سەلاحەدین - ٢٠٠٨

بەسەرپەرشتی

**پ. د. یوسف شەریف سەعید**

اربیل - کوردستان

ئایار - ٢٠١٧

# بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم، ئەم ماستەر نامەیە، کە ناونیشانەکەی بریتییە لە (زمانی ئاخاوتنی هەندێ پیشەی جیاواز لە هەرێمی کوردستاندا)، هەمووی کاری تاکە کەسی خۆمە، جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردوون، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردوون بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت، ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

شاڵاو ساڵح حەمەغەریب

ڕێککەوت: ٢٠١٧/٥/٦

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتی من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی (زمانەوانی کارەکی). من پشتگیری دەکەم و ڕازیم بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆکردن بکرێت.

واژوو:

ناو: پ.د.یوسف شەریف سەعید

سەرپەرشتیاری قوتابی

ڕێککەوت:

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراون، هەروەها بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت، من ئەم نامەیە بۆ گفتوگۆ دەنێرم.

واژوو:

ناو: پ.ی.د. ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێککەوت:

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێ کراون، بۆیە ڕازیم کە ئەم نامەیە بۆ گفتوگۆ بنێردرێت.

واژوو:

ناو:

بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ

ڕێککەوت:

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە لیژنەی گفتوگۆکردن، ئەم ماستەرنامەیە، کە ناونیشانەکەی بریتییە لە: (زمانی ئاخاوتنی هەندێ پیشەی جیاواز لە هەرێمی کوردستاندا). خوێندەوە و قوتابییەکەمان کە ناوی (شاڵاو ساڵح حەمەغەریب)ە، لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین، کە پێداویستییەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕی زمان (زمانەوانیی کارەکی) پێبدرێت.

ناو: پ.ی.د. عاطف عەبدوڵڵا فەرهادی
ئەندام:
ڕێککەوت:

ناو: د. مزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد
ئەندام:
ڕێککەوت:

ناو: پ.د. یوسف شەریف سەعید
ئەندام و سەرپەرشتیار:
ڕێککەوت:

ناو: پ.د. سەباح ڕەشید قادر
سەرۆکی لیژنە:
ڕێککەوت:

واژوو:
ناو: پ.ی.د. عاطف عەبدوڵڵا فەرهادی
ڕاگری کۆلێژی زمان
ڕێککەوت:

# پێشکەش

ئەم نامەیە پێشکەشە بە:

- بینایی چاوەکانم، باوک و دایکی خۆشەویستم، خوشک و براکانم ئارامبەخشی گیانمن.
- خێزانی میهرەبانم (ژیمان)، منداڵە شیرینەکانم.
- سەرجەم خەمخۆرانی زمانی کوردی.
- سەرجەم هاوڕێیانم و بە تایبەتی (دیدار، تەلان، بەختیار، جمعە، سەرکەوت، ڕزگار)
- مامۆستای خۆشەویستم دکتۆرە (شلێر ڕەسول بەرزنجی).

# سوپاس و پێزانین

**سوپاس بۆ:**

- خودای بەخشندە و میهرەبان کە هەمو ئاواتەکانی بۆ هێناوەتەدی.
- (پ.د. یوسف شەریف سەعید)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتە ئەستۆ و ڕێنیشاندەرم بوو لە هەنگاوەکانم، سەربەرزم بە تێبینییەکانی.
- ئەو مامۆستایانەی لە قۆناغەکانی ژیانم وانەیان پێ وتووم.
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و بەڕێوەبەرایەتی خوێدنی باڵا بە تایبەتی کاک (غازی) و ڕاگرایەتی کۆلێژ و سەرۆکی بەش کە هەمیشە هاوکاری فێرخوازانی خوێندنی باڵان.
- هەموو ئەو هاوڕێ و دۆستانەی یارمەتییان داوم بە قسە یاخود بە کردار بۆ گەیشتن بەم قۆناغە.
- سوپاس بۆ برا و هاوڕێیانم (دیدار، بەختیار، جمعە، تەلان، سەرکەوت، ڕزگار) کە هەمیشە خۆم بوون.
- سوپاسی تایبەت بۆ مامۆستایان (پ.د. عەبدوڵلا حوسێن، پ.ی.د. ڕەحیم سورخی، د.مزگین عەبدولڕەحمان، م.ی. عەبدولباقی، م. بەهار زاهیر، م. ئەنوەر، م. عومەر) کە هاوکارم بوون لە پێدانی سەرچاوە و زانیاری پێویستیان پێداوم.
- سوپاسی تایبەتی مامی خۆشەویستم (ئەزهەر حەمەغەریب) و هەموو ئەوانە دەکەم، کە لە کۆکردنەوەی داتای لێکۆڵینەوەکە لەگەڵم ماندوو بوون.
- مامۆستا (هاوسەر) کە لە تایپکردنی نامەکەدا زۆر هاوکاری کردم.

## پوختەی لێکۆڵینەوە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (زمانی ئاخاوتنی هەندێ پیشەی جیاواز لە هەرێمی کوردستاندا)یە، تیایدا باس لە زمانی ئاخاوتنی ئەو پیشە دیاریکراوانە دەکرێت، کە لە دوو توێی لێکۆڵینەوەکە خراونەتەڕوو، بە ئامانجی دەرخستنی فەرهەنگ و شێوازی ئاخاوتن و ڕەنگدانەوەیان لە چوارچێوەی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن لە پەیوەندی نێوانیاندا.

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی، ئەنجام، پاشکۆ و لیستی سەرچاوەکان لە سێ بەش پێکهاتووە:

**- بەشی یەکەم:**

لەم بەشەدا سەرەتا باس لە پەیوەندی نێوان (زمان و کۆمەڵ) کراوە و دواتر هەریەک لە بابەتەکانی زمانەوانی کۆمەڵایەتی، زمان و ناسنامە، زمان وەک هەڵسوکەوتێکی کۆمەڵایەتی، جۆرەکانی زمان، کۆمەڵەی زمانی و جۆرەکانی زار بۆ دیاریکردنی زمانی پیشەیی وەک بەشێک لە زارە کۆمەڵایەتییەکان خراونەتەڕوو، لە لایەکی تریشەوە چەمکەکانی (زمان، زار، شێوەزار و جۆر) لە چوارچێوەی جۆرەکانی زمانیدا ناسێنراون.

**- بەشی دووەم:**

لەم بەشەدا هەوڵدراوە جۆراوجۆری زمانی بە شێوەیەکی گشتی باسی لێوە بکرێت و زاراوە و پێناسە و هۆیەکانی پەیدابوونی لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕوونکراوەتەوە و لە هەر شوێنێک پێویست بووبێت نموونەی گونجاوی بۆ هێنراوەتەوە، دواتر باس لە بنەما تیۆرییەکانی پیشە کراوە و پەیوەندی و کاریگەری لەگەڵ زماندا خراوەتەڕوو، سەبارەت بە دابەشکردن و پۆلینکردنی پیشەکانیش، سەرەتا بەگشتی دابەشکردنە جیاوازەکانی پیشە خراوەتەڕوو، دواتر بە پێی مەبەستی لێکۆڵینەوەکە پیشەکانی کۆمەڵگای کوردی بەسەر هەردوو کۆمەڵگای (دێهاتنشین و شارنشین)دا دابەشکراوە و سیما زمانییەکانی ئەم دوو کۆمەڵگایە دەستنیشانکراوە.

- **بەشی سێیەم:**

ئەم بەشە بریتییە لە لایەنی کارەکی لێکۆڵینەوەکە، کە تیایدا چەند ئاخاوتنێکی پەیوەست بە پیشە دیاریکراوەکانی: (کشتوکاڵکردن، ئاژەڵداری، فیتەری و پزیشکی) بە شێوەی دەنگ تۆمارکردن وەرگیراوە و دواتر نموونەکان نووسراونەتەوە. بۆ ئەم مەبەستە ئەم نموونانە لە سێ تەوەری جیاوازەوە شیکردنەوەیان بۆ کراوە، لە هەریەک لە ڕوانگەکانی (فەرهەنگ، شێوازی ئاخاوتن و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن).

لێکۆڵینەوەکەش بە چەند ئەنجامێکی گرنگ گەیشتووە، دیارترینیان بریتییە لەوەی پیشە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردی دابەشی سەر دوو کۆمەڵگای (دێنشین و شارنشین) دەبن و زمانی ئاخاوتنی تایبەت بە خۆیان هەیە. خاڵێکی تر ئەوەیە کە کۆمەڵگای کوردی بە پێی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی (ڕەگەز، چین، تەمەن... و پیشە) کە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگان و ڕۆڵی گرنگ لە دروستبوونی جۆراوجۆری زمان دەگێڕن، شێوەی ئاخاوتنی جیاوازی تێدا دەبینرێت.

# لیستی زاراوەکان

| کوردی | ئینگلیزی |
|---|---|
| ئ | |
| ئاخاوتن | Utterance |
| ئاخێوەر | Speaker |
| ئەرکە کۆمەڵاییەتیەکان | Social duties |
| ئاستی کۆمەڵایەتی | Social level |
| ئەرکی زمان | Language duties |
| ب | |
| بەشداربووان | Participants |
| بابەتی ئاخاوتن | Topics |
| بەکارهێنانی زمان | Language using |
| پ | |
| پیشە | Profession |
| پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان | Social relation |
| پەیوەندی ستوونی | Vertical relations |
| پەیوەندی ئاسۆیی | Horizontal relations |
| پەیوەندیکردن | Communicatin |
| پێوەرەکۆمەڵایەتییەکان | Social measurement |
| ت | |
| تەمەن | Age |
| ج | |
| جیاوازی زمانی | Language defferences |
| جیاوازی کۆمەڵایەتی | Social deffirinatiation |
| جیاوازی چینایەتی | Class deffirinatiation |
| جۆر | Variety |
| جۆراوجۆری زمانی | Language variety |
| چ | |
| چین | Class |
| ڕ | |
| ڕەگەز | Gender |

| | |
|---|---|
| Counselation | ڕاوێژکاری |
| Event | ڕووداو |
| Speech Event | ڕووداوی ئاخاوتن |
| | ز |
| Dialect | زار |
| Sociolinguistics | زمانەوانی کۆمەڵایەتی |
| Verbal Language | زمانی ئاخاوتن |
| Jargon | زمانی پیشەیی |
| | ژ |
| Situation | ژینگە |
| | ش |
| Style | شێواز |
| Speech style | شێوازی ئاخاوتن |
| Accent | شێوەزار |
| | ک |
| Language community | کۆمەڵەی زمانی |
| Social Interaction | کارلێکی کۆمەڵایەتی |
| Society | کۆمەڵگا |
| Culture | کولتور |
| | ق |
| Interruption | قسەپێبڕین |
| | ن |
| Informal | نافەرمی |
| Nonlinguistic | نازمانی |

# لیستی هێما و کورتکراوەکان

ب.س: بێ ساڵ

ئا١: ئاخێوەری یەکەم

ئا٢: ئاخێوەری دووەم

ئا٣: ئاخێوەری سێیەم

ئا٤: ئاخێوەری چوارەم

ئا٥: ئاخێوەری پێنجەم

⬆ : دەنگ بەرزکردنەوە

(......): ناوی کەسێک

........: تەواو نەکردنی قسە

**ناوەڕۆک**


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| بەڵێننامە | Ii |
| پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت | iii |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن | Iv |
| پێشکەش | V |
| سوپاس و پێزانین | vi |
| پوختەی لێکۆڵینەوەکە | vii-viii |
| لیستی زاراوەکان | ix-x |
| لیستی هێما و کورتکراوەکان | xi |
| ناوەڕۆک | xii-xiv |
| **پێشەکی** | ٣-١ |
| ١/٠) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٣/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٤/٠) سنور و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٥/٠) گرنگی و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٦/٠) گرفتی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٧/٠) ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە | ٢-٣ |
| **بەشی یەکەم: کارلێکی نێوان زمان و کۆمەڵ و زمانەوانی کۆمەڵایەتی** | ٤-٤٧ |
| ١/١) زمان و کۆمەڵ و پەیوەندی نێوانیان | ٤ |
| ١/١-١) تایبەتمەندییەکانی زمان لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵدا | ٧ |
| ١/١-٢) ڕۆڵ و کاریگەری زمان و کۆمەڵ لە سەر یەکتر | ٨ |
| ٢/١) زمانەوانی کۆمەڵایەتی | ١٣ |
| ٢/١-١) سنوور و ئامانجەکانی زمانەوانی کۆمەڵایەتی | ١٧ |
| ٢/١-٢) ناساندنی زمانەوانی کۆمەڵایەتی | ٢٠ |
| ٣/١) زمان (دیاردە-ڕەفتار)ێکی کۆمەڵایەتییە | ٢٣ |
| ٤/١) زمان و ناسنامە | ٢٧ |
| ٥/١) جۆرەکانی زمان | ٣١ |
| ٦/١) کۆمەڵەی زمانی | ٣٤ |
| ٧/١) ئاخاوتن و شێوازی ئاخاوتن | ٤٠ |

| | |
|---|---|
| ١-٧/١) پێناسەی ئاخاوتن | ٤٠ |
| ٢-٧/١) توانای ئاخاوتن | ٤١ |
| ٣-٧/١) شێوازی ئاخاوتن | ٤٢ |
| ٤-٧/١) جۆرەکانی شێوازی ئاخاوتن | ٤٣ |
| ١-٤-٧/١) شێوازی نافەرمی (ئاسایی) | ٤٣ |
| ٢-٤-٧/١) شێوازی پرس و ڕا | ٤٤ |
| ٣-٤-٧/١) شێوازی دۆستانە | ٤٥ |
| ٤-٤-٧/١) شێوازی دەربڕینی قەدەغەکراو (تابوو) | ٤٥ |
| ٥-٤-٧/١) شێوازی گاڵتەئامێز | ٤٦ |
| **بەشی دووەم: جۆراوجۆری زمانی و بنەما تیۆرییەکانی پیشە لە نێو زماندا** | **٨٢-٤٨** |
| ١/٢) جۆراوجۆری زمانی | ٤٨ |
| ١-١/٢) زاراوەی جۆراوجۆری زمانی | ٤٩ |
| ٢-١/٢) چەمک و پێناسەی جۆراوجۆری زمانی | ٤٩ |
| ٣-١/٢) هۆکارەکانی پەیدابوونی جۆراوجۆری زمانی | ٥٠ |
| ١-٣-١/٢) چین و توێژی کۆمەڵایەتی | ٥١ |
| ٢-٣-١/٢) تەمەن | ٥٣ |
| ٣-٣-١/٢) ڕەگەز | ٥٥ |
| ٤-٣-١/٢) پیشە | ٥٩ |
| ٢/٢) جۆرەکانی زار | ٦١ |
| ١-٢/٢) زاری ناوچەیی | ٦١ |
| ٢-٢/٢) زاری کۆمەڵایەتی | ٦٢ |
| ٣/٢) پیشە و کۆمەڵگا و جۆرەکانی | ٦٣ |
| ١-٣/٢) ناساندنی پیشە | ٦٣ |
| ١-١-٣/٢) پیشە لە ڕووی زمانەوە (لە فەرهەنگدا) | ٦٣ |
| ٢-١-٣/٢) پیشە لە ڕووی زاراوەوە | ٦٣ |
| ٣-١-٣/٢) پێناسەی پیشە | ٦٤ |
| ٤/٢) کار | ٦٥ |
| ٥/٢) پیشە و پێگەی کۆمەڵایەتی | ٦٦ |
| ٦/٢) گرنگی پیشە | ٦٧ |
| ٧/٢) پێویستییەکانی پیشە | ٦٨ |
| ٨/٢) ڕەوشت و ئاکاری پیشەیی | ٧١ |
| ٩/٢) زمان و پیشە (پەیوەندی، کاریگەری) | ٧٢ |
| ١٠/٢) زمانی پیشەیی (دەروازە) | ٧٤ |

| | |
|---|---|
| ٢/١٠-١) زمانی پیشەیی (زاراوە) | ٧٥ |
| ٢/١٠-٢) زمانی پیشەیی (پێناسە و تێڕوانین) | ٧٥ |
| ٢/١٠-٣) زمانی پیشەیی (بەکارهێنان، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی) | ٧٦ |
| ٢/١١) جۆرەکانی پیشە و بنەمای پۆلینکردنیان | ٧٨ |
| ٢/١١-١) پۆلینکردنی پیشەکان لە ڕوانگەی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە | ٧٩ |
| ٢/١١-٢) پۆلینکردنی پیشەکان | ٧٩ |
| ٢/١١-٣) سیماکانی ژیان و زمانی تاکی دێهاتنشین و شارنشین (خستنەڕوو، جیاوازی) | ٨٠ |
| **بەشی سێیەم: زمانی ئاخاوتنی هەندێ پیشەی جیاواز** | ٨٣-١٤٤ |
| سەرەتا | ٨٣ |
| ٣/١) ڕێ و شوێنی لایەنی کارەکی لێکۆڵینەوەکە | ٨٤ |
| ٣/١-١) کۆمەڵگای لێکۆڵینەوەکە | ٨٤ |
| ٣/١-٢) نموونە و داتای لێکۆڵینەوەکە | ٨٥ |
| ٣/١-٢-١) نموونەی لێکۆڵینەوەکە بە ژمارە و ئامار | ٨٥ |
| ٣/١-٢-٢) کۆکردنەوە و وەرگرتنی نموونەکانی ئاخاوتن | ٨٥ |
| ٣/٢) پیشەکان و وەرگرتنی نموونەی ئاخاوتنیان و شیکردنەوەیان | ٨٦ |
| ٣/٢-١) پیشەی کشتوکاڵکردن | ٨٦ |
| ٣/٢-١-١) نموونەی ئاخاوتنی یەکەم | ٨٧ |
| ٣/٢-١-٢) نموونەی ئاخاوتنی دووەم | ٩٥ |
| ٣/٢-٢) پیشەی ئاژەڵداری | ١٠٢ |
| ٣/٢-٢-١) نموونەی ئاخاوتنی یەکەم | ١٠٣ |
| ٣/٢-٢-٢) نموونەی ئاخاوتنی دووەم | ١٠٩ |
| ٣/٢-٣) پیشەی فیتەری | ١١٤ |
| ٣/٢-٣-١) نموونەی ئاخاوتنی یەکەم | ١١٥ |
| ٣/٢-٣-٢) نموونەی ئاخاوتنی دووەم | ١٢١ |
| ٣/٢-٤) پیشەی پزیشکی | ١٢٨ |
| ٣/٢-٤-١) نموونەی ئاخاوتنی یەکەم | ١٢٩ |
| ٣/٢-٤-٢) نموونەی ئاخاوتنی دووەم | ١٣٥ |
| ٣/٨) ئاماری فەرهەنگی پیشەکان | ١٤٢ |
| ئەنجامەکان | ١٤٥ |
| لیستی سەرچاوەکان | R١٤٦ |
| پاشکۆ | A١٨١-A١٥٤ |
| پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی | |

# پێشەکی

## پێشەکی

### ١/٠) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵێنەوەکە بە ناونیشانی (زمانی ئاخاوتنی هەندێ پیشەی جیاواز لە هەرێمی کودستاندا)یە، واتە؛ لێکۆڵینەوەکە بۆ باسکردن لە شێوازی ئاخاوتن و دیاریکردنی فەرهەنگی زمان و ڕەنگدانەوەی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن لە پیشە دیاریکراوەکانی (کشتوکاڵکردن، ئاژەڵداری، فیتەری و پزیشکی) تەرخانکراوە، لە چوارچێوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتیدا لێیکۆڵدراوەتەوە.

### ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە

درکپێکردنی بوونی جۆراوجۆری زمانی و لە ناویشیاندا بوونی زمانی ئاخاوتنی پیشەی جیاواز لە کۆمەڵگای کوردیدا هۆی سەرەکی هەڵبژاردنی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەیە، جگە لەمەش کەمی تێڕوانینی زمانەوانی کۆمەڵایەتی لە بارەی پیشە جیاوازەکان بە گشتی و زمانی ئاخاوتنیان، بە تایبەتیش هەریەک لە پیشەکانی (کشتوکاڵکردن، ئاژەڵداری، فیتەری و پزیشکی)، هۆیەکی تری هەڵبژاردنی ناونیشانەکەیە.

### ٣/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە شێوەیەکی گشتی پەیڕەوی ڕێبازی (وەسفی ـ شیکاری) کراوە، لە هەمانکاتدا بە پێی پێویستی لێکۆڵینەوەکە بە تایبەت لە بەشی سێیەمدا بۆ شیکردنەوەی نموونەکان و تێڕوانینیان لە ڕوانگەی شێوازی ئاخاوتن و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان سود لە ڕێبازی (ئەرکی ـ شیکاری) وەرگیراوە.

### ٤/٠) سنور و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە لە سنووری دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدایە، نموونەکان لە (شاری هەولێر و کەرکوک و دەوروبەرییان) وەرگیراوە، ئەو کەرەستانەی وەرگیراون، بریتین لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی پیشە دیاریکراوەکانی لێکۆڵینەوەکە بە شێوەی کاری مەیدانی و تۆمارکردنی دەنگی بە شێوەی نهێنی و دواتر نووسینەوەیان.

**٥/٠) گرنگی و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە**

گرنگی لێکۆڵینەوەکە لەوە خۆی دەبینێتەوە، کە تێڕوانینێکی نوێ لە بارەی زمانی ئاخاوتنی پیشە جیاوازەکان دەخاتەڕوو، بە تایبەتی پیشە دیاریکراوەکانی نێو لێکۆڵینەوەکە، ئەویش ئەوەیە کە لێکۆڵینەوەکە لە ڕوانگەی (فەرهەنگ، شێوازی ئاخاوتن و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن) لە زمانی ئاخاوتنی پیشەکان دەڕوانێت، ئەمە لە کاتێکدا پێشتر زیاتر لە چوارچێوەی فەرهەنگی زمان لە پیشەکان کۆڵراوەتەوە، ئەمەش بە ئامانجی دەرخستنی فەرهەنگی زمانییان و شیکردنەوەی ئاخاوتنیان لە ڕوانگەی شێوازی ئاخاوتن و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن.

**٦/٠) گرفتی لێکۆڵینەوەکە**

بە شێوەیەکی گشتی گرفتی لێکۆڵینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە هەندێجار لە کاتی کۆکردنەوەی داتای لێکۆڵینەوەکە و تۆمارکردنی ئاخاوتنەکان کێشە و گرفت هاتۆتە پێش، بەوەی هەندێ لە ئاخێوەران ڕازی نەبوون دەنگیان وەک کەرەستەی لێکۆڵینەوە بەکاربێت، بۆیە پێویست بووە ئاخاوتنەکە ڕەش بکرێتەوە و دووبارە ئاخاوتنێکی تر وەربگیرێت، ئەمەش کاتی زۆری ویستووە.

**٧/٠) ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە**

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و پاشکۆ و لیستی سەرچاوەکان لە سێ بەش پێکهاتووە:

ـ بەشی یەکەم: ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ بە گشتی و زمانەوانی کۆمەڵایەتی وەکو چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکە، جگە لە مانەش بابەتەکانی تری: زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، زمان و ناسنامە، جۆرەکانی زمان و کۆمەڵەی زمانی.

ـ بەشی دووەم: ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی جۆراوجۆری زمانی بە شێوەیەکی گشتی و ناساندنی لە ڕووی زاراوە، پێناسە و هۆیەکانی پەیدابوونی لە کۆمەڵگای کوردیدا، دواتر باس لە بنەما تیۆرییەکانی پیشە کراوە و پەیوەندی و کاریگەری لەگەڵ زماندا

خراوەتەڕوو، ئینجا بە گشتی دابەشکردنە جیاوازەکانی پیشە خراوەتەڕوو، پاشان بە پێی مەبەستی لێکۆڵینەوەکە پیشەکانی کۆمەڵگای کوردی بەسەر هەردوو کۆمەڵگای (دێنشین و شارنشین)دا پۆلینکراون و سیما زمانییەکانی ئەم دوو کۆمەڵگایە دەستنیشانکراوە

ـ بەشی سێیەم: ئەم بەشە کە بریتییە لە بەشی کارەکی لێکۆڵینەوەکە، تەرخانکراوە بۆ ناساندنی پیشە دیاریکراوەکان و وەرگرتنی نموونەی ئاخاوتنی هەر یەکەیان و زمانی ئاخاوتنیان بە شێوەیەکی پراکتیکی لە ڕوانگەکانی (فەرهەنگ، شێوازی ئاخاوتن و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن) شیدەکاتەوە. لە کۆتاییشدا لێکۆڵینەوەکە بە چەند ئەنجامێکی گرنگ گەیشتووە.

## بەشی یەکەم

# کارلێکی نێوان زمان و کۆمەڵ و زمانەوانی کۆمەڵایەتی

## ١/١) زمان و کۆمەڵ و پەیوەندی نێوانیان

لە دەستپێکی ئەم بابەتە یاخود هەر بابەتێکی تر کە لە پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ دەدوێت، یاخود لە ئەرکە جۆراوجۆرەکانی زمان لەناو کۆمەڵدا دەدوێت، پێویستە سەرەتا بە پێناسەکردنی زاراوەکانی کۆمەڵ و زمان دەست پێبکات.

دەکرێت لە کورتترین پێناسەدا بۆ کۆمەڵ بوترێت: بەهەر کۆمەڵە کەسێک یان چەند کەسێک دەگوترێ کە مەبەستێکی دیاریکراو کۆی کردوونەتەوە. ئەگەر سەیری ئەم پێناسەیە بکرێت، کە بۆ کۆمەڵ کراوە، دەبینرێت کە پێناسەیەکی گشتگیر و فراوانە، بەڵام هەرزوو ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە لێرەدا کۆمەڵ بە واتا فراوانەکەی وەردەگرێت، هەروەها لە پێناسەکردنی زماندا دەوترێت: ئەوەیە کە کۆمەڵێکی دیاریکراو قسەی پێدەکەن.

(زمان لە پەیوەندی بە کۆمەڵەوە، بریتییە لە ئامرازێک بۆ لەیەکگەیشتنی ئەندامانی کۆمەڵ نەک تەنها پەیوەندیکردن، لەبەرئەوەی پەیوەندیکردن تەنها لەیەک لاوە ئەگەری ڕوودانی هەیە بەڵام بەیەکگەیشتن کۆمەڵێک بەهای کۆمەڵایەتی و مرۆیی دەگرێتەخۆ) (شاخەوان جەلال، ٢٠١٣: ٣١).

لەلایەن زمانەوانانی کۆمەڵایەتییەوە هەوڵی ئەوە دەدرێت، ئەو پەیوەندییانە دیاریبکرێت، کە لە نێوان زمان و کۆمەڵ و ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە. دەیانەوێت کاریگەری باری کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بوار و بۆنە گشتییەکانی ناو کۆمەڵگا لەسەر دیاردە و سیستەمی زمانیدا نیشان بدەن، بە پێچەوانەوەش. ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەیە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، زمانیش وەکو مرۆڤ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی زیندووە.

پەیوەندی زمان بە کۆمەڵەوە لەوپەڕی بەهێزیدایە و هیچ نەتەوەیەک بێ زمان نییە[1] و هیچ زمانێکیش بێ کۆمەڵ و نەتەوە بوونی نییە و بە زمانێکی زیندوو هەژمار ناکرێت.

لەم بارەیەوە (فندریس) دەڵێت: زمان لە باوەشی کۆمەڵدا پەیدابووە، واتە لەو ڕۆژەوە زمان پەیدابووە، کە خەڵک لەناو خۆیاندا هەستیان بەوە کردووە پێویستیان بە لەیەکتر گەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا هەیە. لەبەر ئەو هۆیانە دەکرێت زمان بەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دابنرێت، هەروەها وەک ئامرازێکیش بەکاردەهێنرێت بۆ دەربڕینی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، بەمجۆرە زمان دەتوانی زۆر بە وردی و ڕوونی وێنە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگا تۆمار بکات و بە جوانی پیشانیبدات، لە شارستانییەت و بیرو باوەڕ و سیستەم و لایەنی ڕۆشنبیری و هونەری.... و ئابوری (تاڵیب حوسێن، ٢٠١٤: ٢٩٨).

کاتێک دەچینە سەر وەرگرتنی زمان لای منداڵ دەگەڕێینەوە بۆ ئەوەی کە منداڵ زمانەکەی لەو کۆمەڵگایەوە وەردەگرێت، تێیدا دەژی و گەورە دەبێت، ئەمە شتێکی بەڵگە نەویستە هەر منداڵێک لەهەر کۆمەڵێک دابنێی زمانی ئەو کۆمەڵە فێردەبێت.

منداڵ پاش چەند هەفتەیەک لە لەدایکبوونی هەست بەوە دەکات کە بۆ بەدەستهێنانی پێویستییەکانی دەبێ دەنگێک دەربڕێ و پاش چەند مانگیک لەوە تیدەگات، کە هەرشتیک ناوێکی هەیە و بەدەستهێنانی پێویستییەکانی پەیوەندییەکی بەهێزیان بە زمانەوە هەیە، ئەم پەیوەندییە بەردەوامی دەبێت وەکو منداڵێک لەماڵدا و وەکو قوتابییەک لە قوتابخانەو وەکو مامۆستایەک لەکارەکەیدا یاخود وەکو پیشەوەرێک لەپیشەکەیدا.

هەر کۆمەڵێک لەو کۆمەڵانە وەربگرین لە هەوڵی ئەوەدایە، کە زمان بکاتە هۆیەک بۆئەوەی تاک بکاتە ئەندامێک لەخۆی، هەر ئەو کۆمەڵانەش دەبنە سەرچاوە بۆئەوەی تاک شێواز و یاساکانی زمانی تێدا وەربگرێت. بەمشێوەیە تاک کەسایەتی کۆمەڵایەتی خۆی بنیات دەنێت و دەبێتە تاکێکی کاریگەر لە کۆمەڵگادا و لەهەمان کاتیشدا زمانەکەی لە کۆمەڵ

---

(1) ئەگەر ئەو زمانەش هەرچەندە زمانێکی سەرەتایی و سادە و ساکاربێ، بەڵام بۆ پەیوەندیکردن و تێگەیشتن لە نێو ئەو کۆمەڵەدا بەکاردێت.

وەردەگرێت و بەپێی سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵە بەکاری دەهێنێ کە تێیدا دەژی. (محمد حسن، ١٩٩٦: ١٥٩).

منداڵ زمان و شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکان پێکەوە فێردەبێت، چونکە ئەگەر منداڵ تەنها زمان وەربگرێت و یاساو شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکان فێرنەبێت، ئەوا تووشی کێشە دەبێت و ناتوانێت لەناو ئەو کۆمەڵەدا ژیان بەسەر بەرێت. (لەڕاستیدا کۆمەڵێ ڕێسای بەرفراوانی کۆمەڵایەتی لەبارەی زمانەوە هەن، کە دەبێت تاکەکان بەدەستی بهێنن بۆئەوەی لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتییاندا سەرکەوتووبن. یەکێک لەو ڕێسایانە بۆ ڕێکخستنی ئاخاوتن؛ زانینی ئەوەی کەی بدوێن و کەی بێدەنگ بن. چۆن بێنە ناو ئاخاوتنەوە و کەی بە چرپە بدوێن و کەی بە ئاشکرا.... منداڵان ناچارن فێری نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی زمان بن. فێربوونی ئەم نەریتە کۆمەڵایەتییانە پێکهێنێکی سەرەکی کۆمەڵایەتی بوونیانە) (ڕەحیم سورخی، ٢٠١٣: ٢٦).

لەم ڕوانگەیەوە (سۆسێر) دەڵێت: مرۆڤ لە سروشتی دەرەوەی کۆمەلگادا لە دایک نابێت، بەڵکو لەناو کۆمەڵ وەک بەشێک لە سروشت لەدایک دەبێت و بەپێی کولتوری ئەو کۆمەڵە ڕەفتار دەکات، زمان و پەیڕەوە زمانی و کۆمەڵایەتییەکانیشی هەر لەو کۆمەڵەوە فێردەبێت. خۆ ئەگەر لەو کۆمەڵە دوور بخرێتەوە دەتوانێت بڕوات و بگەڕێت و خواردن بۆ خۆی پەیدابکات، بەڵام فێری قسەکردن نابێت، چونکە کەس نییە فێری بکات. کەواتە زمان چالاکییەکی مرۆییە و تەنها لە ژینگەی مرۆییدا گەشە دەکات (نەوزاد ئەنوەر، ٢٠١٤: ٣).

هەروەها لەبواری پەروەردە و فێرکردنی تاک لە کۆمەڵدا زمان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، بەوەی تەنها کەرەستەی کاریگەرە لەم بوارەدا و بەبێ بوونی زمان پەیوەندی لەنێوان کۆمەڵگادا دروست نابێ. ئەمەش دەبێتە هۆی دروست نەبوونی پەروەردە و فێرکردن. بەبێ بوونی پەروەردە و فێرکردنیش گواستنەوەی میرات و کەلەپوور و شارستانیەت و لێهاتوویی پیشەیی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ڕێگەی تێناچێت. (محمد ڕەزا و هێرش کەریم، ٢٠١١: ١٥). بۆ ئەنجامدانی ئیش و کار و گواستنەوەی لێهاتوویی و

دەسترەنگینی لە پیشەشدا هەمان ڕێگای پێشوو بەکاردێت، واتە ئەو شارەزایی و لێهاتووییەی کە لە پیشەیەکدا هەیە زۆربەی لە ڕێگەی زمانەوە دەگوازرێتەوە بۆ کەسانی تر.

### ١-١/١) تایبەتمەندییەکانی زمان لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵدا

زمان لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵدا چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، (عەلی عەبدولواحید، ١٩٥١: ٤) سێ تایبەتمەندی بۆ زمان دیاریدەکات و گەورەیی و دەستنیشانکردنیشی دەگەڕێنێتەوە بۆ (دورکایم)[١]، تایبەتمەندییەکانیش ئەمانەن:

١- زمان لە هەموو کۆمەڵێکدا پەیڕەوێکی گشتییە و تاکەکان هاوبەشن لە پەیڕەوکردنیدا و وەک بنەمایەک بۆ دەربڕینی هەستەکانیان و تێگەیشتنیان لەگەڵ یەکتردا بەکاری دەهێنن.

٢- زمان دەستکردی تاکێک یاخود چەند تاکێکی دیاریکراو نییە بەڵکو سروشتی کۆمەڵبوون (إجتماع)[٢] دروستیدەکات و لەژیانی ئەو کۆمەڵبوونەوە سەرچاوە دەگرێت. هەموو تاکێک لە ئێمە پەیڕەوێکی زمانی لەبەردەستدایە کە کۆمەڵەکەی لەسەری دەڕوا، ئەویش وەریدەگرێت لەڕێگای فێربوون و لاساییکردنەوە هەروەک چۆن سەرجەم پەیڕەو و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تر وەردەگرێت.

٣- زمان یەکێکە لەو دیاردانەی هەموو تاکێک ناچاردەکات بچێتە ژێر ڕکێفی و ئەوە پەیڕەوبکات، کە زمان بۆی وێنا دەکات. هەر دەرچوونێکیش لە یاساکانی ئەگەر بەهەڵە یان نەزانیش بێت لەلایەن کۆمەڵەوە دووچاری بەرپەرچدانەوە دەبێت و بۆ بارە ڕاستەکەی دەگەڕێنرێتەوە، واتە؛ دەکرێت بوترێت کاتێک کەسێک وشە یان دەستەواژەیەک بە هەڵە دەردەبڕێت یاخود لە شوێن و بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی جیاواز بەکاری دەهێنێت و لەو پەیڕەو

---

(١)لە کتێبەکەی (یاساکانی پەیڕەوی کۆمەڵایەتی- Les Regles dela method Sociologque).
(٢) مەبەست لە کۆمەڵە کەسێکە کە لە کۆمەڵگایەکدا کۆدەبنەوە بەیەکەوە.

و یاسایانە دەردەچێت کە زمان و کۆمەڵ چوارچێوەیان بۆ داناوە، ئەوا دەبێتە مایەی گاڵتەپێکردن و بەگێل و نەزان ناودەبرێت. بۆ نموونە؛ ئەگەر کەسێک لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی وەکو پرسە بەخاوەن مردووەکە بڵێت: (بەڵاگێڕە) لەکاتێکدا ئەم دەستەواژەیە بۆ مرداربوونی ئاژەڵێکی ماڵی یاخود لەدەستدانی شتێکی ماددی بەکاردێت و دەستەواژەکانی (خۆتان خۆش، دوا ناخۆشیتانە، جێگای بەهەشتە... هتد) ئەمانە لە پرسەدا بەکاردێت. لەم کاتەدا گوێگر ئاخێوەرەکە بە کەسێکی نەزان و گێل لە قەڵەم دەدات و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵدا لاواز دەکات یان دەپچڕێنێت.

### ١/١-٢) ڕۆڵ و کاریگەری زمان و کۆمەڵ لەسەر یەکتر

لە پێشتردا چەند لایەنێک لە زمان و کۆمەڵ و پەیوەندی نێوانیان خرانەڕوو، لێرە بەدواوە هەوڵدەدرێت ڕۆڵ و کاریگەری ئەم دووانە لەسەر یەکتر نیشانبدرێت، هەروەها وابەستەبوونی هەردووکیان پێکەوە بخرێتەڕوو. لەم چوارچێوەیەدا (فندریس) ئاماژە بەوە دەکات (زمان دەرەنجامی بەریەککەوتنی کۆمەڵایەتییە، دواتر دەبێتە بەهێزترین هۆکاری پێکەوە بەستنی تاکەکانی کۆمەڵ) (حاتم صالح، ١٩٨٩: ٣٧).

واتە؛ زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و وێنەیەکی نموونەیی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە. خەڵک زمان تەنیا بۆ گواستنەوەی بیر و هەست بۆ بەرانبەریان بەکارناهێنن، بەڵکو بەجۆرێک بەکاریدەهێنن تا بتوانن پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا بەباشی پەسەند بکەن و شوناس بەخۆیان ببەخشن (زوبێر عەلی، ٢٠١٢: ٤).

سەرەتا لە ڕۆڵ و کاریگەری زمان لە کۆمەڵدا دەست پێدەکرێت و بەکارهێنانەکانی دەخرێتەڕوو. زمان گرنگترین ئامرازە بۆ جێبەجێکردنی چالاکیە کۆمەڵایەتی و بیری و زانستییەکانمان لە کۆمەڵگادا هەر لە چاک و چۆنی و سڵاوکردن تا بەجێهێنانی گشت کارەکان زمان لەکاردایە. واتە؛ لە بەجێگەیاندنی هەموو کارە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤدا

بەشداره (هێمن عەبدولحەمید، ٢٠٠٦: ١٦). لە مامەڵەکردن لە گەڵ خەڵکیدا لە ئیش و کاروکاسبیدا، لە گفتوگۆ و یارمەتیدانی هاوڕێیاندا، لە وانە وتنەوە و سەرجەم بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا زمان ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی ئەنجام دەدات. لە گرنگترین ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمان ئەمانەی خوارەوەن:

١- زمان، مرۆڤ و دەوروبەری بەیەکتر دەگەیێنێ و لەهەمان کاتیشدا ڕەنگدانەوەی ئەو بارە کۆمەڵایەتیەیە کە ئاخێوەرانی تێیدا دەژین. (محمد معروف، ١٩٨٦: ١١٤)، واتە؛ لە هەموو کۆمەڵگایەکدا سروشت و قەبارەی هەرچۆنێک بێت، زمان ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی تێدا دەبینێت، بەو پێیەی کە بەهێزترین هۆکاری پێکەوە بەستنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەیە و لەهەمان کاتیشدا هێمای چالاکییە هاوبەشەکانیانە (شاخەوان جەلال، ٢٠١٣: ٣٤).

٢- زمان ئەو داب و نەریتە کۆمەڵایەتییانە دەپارێزێت کە نەوە لە دوای نەوە بۆی دەمێنێتەوە (هادي نهر، ١٩٨٨: ٦١).

٣- زمان هۆیەکە تاک فێردەکات و ڕێنوێنی دەکات بۆئەوەی ڕەفتار و سروشتی لەگەڵ ڕەفتار و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیاندا بگونجێت.

زمان جگە لەوەی زانیاری دەگەیەنێت، هۆکارێکی گرنگی پاراستنی پەیوەندییە و کاریگەری لەسەر تاک هەیە، بەوەی هۆکارێکی گەیاندنە بە کەسانی تر، هەروەها کاریگەری لە کۆمەڵیشدا هەیە بەوەی هۆکارێکی کۆمەڵایەتییە و ئامرازێکە بۆ تێگەیشتن و هاوکاری، زمان کولتور و شارستانی کۆمەڵ دەپارێزێ و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەیگوازێتەوە (ئارام عەبدولواحید، ٢٠١٣: ٩٤)، واتە؛ سەرەڕای چییەتی و ڕۆڵی زمان، دیارترین و گرنگترین ئەرکی زمان ئەوەیە کە دەتوانێت تاکەکانی کۆمەڵ پیکەوە ببەستێتەوە و یەکەیەکی کۆمەڵایەتی پێکبهێنێت. کەواتە زمان گرنگترین بنەمای کۆمەڵایەتییە (زوبێر عەلی، ٢٠١٢: ٥)، کە لە جێبەجێکردنی هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کاردایە و ڕۆڵی کاریگەری هەیە لەم نێوەندەدا، هەر لە سڵاوکردن و جێخۆشکردنەوە بیگرە تا بەکارهێنانی زمان لای منداڵێک لەناو خێزانەکەیدا بۆ دابینکردنی

پێویستییەکانی، ئاخاوتنی نێوان قوتابی و مامۆستایەک بۆ فێربوونی زانستێکی دیاریکراو، ئاخاوتنی نێوان دەستە و تاقمە جیاوازەکان و خاوەن پیشە جۆراوجۆرەکان لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیان و بەرەو پێشبردنی ئاستی بەرهەم و زانستیاندا، زمان بە ئەرکی کۆمەڵایەتی خۆی هەڵدەستێت و ڕۆڵێکی باڵا دەبینێت لە بنیادنانی کۆمەڵدا. هەر کێشە و گیروگرفتێکیش لەزمان و بەکارهێنانیدا بێتە پێش دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاستەنگ لەبەردەم ئەو پرۆسانەدا.

زمان بەشێوەیەک تێکەڵ بە ژیانی مرۆڤ بووە، کە بە ئاشکرا گرنگی و بوونی زمان هەست پێدەکرێت، بووەتە پێویستییەک لە پێویستییەکانی ژیان، بەهەمان شێوەی خواردن و خەوتن کە بوونیان لەژیاندا پێویستە. بەگرانی دەتوانرێت ئەو ئەگەرە دابنرێت کە ئەگەر زمان لەکۆمەڵگا وەربگیرێتەوە چەرخی ژیان بە تەواوەتی لە جووڵە دەوەستێت و ژیان دەگەڕێتەوە بۆ ملیۆنان ساڵ لەمەوبەر (محمد رەزا باتنی و هێرش کەریم، ٢٠١١: ١٢).

زمان ڕۆڵ و گرنگی زۆری لە کۆمەڵگادا هەیە. ئەگەر بپرسین ئایا تەنها زمان کاریگەری لە کۆمەلگادا هەیە ؟ یاخود کۆمەڵگاش ڕۆڵ دەبینێ لە بەکارهێنانی زمانیدا و کات و چەندێتی و چۆنیەتی قسەکردن دیاریدەکات ؟

دەبێ بگەڕێینەوە سەر ئەوەی کە زمان بوونێکی کۆمەڵایەتی بەردەوامی هەیە، هۆی تێگەیشتن و پەیوەندیکردنی مرۆڤە لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیدا، هەروەها کردەی قسەکردن بەشێوەیەکی گشتی بە هەبوونی دوو بنەڕەتی سەرەکی دێتەکایەوە، کە ئەوانیش قسەکەر و گوێگرن[١]، هەریەک لەمانەش تایبەتمەندی و پاشخانێکی کۆمەڵایەتی هەیە، کە پێی کاریگەرە و لە قسەکردن و شێوازی ئاخاوتنیدا ڕەنگدەداتەوە. (مصطفى لطفي، ب.س: ٥١).

ئەوە هەر کۆمەڵە سنوور دادەنێت بۆ ئەو بەکارهێنانە زمانییانەی کە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتییان هەیە، ئەم سنورەش فراوان و تەسک دەبێتەوە، بەپێی فراوانی و تەسکی تێگەیشتنی ئەو کۆمەڵە لە سروشتی ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتییەی پەیوەندی تاک بە

(١) زۆرجار تاکە کەسێک شوێنی هەردوو لایەنی قسەکەر و گوێگر دەگرێتەوە وەک ئەوەی کاتیک کەسێ لەبەرخۆیدا قسە دەکات.

کۆمەڵەوە دیاریدەکات. بۆ نموونە لە کۆمەڵگایەکی موسڵمانی وەک کۆمەڵی کوردەواری لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی بەهۆی ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتییە و کاریگەرییە ئاینیەی لەسەر تاکەکانی هەیە لەکاتی مردنی کەسێکی نزیکییان بۆ نموونە، خزمێکیان یاخود هاوڕێیەکیان دەبێت لە مەراسیم و پرسەکەیدا ئامادەبن و چەندین دەستەواژەی تایبەت بەم بۆنەیەوە بەکاربهێنن وەک (خوا لێی خۆشبێ، جێی بەهەشتە.... ) بەڵام لەناو کۆمەڵێکی ئەوروپی نا موسڵمان داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەندە ئاڵۆز نیین و خەڵکی بە شێوەیەکی جیاواز لە دیاردەکان دەگەن. لە بۆنەیەکی هاوشێوەدا ڕەنگە تەنها بڵێن (داوای لێبوردن دەکەم... ) و داب و نەرتە کۆمەڵایەتییەکانیان جیاوازە. دیسانەوە تاکەکانیش لەم بەکارهێنانە زمانییانەدا جیاوازن بە ڕێژەی تێگەیشتنیان لە سروشتی ئەو پەیوەندییە (شاخەوان جەلال، ٢٠١٣: ٣٥).

بە هەمان شێوە لەوانەیە لە کۆمەڵگای کوردیدا ناوچەیەک لەگەڵ ناوچەیەکی تر جیاوازیان هەبێت لە داب و نەریت و بەکارهێنانە زمانیەکاندا [١].

کۆمەڵ بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری لەسەر زماندا هەیە. باری ئابوری و شارستانیەتی کۆمەڵ و داب و نەریت و لایەنی فکری و تەکنەلۆژیا و ئیش و کار و لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی تر هەموویان پێکەوە ڕۆڵ دەبینن و کاریگەریان لەسەر زمان دەردەکەوێت. هەر گۆڕانکاری و پێشکەوتنێک لەم لایەنانە ڕوودات ڕەنگدانەوەی لەسەر زمان و دەربڕینەکانی کۆمەڵەکەدا دەبێت (هێمن عەبدولحەمید، ٢٠٠٦: ١٧).

چالاکی ئابوری کاریگەری دەخاتە سەر زمان بەتایبەتی لە وشە و دەستەواژەکانی و واتاو شێواز و پێکهاتەکەی. ئەم لایەنانەی زمان دەگۆڕێ لەناو کۆمەڵدا بەپێی جیاوازی بەرهەمهێنان و باری ئابوری و ژیانی ماددی و ئیش و کار وەک (کشتوکاڵ، پیشەسازی، بازرگانی، ماسیگری، ئاژەڵداری،... هتد) ئەم دیاردانە کاریگەریشی دەبێ لەسەر دەنگ بەپێی جۆری کارکردن شێوازی دەربڕینی دەنگەکان و سازگەی دەنگەکان و شێوازی ئاخاوتن گۆڕانی بەسەر دادێ. (علی عبدالواحد، ١٩٥١: ١٠ – ١١).

---

(١) دهۆک و سلێمانی و هەولێر لە (پرسە) دا جیاوازن.

هەر کۆمەڵ ئەوە دیاریدەکات، کە لە بۆنەو دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبێت چی بوترێت و چی نەوترێت، هەروەها ڕادە و چۆنیەتی ئاخاوتنیش دیاری دەکات. ئەمەش بەپێی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێت، بەوەی هەندێ لەو بۆنانە سنوردارن و دەستەواژە و دەربڕینی تایبەت بەخۆیان هەیە، نابێت تاک لێی لابدات، ئەگینا تووشی کێشە دەبێت و وەکو کەسێکی نەخوازراو و نەزان لە کۆمەڵگادا لە قەڵەم دەدرێت و گاڵتەی پێدەکرێت، بەڵام هەندێ بۆنەی تری کۆمەڵایەتی هەیە کە سنووردار نین و دەکرێت دەربڕینەکان ئازادانەبێت و نەچێتە قاڵبێکی دیاریکراو و بەرتەسکەوە، قسەکەر پابەند نابێ بە دەربڕینی دەستەواژەی تایبەت و بابەتی دیاریکراوەوە. وەکو لە بۆنەیەکی ئاسایی بەیەکگەیشتنی نێوان برادەران، کە سەردانیک یان ئاهەنگێک کۆیان دەکاتەوە. بابەتی گفتوگۆکانیان هەمەجۆر دەبێت و هەندێجار بابەتی فەرمی و هەندیجاریش بابەتی گاڵتەئامێز دەگرێتە خۆی. باسی ئیش و کار و گوزەران و ئەو بابەتانە دەکرێ. (مصطفی لطفي، ب.س: ٦٣).

لێکۆڵینەوە لە زمان بەبێ گرنگیدان بەلایەنی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی لەدەستدانی کەرەسەیەکی باش، کە لە بەرەو پێشبردنی لایەنی تیۆری زمان کەڵکی دەبێت، لە ڕاستیدا نە کۆمەڵ بەبێ زمان دەبێ نە هیچ شارستانیەتێک بە بێ زمان بوونی دەبێت و بەردەوام دەبێت (ئارام عەبدولواحید، ٢٠١٣: ٩٣) هەروەها هیچ زمانیکیش بەبێ کۆمەڵ زیندوو نامێنیتەوە، واتە؛ ئەگەر زمانیک هەبێ و ئاخێوەری نەبێ یاخود نەمابێ ئەوا ئەو زمانە بەزمانیکی مردوو لە قەڵەم دەدرێت وەکو زمانە مردووەکان [1].

ئەم بۆچوونانە دەریدەخەن، کە بوونی کۆمەڵ بەبێ زمانێک ڕێی تێناچێت، چونکە تاکەکانی کۆمەڵ لەڕێگەی زمانەوە پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن و هاوبەشی دروست دەکەن، هەر بەهەمان شێوەش زمان ناتوانێ بەبێ کۆمەڵ لەکاردابێ (پێشکەوت مەجید، ٢٠١٣: ٤)، چونکە کۆمەڵ شوێنی نمایشی زمانە و بەبێ کۆمەڵ زمان گۆڕەپانێکی بۆ نامێنێتەوە کە ئەرکەکانی خۆی تێدا جێبەجێ بکات. کەواتە هەم زمان کاریگەری لەسەر کۆمەڵ هەیە و هەم

---

(١) وەکو زمانەکانی: (لاتینی، کەڵتی، جێرمانی کۆن، سۆمەری، سلاڤی کۆن.... و ئاڤێستا).

کۆمەڵیش کاریگەری لەسەر زماندا هەیە (بەکر و شێرکۆ، ٢٠٠٦: ٣٣). سەرەڕای بوونی پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ، ئەوەی کە دژوارە جیاکردنەوەی ئەم دووانەیە لەیەکتر، واتە دیاریکردنی سنوری نێوانیانە بە تەواوی، چونکە وەک دەوترێت: لەنێوان زمان و کۆمەڵدا هێڵێکی یەکلاکەرەوە بوونی نییە، کە لە یەکتریان جیابکاتەوە. بەڵکو بوارێکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە.

نەبوونی جیاکەرەوەیەکی ئاشکرای ڕەها لە نێوان زمان و کۆمەڵ وادەکات، کە هەردەم ئەم دووانە پێکەوە ببەسترێنەوە و بۆ لێکۆڵینەوە لە یەکێکیان ئەویتریشیان لەبەرچاو بگیرێت یان بەلای کەمەوە لە بازنەی دیاریکراوی یەکێکیانەوە لەویتریان بکۆڵرێتەوە. (هایمز–Hymes) لە لێکۆڵینەوەی زماندا دژی جیاکردنەوەی زمان و کۆمەڵە، ئەو پێیوایە کە پەیوەندی نیوانیان زۆر بە تینە و کارلێککردنیشیان دیار و ئاشکرایە، بۆیە بە توندی ڕەخنە لەو ڕێبازانە دەگرێت کە زمان لە کۆمەڵ و دەوروبەر دادەبڕن (زوبێر عەلی، ٢٠١٢: ٨).

کەواتە ناتوانین لەبۆشاییدا باس لە زمان بکەین چونکە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە و بۆ ئەو کۆمەڵە دەگەڕێتەوە کە قسەی پێدەکەن (هێمن عەبدولحەمید، ٢٠٠٦: ١٩).

هەر هۆی ئەم پەیوەندییە بەهێزەی نێوان ئەم دووانە بوو وایکرد زانستێکی نوێ لەنێوان هەردوو زانستی زمانەوانی و کۆمەڵناسیدا پەیدابێت بەناوی (زمانەوانی کۆمەڵایەتی – زانستی زمانی کۆمەڵایەتی).

## ٢/١)زمانەوانی کۆمەڵایەتی[١]

بە شێوەیەکی گشتی ئەم زانستە لە ئەنجامی پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ و کاریگەرییان بەسەریەکەوە لە لێکۆڵینەوەکانی (ئەنترۆپۆلۆجییەکانەوە) سەریهەڵدا. سەرەتای پەیوەندی نێوان زمانەوانی و زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش بۆ سەدەی (١٨) دەگەڕێتەوە کە

(١) بەرامبەر بەم زاراوەیە زاراوەکانی (کۆزمانەوانی و زانستی زمانی کۆمەڵایەتی) بەکاردێت.

هەندێ فەیلەسوفی وەک (یۆهان، هلدر، جینس) پرسیارێکیان دەربارەی پەیوەندی نێوان زمان و ئەو کۆمەڵانەی قسەی پێدەکەن وروژاند، پێیان وابوو سروشتی بیرکردنەوە و ڕەفتاری مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی لە زماندا ڕەنگدەدەنەوە وەکو بەکارهێنانی دەستەواژە و دەربڕینی تایبەت لەناو پیشە جیاوازەکانی زمانی کوردیدا. کاریگەری ئەم بۆچوونانە درێژەیانکێشا تا سەدەی نۆزدە و گەشەسەندنی بیری نەتەوایەتی و لێکۆڵینەوە لە زمانە نەتەوایەتییەکاندا، کە ئەمانە هەمووی ڕێخۆشکەربوون بۆ سەرهەڵدانی ئەم زانستە. بیرمەندە ئەڵمانییەکان پێیان وابوو کە چۆنیەتی بیرکردنەوەی مرۆڤ بە تەواوی لە زماندا ڕەنگدەداتەوە، بۆیە لە پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵ و زمانیان بەیەکەوە دەکۆڵییەوە (هێمن عەبدولحەمید، ٢٠٠٦: ٢٠).

بەشێوەیەکی گشتی سەرەتای سەدەی بیستەم، بە دەستپێکی لێکۆڵینەوە زانستییەکانی زمان دادەنرێت، هەر لەو ماوەیەش بوو زۆر لقی نوێی لێبووەوە (ئارام عەبدولواحید، ٢٠١٣: ١٠٢) وەک: (زمانەوانی کۆمەڵایەتی، زمانەوانی دەروونی،.... و زمانەوانی دەماری).

لە سەدەی بیستەمدا قوتابخانەی زمانەوانی مارکسی سەریهەڵدا، کە پێیانوابوو زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی چینایەتییە. (نیکۆلای مار) یەکێکە لە دیارترین ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە و زمان بەسەر خانی کۆمەڵایەتی دادەنێت و پێیوایە ناکرێ باس لە گەشەکردنی زمان بکەین دوور لە گەشە و گۆڕانی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابوری چینەکانی کۆمەڵدا[١] (هادی نهر، ١٩٨٨: ٣٥).

دوای ئەوەی لەلایەن (دورکایم) ەوە، کۆمەڵناسی بووە زانستێکی سەربەخۆ، زمانەوانیش لەسەردەستی (دی سۆسێر) وەک زانستێکی سەربەخۆ دەرکەوت، ئیتر لێکۆڵینەوەکان بەو ڕێچکەیەدا ڕۆیشتن، کە چیتر وەکو بابەتێکی لاوەکی لە چوارچێوەی

(١) (ستالین) پێچەوانەی (نیکۆلای مار) بیردەکاتەوە و پێیوایە زمان بەرهەمی ماوەیەکی دیاریکراو و دروستکراوی چینێکی تایبەت نییە بەڵکوژێرخانی چەندین سەدەیە و هی هەموو کۆمەڵە نەک چینێکی دیاریکراو (محەمەد شوانی، ٢٠١٢:  )

زانستی دیکەدا لە زمان نەکۆڵرێتەوە. بەمشێوەیە ئەم دوو زانستە کاملبوون (بەهزاد موحسین، ٢٠٠٨: ١١٣).

ئەم سەربەخۆبوونەی ئەم دوو زانستە تا ڕادەیەکی زۆر سنورەکانی بەردەم زمانەوانانی بەرتەسک کردەوە و وەک پەیڕەوێکی داخراو لە زمانیان دەکۆڵییەوە، ئەمەش وای لێدەکردن زیاتر لە بازنەیەکی بەتاڵ بسوڕێنەوە، بەوەی لێکۆڵەرەکان هەموو هەوڵی خۆیان بۆ شیکردنەوەی ڕۆنانی ناوەوەی زمان تەرخانکردبوو، ئەمەش وایکرد لەم ساڵانەی دواییدا لە لێکۆڵینەوەکانی دوای (سۆسێر) گرنگی بەو پەیوەندییە بدرێت، کە لە نێوان ئەم دوو زانستەدا درکی پێکراوە، کە دواتر وەک لقێکی سەربەخۆ، جیا لەم دوو زانستە بەناوی (زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە) ئارەزووی جیابوونەوەی تێدا پەیدابوو. سەرەتای ئەم جیابوونەوەیە لە کارەکانی (مالینۆفیسکی و فێرث) دا لە ساڵەکانی بیست و سیەکانی سەدەی بیستەم سەریهەڵدا (محمد معروف، ٢٠١٠: ١٣٦). لە سییەکانی سەدەی بیستدا، کاتێ ڕۆڵی دەوروبەر هاتە ئاراوە و گرنگی زیاتر بە کۆمەڵ و پەیوەندی کۆمەڵایەتی درا، (مالینۆفیسکی) ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە گۆڕینی تێڕوانین بۆ زمان، پێیوابوو ناکرێ لە کۆمەڵێک بکۆڵینەوە بەبێ زانینی ئەرکی زمان لەو کۆمەڵەدا، چونکە ئەرکی زمان تەنها تێگەیشتن و گەیاندن نییە بەڵکو ئەڵقەیەکە لە زنجیرە چالاکییەکانی مرۆڤ و بەشێکە لە ڕەفتارەکانی مرۆڤ (محمود السعران، ١٩٦٣: ٧).

دواتر (فێرث) لە ساڵی (١٩٣٥) دا بۆ یەکەمین جار زاراوەی (زمانەوانی کۆمەڵایەتی) بەکارهێناوە و بەدرێژی لە لێکۆڵینەوەی زمان لە چوارچێوەی کۆمەڵدا دواوە. زمان لە ڕوانگەی ئەمانەوە، بریتییە لە هەڵبژاردنی ڕەوشتێ لەنێوان سەدان ڕەوشت کە لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدان بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی یان بۆنەی ئاخاوتن. (محمد معروف، ٢٠١٠: ١٣٦).

(ساپیر) یش ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو، لێکۆڵینەوەی زمانی لە قۆناغی دووره پەرێزی و دابڕاوی لە هۆکارە کاریگەرەکانی سەر زمان ڕزگارکرد و داوای بەیەکبەستنەوەی زانستی زمان و زانستەکانی تری کردووە. (مصطفى لطفي، ب.س: ٤٤).

بەدوای ئەمانەشدا (پایک) لە ئەمریکا لە ساڵەکانی پەنجاوە خەریکی بەستنەوەی ڕێزمان بوو بە بار و پەیوەندی کۆمەڵایەتی قسەکەرانەوە (محمد معروف، ٢٠١٠: ١٣٧).

زمانەوانی کۆمەڵایەتی، بەرهەمی ڕێکەوت و ماوەیەکی کورت نییە. ڕاستە (مالینۆفیسکی و فێرث) ڕۆڵی گەورەیان لە وروژاندن و دامەزراندنی سەرەتاکانیدا گێڕاوە، بەڵام هەوڵی زمانەوانانی وەک: (سۆسێر، میلیە، فندریس، هالیدەی، یسپرسن، فیرابواس، هاریس، فیلمۆر و گاردنەر) و چەندانی تریش لەم بوارەدا لە بیرناکرێن (هادی نهر، ١٩٨٨: ٢٣).

دەتوانرێت بوترێت ئەم بوارە وەک لقێکی زانستی لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا زۆرترین گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینی. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو لێکۆڵینەوە پڕاکتیکیانەی لەم ماوەیەدا ئەنجامدەدران بەتایبەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. وەکو لە پێشتریش ئاماژەی پێدراوە لێکۆڵینەوە لە زمان و پەیوەندییەکانی بە کۆمەڵەوە، بە داهێنانی ئەو ماوەیە دانانرێت، چونکە ئەو ڕۆشنبیری و کولتورە کۆنەی لە بارەی زارەکانەوە هەیە و ئەو لێکۆڵینەوانەی هەوڵی پیشاندانی پەیوەندی لەنێوان واتای وشە و کولتورە جیاوازەکاندا دەدات هەموو دەچنە چوارچێوەی پێناسەی ئەم زانستەوە کە لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا هاتۆتە کایەوە (ئارام عەبدولواحید، ٢٠١٣: ١٠٢).

زمانەوانی کۆمەڵایەتی لەسەرەتای حەفتاکان زیاتر گرنگی پێدرا، ئەم گرنگی پێدانەش لەم ساڵانەدا تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ هۆکار گەلێکی زانستی ئەکادیمی بەڵکو پشت بە هۆکاری کردەییش دەبەستێ کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- کێشە زمانییەکانی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان.

٢- کێشەی خوێندن و فێرکردن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان. (عەبدە ئەلراجحی و عەبدوڵلا گەرمیانی، ٢٠١٣: ٩).

کەواتە پەرەسەندن و گرنگیدان بەم زانستە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ فراوانی و گرنگی سنوری زانستەکە خۆی و لە پەیوەندی لەگەل ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا.

**١-٢/١) سنوور و ئامانجەکانی زمانەوانی کۆمەڵایەتی:**

سنوری ئەم زانستە فراوانە، گرنگییەکی زۆر بە دوولایەن دەدات، ئەوانیش؛ زمان بەکارهێنان و بنەما کۆمەڵایەتییەکانن.

زمانەوانی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو لایەنەکانی پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە وەک؛ ڕۆڵی زمان لە کۆمەڵدا، کاریگەری ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر زمان، گۆڕانی زمان بە پێی گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی خەڵکی (محمد معروف، ٢٠١٠: ١٣٩).

واتە؛ هەوڵی ئەوە دەدات ڕۆنانی زمانی بە پێکهاتەی کۆمەڵەوە لێکبداتەوە، بۆ دۆزینەوە و دیاریکردنی پەیوەندی نێوان گۆڕانی زمان و گۆڕانی ڕۆشنبیری چین و کۆمەڵ (هێمن عەبدولحەمید، ٢٠٠٦: ٢٤). جگە لەمانەش لێکۆڵینەوە لە هەستی خەڵکی بەرامبەر زمانەکەی خۆیان، هەستیان بەرامبەر زمانەکانی تر و ئەو زارانەی بەکاری دەهێنن و زارەکانی تری زمانەکەیان، هەستیان بەرامبەر پایەی قسەپێکەرانی زمانەکە یان زمانێکی تر (محمد معروف، ٢٠١٠: ١٣٩).

ئەمانە لەوەوە سەرچاوە دەگرن کە زمانەوانی کۆمەڵایەتی پێیوایە جیاوازی کۆمەڵەکان لەیەکتری هۆکارە بۆ جیاوازی زمانەکان، هەروەها جۆراوجۆری زمان و زارەکانیش هۆکاری جیاوازی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییان لەپشتەوەیە (هێمن عەبدولحەمید، ٢٠٠٦: ٢٤).

سنوری ئەم لقە زانستییە، بریتییە لە بەکارهێنانەکانی زمان و بنەما کۆمەڵایەتییەکانی بەم بەکارهێنانانە. واتە پەیوەندی نێوان هۆکارە کۆمەڵایەتی و کولتوری و مێژووییەکان دەگرێتەوە و گرنگی بەلایەنی کۆمەڵایەتی زمان دەدات و لە هەوڵی دۆزینەوەی ئەو یاسا و بنەما کۆمەڵایەتییانە دایە کە ڕەفتاری زمانی بەڕێوە دەبەن ( کمال بشر، ب.س: ٥٢).

لێکۆڵەری ئەم بوارە لێکۆڵینەوە لەو گۆڕانانەدا دەکات کە لەبۆنەو شوێنە جیاجیاکان بەسەر ئاخاوتنی تاکدا دێن، لەشێوازێکەوە دەچن بۆ شێوازێکی تر گرنگی بەهۆکاری ئەم شێواز گۆڕینە دەدات (نایف خرما، ١٩٧٨: ٢٣١).

لە بنەڕەتدا زمانەوانی کۆمەڵایەتی، زمان بە کۆمەڵە شێوازیکی جیاجیا دادەنێت و هەوڵدەدات ئەرکی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندی شێوازەکان بدۆزێتەوە و یەکە یەکە دیاریان بکات، نیشانە کاریگەرییەکانی تەمەن، ڕەگەز، چین، پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و کار و پیشە لەو شێوازانەدا پێشبینی بکات، بەڵام مافی بەسەر دیاریکردن و سەپاندنی شێوازی پەسەند و ڕەتکردنەوەی شێوازی ناپەسەند دانییە، واتە بەهاو نرخ بۆ شێوازەکان دانانێت (محمد معروف، ١٩٨٦: ١٢٧)

زمانەوانی کۆمەڵایەتی دیارترین بوارە کە پێشکەوتنێکی خێراو بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لە لێکۆڵینەوە نوێیەکانی زمانەوانیدا، ئەم زانستە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی زمان دەدات لە دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا (سیاق الإجتماعي) و ئەو ڕیگایانەی کە زمان تێیدا کارلێک لەگەڵ کۆمەڵدا دەکات، ئەو ڕێگایانەشی گۆڕان بەسەر بنیادی زمانیدا دەهێنن بەهۆی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە. (حاتم صالح، ١٩٨٩: ٣٨).

ئامانجیشی ئەوەیە، ئەو ڕاستییە کۆمەڵایەتییانەی کە زمانەوانی چاویان لێدەپۆشێت شوێن و مافی خۆیان پێبدرێت. هەوڵی سەرەکی ئەوە دەبێ شیکردنەوەی زمان ببەستێتەوە بە قسەکەرو گوێگرو بابەت و ئەو بارە کۆمەڵایەتییەی کە زمانەکەی تێدا بەکاردێت (پێشکەوت مەجید، ٢٠١٣: ١٢).

کەرەسەی لێکۆڵینەوە لە زمانەوانی کۆمەڵایەتیدا، بریتییە لەو ڕۆنانانەی کە لە ڕستە گەورەترن وەک ؛ دەق، پارچەی ئاخاوتن، دیدار، چەند پرسیار و وەڵامێک. لەبەر ئەمە گوێ ناداتە وشەو ڕستەی تاک و تەنازو کە لەلایەن کەسێکەوە وترابێ. زیاتر خۆی خەریک دەکات بە پەیوەندی قسەکەر و گوێگر و بابەتەوە خەریک دەکات. (محمد معروف، ٢٠١٠: ١٦٠).

زمانەوانی کۆمەڵایەتی گرنگی بە بابەتی زۆر و جۆراوجۆر دەدات، لەوانە ؛ زارەکان، لێکۆڵینەوە لە زمان و کاریگەری ڕەگەز تێیدا، لێکۆڵینەوە لە ئاخاوتن و وشە و دەستەواژەی تابۆ لە کۆمەڵگەدا (محمد معروف، ١٩٨٩: ٣٩).

لە هەمانکاتدا بواریتری وەک ئابوری و ئایینی و کۆمەڵایەتی و چین و توێژو پیشەی جیاواز و کاریگەرییان لەسەر زمان و زار دەگرێتە خۆی. واتە لەو لایەنانە دەکۆڵێتەوە کە زمانەوانی بەجێیان دەهێڵێ.

(کرِیستاڵ) بواری ئەم زانستە دیاری دەکات و دەڵێت: (زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لەو ڕێگایانە دەکۆڵێتەوە کە زمان کارلێکی پێ لەگەڵ کۆمەڵدا دەکات، لێکۆڵینەوەیە لەو ڕێگایەی کە بنچینەی زمانەوانی پێ دەگۆڕێ، وەک وەڵامێک بۆ ئەرکە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان و ناسینی خودی ئەرکەکان) (محمد حسین، ١٩٨٣: ٥٣١).

(هالیدەی) لەلای خۆیەوە سنوری ئەم زانستە بەمشێوەیەی خوارەوە دیاری دەکات و پۆلینی بۆ دەکات، کە بەهەوڵێکی گشتگیر دادەنرێت (هێمن عەبدولحەمید، ٢٠٠٦: ٢٤-٢٥).

- جووت زمانی و فرە زمانی و فرەزاری.
- پلان و گەشەپێدانی زمانی.
- دیاردەی جۆراوجۆری زمانی.
- زانستی زارە کۆمەڵایەتییەکان.
- زمانەوانی کۆمەڵایەتی و پەروەردە.
- ڕێباز و شێوازی ئاخاوتن.

- تۆماری ئاخاوتنی ڕۆژانە و (گوێزانەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر).
- کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە گۆڕانی دەنگ و ڕستەدا.
- زمان و کۆمەڵ و شارستانییەت.
- تیۆری ئەرکی و سیستەمی زمانی.
- گەشەسەندنی زمان لای منداڵ.
- زمانی نەتەوایەتی.
- لێکۆڵینەوەی دەقەکان.

لەڕاستیدا زمانەوانەکان بۆچوونی جیاوازیان هەیە دەربارەی ئەو بابەتانەی دەچنە ناو سنووری زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە. زۆربەیان پەیوەندیکردنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا دەخەنە ناو لێکۆڵینەوەکان کە هەندێجار بە زمانەوانی کۆمەڵایەتیی تەسک (Micro-linguistics)[1] یان بە کردە قسەییەکان (Speech act) ناوی دەبەن. هەروەها ئەو توێژینەوانەی کە پەیوەستن بەو گۆڕانە زمانییانەی کە کۆمەڵێک بەکاری دەهێنن و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی تێدا دەبینن، دەچنە ناو ئەو لێکۆڵینەوانەی کە بە زمانەوانی کۆمەڵایەتی دەناسرێت، هەروەها پلانی زمانی و هەڵوێستی زمانیش بەهەمان شێوە دەچنە ئەم چوارچێوەیە و زۆرجار بە زمانەوانی کۆمەڵایەتیی فراوان (Macro linguistics)[2] دەناسرێت (یوسف شریف، ٢٠١١: ٢١).

## ١-٢/٢) ناساندنی زمانەوانی کۆمەڵایەتی:

زمانەوانی کۆمەڵایەتی لەشێوە فراوانەکەیدا لێکۆڵینەوەی زمانە لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵدا. زمان ناژیت، ئەگەر لەژێر سێبەری کۆمەڵی مرۆییدا نەبێ، کەواتە زمان چالاکییەکی

---

(١) گرنگی دەدات بە پەیوەندی زمان و کۆمەڵ بە ئامانجی بە دەستهێنانێکی باشتری تێگەیشتن لە ستراکچەری زمان و ڕۆڵی زمان لە پەیوەندیکردندا.

(٢) لێکۆڵینەوەیە لە زمان یان خوێندنەوەی زمانە لە پەیوەندی بە کۆمەڵەوە، لە کاتێکدا کۆمەڵناسی زمان، بریتییە لە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵ پەیوەست بە زمانەوە، یاخود ئەوەی کۆمەڵ چی دەکات لەگەڵ زمانەکەی.

کۆمەڵایەتییە، چونکە پێویستییەکی زۆرەکییە بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان (حاتم صالح، ١٩٨٩: ٣٦).

سەردەمێک لە مێژووی لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا زمانەوانەکان بانگەشەیان بۆ زانستێتی خوێندنی زمانەوانی و سەربەخۆبوونی ئەم زانستە کرد، بەڵام هەر زوو درکیان بەوەکرد کە لێکۆڵینەوەکانیان تەنیا پشت بە زمان نابەستێ، بەڵکو پشت بە کۆمەڵێک زانستی تر دەبەستێت.

ئەمانەش بوونە هۆی ئەوەی کە چەند لقێکی دیکە بۆ لێکۆڵینەوە زمانییەکان دروست ببێ. گرنگترین و بەربڵاوترین ئەو لقانەش ئەوەیە کە ئێستا بە (زمانەوانی کۆمەڵایەتی) ناودەبرێت (عەبدە ئەلڕاجحی و عەبدوڵلا گەرمیانی، ٢٠١٣: ٧)، کە هەوڵی ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی و کاریگەری ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر دیاردە زمانییەکان دەدات. (حاتم صالح، ١٩٨٩: ٣٦).

ئەوە ڕاستە کە پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان زمانەوانی و کۆمەڵناسیدا هەیە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین، کە زمانەوانی کۆمەڵایەتی بەشێکی زانستی زمان و کۆمەڵایەتی نییە و تێکەڵەیەکی هەردووکیشیان نییە، لەخودی خۆشیدا پسپۆرییەک نییە تاوەکو لێکۆڵەری ئەم بوارە بە زانای زمانەوانی کۆمەڵایەتی بناسرێت، بەڵکو ئەوە خودی توێژینەوەکەیە کە بە بابەتی (زمانەوانی کۆمەڵایەتی) دەناسرێ. (عەبدە ئەلڕاجحی و عەبدوڵلا گەرمیانی، ٢٠١٣: ٩).

(کمال بشر،١٩٩٥: ٤١) یش لەم بارەیەوە دەڵێت: (مەبەست لەو زانستە تێکەڵکردنی زانستی زمان و کۆمەڵایەتی نییە، یان کۆکردنەوەی ڕەوش و پرۆسەکان بێت، بەڵکو لێکۆڵینەوەی زمانییە پەیوەست بە کۆمەڵەوە، هەموو لایەنە زمانییەکان ڕێکدەخات و ڕێگای بەکارهێنانیان بە ئەرکە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان دەبەستێتەوە)

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەمە جۆرییەی لەزماندا هەیە، پەیوەست بە پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر و بابەتی ئاخاوتن لە ڕوانگەی چین و توخم و تەمەن و پیشە و شێوازی قسەکردن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و باکگراوندی کولتوری و جۆراوجۆری زار و شێوەزار

له ئاخاوتنی قسەپێکەرانی گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا، دەتوانرێت زمانەوانی کۆمەڵایەتی لە چەند خاڵێکدا بخرێتەڕوو، کە پێناسەی زۆری بۆکراوە لە پەیوەندی لەگەڵ بابەت و بوارەکانی لێکۆڵینەوەیدا، لێرەدا هەندێک لەو پێناسانە دەخرێتە پێش چاو:

١- ئەم زانستە لقێکە لە زمانەوانی کارەکی، کە لە ئاڕیشەکانی زارە جوگرافییەکان و کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگای دوو زمانی و کاریگەری نێوان زمان و کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە. دەتوانین بڵێین زمانەوانی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەی زمانە لەو لایەنانەی کە پەیوەندییان بە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، وەک: چینەکانی کۆمەڵگا، ئاستی فێرکردن و جۆرەکانی فێرکردن، تەمەن، ڕەگەز، بنەچە، پیشە و چەندین لایەنی تر (یوسف شریف، ٢٠١١، ٢٠).

٢- زمانەوانی کۆمەڵایەتی: لقێکی زانستی زمانە و لێکۆڵینەوە لە زماندا دەکات وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، لە پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ و کاریگەرییان لەسەر یەکتری دەکۆڵێتەوە. (هێمن عەبدولحەمید، ٢٠٠٦: ١٩) واتە خەریکی لێکدانەوەی ئەو پەیوەندییانەیە کە لە نێوان هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و هەڵبژاردنی زمان یان زاردا هەیە و هەوڵی ئەوە دەدات، تێمان بگەیەنێت چۆن خەڵکی دەتوانن سوود لە کانگای زمانییان وەرگرن و بەپێی ئەو ڕۆڵەی لە کۆمەڵ و بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا دەیبینن کەناڵ بگۆڕن [1]. (محمد معروف، ٢٠١٠: ١٣٩).

٣- بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە زمان و ڕێگاکانی بەکارهێنانی، کە پەیوەندیدارە بە ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان، لەم بوارەدا زمانەوانەکان گرنگی دەدەن بەو هەمەڕەنگی و جیاوازییەی کە لە زمانی مرۆڤدا هەیە، زمانەوانی کۆمەڵایەتیش هەوڵدەدات هۆکارەکانی ئەم هەمەڕەنگی و جۆراوجۆ بوونە شیبکاتەوە و بیانخاتەڕوو (شاخەوان جەلال، ٢٠١٣: ٥٠).

٤- زمانەوانی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندییەکانی نێوان زمان و کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە. یان بریتییە لە دیراسەکردنی زمان لە پەیوەندی لەگەڵ فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی وەک: چینی کۆمەڵایەتی، ئاستی خوێندەواری، تەمەن، ڕەگەز....و پیشە (ڕێژنە مەعروف، ٢٠١٠: ٨).

---

(١) (کەناڵ گۆڕین) مەبەست لێی (Code Switching) ە.

بەپێی ئەم پێناسانەی خرانەڕوو دەردەکەوێت کە زمانەوانی کۆمەڵایەتی لە دوو لایەنەوە لە زمان دەکۆڵێتەوە، ئەوانیش:

**یەکەم / لایەنی ئاسۆیی:**

مەبەست لەم لایەنە، لێکۆڵینەوەیە لە حاڵەتی ئێستای کۆمەڵێک، بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەرییەکانی ژینگە و گروپە کۆمەڵایەتییەکان و بەها و ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵە، چونکە ئاشکرایە لایەنە ئاسۆییەکانی زمانەوانی کۆمەڵایەتی، وەکو دوو ژینگەی جیاواز و دوو جوگرافیا و زار یان شێوەزاری جیاوازی زمانێک، جیاوازی ئاخاوتنیان بۆ دروستدەکات.

**دووەم / لایەنی ستوونی:**

ئەم لایەنەش لەوەدا دەردەکەوێت، کە زمانی چینەکانی سەرەوە و خوارەوەی کۆمەڵگا، خویندەوار و نەخوێندەوار، پیرولاو، ژن و پیاو، کەسایەتی ئاینی و کەسایەتی سیاسی، شوانێک و بازرگانێک و جوتیاریک.... هەموویان لە ئاخاوتندا لەیەک جیاوازن. هۆکاری جیاوازی زمانی ئەو چین و توێژە جیاجیایانە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتییانە و پێویستی و ئامانجی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئیش و کار، بەو شێوەیە دابەشی کردوون و کارییگەری خستۆتە سەر ئاخاوتنیان (بەهزاد موحسین، ٢٠٠٨: ١١٣). واتە؛ زمانەوانی کۆمەڵایەتی وەکو لقێکی سەربەخۆی زمانەوانی لە زۆربەی ئەو دیاردانە دەکۆڵێتەوە، کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە پێکهاتە و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگاوە هەیە.

**٣/١) زمـان (دیاردە، ڕەفتار) ێکی کۆمەڵایەتییە:**

ئەوەی لێرەدا هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت ئەو لایەنانەن کە زمان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یاخود ڕەفتار و هەڵسوکەوتێکی کۆمەڵایەتی پیشان دەدەن. بۆ نموونە کەسێک کە لە کۆمەڵگایەکی پیشەسازی یاخود شارێکی گەورە و پڕ لە ئاڵۆزیدا دەژی خاوەنی

فەرهەنگێکی زمانی ئاڵۆزە، بەهۆی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ کەسە جیاوازەکاندا پەیدایدەکات، وای لێدەکات ژیانێکی پڕ لە هەڵسوکەوتی هەبێت. بەو واتایەی ئەو کەسە هەرچەند لەگەڵ کەسی جیاوازدا مامەڵە بکات و پەیوەندی جیاواز دروست بکات، ئەوەندە ناچار دەبێت ڕەفتاری جیاواز بنوێنێت. بەمەش فەرهەنگی زمانی فراوانتر و ئاڵۆزتر دەبێت لەچاو کەسێک کە لە کۆمەڵگایەکی ئاسایی و سادەدا دەژی. (محمد ڕەزا و هێرش کەریم، ٢٠١٢: ١٢٩). ئەمانە هەمووی ئەوە پیشان دەدەن، کە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا ئەگەر خاوەنی هەر پیشەیەک بن، واتە؛ ئەگەر بازرگان بن، مامۆستا بن، جووتیار بن یاخود خاوەنی هەر پیشەیەکی تری ئازاد بن، ڕۆژانە ڕووبەڕووی بارودۆخی کۆمەڵایەتی جیاواز دەبنەوە، ئەمەش پێویستی بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی جیاوازە.

ئەزموونی ژیانی کۆمەڵایەتیش ئەوەی فێرکردووین، ئەگەر بمانەوێت پەیوەندییەکی باشمان هەبێت و کەس لێمان نیگەران نەبێت و لە بۆنە و بارە کۆمەڵایەتییەکاندا سەرکەوتوو بین، دەبێت لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییانەی کە ڕۆژانە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی گونجاومان هەبێت. بۆ نموونە ئەگەر ئێمە هاوڕێیەکی نزیکمان ببینین ئەوا چاک و چۆنییەکی گەرمی لەگەڵ دەکەین و تەوقەی لەگەڵدا دەکەین، زۆرجاریش یەکتری ماچ دەکەین ئەگەر هاوڕێکەمان کوڕبێت، بەڵام بۆ هاوڕێیەکی کچمان بەوشێوەیە ڕەفتار ناکەین، چونکە کولتور و داب و نەریتی کۆمەڵی کوردەواری ئەو شێوازە ڕەفتارکردنە پەسەند دەکات و پێچەوانەی ئەمە قبوڵ ناکات و بە ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی نەگونجاو لە قەڵەمی دەدات [١].

لە ڕاستیدا ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین ڕەفتاری کۆمەڵایەتی گونجاو لەبنەڕەتدا لەزۆر بواردا ڕەفتاری زمانی گونجاوە. ڕەفتاری زمانی گونجاویش واتا دیاریکردنی ئەوەی کە لەهەر بارودۆخێک و بۆنەیەکی کۆمەڵایەتیدا چ شتێک دەگونجێت و دەکرێت بگوترێت و چ

---

([١]) ئەمە بە پێی داب و نەریتی کۆمەڵگا دەگۆڕێت، چونکە لەوانەیە ئەمە لە کۆمەڵگایەکی تردا پێچەوانە ببێتەوە.

شتیک ناگونجێت و ناکرێت بگوترێت، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە دەکرێت بگوترێت دەبێ ژینگە و کات و شوێن ڕەچاوبکرێت، چۆن، کەی، چەند بگوترێت. (محمد ڕەزا و هێرش کەریم، ٢٠١٢: ١٣١).

زمان بە تەواوی تێکەڵ بە پێگەی کۆمەڵایەتی قسەکەران بوو، لەهەمان کاتیشدا ڕەنگدانەوەی ئەو بارە کۆمەڵایەتییەیە کە قسەکەران تیایدا دەژین. بەڵگەشمان ئەو وشەو زاراوانەیە کە بێ لێکدانەوە بەستنەوەیان بەباری کۆمەڵایەتییەوە واتاکانیان لێکنادرێتەوە وەک ؛ دەرەبەگ، ڕەنجدەر... و ئاغا (محمد مەعروف، ٢٠١٠: ١٣٨)، یاخود ئەو وشەو دەستەواژانەی کە لە پیشە جیاوازەکاندا بوونیان هەیە کە بەبێ دەوروبەر و شارەزای ئەو پیشانە لێکدانەوە و تێگەیشتنی واتاکانیان کارێکی ئاسان نییە.

لێکۆڵەرەوەکانیش هەوڵی ئەوەیان داوە کاریگەری کۆمەڵ و سیستەم و شارستانییە جیاوازەکانمان پیشانبدەن لەسەر دیاردە زمانییەکان، لەسەر ئەو بنەمایەی کە مرۆڤ پێش هەموو شتێک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و زمانیش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و هۆیەکە بۆ دەربڕینی ئەو بابەتانەی لە کۆمەڵدا هەیە. هەرچی لە کۆمەڵدا هەیە لە شارستانیەت، سیستەمی کۆمەڵایەتی، بیروبۆچوون، ڕۆشنبیری، ئابوری و ئیش و کار چەندین لایەنی ترمان بۆ تۆمار دەکات و ڕووە جیاوازەکانیانمان پیشان دەدات. (حاتم صالح، ١٩٨٩: ٣٦).

زمان خۆیشی کاریگەر دەبێت بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش زیاتر لە جیاوازی نێوان زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگای دێنشین و شارنشیندا بەدەردەکەوێت، بەوەی زمان لە کۆمەڵگای دێنشیندا سادە و ساکارە، چونکە بە زۆری خەڵکی دێهاتەکان پەیوەندی کۆمەڵایەتییان سادەیە و کەم پەیوەندین، بە زۆریش بە کاری ئاژەڵداری یان کشتوکاڵەوە خەریکن، بۆیە سامانی زمانییان لە وشە و چەمک و دەربڕینەکان لە چوارچێوەی ئەم

تەوەرانە دەردەکەوێت، تەنانەت زۆربەی وشەو زاراوەکانیش ڕەسەن و پەتی و دێرینن و مۆرکی کولتوری کوردەوارییان[١] پێوە دیارە. (عەبدوڵلا حوسێن، ٢٠١٥: ١٦٠).

لە کاتێکدا زمان لە کۆمەڵگای شارنشیندا ئاڵۆزترە، چونکە ژمارەی پیشە جۆراوجۆرەکان زۆرە ئەمەش وادەکات سامانی زمانیان دەوڵەمەندبێ، هەروەها وشەو زاراوەکانیشیان تێکەڵ بە زاراوەی زمانەکانی تر بێت، جگە لەمانەش کەسانی ناو ئەو کۆمەڵگایە کەسایەتییەکی چالاکیان دەبێت، چونکە پەیوەندی جۆراوجۆر و فراوانیان هەیە.

جگە لەمانە پێشەوایانی ڕێبازی ئەرکی لە زماندا لەوانە (هالیدەی) پێیوایە کە زمان یەکێکە لە دیاردە (ڕەفتارە) کۆمەڵایەتییەکان و ڕەگی زمان بۆ ناو بینای کۆمەڵایەتی شۆڕ دەبێتەوە و لە کەلتوور و داب و نەریتی کۆمەڵ دانابڕێت (ساجیدە عەبدوڵلا، ٢٠٠٨: ٣٠).

لای (سۆسێر) یش زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و گشت وروژێنەرەکانی زمانیش بۆ کۆمەڵ و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە (هێمن عەبدولحەمید، ٢٠٠٦: ٢١ – ٢٢).

لەم بارەیەوە (فندریس) دەڵێت: زمان لە باوەشی کۆمەڵدا سەریهەڵداوە و پەیدابووە، واتە لەو ڕۆژەوە کە تاکەکانی کۆمەڵگا لەناو خۆیاندا هەستیان بەوە کردووە پێویستیان بە لەیەکتر گەیشتن و ئاڵوگۆڕکردن هەیە. بۆیە دەکرێ زمان بە دیاردەیەک و ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی دابنرێت (تاڵیب حوسێن، ٢٠١٤: ٢٠٥).

ئەمانە هەموو ئەوەمان پیشان دەدەن کە ڕەفتاری (زمانیمان) بەشێکە لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیمان و پەیوەندییەکی بەهیز هەیە لەنێوانیاندا. دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە لێکۆڵینەوە لە زمان وەک ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی پێویست بە لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنەی زمانناسان و کۆمەڵناسان و دەروونناسان هەیە. (محمد ڕەزا و هێرش کەریم، ٢٠١٢: ١٤١) چونکە بابەتەکە تێکەڵی هەرسێ زانست دەبێ و بە هاوبەشی هەرسێ لایەن لێکۆڵینەوەکان زانستی و سەرکەوتوو دەبن.

---

(١) سەبارەت بە هەر زمانیکی تر بەهەمان شێوەیە و مۆرکی کلتوری ئەو میللەتەی پێوە دیارە.

## ٤/١) زمان و ناسنامە

لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێک وشەی جیاواز هەن وەک: پێناسە، ناسنامە، هەویە، شوناس و چەندین دەستەواژەی تر بەرانبەر چەمکی (identity) بەکارهاتوون (هاشم ئەحمەدزادە، ٢٠١٢: ٢٤٤). لێرەدا (ناسنامە) وەک هاومانایەکی چەمکی بۆ (identity) بەکارهێنراوە.

ئەگەر ناسنامە یەک لە پرسە سەرەکییەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە بێت، ئەوا زمان وەک لایەنێکی ئەم ناسنامەیە خاوەن پێگەو شوێنی گرنگە، بۆیە لێرەدا هەوڵدەدرێت پەیوەندی ناسنامە و زمان بەیەکترەوە بە کورتی بخرێتە بەرباس. بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا ناسنامە پێناسە دەکرێت و دواتر ڕۆڵی زمان لەسازکردنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی تاکدا نیشان دەدرێت.

بە بۆچوونی (نۆرتۆن) ناسنامە ئەوەیە کە تاکەکان لە پەیوەندییان بە جیهانەوە چۆن تێدەگەن، چۆن ئەو پەیوەندییە لە نێوان کات و شوێندا بنیات دەنرێ و چۆن لەتواناکانیان بەتایبەتی توانا زمانییەکانیان بۆ داهاتوو تێدەگەن. بیرمەندانی بوارە زانستییە جیاوازەکان، ئاستی جۆراوجۆیان بۆ ناسنامە دیاری کردووە ؛ هەندێ لە دەرونزانان بناغەی پێکهاتنی ناسنامەی مرۆڤ دەگەڕێننەوە بۆ قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردنی. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، ناسنامە لە ئاستی تاکە کەسەوە دەست پێدەکات و بە تێپەڕین بە چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا لە هەستی ناسنامەی نەتەوەییدا دەگاتە لوتکە[١]. (ڕەحیم سورخی، ٢٠١٣: ٢١-٢٢/ ٢).

دەبێ ئەوەش بزانرێت کە ناسنامە خۆی، لە بنەڕەتدا خەمی سەرەکی نەبووە لە لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی کۆمەڵایەتیدا، بەڵکو ئەم زانستە بە وەسفکردن و تێگەیشتنی

---

(١) ئێمە لێرەدا نامانەوێت بچینە ناو باسی ناسنامەی نەتەوەییەوە بەڵکو تەنها دەمانەوێت باسی ڕۆڵی زمان و بەکارهێنانی زمان و یەکە زمانییەکان بکەین لە بنیادنانی ناسنامە بە تایبەتی ناسنامەی کۆمەڵایەتی تاک لە ناو پیشە جیاوازەکاندا.

جۆراوجۆرییەکان لە ئاخاوتنەوە خەریک بووە، زمانەوانانی کۆمەڵایەتی لە مێژە دانیان بەوە داناوە، کە دەکرێ جۆراوجۆری لە ئاخاوتندا بۆ دەربڕینی واتای کۆمەڵایەتی و پیشاندانی زانیاری گرنگ لە بارەی ناسنامەی کۆمەڵایەتی ئاخێوەرانەوە بەکاربێت. کەواتە دەکرێ پێکهاتەی گشتی زمانێک، زارێک یان تەنانەت تاکە فۆرمێکی زمانی وەکو سیما یان نیشاندەرێک سەیربکرێت بۆ ناسنامەی کۆمەڵایەتی ئاخێوەر (ڕەحیم سورخی، ٢٠١٣: ٢٢).

هەر بەهۆی ئاخاوتن و قسەکردنەوە دەتوانین بڕیار بدەین، قسەکەر خەڵکی کوێیە ؟ لە چ بارێکی دەروونیدا دەژی؟، هەستی بەرامبەر بابەتی قسەکردن و گوێگر و دەوروبەری چییە؟، سەر بە چ چینێکە (چینی کۆمەڵایەتی و پیشەکەی چییە) ؟ و ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری چەندە؟ (محمد مەعروف، ٢٠١٠: ١٣٧). کەوابوو هەر زمانە ناسنامەی کۆمەڵایەتی قسەکەر دیاری دەکات و زۆر لایەنی نادیاری کەسایەتی تاکمان بۆ ئاشکرا دەکات، هەروەکو ئەو وتە باوەی (سوکرات) کە دەڵێ: قسە بکە تا بتناسم. دیارە لەو سەردەمەوە زانایان و بیرمەندان پەیان بە گرنگی و ڕۆڵی زمان بردووە لە ناسینی تاکدا. کەواتە دەبێ ئەوە بڵێین کە زمان ناسنامە بنیات دەنێت، ئێمە زمان بەکاردەهێنین بۆ بەیەکەوە بەسترانەوەمان بە پێناسەیەک یان بۆ لە ئەستۆ گرتنی ڕۆڵێکی دیاریکراو، واتە؛ بۆ بنیاتنانی ناسنامەی کۆمەڵایەتیمان هەوڵدەدەین تاکو پێی بناسرێین، ئەمە لەلایەک لە لایەکی تریشەوە بەکارهێنانی زمان ناسنامە دەخاتەڕوو، بەو واتایەی کە تاکەکان خۆیان وەک کەسێکی تایبەت دەردەخەن و ئەو ناسنامەیەی کەسەکە دەناسێنێ تاڕاددەیەک پەیوەندی بەو چاڵاکییانەوە هەیە کە بۆ بە ئەنجام گەیاندنیان هەوڵ دەدات. بۆ نموونە ئێمە کاتێک لەگەڵ بەڕێوەبەرەکانمان (سەرکارەکانمان) دەدوێین بەهەمان شێوە نادوێین کە لەگەڵ دۆستێکماندا دەدوێین، ئەمە تا ڕادەیەک پەیوەندی بەو شێوەیە هەیە کە بەڕێوەبەر و دۆستەکانمان لەگەڵماندا ڕەفتار دەکەن و ئێمەش دەمانەوێ ئەوان بەمشێوەیە سەیری ئێمە بکەن (ڕەحیم سورخی، ٢٠١٣: ٣٠) لە هەمانکاتدا ئارەزووی ئەوە دەکەین بەمشێوەیە بمانناسن، چونکە ئێمە خۆمان حەزمان بەمجۆرە ناسنامەیە و شێوە دەرکەوتنە هەیە لەلای هەر یەکێکیان.

(هدسن، ١٩٨٧: ٣٢٣ – ٣٢٤) دەڵێت: (بەڵگەی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی کە خەڵکی زمان بەکاردەهێنن تاکو شوێنی (پلەوپایەی) خۆیان لە کۆمەڵگادا دیاری بکەن. بەپێی بۆچوونی قسەکەر ئەم ڕێگایە، ڕێگایەکی گونجاوە بۆ ناساندنی خۆی و جۆری کەسایەتییەکەی یاخود ئەو کەسایەتییەی بە پلەو پایەی کە حەزی پێدەکات). بەمەشدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە یەکێک لە باوترین و باشترین ڕێگاکانی ناسینەوەی تاک زمانەکەیەتی، چونکە زمان بەشێوەیەکی خۆڕسک لە کۆمەڵایەتی بوونەوە گلاوە. بۆیە گوێگر تایبەتمەندی و شێواز و پلەوپایەی قسەکەر بەهۆی قسەکانییەوە دەستنیشان دەکات.

زۆرجار لە پێناوی ئەوەی شێوازی ئاخاوتنی تاک دیاری بکرێت، پشت بەو زمانە دەبەسترێت، کە قسەکەر لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا بەکاری دەهێنێت و لەدەستنیشانکردنی هەندێک تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی قسەکەر و گوێگر سوودی دەبێت و بەمەش زمان لە دیاریکردنی ناسنامەی قسەکەر و جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت. (ئارام عەبدولواحید، ٢٠١٣: ١٠٠ – ١٠١).

((دیڤید کریستاڵ) هەندێجار شێوازی ئاخاوتنی تاک بە چینەکانی کۆمەڵەوە دەبەستێتەوە، بەوەی ئەو شێوازە ئاخاوتنەی هەر کەسێک بەکاری دەهێنێت ئەوە دیاری دەکات کە قسەکەر سەر بەچینێکی دیاریکراوە یاخود ئەندامە لە گروپێکی پیشەیی و زۆرجاریش دەستەواژە و یەکەی زمانیش دەبێتە پێوەر بۆ دیاریکردنی ناسنامەی قسەکەر، ئەمەش لای زۆرێک لە زمانەوانەکان یەکێکە لە ڕێگا باوەکانی دەستنیشانکردنی شێوەزاری کۆمەڵایەتیش) (تاڵب حوسێن، ٢٠١٤: ٢٩١).

کەواتە دەتوانرێت بوترێت، ئەو شێوازەی تاک لە ئاخاوتندا بەکاری دەهێنێت یان ئەو زار و زمانەی قسەی پێدەکات لەزۆر باردا دەبێتە پێناسەیەکی گروپی بۆ قسەکەر، چونکە زمان بیر ڕێکدەخات و تاڕادەیەکی زۆریش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکانی نێو کۆمەڵ (کۆمەڵە زمانییەکان) دەچەسپێنێ (ڕەحیم سورخی، ٢٠١٣: ٣٠).

وەک ئەوەی کاتێک کەسێک قسەدەکات، گوێگر لە ڕێگای زمانەکەی و ئەو وشە و یەکە زمانییانەی بەکاری دەهێنێت بۆی دەردەکەوێت، کە ئەو کەسە سەر بە چ گرووپێکی کۆمەڵایەتییە یاخود چ کارەیە و پیشەکەی چییە؟ بۆ نموونە؛ ئەگەر ئەو کەسەی قسە دەکات پزیشکێک بێت، ئەوا زیاتر دەستەواژە و وشەی بواری پزیشکی و زیاتریش وشەی ئینگلیزی بەکاردەهێنێت، بەڵام ئەگەر بێت و کەسەکە ئاژەڵداربێت و پیشەی بەخێوکردنی مەڕومالات بێت، ئەوا زمانەکەی سادەتر و زیاتر وشەکانی لە بواری مەڕداری دا دەبێت و کەمتر وشەی زمانەکانی تریشی تێدەکەوێت. ئەمە لایەنی زارەکی دەگرێتەوە، زمانی نووسینیش لایەنێکی تری گرنگی بنیادنانی ناسنامەیە بۆ گروپە کۆمەڵایەتییەکان و بگرە بایەخی لە زمانی قسەکردنیش زۆر زیاترە بۆ ئەم بوارە، (ژوو – Zhou) لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ئەو کۆمەڵەی سیستەمێکی یەکدەستی ئەلف و بێی نووسینی هەیە، ناسنامەیەکی گروپی بەهێزتر بەدی دێنێ لەبەرانبەر ئەو کۆمەڵەدا کە ئەلف و بێی نووسینی نییە؛ بەواتایەکی دیکە لەو کۆمەڵە زمانییەدا، کە زمان تەنها بەشێوەی زارەکی بەکاردێت، ناسنامەییێکی گروپی لاوازتر بەدی دێت (ڕەحیم سورخی، ٢٠١٣: ٢٤).

دەبێت ئەو ڕاستییەش بزانرێت، کە ناسنامە بەهیچ شێوەیەک شتێکی ڕاوەستاو و نەگۆڕ نییە، بگرە پرۆسە یان ڕەوتێکی بەردەوامە کە قەت تەواوبوونی نییە. ناسنامە هەڵگری ڕەهەند و پێوەری جیاوازە، بۆ نموونە هەموو کەسێک خاوەنی ناسنامەیەکە وەک تاکێک لەناو کۆمەڵگادا و هەروەها وەک ئەندامێک لەناو گروپ و کۆمەڵێکی زماندا. (هاشم ئەحمەدزادە، ٢٠١٢: ٢٤٦).

(هدسن، ١٩٨٧: ٢٠٦) دەڵێت: (ئاخاوتن ڕەمزی ناسنامەی کۆمەڵایەتییە ڕەنگە هەموو زمانێک کۆمەڵێک یەکەی زمانی هەبێت کە ڕەنگدەرەوەی تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی قسەکەربن).

کەواتە لە باسکردنی زمان و ناسنامە لە پەیوەندی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەدا دەکرێت ئاماژە بەوە بدرێت، کە شێوەزار و زمانی ئاخاوتن چ ناوچەیی بێت یان کۆمەڵایەتی،

ئەوا کەسایەتی ئەو کەسە دیاری دەکات کە لەو ناوچەیە دەژیت یان ئەو چینە دیاری بکات لەناو کۆمەڵگادا ئیشی تێدەکات و هەڵسوکەوتی تێدا دەکات. بەهۆی ئەمەشەوەیە زارەکان جیاواز دەبن بەپێی جیاوازی ناوچەیی، چین و توێژی کۆمەڵایەتی. ئەو شێوەزارەی تاک وەری دەگرێت یاخود بەکاری دەهێنێت دەبێتە ناسنامە بۆ ئەو کەسە لەناو کۆمەڵگایەکدا، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ بەکارهێنانی تری زمانی هەیە جیایە لەو ناسنامەیەی کە ئەو کەسە هەیەتی لەناو کۆمەڵگادا، ئەمەش چەند بارودۆخێکی تایبەت دیاریدەکەن لەوانە: ئەو بابەتەی کە باسی دەکات و لەسەری دەدوێت، یان کەسایەتی و پلەو پایەی ئەو کەسەی لەگەڵیدا دەدوێت، یان ئەو ڕێگا زمانیەی لەکاتی پەیوەندی کردن بە کەسانی ترەوە بەکاری دەهێنێت.

**٥/١) جۆرەکانی زمان (Varieties of Language):**

باسکردنی پەیوەندی زمان بە کۆمەڵەوە، بە پێی کەتیگۆرییە زمانییە جیهانییەکانی وەک (زمان، زار، شێوەزار، جۆر) و کەتیگۆرییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (گروپ، توێژ، کۆمەڵە) بەردەوام کێشەی زمانەوانانی کۆمەڵایەتی بووە (ڕەحیم سورخی، ٢٠١٣: ٢٦).

لێرەدا تیشک دەخرێتە سەر کەتیگۆرییە زمانییەکان و باسکردنی جۆرەکانی زمان. زمان لە بواری زمانەوانیدا پێکهاتەییکە و کاری سەرەکیشی دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان مرۆڤەکاندا، ئەم پەیوەندییە دەتوانێت بەشێوەی ئاخاوتن، نوسین و ئاماژە خۆی پیشان بدات، بۆ ئەم مەبەستە ڕوانگەی ئەرکی بۆ زمان کە (هالیدەی) ڕابەرایەتی دەکات پێڕەوی نیشانەیی زمان تێدەپەڕێنێ و وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردن سەیری زمان دەکات. لەم تێڕوانینەدا یەکەی شیکردنەوە لە ئاستی ڕستەوە بەرەو سەرتر دەڕواو دەگات بە ئاستی دەق (ڕەحیم سورخی، ٢٠١٣: ١/٢٢).

لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە (زمان) کۆمەڵە شێوازێکی جیاوازە، هەریەکەیان بۆ بارێکی تایبەتی دەست دەدات، لەلایەکی ترەوە زمان بەپێی ڕەگەز و چین و توێژی

کۆمەڵایەتی و تەمەن و پیشە دەگۆڕێت. ئەوە هەر گروپە کۆمەڵایەتی و تەمەن و پیشەکەیە کە جۆری زمانەکە دەسەپێنێ. واتە گروپی کۆمەڵەکە جۆری یەکە فەرهەنگییەکان هەڵدەبژێرێ و کولتور و شوێنەوار و پیشە و ژینگەی خەڵکەکە جۆری زمانەکە دیاریدەکات (پەیمان حەسەن، ٢٠١٠:٥-٦)

لەبەرئەوەی زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵەکانیش لە یەکتر جیاوازن، کەواتە زمانیش بەپێی ئەو کۆمەڵەی قسەی پێدەکەن، دابەش دەبێ بۆ زار و شێوەزار. هەر زمانێک لە زمانەکانی جیهان بگرین لە کۆمەڵێ (زار) پێکدێت و هەر ئاخێوەرێکیش بەپێی باری دەوروبەری ژینگەیی یان کۆمەڵایەتی جیاواز بە یەکێ لەو زارانە دەدوێت؛ ئەگەر ئاخێوەرەکە سەر بە ناوچەیەکی دیاریکراوبێت، جۆری زارێکی ناوچەیی یان جوگرافی لەو کۆمەڵە زمانییەدا بەکاردێنێت، ئەگەر سەر بە ئاست، ڕەگەز، پیشە یان توێژێکی کۆمەڵایەتیش بێت ئەوە جۆری زاری کۆمەڵایەتی ئەو زمانە بەکاردێنێت. (ڕەحیم سورخی، ٢٠١٣: ٢/٢٧). لە هەمان کاتدا لە ناو هەر زار و شێوەزارێکی ناوچەیی کۆمەڵێک زاری کۆمەڵایەتی هەیە، بۆیە دەکرێت لە کاتی ئاخاوتندا تێبینی ئەوە بکرێت، کە ئەو کەسەی بە زارێکی کۆمەڵایەتی دەدوێت، زارێکی ناوچەییش لە ئاخاوتنیدا ڕەنگدەداتەوە.

مەبەست لە زمان زمانی گشتییە، هەموو ئەو زار و شێوەزارانەی زمانێکی تایبەتە کە هاوزمانان قسەی پێدەکەن. تاک ئەندامێکە لە دەستە و گروپەکانی کۆمەڵگەکەی، هەروەها ئەندامی توێژێکی دیاریکراویشە یان ئەندامە لە سەندیکایەکی پیشەیی وەک مامۆستایان، پارێزەران یاخود هەر کۆمەڵەیەکی تر. کاریگەرییەکی زۆر بە جۆری زمانی قسەکردنەکەیەوە دیارە، چونکە تاک ئازاد نییە لە بەکارهێنانی ئەو زمانەی کە خۆی دەیەوێت، لەبەرئەوەی ئەو تاکە کەسێکە لەناو کۆمەڵە ئاخێوەرێک لە کۆمەڵەیەکی زمانیدا، یاخود دەکرێت بوترێت تاک پابەندە بە بەکارهێنانی هەندێ وشە و زاراوە لە کاتی قسەکردن لەگەڵ هاوپیشەکانیدا.

له ئەنجامی کاریگەری و کارلێکی نێوان ئەو دەستەو گروپانەی کۆمەڵگا ژمارەیەکی زمان و زار و شێوەزار دروست دەبن کە هەریەکەیان بە تایبەتمەندی و خەسڵەتی خۆیەوە جیا دەکرێتەوە (نایف خرما، ١٩٧٨: ١٢٥ – ١٢٦ ).

گرنگترین و باوترین پێوەری جیاکردنەوەی (زمان) لە (زار)، تێگەیشتنی دوولایەنەی قسەکەرەکانی ئەو دوو جۆرە جیاوازەیە. ئەگەر ئەو دوو کەسەی پێکەوە دەدوێن بەبێ فێرکردنێکی ئاگایانە بتوانن لەیەکتر تێبگەن، دەکرێ ئەو دوو جۆرە (زارە) بەجۆرەکانی یەک (زمان) دیاری بکرێن. جا ئەم دوو جۆرە لەناو یەک وڵات یان وڵاتی جیاوازدابن. کەواتە هەر زمانێک بەهەر پانتاییەکی جوگرافییەوە بێت خاوەنی جۆری ناوچەیی و کۆمەڵایەتی یان چەند زارێکەوە هەر زارێکیش جۆرێکە لە یەک زمان. (ڕەحیم سورخی، ٢٠١٣: ٢٧ – ٢/٢٨).

ئەوەی جێی ئاماژەیە بەرامبەر وشەی (زار) زۆر وشەی تر بەکارهاتووە، لەلایەن زمانەوانەکانەوە دیارترینیشیان (دیالێکت)ە کە ئەم زاراوەیە لە بنجدا لە زمانی لاتینیدا بەکارهاتووە، بە واتای زمان یان بڵێین شێوە زمانی ئاخاوتنی گروپێکی جیاوازی خەڵکە وەک نەریتێکی باو زمانەوانەکان زاراوەی (دیالێکت) یان بۆ جیاوازی زمانی بەکارهێناوە و پێیان وایە شێوەیەکە لە شێوەکانی زمانی ناوچەیی یان کۆمەڵایەتی یان کاتی، کە پێکهێن و دانەکانی ڕۆنان و ڕێزمانی تایبەتی هەیە. هەموو زمانێکیش ژمارەیەک ئاخێوەری هەیە، لێرەدا دیالێکت سەرهەڵدەدات، چونکە قسەپێکەران لە شوێنێک نین زۆرجار بەربەستی جوگرافی یان دابەشبوونی چینە کۆمەڵایەتییەکان وا دەکات کە (زار) ی تایبەت دروست ببێت. (یوسف شریف، ٢٠١١: ٢٤٧) بەڵام هەرچی (شێوەزار)ە دوو شێوە لەیەک زماندا کە تەنیا لە بواری جۆری دەربڕینەوە جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەیە و ئاخێوەرانی شێوەزاری جیاوازیش زۆر ساناتر لە ئاخێوەرانی دوو (زار) ی جیاواز لە یەکدی تێدەگەن. (مەنسور ڕەحمانی، ٢٠١١: ١١). واتە؛ شێوەزار یەکەیەکی بچووکترە لە زار، کە پەیوەندی بە ئاخاوتنی شوێنێکی جوگرافی دیاریکراوەوە هەیە.

سەبارەت بە (جۆر)[1] یاخود (جۆری زمانی) ئەگەر ئێمە پێمان وابێت کە (زمان) دیاردەیەکە هەموو زمانەکانی دنیا دەگرێتەبەر، ئەوا دەکرێت زاراوەی (جۆر) بۆ ئاماژە بە دەرکەوتە جیاوازەکان بەکاربهێنین.

ئەوەی وا دەکات جۆرێکی زمانی لە جۆرێکی دیکە جیا ببێتەوە، ئەو یەکە زمانییانەیە کە ئەو زمانە بەکاریان دەهێنێت، هەر بۆیە (جۆری زمان) وەک پێکهاتەیەک لە یەکەی زمانی بەپێی دابەشکردنی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکەین. ئەمەش ڕێگامان دەدات زمانی کوردی، زمانی ئینگلیزی و ئەو زمانانەی کۆمەڵەیەکی زمانی پیشەیی یان کەسێکی تایبەتی بەکاری دێنن بە جۆری زمانی ناویان بەرین، بە پێی ئەم پێناسەیە وشەی (جۆر) بێ لایەنە. کاتێک لە یەک پەیڕەوی زمانیدا بەبێ جەختکردنەوە لە شێوەزار یان زارێک بدوێین، دەکرێ زاراوەی (جۆر) بۆ ئەم مەبەستە بەکاربهێنین. وەک (جۆری زمانی، جۆری ئاخاوتن، جۆری نووسین... ). (ڕەحیم سورخی، ٢٠١٣: ٢٦ – ٢٧/ ٢).

## ٦/١)کۆمەڵەی زمانی(Language Community):

ئەم دەستەواژەیە یەکێکە لە دەستەواژە باوەکانی بواری زمانەوانی کۆمەڵایەتی، بەکاردێت بۆ ناسینی کۆمەڵێک لەسەر بنەمای زمانەکەیان. (هدسن، ١٩٨٧: ٥٢).

ئەوە خرایە ڕوو، کە کۆمەڵ دیاردەیەکی چەند لایەنەیە و بەهۆی تایبەتمەندییەکانیەوە، مامەڵەو هەڵسوکەوتی نێوان تاکە پێکهێنەرەکانی ئاساندەکات بەتایبەتی لەڕێگای زمانەکەیەوە. لێکۆڵینەوەش لە ئەرک و ڕۆڵی زمان لە دەوروبەرێکی وەهادا، دەتوانێت زانیارییەکی بە نرخمان پێشکەش بکات. لەبەر ئەم هۆیەشە زمانەوانە کۆمەڵایەتییەکان هەر لە زووەوە لە هەوڵی ئەوەدان لە زمان بکۆڵنەوە لە دەوروبەرە

(١) (جۆر) وشەیەکی گشتی نا فەرمییە، کە دەکرێت لە کاتی هەوڵدان بۆ خۆ دوورخستنەوە لە پێناسەی ورد و دیاریکراوی زاراوەکان بەکاربهێنرێت.

کۆمەڵایەتییەکەیدا تاکو ئەوە ڕوون بکەنەوە، کە بۆچی خەڵکی لە دەوروبەرە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا بەجۆری جیاواز قسە دەکەن، هەروەها ئەوەش نیشانبدەن کە چۆن گۆڕانی هەلومەرج و بارودۆخەکان کاریگەری دەخاتە سەر بەکارهێنان و جۆری شێوازی زمانی تاکەکانی کۆمەڵە زمانییەکان (زوبێر عەلی، ۲۰۱۲: ۱۸).

تێگەیشتنی دەستەواژەی (کۆمەڵەی زمانی) گرنگە، تاکو بتوانرێت لێکۆڵینەوەی لێ بکرێت. پێویستە جیاوازییە گرنگەکانی نێوان کۆمەڵەکان بدۆزینەوە، کە زۆربەیان لە جیاوازی زمانییەوە سەرچاوە دەگرن. ئەمەش لەو چوارچێوەیەدا خۆی دەبینێتەوە، کە ژمارەیەکی زۆر لە کۆمەڵی جیاواز و سەربەخۆ لە کۆمەڵگادا بوونیان هەیە و لەسەر لێکۆڵەری زمانی پێویستە بیانناسێنێ. (هدسن، ۱۹۸۷: ٥٥ – ٥٩).

بۆیە دەبینین زمانەوانەکان هەر لە زووەوە گرنگییان بە لێکۆڵینەوە لە (کۆمەڵەی زمانی) داوە بەتایبەتی لە دوای کتێبەکەی (لیۆنارد بلۆمفێلد – Leonard Bloomfield ) بەناوی (زمان–Language) لە ساڵی ۱۹۳۳، کە تێیدا بەشێکی بۆ ئەم بابەتە تەرخانکردبوو (هەمان سەرچاوە: ٥٢). سەرەڕای ئەمەش جیاوازی و تێکەڵییەکی زۆر هەیە لە پێناسەکردنی ئەم بابەتەدا و پێناسەی جۆراوجۆر لەسەر بنەمای جیاواز بەرچاو دەکەوێت.

زمانەوانەکانیش چەند پێوەرێکیان داناوە بۆ پێناسەکردنی (کۆمەڵەی زمانی)، لە خوارەوەدا گرنگترین ئەو پێوەرانە دەخرێنەڕوو لەگەڵ خستنەڕووی پێناسەی گونجاو (محمد حسن، ۱۹۹٦: ۲۰۱ – ۲۰۲).

**۱- پێوەری زمانی یان زمانی هاوبەش:**

بەپێی ئەم پێوەرە لە ئاسانترین پێناسەدا بۆ کۆمەڵی زمانی پێناسەکەی (جۆن لاینز – John Lyons)ە کە دەڵێ: ( کۆمەڵی زمانی بە هەموو ئەو خەڵکە دەوترێ کە زمان یان زارێکی هاوبەش – دیاریکراو بەکاردەهێنین.) (هدسن، ۱۹۸۷: ٥٢). مەبەستیش لە کۆمەڵ یەکە کۆمەڵایەتییەکانە ؛ کەواتە خێزان کۆمەڵێکە، هۆز و میللەتیش کۆمەڵێکن بۆ خۆیان. بە هەمان شێوە (بلۆمفیلد و هۆکێتیش) جەخت لەسەر پێوەری زمانی هاوبەش دەکەن لە

ناساندنی (کۆمەڵی زمانی) دا بەوەی (بلۆمفیلد) لە پێناسەکەیدا دەڵێ: (کۆمەڵی زمانی گرۆپەکن لە خەڵکی لە ڕێگای (ئاخاوتنەوە - گوفتارەوە (کلام) مامەڵە و پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا دەکەن.) لە کاتێکدا (چارلز هۆکێت – Charles Hockett) بەمشێوەیە باس لە کۆمەڵی زمانی دەکات و دەڵێ: (هەموو زمانێک پێناسەی کۆمەڵەکەی دەکات. بەوەی هەر کۆمەڵێک لە خەڵکی لەڕێگای زمانێکی باوی نێوانیانەوە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا دەکەن. جا ئەو پەیوەندییە چ بە ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ.)

لایەنگرانی ئەم بۆچونە لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی پشتگوێ دەخەن لەکاتێکدا ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پێکهێنانی کۆمەڵدا، بەڵکو تەنها لایەنی تایبەتمەندی زمانی بە گرنگ دادەنێن و پێیان وایە هەر تاکێک دەبێتە ئەندام لە کۆمەڵێکی زمانیدا ئەگەر زمانی ئەو کۆمەڵەی بەکارهێنا. ئەوەی لە پێناسەکانی سەرەوەدا بەڕوونی دیارە جەختکردنە سەر پێوەری زمانییە بۆ ناساندنی (کۆمەڵی زمانی) لە کاتێکدا ئێمە دەزانین کە تەنها ئەم پێوەرە بەس نییە بۆ ئەم کارە، چونکە دەکرێ کەسێک دوو زمان بزانێت و وەکو یەک بەکاریان بهێنێت، ئەو کات دەبێتە ئەندام لە دوو کۆمەڵی زمانی جیاواز، ڕەنگە هیچ پەیوەندی و مامەڵەیەکیشی لەگەڵ کۆمەڵی دووەمدا نەبێت، بۆیە زمانەوانەکان پێوەری تریان دیاری کردووە.

**٢- پێوەری یەکەی سیاسی (دەوڵەت)**

وەکو دەزانرێت، ئەمرۆ جیهان لە یەکەی سیاسی یاخود دەوڵەتی جیاواز پێکدێت، هەریەک لەمانەش بەشێوەیەکی گشتی زمانێکی فەرمی یاخود زیاتر بەکاردەهێنن و یاسای تایبەت بەخۆیان هەیە، کە تاکەکانی پێ ناچار دەکات ئەو زمانە بەکاربهێنن لە نووسین و

شوێنە فەرمییەکان، بەم پێیە ئەمانە (کۆمەڵی زمانی) پێکدەهێنن، کە ئەم زمانە فەرمییە یان زیاتر بەکاردەهێنن[1] (محمد حسن، ١٩٩٦: ٢٠١).

**٣- تێگەیشتنی بەرامبەری (المعايير المشتركة – التفاهم المشترك)**

لێرەدا مەبەست لە پێوەری تێگەیشتنی بەرامبەری، داب و نەریت و ڕێسای کۆمەڵایەتی هاوبەشە لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵێک هەروەکو لە پێناسەکەی (لابۆف – ١٩٧٢) دا دەردەکەوێت، کە دەڵێت: (کۆمەڵی زمانی ئەوەندەی لەسەر بنەمای بەشداریکردنی تاکەکانی کۆمەڵ لە کۆمەڵە پێوەرێکی هاوبەش و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا پێناسە دەکرێت، ئەوەندە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی تاکەکان لە بەکارهێنانی زمانی دیاریکراودا پێناسە ناکرێت)، واتە؛ ناتوانرێت کۆمەڵێکی زمانی بە گرۆیەک لە ئاخێوەران بزانرێت کە هەموویان فۆڕمی زمانی یەکسان بەکاردەهێنن، بەڵکو باشتر وایە بە گرۆیەکی بزانین کە یەک جۆر داب و نەریت و ڕێسایی زمانی بەکاردەهێنن (زوبێر عەلی، ٢٠١٢: ٢٠). هەر وەک لە زمانی کوردشدا ئەمە زۆر بە ڕوونی دەبینرێت، لە کۆمەڵە زمانییەکانی وەکو؛ شەبەک، ئێزیدی... و لوڕ.

بە هەمان شێوە (دیل هایمز – Dell Hymes، ١٩٧٢) و (مایکل هالیدەی – Michel Halliday، ١٩٧٢) جەخت دەکەنەوە سەر گرنگی پێوەری تێگەیشتنی بەرامبەری بۆ ناساندنی (کۆمەڵی زمانی).

بە شێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە لە پێناسەکردنی کۆمەڵی زمانیدا جەخت لە گرنگی ئەم بابەتە دەکات و بە کۆمەڵێک لە خەڵکی دەزانێت بەشێوەیەک لە شێوەکان. (هدسن، ١٩٨٧: ٥٥)، واتە؛ لەم جۆرە پێناسەکردنەدا (کۆمەڵی زمانی) لەوە دەردەچێت، کە تەنها زمان بەشداربێت لە دیاریکردنی سنور و چوارچێوەکەی دا.

---

(١) ئەمە زیاتر زمانی نووسین دەگرێتەوە ئەگینا لە زمانی قسەکردندا لەناو تاکە دەوڵەتێک چەندین کۆمەڵی تر دەبینرێن وەکو خاوەن پیشە جیاوازەکان و هەر پیشەیەک لە پیشەکان کۆمەڵێکی زمانی پێکدەهێنن بەوەی زمانی ئاخاوتنی تایبەت بەخۆیان هەیە.

(دوایت بۆلینگەر – Dwaight Bolinger) بەشێوەیەکی فراوانتر سەیری (کۆمەڵی زمانی) دەکات و دەڵێت: ( هیچ سنورێک نییە بۆ دیاریکردنی هۆکاری کۆبوونەەی خەڵکی لە شێوەی کۆمەڵدا، کە ئەمانەش لە پێناو ناسنامە بەخشین بە خود و هەستکردن بە ئاسایش و کاسبی و ئیش و کار و عیبادەتکردن یاخود هەر مەبەشتێکی تری هاوبەش ڕوودەدات) (هدسن، ١٩٨٧: ٥٦).


کەواتە سنوورێکی دیاریکراو بۆ دیاریکردنی ژمارە و جۆری (کۆمەڵی زمانی) نییە، هەروەکو ئەوەی زمان چۆن نیشانەیەکی تایبەتی تاکە، بە هەمان شێوەش نیشانەیەکی تایبەتمەندی (چینایەتییە). بۆیە دەبینین چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لەناو کۆمەڵێکی زمانیدا شێوەزاری جیاواز بەکاردەهێنن، هەروەکو دەبینین لەناو کۆمەڵێکی زمانی دیاریکراودا، زمانی خوێندەواران جیاوازە لە زمانی نەخوێندەواران؛ بەهەمان شێوە خوێندەوارانیش لەناو خۆیاندا زمانیان جیاوازە بەپێی؛ ئاستی خوێندەوارییان، پیشەیان، پلەی دەوڵەمەندی و چەندین لایەنی تر. هەروەها زمانی ڕاوچییەکان جیاوازە لە زمانی دارتاش و ئاسنگەر و جوتیارەکان.

بە بڕوای (گومپێرز – Gumperz) یش لە پێناسەکردنی (کۆمەڵی زمانیدا) دەبێت لایەنی هاوبەش و جیاوازی لەبەرچاو بگیرێت، بەمەش دەکرێت گروپە گەورە (نەتەوە) و بچووکەکان (پیشەیی) بە کۆمەڵی زمانی جیاواز دابنرێن. (محمود السعران، ١٩٦٣: ٥٨).

دەبێت لێرەدا ئاماژەش بەوە بکەین، کە زمانی قسەکردنی تاکەکەس، واتە شێوەی زمانی یان ئاخاوتنی کەسەکان لەگەڵ یەکتردا جیاوازی دەبێت ئەگەرچی پێکەوە لە هەمان کۆمەڵی زمانیشدا بژین. هۆکاری ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەمەجۆر کە چالاکی و بەکارهێنانی زمانیش ڕۆڵێکی سەرەکی تێدا دەگێڕێت. بەم پێیە تاکەکەس دەبێتە ئەندام لە چەند بازنەیەکی جیاوازی کۆمەڵەی زمانیدا لەناو کۆمەڵە زمانیەکی گەورەتردا (تالیب حوسێن، ٢٠١٤: ٢٠٦).

ئەوەی گرنگە لە کۆتاییدا بوترێت، ئەوەیە کە سنور نییە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ڕێگایانەی لە دیاریکردنی کەسایەتی تاکدا بەکاردێت بۆ ئەندام بوون لە کۆمەڵێکی زمانی وەک: خێزان، خوێندنگا، چینی ڕۆشنبیر، پیشە، ئاین و چەندین لایەنی تر بەپێی ئەمە سنوورنییە بۆ ژمارە یاخود جۆراوجۆری (کۆمەڵی زمانی) لە کۆمەڵگادا.

لەم نەخشەیەی خوارەوەدا چەند بازنەیەکی پەیوەندی تاکەکەس دەخرێتەڕوو، کە تاک تێیاندا دەبێتە ئەندام لە کۆمەڵی زمانی جیاوازدا:




نەخشەی ژمارە (١)

پیشاندانی بازنەی پەیوەندییەکانی تاک (تالیب حوسێن، ٢٠١٤: ٢٠٦)

بازنەکانی پەیوەندیکردنی تاکەکەس بۆ بوون بە ئەندام لە کۆمەڵی جیاواز لەناو هەمان کۆمەڵی زمانیدا:

١- لەگەڵ خێزان.

٢- عەشیرەت (خزم و کەس و کارەکەی).

٣- پیشەکەی.

٤- ڕەمەکی خەڵک (پەیوەندی لەگەڵ پیشەکانی تر: کاسبکار، جوتیار، خوێندەوار.... ).

٥- نەتەوە.

## ٧/١) ئاخاوتن و شێوازی ئاخاوتن

### ١-٧/١) پێناسەی ئاخاوتن

ئاخاوتن وەک بەشێک لە زمان بە کردەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، ئاخاوتن پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی گشتگیرە و لە لایەنی ئاخێوەرەوە لە کەسێک یان زیاتر پێکدێت. ئەم پرۆسەیە لە ئەنجامی کارلێکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دێتەکایەوە و لە چوارچێوەی بەرهەمهێنانی دەربڕین و قسەدا خۆی دەبینێتەوە، لە هەمانکاتدا وەرگرتن و کاردانەوەی لەلایەن گوێگرەوە لێدەکەوێتەوە.

ئاخاوتن بە زۆری وەک ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی خۆی پیشاندەدات نەک وەک ڕووداوێکی تاکەکەسی[١]، چونکە ئەو گوتنەی لە ئاخاوتن دەکەوێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی بەرهەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەیەکداچووەکانە (سروە فیصل، ٢٠١٠: ١٨) . کەواتە؛ ئاخاوتن وەکو دانەیەکی زمانی لە شێوەی زنجیرە ڕستە و پاڕستە و گرێدا دەگوترێت، کە بەشێکە لە کردەی گەیاندن لە نێوان دوو کەس یان زیاتر بۆ ئامانج و مەبەستێکی تایبەت و دیاریکراو بەڕێوەدەچێت، چۆن کردەی گەیاندن چالاکیەکی کۆمەڵایەتییە، بە هەمان شێوە ئاخاوتنیش بە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا لە قەڵەم دەدرێت (بەیان مەلا، ٢٠١٣: ٨٣)

ئەگەر سەیری هەر ئاخاوتنێک بکرێت، لە زۆربەی کاتدا پێکهاتەیەک دەوری دەدات، ئەو پێکهاتەیەش خۆی لە سێ قۆناغ دەبینێتەوە. واتە؛ ئاخاوتن بە گشتی لە سێ قۆناغ پێکدێت[٢]:.

---

[١] ئەگەر دوو بەشداربوو یان زیاتر هەبوو، ئەوا ئاخاوتنەکە بە شێوەی (دیالۆگ) بەڕێوە دەچێت، بەڵام ئەگەر (قسەکەر و گوێگر) یەک کەس بوو، واتە؛ کەسەکە لەبەر خۆی قسەی دەکرد و هەردوو ڕۆڵەکەی دەبینی، ئەوا ئاخاوتنەکە دەبێتە (مەنەلۆگ)

[٢] مەرج نییە لە هەموو ئاخاوتنێکدا ئەم سێ قۆناغە بوونی هەبێت، چونکە ئەوەی بەدیدەکرێت لە زۆربەی ئاخاوتنەکانی نێوان پیشەوەران ئەم سێ قۆناغە بەمشێوەیە نابینرێت.

قۆناغی یەکەم: سەرەتای ئاخاوتن، ئەم قۆناغە بە سەرەتای دەستپێکی قسە دادەنرێت. لە زمانی کوردیدا ئەم سەرەتایە لە نێو بەشداربووانی ئاخاوتن خۆی لە گوتنی دەستەواژەکانی سڵاوکردن و چاک و چۆنیدا دەبینێتەوە، بەڵام ئەمەش بەپێی پێگە و جۆر و پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەشداربووانی ئاخاوتن دەگۆڕێت، بۆ نموونە تا پەیوەندییەکە پەیوەندییەکی ئاسۆیی بێت، واتە؛ پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر لە ڕووی پێگە و پلە و پایەوە هاوشانی یەک بن، ئەوا ئاخاوتنەکە شێوازێکی دۆستانە وەردەگرێت. بە پێچەوانەوە تاکو دوور و نزیکی و پێگەی بەشداربووانی ئاخاوتنەکە جیاواز بێت، ئاخاوتنەکەش شێوازێکی فەرمی بە خۆیەوە دەبینێت.

قۆناغی دووەمی ئاخاوتن: پێکهاتووە لەو بابەتەی لەنێوان بەشداربووانی ئاخاوتنەکە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و ناوەڕۆک و مەبەستی ئاخاوتنەکە دەگرێتەوە.

قۆناغی سێیەم: کە دواین قۆناغی ئاخاوتنە و زۆر جار لە جووتە گوتنەکانی (خودا حافیز، خوات لەگەڵ، بە خێر بچی، ئیشت نییە .... و من دەڕۆم) دەردەکەوێت (عبدالواحد مشیر، ١٩٩٩: ٨١) واتە؛ دوای تەواوبوونی بابەتی مەبەست دێتەکایەوە، لە هەمانکاتیشدا دەکرێت کۆتایی ئاخاوتن ئەم فۆرمانە بە خۆیەوە نەبینێت و بە بێ گوتنی ئەم دەستەواژانە کۆتایی بە ئاخاوتنەکە بهێنرێت، ئەمە لە زمانی ئاخاوتنی پیشەکاندا زۆر بەدیدەکرێت.

### ١-٧-٢) توانای ئاخاوتن

هەر وەک لە پێشتردا باسی ئەوە کرا کە ئاخاوتن چالاکییەکی کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەرانی کۆمەڵگایە دەبێ ئەوەش بزانرێ کە تاکەکان (ئاخێوەران) وەک یەک نین لە قسەکردندا لە: (چەندێتی ئاخاوتن، شێوازی ئاخاوتن و پێوەرەکانی ئاخاوتن) ، هۆی ئەم جیاوازییانەش بۆ چەند خاڵێک دەگەڕێنەوە، کە دیارترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١. تاکەکانی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی چینی کۆمەڵایەتی، کاروپیشە ... و ئاستی ڕۆشنبیرییان جیاوازن ، ئەم جیاوازییانەش لە کردەی ئاخاوتندا ڕەنگدەدەنەوە.

٢. نایەکسانی تاکەکان لە ڕووی فەرهەنگی زمانییەوە، ئاخێوەران هەموویان لە فەرهەنگی زمانی و زاراوەدا چوونیەک نین، هەندێکیان فەرهەنگێکی دەوڵەمەندیان هەیە و هەندێکی تریان بەو ڕادەیە نییە، ئەمەش دەبێتە دروستکەری جیاوازی لە توانای ئاخاوتن و لێرەدا پێوانەی ئاخاوتن بریتی دەبێت لە دەوڵەمەندی فەرهەنگی قسەکەر. (بەکر و شێرکۆ، ٢٠٠٧: ٣٨)

٣. بەتەنها ئەم دوو خاڵەی سەرەوە بەس نین بۆ دیاریکردنی توانای ئاخاوتن، بەڵکو لە هەموو ئەمانە گرینگتر زیرەکی و خێرا بەکارهێنان و هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەی گونجاوە بۆ بۆنە و کات و شوێنی گونجاو، کە دەبنە پێوەرێکی سەرەکی بۆ دەرکەوتنی توانای ئاخاوتنێکی باش.

**١-٧-٣) شێوازی ئاخاوتن**

هەر وەک فێرس دەڵێت: (لە قسەکردندا بەرامبەرێکمان هەیە، کە ئەبێ بە شێوازێکی تایبەتی لەگەڵیدا بدوێین، واتە؛ دەبێت لەگەڵیدا بگونجێین) (بەکر و شێرکۆ، ٢٠٠٧: ٣٥) ، جا کەوا بوو پێویستە مرۆڤ لە ئاخاوتنەکانیدا بەرامبەرەکانی و هەست و نەستەکانیان لەبەر چاو بگرێت و بە شێوازی جیاواز و تایبەت لەگەڵیاندا بدوێت، چونکە شێواز[١] خۆی لە خۆیدا وێنەیەکی زمانییە و زۆر بە وردی هەست و سۆز و بیر و بۆچوونەکانی ئاخێوەر دەگوازێتەوە، لە ئاخاوتندا دەوروبەر و ئەو ژینگەیەی ئاخاوتنی تێدا ئەنجامدەدرێت یاخود بڵێین چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکە کاریگەری تەواوی لەسەر شێواز و دەربڕینەکان هەیە. هەر بۆیە شێوازی ئاخاوتنی تاک، بەپێی گۆڕانی بابەت و بەشداربووانی ئاخاوتن دەگۆڕێت. (مصطفی لطفی، ب.س: ١٩٨) شێواز بەو تایبەتمەندییانە وەسف دەکات، کە جۆرە بەکارهێنانێکی دیاریکراوی زمان لە جۆرەکانی تر جیا دەکەنەوە و ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە کۆمەڵەوە هەیە، چونکە کۆمەڵ بڕیاردەرە لە پەسەندکردن و ڕەتکردنەوەیاندا، بۆیەش هەر شوێن و کات و پیشەیەک شێوازی ئاخاوتنی تایبەت بە خۆی هەیە.

لە ڕێگای شێوازی ئاخاوتنەوە دەتوانرێت جیاوازی لەنێوان زمانی منداڵ، زمانی گەورەکان، زمانی چینی ڕۆشنبیر، چینی نەخوێندەوار، زمانی دێهاتنشین و شارنشین یاخود جیاوازی لە نێوان زمانی ئاخاوتنی جوتیارەکان، ئاژەڵدارەکان، فیتەرەکان... و پزیشکەکاندا بکرێت.

کەواتە شێوازی ئاخاوتن، هەموو ئەو تایبەتمەندییە زمانی و شێوازە جیاجیانە دەگرێتەوە، کە خەڵکی لە بۆنە گشتی و تایبەتییەکانی ڕۆژانە و شوێن و کاتە جیاوازەکانی ژیانی ڕۆژانەیاندا بۆ بنیاتنانی پەیوەندییەکی تەندروست و تۆکمە بەکاری دەهێنن.

---

(١) وشەی شێواز لە وشەی(Stylus) ی لاتینیەوە هاتوە. ستیلۆسیش لە زمانی یۆنانیدا بە ئامرازێک، یان تیغێکی مەعدەنی، یان دارێک، یان پارچە عاجێ، کە لەکۆندا وەک قەڵەم دروست دەکراو لەسەر پارچە مۆمێکی پانکراو نوسین و وێنەیان پێدەکێشا (محەمەد نوری، ٢٠٠٨: ١٣). لەزمانی عەرەبیشدا (الاسلوب) ی پێدەوترێ کە بە واتای (ڕێگا، ڕێڕەو، ڕێباز، ڕێچکە ...و شێواز) بەکارهاتوە.

### ٤-٧/١) جۆرەکانی شێوازی ئاخاوتن

بەپێی بوونی جیاوازی لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی زمانی و نازمانی ئاخێوەران، بوونی بابەت و بۆنەی جیاوازی ئاخاوتن، کات و شوێنی جیاوازی ئاخاوتن شێوازی ئاخاوتنی جیاوازیش دەردەکەوێت، بێگومان جۆری شێواز، یەکێکە لەو هۆیە سەرەکیانەی، کاریگەری لەسەر چالاکبوون و ڕەتکردنەوە و پەسەندکردنی ئاخاوتنەکان دەبێت، جگە لەمەش کاریگەری لەسەر باری دەرونی بەرامبەر بە شێوەیەکی گشتی دەبێت. بۆیە پێویستە تاک ئاگاداری ئەوە بێت کە بە چ شێوازێک لە بار و دۆخە جیاوازەکان قسە دەکات، بە تایبەت کاتێک خۆی لە پەیوەندی و هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا دەبینێتەوە.

زمانناسان بەشێوەی جۆراوجۆر، هەریەکەیان لە ڕوانگە، بۆچوونی خۆی، هەڵوێست، جۆری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و زمانە جیاوازەکان، جۆرەکانی شێوازیان دیاری کردووە.[١] لەم بارەیەوە (مارتن جۆس-Martin Joos) پێنج جۆر لە شێواز دیاری دەکات، کە بریتین لە شێوازی (وشک، فەرمی، نافەرمی، ڕاوێژکاری، دۆستانە) (نایف خرما، ١٩٨٧: ٢٣٢ ـ ٢٣٣) ، جگە لەم شێوازانە کە زیاتر لەسەر بنەمای پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر و پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوانیان بنیادنراوە، دەشێ چەند شێوازێکی تر لە ناو ئەم شێوازانەدا لەسەر بنەمای باری دەروونی و هەڵچوونی هەر یەک لە قسەکەر و گوێگر بەدیبکرێت، کە ئەوانیش بریتین لە شێوازی (ڕەق(توندوتیژ)، هەڕەشە، سوکایەتی و جنێودان، توانج لێدان و گاڵتە ئامێز) (هێمن عەبدولحەمید، ٢٠٠٦: ٣٩-٤٠).

جێگای ئاماژەیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا تیشک دەخرێتە سەر چەند شێوازێک بە پێی پێویستی لێکۆڵینەوەکە و دەرکەوتنیان لە نموونە ئاخاوتنی وەرگیراوی نێوان ئاخێوەرانی پیشە جیاوازەکاندا، گرینگترین ئەو شێوازانەش ئەمانەی خوارەوەن:

#### ٤-٧/١-١) شێوازی نافەرمی (ئاسایی):

ئەو شێوازەیە کە هاوڕێیان لەنێوان خۆیاندا یان کۆمەڵێک خەڵک لە گفتوگۆی بابەتێکی هاوبەشی نێوانیان بەکاریدەهێنن وەک پیشەوەران کاتێک باسی بابەتێک دەکەن کە پەیوەندی

---

[٤](جولیاس فالک، ١٣٨٣: ٨٠)یش شێوازی قسەکردنی بۆ سێ جۆر دابەشکردوە، وەک: (شێوازی بڵاو یان باو، شێوازی فەرمی، شێوازی تایبەتی ناو خەڵک یان قسەی بازاڕ). هەروەها هاج پێی وایە، بەگشتی دوو شێوازی فەرمی و نافەرمی بونیان هەیە، کە دەتوانرێت بۆ هەریەک لەمانە ڕو و شێوازی جیاجیایان بۆ دابنرێ، بەم پێیە بۆ زمانی فارسی چوار جۆری دەستنیشان کردوە: (ڕۆژانە، بە وریاییەوە، فەرمی ئاسایی و فەرمی ڕێزدارانە) (یحیی مدرسی، ١٣٧٨: ١٨٧ ـ ١٨٨).

به پیشەکەیانەوە هەیە، دەکرێت بوترێت ئەم جۆرە شێوازە زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵ کەم تا زۆر لە ئاخاوتنەکانیاندا بەکاریدەهێنن، بە گشتی لەنێوان کەسانی نزیک، هاوڕێ، هاوتەمەن، خزمان، کەس و کار و هاوپیشەکاندا بەکاردێت، کە شێوازێکی ئاسایی ودوور لە فەرمیبوون لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت و پەیوەندی ئاسۆیی و کۆمەڵایەتی بەهێز کۆیان دەکاتەوە (ئارام عەبدولواحید، ٢٠١٣: ٢٢٦). لەم جۆرە شێوازەدا قسەکەرو گوێگر، تا ڕادەیەک لە دەربڕین و ئاخاوتنەکەیان ئازادن، تەنانەت ئەو وشەو زاراوەو دەستەواژانەش، کە بەکاری دەهێنن زۆر سادەو ساکارن و لە زمانی ستاندارد (فەڕمی) دوورن، بەکارهێنانی ئەم سادەو ساکاریەش وای کردوە ئەم شێوازە بە زمانی خەڵکی ئاسایی و سادە لەنێو ئاخێوەران بناسرێت. بەڵام مەرج نیە کەسانی ئاخێوەر لە چینێکی نزمی کۆمەڵایەتی بن، بەڵکو ئەم جۆرە شێوازە لە ئاخاوتنی چینی خوێندەوار و ڕۆشنبیرانیش دەبینرێت، بەزمانێکی سادە و دور لە لێڵی و ستاندارد قسە دەکەن. لەگەڵ ئەوەی ئاخاوتن لەم جۆرە شێوازەدا نافەڕمین، لە هەمانکاتدا ڕێزگرتن و لە بەرچاوگرتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی تێدا ڕەچاو دەکرێت (بەیان مەلا، ٢٠١٣: ٨٩). لەم شێوازەدا گفتوگۆی زۆر ئەنجام دەدرێت، تەنانەت هەندێجار لە ئاخاوتنەکاندا قسەپێبڕین لەنێوانیاندا ڕودەدات. هەروەها دوبارەکردنەوەی قسەی زۆرو بڕیاری خێراو دەربڕینی ناتەواو و وەڵامی تەنها یەک وشەیی وەک: (نا ، ئێ، ئا، ...و ئم) یاخود هەندێ وشە و دەستەواژەی بازاڕی تێدا دەبینرێت وەک: (تەفلیش، کورە، بەشەڕەفم، دەرەجە یەک، عەنتیکە ... و بەلاش) ، هەروەها هێما و دەربڕینی نازمانی جیاواز بەکاردێت (نایف خرما و شەهاب شێخ، ٢٠١٣: ٢٩٩) ، هەندێجار بنەما و پێوەرەکانی ئاخاوتنی تێدا پەیڕەو دەکرێت و هەندێجاریش لادان لە بنەما و پێوەرەکانی ئاخاوتن ڕوودەدات، بەڵام دەشێت ئەمەش بەپێی پەیوەندی و ئاستی کۆمەڵایەتی ئاخێوەران جیاواز بێت و لە گۆڕان دابێت .

**٢-٤-٧/١)شێوازی پرس و ڕا:**

ئەم شێوازە نزیکە لە شێوازی فەرمی و زۆر جار بنەماکانی ئەو شێوازەی تێدا دەردەکەوێت، یاخود دەکرێ بوترێ هەردووکیان دەرکەوتنیان لەیەکەوە نزیکە، بەڵام ئەمەیان جیاواز لە شێوازی فەرمی پێویستی بە هاوبەشیکردن و ڕازیبوونی گوێگر هەیە، لێرەدا ئاخێوەران زۆر بە وردی پلان بۆ ئاخاوتنەکانیان دانانێن و لە دەربڕینی بریقەدار و دوور دەکەونەوە، چونکە مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم شێوازە لە ئاخاوتندا پرس و ڕاوێژکردنە بە بەرامبەر بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی باش و دیاریکراو. ئەم شێوازە لە ئاخاوتنی نێوان

سەرۆک و جێگرەکانی یان وەزیرەکانی دەبینرێت، هەروەها لە نێوان پزیشک و یاریدەدەری پزیشک لە کاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەری یاخود چارەسەرکردنی نەخۆشدا بە ئاسانی درکی پێدەکرێت. ڕادەی دەرکەوتنی شێوازی پرس و ڕا لە پیشەکاندا زیاتر لەسەر پەیوەندی نێوان بەشداربووانی ئاخاوتنەکە و پێگەکەیان ڕادەوەستێت.

**١/٧-٤-٣)شێوازی دۆستانە**

ئەم شێوازە ناوەکەی بە خۆیەوەیە، فەرمیبوونی پێوە نابینرێت، لە ڕستە و گرێ و دەستەواژە هەست بزوێنەکاندا دەردەکەوێت، زۆر جاریش وشە و دەستەواژەی تایبەت بە خێزانێکی دیاریکراو بان چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی تێدا بەکادێت. ئەرکی ئەم شێوازە بە پێی بەکارهێنانەکانی دیارە لە ئەرکی شێوازەکانی تردا جیاوازە، وەک ئەوەیە مەبەست لێی گوزارشتکردن بێت لە هەست و سۆز زیاتر لەوەی گواستنەوەی بیر و بۆچوون و زانیارییەکان بێت. دەبێت ئەوەش بزانرێت کە زۆر جار قسەکەر ئەم شێوازە بۆ ڕێخۆشکردنی ئاخاوتن و پیشاندانی پتەوی پەیوەندی نێوان خۆی و گوێگر بەکاردێنێت، واتە؛ دەیەوێت کاریگەری ئەرێنی لەلای گوێگر بەرامبەر بە خۆی دروست بکات.

ئەم شێوازە لە نێوان خۆشەویستان، هاوسەران، هاوڕێیانی زۆر نزیک ... و ئەو کۆمەڵانەی کارێکی وردی گرنگ ئەنجامدەدەن، وەک : پزیشکان و یاریدەران و پەرستانی هاوبەش لە پرۆسەی چارەسەری نەخۆشدا، یان پیشەوەرانی هاوڕێ و نزیکی یەکتر بەکاردێت.

ئەم شێوازە لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی لە پیشەکاندا لە چوارچێوەی دەربڕینی وشە و دەستەواژەکانی وەکو: (گیان، قوربانت بم، قوربانی بابت بم، کوڕی گەورەم، خارە ...و حەیاتم) دا دەردەکەوێت و دەکرێت درکی پێبکرێت.

**١/٧-٤-٤) شێوازی دەربڕینی قەدەغەکراو (تابوو):**

ئەم شێوازە دوور لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و جۆری پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر ڕاستەوخۆ هەڵقوڵاوی باری دەروونی و کەسێتی ئاخێوەرە، کە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی کاریگەرییەکی زۆری لەسەری هەیە لە دەرکەوتنی ئەم شێوازی ئاخاوتنەی. هەندێ کەس بەوە ناسراون کە لەکاتی ئاخاوتنیاندا زۆر بە ئاسانی دەربڕینە قەدەغەکراوەکان

بەکاردەهێنن، ئەمەش بۆتە بەشێک لە هەڵسووکەوتی زمانییان و زۆر جار بە کەسێکی زمان پیس، دەمشڕ و جنێوفرۆش لە قەڵەم دەدرێن. بەکارهێنانی ئەم شێوازی دەربڕاوە قەدەغەکراوانە کاریگەری دوو لایەنەی دەبێت لەسەر قسەکەر و گوێگر بەوەی هەندێ کەس حەز بە دانیشتنەکان و ئاخاوتنەکانی قسەکەر دەکەن و هەوڵی ئامادەبوون دەدەن لە دانیشتنەکانیدا، لە کاتێکدا هەندێکی تر لە گوێگران لە ترسی بریندارکردنی هەستیان و دروستکردنی کاریگەری نەرێنی لەسەر باری دەروونیان حەز بە ئاخاوتنەکانی ئەو جۆرە کەسانە ناکەن.

جێی ئاماژەیە کە ئەم شێوازە لە زمانی کوردیدا خۆی لە وشە و دەستەواژە قەدەغەکراوەکانی چەند بوارێکی جیاوازی وەکو، تابووی کۆمەڵایەتی، سێکسی... و ئاینیدا دەبینێتەوە.

**٥-٤-٧/١) شێوازی گاڵتە ئامێز:**

بەکارهێنانی ئەم شێوازە لە ئاخاوتندا زیاتر تەنها بۆ مەبەستی خۆشی و پێکەنینی بەشداربووانی ئاخاوتنە، ئاخێوەر بە دوای باسکردنی بابەتی گاڵتە ئامێز و نوکتە و بەسەرهاتە خۆشەکاندا دەگەڕێت تا دڵی ئامادەبووان خۆش بکات و بیانخاتە پێکەنینەوە، هەموو کەس ناتوانێت ئەم شێوازە پەیڕەو بکات لە ئاخاوتنەکانیدا بەڵکو هەندێ کەس هەن لە کۆمەڵدا بە کەسی گاڵتەچی و قسەخۆش دەناسرێن و شێوازی تایبەتی خۆیان هەیە لە شێوازی ئاخاوتن و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان کە بە هەموو کەس ناکرێت (هێمن عەبدولحەمید، ٢٠٠٦: ٤١) ، ڕەنگە ئەگەر کەسێکی تر هەمان بابەت بگێڕێتەوە کەس پێکەنینی نەیێت، بەڵام کاتێک کە ئەو بیگێڕێتەوە خەڵک هەموو بکەوێتە پێکەنین، هەر بۆیەش زۆربەی خەڵکی حەز بە ئاخاوتنەکانی ئەو جۆرە کەسانە دەکەن و تامەزرۆی گوتنە خۆشەکانیانن تاکو ساتێک لە جەنجاڵی و ناخۆشیەکانی ژیان دوور بکەونەوە.

زۆر جار ئەم شێوازە لە ئاخاوتنی نێوان پیشەوەراندا بەدیدەکرێت و لە زۆرێک لە ئاخاوتنەکانیان ڕەنگدەداتەوە بە تایبەتی لە زمانی ئاخاوتنی پیشە دێهاتنشینەکاندا زیاتر دەردەکەوێت.

کەواتە، بەگشتی ئەو جۆرانەی شێواز، کە لێرەدا خرانە ڕوو، ڕۆڵێکی گرینگیان لە پرۆسەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و ئاڕاستەکردنی بەرامبەر هەیە، لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا بە پێی هەر کەلتورێک ئەم جۆرە شێوازانە ڕەنگدانەوەیان هەیە و دەکرێت لە

کەلتورێک بۆ کەلتورێک، یان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاواز بێت و گۆڕانی بەسەر دابێت. هەروەها ئەم جۆرانەی شێواز، ناسنامەی کۆمەڵێک(پیشەیی)، یان تاک لە کۆمەڵگادا دەردەخات، هەروەک (لابۆڤ) ئاماژەی بەوە کردوە، کە: (دەکرێت بەکارهێنانی شێوازەکان وەکو ئامرازێک بۆ ناسینەوەی گروپێکی دیاریکراو بەکاربێت). واتە لە ڕێگەی چۆنیەتی دەربڕینی شێوازەکان، دەتوانرێ ناسنامە و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی ئاخێوەرانمان بۆ دەربکەوێت، وەک لەپێشتر ئاماژەی پێکرا، زمان و چۆنیەتی دەربڕینی کەرەسە زمانیەکان، دەبنە دەرخەری ناسنامەی تاک لە کۆمەڵگادا.

# بەشی دووەم

# جۆراوجۆری زمانی و بنەما تیۆرییەکانی پیشە لە نێو زماندا

## ١/٢) جۆراوجۆری زمانی:

لە زمانەوانیدا دوو ئاراستەی دژ بەیەک هەن، یەکیان دەربارەی جۆراوجۆری و دابەشبوونە و ئەویتریان دەربارەی یەکگرتن و نەمانی جیاوازی زمانییە.

زۆربەی زمانەوانەکان لەو بڕوایەدان کە سروشتی زمان زیاتر بەرەو جۆراوجۆر بوون و دابەشبوونە، هۆی بوونی ئەم ڕایەش لەلایەن زمانەوانانەوە بۆ دابەشبوونی زمانەکان بۆ زارە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە، وەکو؛ دابەشبوونی زمانی لاتینی بۆ فەڕەنسی و ئیتاڵی و ئیسپانی و چەندین زمانی تریش. ئەم نموونانەش وای لێکردوون، کە بڕوایان وابێت یاسایەکی سروشتی هەیە وا لە زمانەکان دەکات جیاوازییان لێ پەیدابێت و بەرەو دابەشبوون و فراوانبوون بچن.

بەهەمان شێوە زمانەوانە کۆمەڵایەتییەکان پێیان وایە، زمان پڕە لە جۆراوجۆری و تاوتوێکردنی جۆراوجۆرییەکانیش بەشێکە لە زمانەوانی کۆمەڵایەتی، ڕەچاوکردنی جۆراوجۆری لە زماندا بە بنەمایەک دەزانن بۆ بەرجەستە کردنی تیۆری زانستی بۆ زمان. دەبێت ئەوەش بزانرێت کە زمانناسانی کۆمەڵایەتی باوەڕیان بە بوونی جۆراوجۆری ئازاد و ڕەهانییە، چونکە پێیان وایە ئەم جۆراوجۆرییانە بەندن بە هۆکاری کۆمەڵایەتییەوە و پێشبینی کراون، بۆیە دەکرێ لە ئاستی گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا تاوتوێ بکرێت.

کەواتە دەکرێت بوترێت، لە هەموو کۆمەڵگایەکی زمانی جۆراوجۆری بەدی دەکرێت و زمانی ئاخاوتنی ئەندامانی کۆمەڵگا بەپێی شوێنی جوگرافی و تەمەن و پیشە و چینی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت، ئەم گۆڕانکارییەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر هەڵوێستی کۆمەڵایەتی. هەر لەم چوارچێوەیەشدا زمانی پسپۆری (register) ئاماژەیە بۆ جۆراوجۆری زمان کە پەیوەستە بە بەکارهێنانی زمان لە کێلگەیەک یاخود بڵێین لە کۆمەڵەیەکی زمانی تایبەتدا وەک پیشەیی یان تەکنەلۆژی و زانستی و چەندانی تر. بۆ نموونە کاتێک ئەندازیارێک یاخود پزیشکێک قسە دەکات لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵە زمانییەکەی (گروپەکەی)

خۆی ئەوا ئەو دەربڕین و وشەو زاراوانە بەکاردێنێت کە تایبەتە بە بوار و پیشەکەیەوە (یوسف شریف، ٢٠١١: ٢٤٤) جێگای باسە زارەکانیش بە وێنەیەک لە جۆراوجۆری زمانی دادەنرێن، لێرەدا ئاماژە بە هەردوو زاری جوگرافی و زاری کۆمەڵایەتی دەکرێت. ئەم زارانەش کاتێک کەسێک قسەی پێدەکات لە ڕێگای زمانەکەیەوە دەتوانرێت، ناونیشانەکەی، کەسایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری دیاری بکرێت.

### ١/٢-١) زاراوەی جۆراوجۆری زمانی:

لێکۆڵینەوە لە جۆراوجۆری زمانی یەکێکە لە سیما سەرەکییەکانی زمانەوانی کۆمەڵایەتی و دیاردەیەکە جێی بایەخی لیکۆڵەرەوانی ئەم زانستەیە. (یوسف شریف، ٢٠١١: ٢٤٤) ئەم زاراوەیە بەرامبەر بە (Language Variety) ئینگلیزی و (التنوع اللغوي) عەرەبی بەکاردێت و لە زمانی فارسیشدا زاراوەکانی (زبان گونە، گونا گونی زبانی، گونەهای زبان) ی بۆ بەکاردێت.

جێگای باسە لە زمانی کوردیدا جگە لەم زاراوەیە چەندین زاراوەی تریش بۆ هەمان مەبەست یاخود نزیک لەو مەبەستە بەکاردێت وەکو: (جیاوازی زمانی، شێوازی بەکارهێنانی زمان، شێوازی قسەکردن) (بێریڤان محەمەد، ٢٠١٠: ٨). بەڵام لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی جۆراوجۆری زمانی بەشێوەیەکی فراوان بەکارهاتووە.

### ١/٢-٢) چەمک و پێناسەی جۆراوجۆری زمانی:

وەکو باس کرا لە هەر کۆمەڵگایەکدا شێوەی جیاوازی بەکارهێنانی زمانی هەیە، بەڵام ئەم دەرکەوتنی جیاوازی زمانییەش بە دوو شێوە دەبێت، یان ئەوەتا بەشێوەی هەبوونی زیاتر لە زمانێک لە کۆمەڵگادا خۆی پیشان دەدات یاخود بەشێوەی هەبوونی جۆراوجۆری زمانی لەناو یەک زماندا دەبێت کە لێرەدا ئەم شێوەی دووەمە مەبەستی توێژینەوەکەیە.

ئەم چەمکە پێناسەی زۆری بۆکراوە، لێرەدا هەندیکیان دەخرێتەڕوو کە پەیوەندییان لەگەڵ باسەکەدا هەیە. یەکێک لەوانە پێی وایە (وشەی جۆراوجۆری زمانی یان جۆراوجۆری ئاخاوتن هەر شێوەیەکی جیاوازی زمانی دەگرێتەوە کە لەلایەن ئاخێوەرێکەوە یاخود گروپێکی ئاخێوەرانەوە بەکاردێت) (بێریڤان محەمەد، ٢٠١٠: ٩).

کەواتە جۆراوجۆری زمانی پەیڤێکە لە زمانەوانی کۆمەڵایەتیدا یان بە زاراوەی شێواز دەناسرێت و ئاماژە بە هەر سیستەمێکی دەربڕینی زمانی دەکات، کە بەکارهێنانەکەی گرێدراوی بارودۆخە جیاجیاکان بێت. لەلای هەندێ زمانەوانی تریش ئەم زاراوەیە بەوە پێناسەکراوە کە جۆرێکی جیاواز و تایبەتی زمانییە زارەکانیش دەگرێتەخۆی. ( Crystal, 2003: 489 )، نموونەی ئەم جۆراوجۆرییە لە زمانی کوردیدا زۆر بە ڕوونی دەبینرێت، بە تایبەتی ئەگەر سەیری زمانی قەڵاتی هەولێر و تەیراوە بکرێت، جیاوازییەکە بە باشی دەبینرێت.

(علی أکبر، ١٣٨٦: ١٣) دەڵێت: (یەکێک لەلایەنە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوە لە کۆزمانەوانیدا کە لە دەیەکانی ئەم دواییەدا بەهاو بایەخی پەیداکردووە جۆراوجۆری و جیاوازی زمانییە، کە زمان بە کۆمەڵە هۆکارێکی وەک: کۆمەڵگا، نەتەوە، چینی کۆمەڵایەتی، ڕەگەز، تەمەن، پیشە و چەندین هۆکاری تر دەبەستێتەوە).

### ٣-١/٢) هۆکارەکانی پەیدابوونی جۆراوجۆری زمانی:

چەند هۆیەکی گرنگ هەن ڕۆڵیان لە پەیدابوونی جۆراوجۆری زمانیدا هەیە لە کۆمەڵگادا، کە دیارترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

## ١/٢-٣-١) چین و توێژی کۆمەڵایەتی (social class):

هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان هەریەکەیان بەپێی سنوور و تایبەتمەندی خۆی کاردەکاتە سەر ڕەفتاری زمانی و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جۆراوجۆری زمانی و زاری کۆمەڵایەتی، یەکێک لەو هۆکارانەش چین و توێژی کۆمەڵایەتییە.

چین و توێژی کۆمەڵایەتی لەسەرەتادا لە کۆمەڵناسیدا لێی کۆڵراوەتەوە و چەمکەکەی پێناسەکراوە، بەڵام دواتر لەزمانەوانیدا وەکو بابەتێکی کۆزمانەوانی و ڕۆڵی لە دروستبوونی جیاوازی زمانیدا سەیرکراوە و پێناسەی بۆ کراوە یەکێک لەوانە (پیتەر ترادیگیل) ە دەڵێت: مەبەست لە چینی کۆمەڵگا، پلەبەندی کۆمەڵگایە کە پەیوەندی بە زنجیرە پلەو پایەکەوە هەیە لەنێوان گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا، وەکو ئەوەی چینی ناو یەک کۆمەڵ جیاوازە لە چینی گشتی. هەروەها لە کۆمەڵگای ڕۆژئاواییدا شێوەی پلەبەندی بە پێی چینە کۆمەڵایەتییەکان و لە ڕووی زمانییەوە دەبێتە هۆی پەیدابوونی زارەکۆمەڵایەتییەکان

بەگشتی بە دەستەیەک لە تاکی بەتوانا و تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی یان ئابووری هاوشێوە هەژمار دەکرێن، لەڕووی زمانەوانییەوە هۆکارن بۆ دروستبوونی زارە کۆمەڵایەتییەکان. (علی أکبر، ١٣٨٦: ١٣٣).

یەکێکی تر لەوانەی پێناسەی ئەم چەمکەی کردووە ئەویش (منوچێهر موحسینی و کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٠٧: ٢٢٤) ە، دەڵێت: (گروپێکن لەکەسەکان، چەند پێگەیەکی کۆمەڵایەتی تاڕادەیەک هاوشێوەیان هەیە و لەڕووی چەند هۆکارێک وەک: جیاوکە خێزانییەکان و هەڵومەرجی (پیشە، خوێندن، داهات) تاڕادەیەک یەکسانن)

دەکرێت، بگوترێت چینە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا بەگشتی لەڕووی ئابووری فەرهەنگییەوە دابەش دەکرێن بۆ چینی؛ دەوڵەمەند، مامناوەند، چینی خوارەوەی کۆمەڵگا. بەم پێیە کۆمەڵ کاریگەری لەسەر زاری تاک هەیە و سنوورێک لەنێوان چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا دروست دەکات، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین ڕادەی فراوانی

هەمەچەشنی و جۆراوجۆرییە زمانییەکان بەندە بەپێکهاتەی ناوەوەی کۆمەڵێک و پەیوەندی گرووپە جیاوازەکان و ڕێگرییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگاکە (یحیی مدرسی، ١٣٨٧: ١٤٨).

شێوازی ئاخاوتن و فەرهەنگی زمانی چینەکانی کۆمەڵگا (باڵا، ناوەند، خوارەوە) جیاوازە، تەنانەت بابەتی قسەکردنیشیان جیاوازە، ئەمەش زۆرجار دەبێتە کێشە بۆ ئاخێوەرانی ناو کۆمەڵەیەکی زمانی بۆ نموونە کاتیک کەسێک لەچینی ناوەندەوە ئاستی ئابووری لەماوەیەکی کەمدا بۆ ئاستێکی باڵاتر بەرزدەبێتەوە، ئەوا دەتوانێت زۆر بە ئاسانی و بەزووترین کات لاسایی ئەندامانی ئەو چینە بەرز و باڵایە بکاتەوە لەخۆ پێچوواندنیان لەشێوازی خانوو جل و بەرگ و ئەوشتانە، بەڵام لەهەمان کاتدا ناتوانێت بەشێواز و زمانی ئاخاوتنی ئەوان بدوێت، کاتێکیش دەیەوێت وەک ئەوان بدوێت، دەبێتە جێگای گاڵتەپێکردنی دەوروبەرەکەی و تووشی گرفتی دەکات. (محمود السعران، ١٩٦٣: ٦٠).

ئاخێوەرانی هەر زمانێک لەکاتی قسەکردن لەگەڵ بەرامبەرەکەیان ئاستی خۆیان و بەرامبەرەکەیان لەبەرچاو دەگرن، چونکە هەڵسوکەوتکردن بە پێچەوانەی ئەمە ئاکامی باش نادات بەدەستەوە، هەر بۆیە مرۆڤ دەبێت کەسایەتیەکی چەند ڕووی هەبێت تاکو لەگەڵ ئەو بارودۆخانەدا بگونجێت، کە تێیدا دەژیێت و بتوانێت بە ئاسانی لەگەڵ کەسانی پلە و پایەی جۆراوجۆردا هەڵبکات، بەشێوەیەک لەگەڵ هەریەکەیاندا پەیوەندی کۆمەڵایەتی جیاوازی هەبێت و بەپێی ئاستەکەی خۆیدا مامەڵە و ئاخاوتنی لەگەڵدا بکات. لەم بارەیەشەوە پێغەمبەرمان محمد (سڵاوی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: ( کلم الناس علی قدر عقولهم ) واتە: (لەگەڵ خەڵکیدا بە گوێرەی عقڵیان بدوێ. (ئارام عەبدولواحید، ٢٠١٣: ٢٨٠).

کەواتە بوونی شێوازی ئاخاوتنی جیاواز، کە چینێکی پێ تایبەت دەکرێت لەناو کۆمەڵێکی زمانیدا ڕاستیەکی ئاشکراو حاشا هەڵنەگرە و لە کۆمەڵگاکاندا هەستی پێدەکرێت، خەڵکی لەسەر ئەو بنەمایە ڕیزبەند دەکرێن. ئەمانەش هەموو ئەوە دەردەخەن، کە بوونی

چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی بەرچاو دەبینن لە دروستبوونی جۆراوجۆرییە زمانییەکان لە کۆمەڵگادا[١].

**٢-١/٢-٣-٢) تەمــەن:**

یەکێکی تر لە هۆکارە کاریگەرەکانی سەرهەڵدان و پەیدابوونی جۆراوجۆری زمانی، کە پەیوەستە بە زاری کۆمەڵایەتیش، هۆکاری تەمەنە.

تەمەن یەکێکە لە کەتیگۆرییە زمانییە بەکارهێنراوەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە جۆراوجۆری زمانی. ئەم کەتیگۆرییەش هەمیشە بەشێوەیەکی ڕەخنەییانە لێکۆڵینەوەی تێداکراوە و وەک ڕاستییەکی بایلۆژی بۆ پۆلینکردنی ئاخێوەران مامەڵەی لەگەڵدا کراوە (شاخەوان جەلال، ٢٠١٣: ٢٨٦).

ئەوە شتێکی ئاشکرایە، کە زمان بەدەست دەخرێت[٢]، واتە؛ مرۆڤ زمانەکەی لە کۆمەڵگادا بەدەست دەخات و فێری دەبێت لەڕێگای ئامرازەکانی وەرگرتنی زمانەوە، ئەم ئامرازانەش لەگەڵ قۆناغەکانی تەمەندا پەرە دەسێنن، بۆیە زمانی تاکەکەس بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی دەگۆڕێت و هەمەجۆر دەبێت. ئەم فێربوونەش هەرچەندە لە تەمەنی شەش ساڵی مرۆڤدا تەواو دەبێت و تاک فێری دەستووری زمانەکەی دەبێت، لە هەمان کاتیشدا هەوڵی فێربوونی زمانێکی فەرمی پەسەندکراوی کۆمەڵایەتی دەدات، ئەمەش کاتی دەوێت و بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت، لەکاتی گەنجێتیدا زیاتر دەستەواژە و وشەی گشتی و بازاڕی (Slang) دەبینرێت. پاشان لە ماوەی پێگەیشتن زمانەکەی گەشە دەکات و

---

(١) دەست نیشانکردنی زمان لەسەر بنەمای چین و توێژی کۆمەڵایەتی پێی دەوترێت: (زاری چینی کۆمەڵایەتی – لهجة طائفيه أو طبقية – Class dialect ).

(٢) ئەمە لە کاتێکدایە خوای گەورە ئامرازی فێربوونی زمانی بە مرۆڤ بەخشیوە، تا بتوانێت پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەرەکەی بکات و بیانناسێت، لە چەند ئایەتێکدا لە قورئانی پیرۆز ئاماژە بەوە دەکات و دەفەرمووێت: {وعلّم آدم الاسماء كلَها....} (قورئانی پیرۆز، سوڕەتی البقرة: ٦) ، {....و جعلناكم شعوباً وقبائل لتعارفوا....} (قورئانی پیرۆز، سوڕەتی الحجرات: ٥١٧) .

سیمایەکی جێگیر وەردەگرێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی تاک خوێندنی تەواودەکات و شوێنی خۆی لە پیشە و کۆمەڵدا وەردەگرێت (شەهاب شێخ تەیب، ٢٠١٢: ٣٠٦).

لەبەر ئەوەی زمان لەگەڵ تەمەنی تاکدا پەرە دەسێنێت، بۆیە بۆ هەموو تەمەنەکان (منداڵی، هەرزەکاری، گەنجی، کامڵبوون وپیری) تایبەتی زمانی وا هەیە لەوانی تر جیای دەکاتەوە بەجۆرێک کە فەرهەنگ و شێوازی قسەکردنی هەریەک لەو قۆناغانە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت و بە ئاسانی لەلایەن گوێگرانەوە سنووری تەمەنی قسەکەران دەناسرێتەوە (ئالان محەمەد، ٢٠١٥: ٣٠). بەمەش توانای بەکارهێنان و دەربڕینی دەستەواژەکان و وشەکان لە کەسێکی بە تەمەنەوە بۆ کەسێکی گەنج جیاوازە. ڕەنگە کەسێکی پیر بەهۆی نە شارەزایی بە وشە قورس و نوێیەکان بە هەڵە بەکاریان بهێنێت و زۆرجاریش لەواتاکانیان نەگات، وەکو ئەوەی پیرێک لە جیاتی وشەی (کۆمپیوتەر) وشەی (کۆنتیرەر) بەکاردێنێت. بە هەمان شێوەش بەکارهێنانی کۆمەڵێک دەستەواژە و وشەی کۆن، کە بۆ نەوەی نوێ نەبیستراون، دەشێ بە هەڵە بەکاربهێنرێن یاخود تێگەیشتن لە واتاکانیان ئەستەم بێت بۆ ئەمان، وەکو وشەکانی (هەوجاڕ، جەنجەڕ) ئەم دیاردەیە لەناو پیشەکاندا زۆر بە ئاسانی هەستی پێدەکرێت.

کەواتە هەرە پیرەکان وەک هەرە گەنجەکان قسە ناکەن (محمد معروف، ٢٠١١: ١٠٧) و هەریەکەیان زمانێکی ئاخاوتنی تایبەت بەخۆیان هەیە، هەرچەند لە یەک ژینگە و لەیەک پیشەدا پێکەوە بن و بەیەک زمانیش بدوێن. بۆیە لێرەدا بۆشاییەک لەنێوانیاندا دروست دەبێت کە زمانەوانەکان لەم بارەوە پێی دەڵێن کەلێنە زمانەوانییەکانی نێوان نەوەکان (Linguistic Generation Gaps ).

هەر لەبەر ئەمەشە نەوەکان هەوڵدەدەن بە زمانی هاوبەش ئەم کەلێنە پڕبکەنەوە ئەم هەوڵەش لە کۆمەڵگادا بە ئاشکرا دیارە لە کاتی قسەکردنی باوان بۆ ڕۆڵەکانیان یاخود بە پێچەوانەوە. وەک ئەوەی دەبینین لەکاتی ئاخاوتنی باوک لەگەڵ منداڵەکەیدا بەردەوام هەوڵدەدات لە ئاستی تەمەنی خۆی دابەزێت بۆ ئاستی تەمەنی منداڵەکەی، ئەمەش وا دەکات

کەمتر جیاوازی تەمەنەکان دەربکەویت لەکاتی ئاخاوتنیان لەگەڵ یەکتریدا. (عەبدە ئەلڕاجحی و عەبدوڵلا گەرمیانی، ٢٠١٣: ٨٠).

تاکەکانی کۆمەڵیش بەشێوەیەکی گشتی شارەزای ئەو دەستووره کۆمەڵایەتییانەن کە جەخت لە بەکارهێنانی زمان بەپێی تەمەن دەکەنەوە. ئەگەر هاتوو یەکێک ئەو دەستوورانەی فەرامۆش کرد، بۆ نموونە کەسێکی پیر وەکو کەسێکی هەرزەکار قسەی کرد یاخود وەکو منداڵێک بدوێت ئەوا تووشی ڕەخنەو توانج و گاڵتەپێکردن دەبێتەوە. جێی باسە ئەمە زیاتر لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا جەختی لەسەر دەکرێتەوە و کەمتر لە کۆمەڵگا کراوەکان بایەخ بەو لایەنانە دەدەن. بۆیەش دەبینین لە کۆمەڵگای کوردیدا مرۆڤ لەکاتی ئاخاوتنیدا زۆر ژیرانە و زۆر بە وردی بایەخ بە تەمەنی خۆی و بەرامبەرەکەی دەدات. (ڕێژنە مەعروف، ٢٠١٠: ٣٥).

زمانی ئاخاوتن لەگەڵ تەمەندا لە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆدایە و بەپێی تەمەنی قسەکەر دەگۆڕێت. دەبێ ئەوەش بزانرێت کە گەشە و جیاوازی گەنجینەی وشەکان تەنیا لە ژمارەی وشەکاندا نییە، بەڵکو لە شێوازی قسەکردن دایە و هەموو تەمنێک شێوازی ئاخاوتنی تایبەت بەخۆی هەیە. (ئارام عەبدولواحید، ٢٠١٣: ٢٥٨).

کەواتە تەمەن تاڕادەیەکی زۆر حوکمی هەڵبژاردنی داتا زمانییە شیاوەکان دەکات بۆ بەکارهێنانیان لە بارودۆخە گونجاوەکاندا. هەر ئەویش دەبێتە هۆکاریک بۆ دروستبوونی جۆراوجۆری زمانی و هاتنە کایەوەی زارە کۆمەڵایەتییەکان.

### ١/٢-٣-٣) ڕەگـــەز:

یەکێی تر لە هۆکارە گرنگەکانی پەیدابوونی جۆراوجۆری زمانی و زارە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان ڕەگەزە. واتە؛ ڕەگەز فاکتەرێکی گرنگە لە کارکردنە سەر ڕەفتاری زمانی و هەڵبژاردنی کەرەستە و دەربڕاوەکان و تەنانەت بیرکردنەوەی تاکەکانیش، بێگومان ئەمەش لەزماندا ڕەنگدەداتەوە و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جیاوازی لە زمانی قسەکردندا.

خۆی لەخۆیدا زمان، ڕەنگدەرەوە، تۆمارکەر و گوێزەرەوەی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانە، بەهۆی ئەو جیاوازییانەی کە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی هەردوو ڕەگەزی نێرومێ دا هەیە، هەر بۆیەش جیاوازی لە ڕەفتاری زمانی ئەواندا دەبینرێت. (زوبێر عەلی، ٢٠١٢: ٩٠).

زمانیش بە هەمان شێوەی هەر چالاکییەکی تری کۆمەڵایەتی لە پەیوەندی لەگەڵ پلەو پایە و پیشە و ئاستی ڕۆشنبیری و ڕەگەزی قسەکەرانیدا دەگۆڕێت، بەشێوەیەکی وا کە هەر یەکێک لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان لە هێنانە کایەوەی بوارێکی تایبەت و دیاریکراودا بەشداری دەکات.

یەکێک لەو بابەتانەی لە زمانەوانیدا بابەتێکی گرنگی لێکۆڵینەوەکانە و گومانی تێدا کەمە، هەبوونی جیاوازییە لە نێوان زمانی ئاخاوتنی پیاوان و زمانی ئاخاوتنی ژناندا، لە زۆربەی زمانەکاندا جیاوازی لەنێوان قسەکردنی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ دا دەبینرێت، بەڵام دەکرێت ئەم جیاوازییەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ڕێژەکەی بگۆڕێت. ئەمەش زیاتر لەوەوە سەرهەڵدەدات کە هەتاوەکو ئەم دوو ڕەگەزە لە یەکتر دووربن، ئەوا جیاوازییەکانیان زیاتر دەبن و زمانی ئاخاوتن و فەرهەنگی زمانییان لەیەکتر دوور دەکەوێتەوە، بەپێچەوانەوەش تاوەکو لەیەکتر نزیک بن لە ئیش و کاری ڕۆژانە و پیشەکاندا ئەوا جیاوازییەکان کەمتر دەبنەوە. (ڕێژنە مەعروف، ٢٠١٠: ٣٣)

ئەوەی پەیوەندی بەکۆمەڵی کوردەوارییەوە هەیە دەبینین، تێکەڵاوی لەنێوان ژن و پیاودا کەمە[١] جا ئەمە بەهۆی ئاینەوە بێت یان کۆمەڵایەتی. لەناو پیشەکانیشدا ئەمە دەبینرێت، بەوەی هەندێکیان تەنها تایبەتن بەڕەگەزی نێر و هەندێکی تریان تایبەتن بە ڕەگەزی مێ، لەهەمان کاتیشدا هەندێ پیشەی تر هاوبەشە لەنێوانیاندا.

---

(١) بەتایبەتی لە گوند ولادێکاندا ئەمە زیاتر بەرچاو دەکەوێت.

بەم لێکدوورکەوتنەوەیە و کەمبوونی تێکەڵاوی لەئاستی ڕەگەزدا شێوەی ئاخاوتنی تایبەت و جیاواز دروست دەبێت و دەبێتە هۆی ئەوەی هەریەکەیان شێواز و وشە و زاراوەی تایبەت بەخۆی هەبێت. (ئارام عەبدولواحید، ٢٠١٣: ٢٦١).

کەواتە یەکێک لەو فاکتەرانەی دەبێتە هۆی پەیدابوونی جیاوازی لەنێوان زمانی ئاخاوتنی ژن و پیاودا کار و پیشە و چالاکی هەر یەکێکیانە لە کۆمەڵگادا، بۆیە دەبینین پیاوان فەرهەنگیان لە هەندێک بابەتی وەک؛ ئابوری، وەرزش و ئەو لایەنانە دەوڵەمەندە کە پەیوەندییان بە کار و پیشەی دەرەوەی ماڵەوە هەیە، بە حوکمی ئەوەی ئەمان زیاتر پیشەکانیان لەناو خەڵکی و دەرەوەی ماڵدایە و کۆڵەکەی پیشە جیاوازەکان زیاتر لە دەست ئەماندایە، لەکاتێکدا ژنان فەرهەنگیان لەو بوارانەدا دەوڵەمەندە کە پەیوەندییان بە ئیش و کاری ماڵ و منداڵ بەخێوکردن و پیشەی ژنانەوە هەیە بە حوکمی ئەوەی زیاتر خەریکی ئیشی ماڵەوەیە و کەمتر تیکەڵ و بەشداری پیشەکانە. تەنانەت لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکاندا ئەو فەرهەنگەی ڕەگەزێکیان بەکاردەهێنێت، ڕەگەزی بەرامبەر ناتوانێت قسەی پێبکات و بەکاری بهێنێت. (ئالان محەمەد، ٢٠١٥: ٢٦).

لە کۆمەڵی کوردیشدا ئەوە دەبینرێت، پیاوان وشە گەلێکی زۆری تایبەت بەخۆیان هەیە کە ژنان لێی تێدەگەن، بەڵام بەکاری ناهێنن وەکو ئەو وشانەی زیاتر تابۆن و لە جنێودانادا بەکاردێن یاخود وشەکانی (بە شەڕەفم، بە ناموسم، بە تەڵاقم و چەندانی تر)، لەلایەکی ترەوە ژنانیش وشە و دەستەواژە گەلێکی تایبەت بەخۆیان هەیە وەکو (جەرگت نەسوتێ، بە بابی کوڕان بی، دایکت نەمرێ وچەندانی تر) کە هەرگیز پیاوان بەکاری ناهێنن، چونکە بەهۆی بەکارهێنانییانەوە دەبنە جێگەی گاڵتەپێکردنی ڕەگەزی بەرامبەرییان[1]، هەر بەم هۆیەشەوە وا دەردەکەوێت ژنان و پیاوان زمانێکی جیاوازییان لە یەکتر هەیە. ئەمەش زیاتر لەو کۆمەڵگایانەدا ڕوونترە کە ڕۆڵ و پیشەی ژنان و پیاوان لەیەک جیاوازن واتە

(١) ئەمەش وا دەکات بە ژن یاخود کچێکی، کوڕانی یان پیاوانە یاخود بە پێچەوانەوە بە پیاوێکی ژنانی لە قەڵەم دەدرێت لە کۆمەڵگادا.

جیاوازی زمانی ژن و پیاو لە پەیوەندی لەگەڵ پیشەدا شتێکی ئاشکرایە و بە ئاسانی هەستی پێدەکرێت. (عەبدە ئەلراجحی و عەبدوڵڵا گەرمیانی، ٢٠١٣: ٨١).

ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، کە ژن و پیاو دوو بوونەوەری جیان، ڕۆڵ و ئەرک و لێپرسراوێتییەکانیان جیاوازن، ئاین، کۆمەڵ و بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەکان وەکو یەک مامەڵەیان لەگەڵدا ناکەن و بە یەک چاو سەیر ناکرێن، هەرچەندە پێکەوە دەژین و هاوبەشی یەکترن، بەڵام هەریەکەیان جیهانێکی تایبەت بە خۆی هەیە. (شیلان ڕەحیم، ٢٠٠٤: ٢٦). هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە ڕووی پەیکەر، لاشە، دەنگ، ئیش و کار، چۆنیەتی قسەکردن و چەندین لایەنی تر جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە. ئەم جیاوازییانەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی جۆراوجۆری زمانی لە نێوانیاندا کە زیاتر لە چەند لایەنێکدا دەردەکەوێت وەک: جیاوازی دەنگی کە لێرەدا دەبینین دەنگی ژنان لە دەنگی پیاوان تیژترە و چینە دەنگیشیان بەرزترە، هەروەها گۆکردنی ژنان ڕونترە و سورترن لەسەر بە چاکی دەربڕینی وشە و ڕستەکان لە کاتیکدا دەنگی پیاوان گڕترە، هۆیەکەشی بۆ لایەنی بایلۆژی دەگەڕێتەوە. (نایف خرما و شەهاب شێخ ، ٢٠١٣: ٣٠٨).

یەکێکی تر لەو لایەنانەی کە ئەم جیاوازییەی زۆر بە زەقی تێدا دەردەکەوێت، ئەویش لایەنی فەرهەنگی وشە و دەستەواژەکانە کە ئەویش لە پێشتردا ئاماژەی پێدرا. هەرچی پەیوەندی بە لایەنی ڕستەسازی و ڕێزمانیش هەیە دەبینین لە زۆرێک لە زمان و زارەکاندا هەردوو ڕەگەزەکە نیشانەی ڕێزمانی تایبەت بەخۆیان هەیە. جگە لەمەش شێوازی ئاخاوتنی خەلکی لەگەڵ ژن و پیاودا جیاوازە، بۆ نموونە ئاساییە بە ژن بوترێ (ئەمڕۆ لە ڕۆژان جوانتری) بەڵام ئەمە بە پیاو ناوترێ. (محەمەد مەعروف، ٢٠١١: ١٠٨). لە بارەی ڕێژەی قسەکردنیشەوە دەوترێت، پیاوانی کەمتر لە ژن قسە دەکات و بە پێچەوانەوە ژن قسەکانی درێژ دەکاتەوە واتە جۆرە درێژدادڕیەک بە قسەکردنییەوە دیارە.

**٤-٣-١/٢) پیشــه:**

یەکێکی تر لە هۆکارە سەرەکییەکانی هاتنە کایەی جۆراوجۆری زمانی و زارە کۆمەڵایەتییەکان کار و پیشەی ئاخێوەرانە. هەموو پیشەیەک دیالێکتیکی تایبەت بەخۆی هەیە (Jargon) چونکە هەر پیشەیەک زمانێکی ئاخاوتنی خۆی هەیە و هەندێک زاراوە بەکاردێنن کە لە پیشەکەدا هەیە، بەتایبەت ئەو پیشانەی زیاتر زاراوەی هونەری بەکاردەهێنن. وەکو ؛ پزیشکەکان، سەرباز، ڕاوچییەکان و چەندانی تر هەموویان زاراوەی جیاواز و تایبەت بەخۆیان هەیە. (عەبدە ئەلراجحی و عەبدوڵلا گەرمیانی، ٢٠١٣: ٨٢) ئەمەش وا دەکات هەر چین و توێژێکی کۆمەڵ  لەناو کۆمەڵێکی زمانیدا بە پێی جۆری پیشەکەی، زمانی ئاخاوتنیشی جیاوازبێت و شێوازی قسەکردن و فەرهەنگە زمانییەکەی لە پیشەیەکی تر جیابکاتەوە بۆ نموونە کاتێک ئێمە ڕستەیەکی وەکو ئەمەی خوارەوە دەبیستین دەزانین کە ئەمە تایبەتە بە پیشەی کشتوکاڵی وەک؛ دەبێت تەماتەکان بچێنین و سێ ڕۆژ جارێک ئاویان بدەین. ئەم ڕستەیە جیادەکرێتەوە لە ڕستەیەکی وەکو ؛ داواکەر و داواکراو قسەی شایەتەکانیان بیست. ئەمەی دووەمیان دیارە زاری تایبەت بە پارێزەرانە لە دادگادا بەکاردێت. (علی أكبر، ١٣٨٦: ١٣٤).

خۆ دەبێت ئێمە ئەوەش بزانین کە ئەوە هەر پیشەیە وا دەکات، ڕەفتارێکی زمانی لە هەندێ پیشە و دەوروبەردا بارێکی ئاسایی وەربگرێت و لە هەندێ پیشەی تردا بەشتێکی نامۆ و بارێکی نا ئاسایی لە قەلەم بدرێت. بۆ نموونە زمانی ئاخاوتنی پیشەی سەربازی زمانێکی تاڕاددەیەک زبرە و هیچ جۆرە نەرم و نیانییەکی پێوە دیارنییە، پەیڤ و وشەکانی ئەم بوارە زیاتر وشەی ڕەق و توندن، ل هەمان کاتیشدا بەکارهێنانیان لەناو کەسانی خاوەن ئەم پیشەیە (لە دەوروبەرە زمانییەکە و سنوری پیشەکەدا) دیاردەیەکی ئاساییە و هیچ جۆرە کێشەیەکی تێدانییە، کەچی ڕەنگە ئەم جۆرە زمانە ئاخاوتنە بۆ پیشەیەکی وەکو مامۆستایەتی یاخود پزیشکی دەست نەدات. (ئارام عەبدولواحید، ٢٠١٣: ٢٦٧).

لەلایەکی ترەوە لەبەرئەوەی زمان ڕەنگدەرەوەی کەسێتی و پیشە و ئاستی ڕۆشنبیری مرۆڤە و هەر پیشەوەرێک شێوازی دەربڕینی زمانی جیاوازە لە یەکێکی تر، بۆیە ئەوە وەکو شتێکی ئاسایی دەبینرێت، فەرهەنگی زمانی هەموو کەسێک وەکو یەک نین و زۆرجار لەکاتی قسەکردنی دوو کەسی پیشە جیاوازدا نارەحەتی و گرفت دێتەڕێ لە تێگەیشتنیان لە یەکتری، ئەمەش زیاتر لەوکاتەدا سەرهەڵدەدات کاتێک هەریەکەیان بیانەوێت دیالێکتی پیشەکەیان تێکەڵ بە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و فەرمی بکەن.

جا ئەم تێکەڵکردنە بەبێ ویستی خۆیان بێت، وەکو ئەوەی تێبینی دەکرێت هەندێ لە زانایانی بواری تویکاری و دەواو دەرمان بەهۆی سەرقاڵییان بە پیشەکانیان و زاڵبوونی فەرهەنگی تایبەتی پیشەکە بەسەریانەوە ناتوانن بە باشی پەیوەندی بە کەسانی دەرەوەی پیشەکانیانەوە بکەن. یاخود خۆویستانە بێت و بیانەوێت خۆیان دەرخەن یاخود خۆیان لە کۆمەڵی ڕەمەکی خەڵک جیابکەنەوە دیسانەوە دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکی پتەو و دروستی زمانی دانەمەزرێت. کەواتە یەکێک لە نیشانەکانی سەرکەوتوویی لەکاتی ئاخاوتندا ئەوەیە کاتێک مرۆڤ بۆ هاوپیشەکانی دەدوێت بە زمانی پیشەکەی بدوێت (عەبدە ئەلڕاجحی، و:عەبدوڵڵا گەرمیانی، ٢٠١٣: ٨٢)، و بە پێچەوانەوە لەگەڵ کەسانێک کە هاوپیشەی نین بە زمانێکی فەرمی جیاواز لە زمانی پیشەکەی بدوێت.

هەر بۆیە دەکرێت بوترێ زمانی ئاخاوتن و زاراوە تایبەتییەکانی هەر گرۆیەکی پیشەیی لە کۆمەڵێکی زمانیدا، ئاسایی بۆ ئەندامەکانی تری پیشە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵە زمانییە نامۆ دێنە بەرچاو و لە بنەڕەتدا لەلایەن نا پسپۆرەکان بەو پیشە دیاریکراوە بەکارناهێنرێن (یحیی مدرسی، ١٣٨٧: ٢٠٢).

بەم پێیە پێویستە بەشێک لە جۆراوجۆرییە زمانییەکان و سەرهەڵدانی زارە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵێکی زمانی دیاریکراو لەگەڵ هۆکاری پیشەیی و پیشە جیاوازەکاندا بەیەکەوە گرێ بدرێن.

## ٢/٢) جۆرەکانی زار:

بەپێی زانستی زمان، زمانەوانەکان هەریەکەیان لە ڕوانگەیەکەوە چەند جۆرێکی لە زارەکان دەستنیشانکردووە. بۆیە لەم بوارەدا چەندین دابەشکردنی جیاوازمان سەبارەت بە جۆری زارەکان بەرچاودەکەوێت، بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت لێرەدا بەپێی بواری توێژینەوەکە و پێویستیەکەی ئەم جۆرە سەرەکیانەی خوارەوە لە زارەکان ئاماژەیان پێبدرێت:

### ١-٢/٢) زاری ناوچەیی (جوگرافی – Regional Dialects):

ئەو زارەی کە کۆمەڵێک یاخود گروپێک لە کۆمەڵگایەکدا قسەی پێدەکەن یان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بەکاری دەهێنن، هەندێجار بە دیالێکتی خۆجێیی (Local Dialects) دەناسرێت یاخود بە زاری جوگرافی ناودەبرێت. (یوسف شریف، ٢٠١١: ٢٤٨) زۆرێک لە زمانەوانەکان بڵاوبوونەوەی خەڵکی لەچوارچێوەیەکی جوگرافی فراواندا وەکو هۆیەکی سەرەکی سەیردەکەن بۆ دروستبونی زاری جوگرافی، چونکە ئەم بڵاوبوونەوەیە دەبێتە هۆی دروستبوونی کەلێنی گەورە لەنێوان دیالێکتە جۆراوجۆرەکان، جا هەرچەندە ئەو کەلێنانە زیاتر بن، بەهۆکاری سروشتی وەکو چیاو دۆڵ و ڕوبار، یاخود بە هۆکاری سیاسی بێت. ئەوا ژمارەی زارە جیاوازەکانی ئەو زمانە زیاتر دەبێت واتە هەر ناوچەیەک شێوازی ئاخاوتنی لەگەڵ ناوچەیەکی تردا جیاوازە بەجۆرێک هەندێ وشەو زاراوە لەناوچەیەکی دیاریکراودا بەکاردێت، بەبێ ئەوەی لەناوچەکانی تردا بەکاربێت، تەنانەت زۆرجار هەڵسوکەوت و داب و نەریتیش لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕێت. ئەم جیاوازییانەش زۆرجار زیاد دەکەن بەهۆی دوورکەوتنەوەی ئاخێوەرانی لەو ناوچانە

لەیەکتر بەهۆکاری جیاواز یاخود جیاوازییەکان کەم دەبنەوە بەهۆی لێک نزیکبونەوەی ئاخێوەرانی ئەو ناوچانە بەهۆی پەروەردە و فێربون و بازرگانی و گوێزانەوە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر کە ئەمەیان زۆرجار دەبێتەهۆی لەناوچوونی زارێکی جوگرافی یاخو لەناوچوونی زۆرێک لە وشە و زاراوەکان. (یوسف شەریف، ٢٠١١: ٢٤٨)

زارە جوگرافییەکان لە کوردستاندا دابەشکردنی جیاوازییان بۆ کراوە و چەندین زاریان بەپێی ناوچەی جوگرافی لێ دەستنیشاکراوە (فوئاد حەمەخورشید، ٢٠٠٨: ٣٨، ٣٩) زارە سەرەکییەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیە دابەشدەکات و لە هەموو جۆرە دابەشکردنێکی تر بە باشتری دادەنێت، بەو پێیەی کە لەگەڵ هەموو ڕاستییەکی زمانەوانییدا ڕێک دەکەوێت و لەڕووی هەلومەرجی جوگرافییاییشەوە تەواو گونجاوە، دابەشکردنەکەش ئەمەی خوارەوەیە:

١- زاری کرمانجی باکوور.

٢- زاری کرمانجی ناوەڕاست.

٣- زاری کرمانجی باشوور.

٤- زاری گۆران.

جێگای ئاماژەیە باسکردنی زاری جوگرافی تەنها بەو مەبەستەیە کە ئەوە بوترێت، لە ناو هەریەک لەم زارە جوگرافیانەدا زاری کۆمەڵایەتی دەبینرێت، کە ئەمە ئامانجی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەیە، واتە؛ ئەم زارانە ناچنە ناو چوارچێوەی ڕاستەوخۆی لێکۆڵینەوەکە.

### ٢-٢/٢) زاری کۆمەڵایەتی (Social Dialects):

زاری کۆمەڵایەتی هەندێجار بەزاری چینەکان دەناسرێت (Class Dialects) ئەمەش زمانی ئاخاوتنی چینێکە لە چینی ئاخێوەرانی زمانیک یان کۆمەڵەیەکی زمانی دیاریکراو (یوسف شەریف، ٢٠١١: ٢٤٩)، واتە؛ بەجیاوازییە زمانییەکانی کە لە نێوان گروپە

جیاجیاکانی کۆمەڵگا، وەکو فێرخوازانی زانکۆ، کەسانی ناو بازاڕ، پیاوە ئاینییەکان، بەڵێندەران، پزیشکان، گەنجان، پیران، پیاوان، ژنان، خوێندەوار، نەخوێندەوار، خاوەن پیشەکان و چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا باوە. دەگوترێت ؛ زارە کۆمەڵایەتییەکان. (علی أکبر، ١٣٨٦: ١٣٢)

ئەم جۆرە زارانە بەهۆی فاکتەری کۆمەڵایەتییەوە بڕیاریان لێدەدرێت، نەک بەهۆی فاکتەری جوگرافییەوە، سۆسیۆدیالێکت زۆربەی جارەکان بەهۆی دابەشبوونی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگاوە گەشەدەکات؛ وەکو: جیاوازییە سۆسیۆ ئابوورییەکان، ئاین، چین و پیشە. بۆیە زاری کۆمەڵایەتی دەبێتە نیشاندەری؛ ئاستی خوێندەواری، تەمەن، پیشە و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی ئاخێوەر و ناسنامەی قسەکەر لە ڕێگایەوە دیاری دەکرێت. سەبارەت بە سنوری بەکارهێنانیشی لەناو چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا دەبێت.

**٣/٢) پیشە و کۆمەڵگا و جۆرەکانی:**

**٣/٢-١) ناساندنی پیشە**

**٣/٢-١-١) پیشە لەڕووی زمانەوە ( لەفەرهەنگدا )**

پیشە لەڕووی زمانەوە بەکارێک یاخود ئیشێک دەوترێت کە پێویستی بە جۆرێک لە چالاکی و توانای عەقڵی و جەستەیی هەبێت.

**٣/٢-١-٢) پیشە لەڕووی زاراوەوە:**

پیشە لەڕووی زاراوەییەوە بریتییە لە کارێک یاخود خزمەتێک کە پشت دەبەستێت بە کۆمەڵێک زانیاری و بابەتی ئاماری (خبرة المهارة – ئەزموون)، کەسێک بەکاری دەهێنێت یاخود پێی هەڵدەستێت لەوکاتەی کە کۆمەڵگا پێویستی پێی دەبێت. ئەمە لەکاتێکدا زانا

(مۆریس کۆکن) پێی وایە پیشە بریتییە لە ئەرکێک پشت بەو زانیارییانە دەبەستێت کە تاک لە پەیمانگا یاخود کۆلێژ و زانکۆدا بەدەستی دەهێنێت، هەروەها پشت بە توانا و شارەزایی و خودی تاکەکەس دەبەستێت. زۆرجاریش پیشە بەوە پێناسە دەکرێت کە بریتییە لە کۆمەڵێک کاری بەیەکەوە بەستراوو جۆراوجۆر کە تاکێک ئەنجامی دەدات و پێویستە زانیاری تەواوی لەبارەیەوە هەبێت، هەروەها لەلایەن کۆمەڵگا و دام و دەزگاکانی حکومەتەوە قبوڵکرابێت (ڕزگار ڕەسول، ٢٠١٥: ٤)

لە ئەنجامی لێکدانەوەی ئەم پێناسانەی سەرەوە دەکرێت بوترێت، پیشە بریتییە: لەو کارانەی، کە تاکەکان ئەنجامی دەدەن پشت بە زانیاری و شارەزایی و پسپۆرییەکانیان دەبەستێت، سەرەڕای ئەو بنەما و ڕێ و شوێنانەی کارەکە لەخۆی دەگرێت. بەدرێژایی ڕۆژگار بە پێی کۆمەڵگاکان پیشەکان دەگۆڕێت، هەندیک پیشە لەناو دەچن هەندێکی تر سەرهەڵدەدەن کە کۆمەڵگا پێویستی پێی دەبێت. شایانی باسە زۆر جار لە زمانی کوردیدا تێکەڵییەک لە نێوان زاراوەی پیشە و کاردا دەبینرێت، لە خوارەوەدا باسی (کار)یش دەکرێت.

**٣/٢-١-٣) پێناسەی پیشە:**

بەشێوەیەکی گشتی بەوە پێناسە دەکرێت کە بریتییە لە کۆمەڵێک چالاکی، ئاستی کۆمەڵایەتی تاک لە کۆمەڵگادا پیشاندەدات، پیشە چالاکییەکی جۆرییە، لە کۆمەڵگادا و لە هەمان کاتدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی گشتییە لە بوارەکانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی (کمال عبدالحمید، ١٩٨٠: ٥٤)

**٤/٢) کـــــار:**

ئەم وشەیە لەزمانی ئینگلیزیدا لەبەرامبەر وشەی (act) بەکاردێت و بەوە پێناسە دەکرێت کە بەشێکە لە پیشە واتە ئەنجامدانی کارێک لە ئیشێکی دیاریکراودا[١]، لەزمانی عەرەبیدا وشەی (العمل) ی بەرامبەر بەکاردێت و بەوە پێناسە دەکرێت، کە بەشێکە لە ئیشێک لەکاتێکی دیاریکراودا،بەمانای خزمەتێکی دیاریکراودێت لەڕووی زاراوەش بە یەکەیەک لە پیشە لە قەڵەم دەدرێت، لە کۆمەڵێک چالاکی و بەرپرسیارێتی پێکدێت. پێویستە لەسەر ئیشکەر لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانی ئەنجامی بدات[٢].

لەزمانی کوردیدا لەلایەنی زمانەوانییەوە بریتییە لەوەی کەسێک کردارێک ئەنجامدەدات بەشێوازێکی مەبەستدار لە ئیشێکی دیاریکراودا، بەڵام لەلایەنی زاراوەی زانستییەوە بریتییە لە کردەوەیەک یاخود جوڵەیەک، ئینجا بەویست بێت یاخود بێ ویستی خۆی بێت. واتە هەرکردارێک یان ڕەفتارێک کە مرۆڤ ئەنجامی بدات پێی دەوترێت (کار) (ڕزگار ڕەسول، ٢٠١٥: ٤) لە یاسای کاری عێراقی ساڵی (١٩٧٠) لە ماددەی شەشدا هاتوە، پێی وایە هەر توانایەکی مرۆڤ لەلایەنی هزری یاخود جەستەیی یاخود تەکنەلۆژی لەبەرامبەر کرێیەکدا دەیبەخشێت، ئینجا چ بەشێوازی کاتی یان بەردەوام بێت ئەوا پێی دەوترێت کار (صادق مهدي، ١٩٧٤: ٨)

لە ئەنجامی لێکدانەوەی پێناسەکانی سەرەوە دەکرێ بوترێت کار لە زمانی کوردیدا لەگەڵ پیشەدا لێک نزیکن و تێکەڵیەکیان هەیە وەک ئەوەی دەوترێت: (چ کارەی، ئیشت چییە، لەگەڵ ئیش و کاردا چۆنی ؟...) بۆیە کار بریتییە لەو هەوڵ و تیکۆشانەی مرۆڤ ئەنجامی دەدات لە پێناو بەدەستهێنانی سوود و قازانجێک، لە بڕی ئەو ماندووبوونەی لەڕووی جەستەیی یاخود عەقڵییەوە ئەنجامی دەدات.

---

[١] (Merriam-webster.com)

[٢] (w.w.w.stoob.com)

## ٥/٢) پیشە و پێگەی کۆمەڵایەتی:

تێڕوانینەکان دەربارەی سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی جەخت دەخەنە سەر ئەوەی کە زۆربەی کۆمەڵگاکان جیاوازییان هەیە لەنێوان ئەندامەکان لەسەر بنەمای ئەو ڕۆڵ و پیشەیەی هەیەتی لەکۆمەڵگادا، سەرجەم کۆمەڵگاکان ئەم ڕۆڵ و پیشانە بە ڕێگای جیاواز پێوانە دەکەن، بەمەش هەندێ پیشە گرنگی و بایەخی زیاتر پەیدا دەکەن لەچاو هەندێ پیشەی تر و کۆمەڵگا ڕێزی زیاتریان لێدەگریت. واتە ڕێزە کۆمەڵایەتییەکە بەو ئەرکانەوە پەیوەست دەبێت کە تاکەکان پێی هەڵدەستن. ئەمەش لەئەنجامدا دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی بیرۆکەی پێگەی کۆمەڵایەتی [١] (محمد عاطف، ١٩٨٣: ٤٨)

زانایانی کۆمەڵناسی پیشەی تاک بە فاکتەرێکی سەرەکی دادەنێن لەدیاریکردنی پێگە کۆمەڵایەتییەکانیان و هەڵسەنگاندنی تاکەکان، بۆ ئەمەش نمونەی کۆمەڵگا گەورەکان دێننەوە کەتیایدا تاکەکان زانیارییان دەربارەی یەکتر زۆر کەمە، لەبەرئەوە کۆمەڵێک ئاماژە بەکاردەهێنن بۆ خۆناساندن و نیشاندانی پێگەی کۆمەڵایەتییان لەوانەش وەک: داهات، هۆیەکانی گواستنەوە، جل و بەرگ، شێوازی خانوو یاخود پیشە، کە دەکرێت ئاماژەیەکی باش بن بۆ نیشاندانی ئاستی خوێندەواری و شارەزایی هونەری و داهات. (ڕزگار ڕەسول، ٢٠١٥: ٢٨) کەواتە پیشە لەگەڵ پێگەی کۆمەڵایەتیدا لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدایە و لەکۆمەڵگا جیاوازەکاندا بە ئاشکرا دەردەکەوێت وەک دەبینین لە شوێنێکی وەکو بەسرە قەساب پێگەیەکی کۆمەڵایەتی نزمی هەبوو، ژنیان نەدەدا ئەو کەسانەی کە پیشەیان سەربڕی (قەسابی) بوو. لە کۆمەڵگای کوردیشدا ئەوانەی پیشەی (پۆخچی (دەردەر)، حەمباڵ، پۆلیس) پێگەیەکی تاڕادەیەک نزمیان هەیە.

---

(١) لە کۆمەڵگاکاندا بە پێی پیشەکان جیاوازی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا لە ڕووی ڕیز و ئاست و پێگەیان دروست دەبێت، چەندین پێگەی جیاوازی بەرز و نزم دێتە کایەوە، کە هەر یەکەیان زمانی ئاخاوتنی لە ویتریان جیاوازە.

لەبەرئەوە دەکرێت بوترێت چەمکی پێگەی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە پیشە و ئاستی کۆمەڵایەتی تاکەکانەوە هەیە، واتە پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو بنکە کۆمەڵایەتییەیە کە تاک پێی دەگات، بەهۆی پیشە و ڕێزگرتنی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی ئابوری و سیاسی و ئاینی بەدەستی دەهێنێت. (أحمد ذكي، ١٩٨٨: ٢٠٧)

پیشە لە گرنگترین پێکهاتەکانی پێگەی کۆمەڵایەتییە، کاری پیشەیی لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا بە گرنگترین سەرچاوەی دەستکەوتی پێگەی کۆمەڵایەتی دادەنرێت و بە بەهاترین هۆکارە بۆ دروستکردنی بونیادی کۆمەڵایەتی لەوجۆرە کۆمەڵگایانەدا.

### ٦/٢) گرنگی پیشە:

پیشە گرنگییەکی زۆری هەیە لەژیانی تاک و کۆمەڵگادا، بەشێوەیەک بۆتە بەشێکی گەورە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ، چونکە پیشە ژیانێکی جێگیر و ویژدانێکی ئاسوودە و دەروونێکی ئارام بەتاک و کۆمەڵگا دەبەخشێت، بەهەمان شێوە کات و توانا و مەبەستەکانی دیاریدەکات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بواری کۆمەڵایەتی و پەیوندییەکانی تاک لەگەڵ کەسانی تردا دیاری دەکات و پایەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەسایەتی بەشێوەیەکی گشتی پیشاندەدات. (ڕزگار ڕەسول، ٢٠١٥: ٢٠)

ئەو توێژینەوانەی جەخت لەسەر گرنگی پیشە دەکەنەوە، پیشە بە یەکێک لە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێن کە لەڕێگەیەوە، پێگەی پیشە جیاوازەکان، زارە کۆمەڵایەتییەکان، ئاستی بژێوی و پەیوەندی پیشەوەران لەگەڵ دەوروبەریان دەخاتەڕوو. (همفريز، ١٩٦٤: ١٢)

بەهەمان شێوە چەندین گرنگی تریان خستۆتەڕوو بۆ پیشە کە پەیوەندی بە زمان و ئەم لێکۆڵینەوەیەوە هەیە، لەوانە:

١- دەکرێ بوترێ پیشە بەشێوەیەکی گشتی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ژیانی تاک هەیە. بەشێوەی ئەرێنی یاخود نەرێنی کاریگەری دەخاتە سەر زمانەکەی و شێوازێکی تایبەت بە زمانی ئاخاوتنی ئەو کەسە دەبەخشێت.

٢- پیشە توانایەکی باش بە تاک دەبەخشێت بۆ گفتوگۆ و قسەکردن لەگەڵ کەسانی دەوروبەری، بەهەمان شێوە دەبێتە هاندەرێکی باش بۆ گوێگرتن لە کەسانی تر و ئارەزووکردن بە نزیکبوونەوە و ڕاکێشانی سەرنجیان[١]. ئەمانەش هەمووی کاریگەری ئەرێنی لەسەر تاک دادەنێن و دەرونێکی تەندروستی پێدەبەخشن.

٣- هەر ئیش و کارە مرۆڤ لە زۆر کێشە دەپارێزێت کە دەکریت بەهۆی بێکارییەوە تووشی بێت. لەهەر پیشەیەکیشدا تاک شوێن و پلەوپایەی خۆی لەناو کۆمەڵدا دەدۆزێتەوە و کاریگەری و شوێن پەنجەی دیاردەبێت.

بەشێوەیەکی گشتی هەمووان هەست بە گرنگی پیشە دەکەن لەزۆر بواردا، هەرچەندە ئەو بوارە زۆر فراوانیش نەبێت لە نرخی ئیشکەرەکە کەم ناکاتەوە، بەڵکو بایەخ و ڕێزی لای کەسانی دەوروبەری زیاد دەکات.

شایانی تێبینی یە ئەگەر پیشە و کار نەبێت لەناو کۆمەڵگادا ئەو کۆمەڵگایە پەکی دەکەوێت، چونکە تاک بە تەنیا ناتوانێ هەموو کارێک بکات و پێداویستی یەکانی خۆی دابین بکات، بۆیە جۆراوجۆی پیشەکان کۆمەڵگا ڕێک دەخات و بەڕێوەی دەبات.

### ٧/٢) پێویستییەکانی پیشە:

بەشێوەیەکی گشتی پیشەکان جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەیە، بەهۆی بوونی تایبەتمەندی و هەندێک پێویستی سەرەکی لەهەر پیشەیەکدا، دەکرێ بوترێ پێویستییەکان ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

---

[١] ئەمەش لە کەسێک بۆ کەسێکی تر و لە پیشەیەک بۆ پیشەیەکی تر دەگۆڕێت. واتە؛ مەرج نییە ئەمە بۆ هەموو پیشەکان و هەموو پیشەوەران وەکو یەک بێت.

**١- لایەنی تیۆری:**

هەر پیشەیەک کۆمەڵێک زانیاری و بیرۆکەی تیۆری پێکیدەهێنن. کارکردنی پیشەیی پشت بە کۆمەڵێک چالاکی دەبەستێت کە جۆرێک لە شێوازی هزری یان ئەقڵی یاخود جەستەیی یاخود سەرجەم ئەمانەیان بەسەرەوە زاڵە، لەبەرئەوەی هەندێک پیشە هەن پێویستییان بەم ڕەگەزانە هەیە، وەکو پیشەی جوتیاری پێویستی بەبوونی چوارچێوەیەکی هزری هەیەو پشت بە زانیاری ئەقڵی دەبەستێت دەربارەی؛ سروشتی زەوی، کەش و هەوا، شێوازەکانی پەینکردنی زەوی و داچاندن و تۆکردن.

بەهەمان شێوە پیشەکانی پزیشکی و ئەندازیاری و چەندانی تر پێویستییان بە چەندین زانیاری هزری و پراکتیکی پێویست هەیە، بەڵام هەندێ پیشە زیاتر پشت بەهێزی جەستەیی دەبەستێ و کەمتر پێویستییان بە شارەزایی زانستی یان ئەکادیمی هەیە. وەک؛ کاری خاوێنکردنەوە، بەخێوکردنی مەڕومالات و چەندانی تر، ئەمانە لە ڕێگەی تێبینیکردن و وەرگرتنی ڕێنماییەوە فێردەبن و کارەکە ئەنجامدەدەن. (ڕزگار ڕەسول، ٢٠١٥: ١٦) ئەم لایەنە تیۆرییانەی پیشەکانیش بە زۆری لە ڕێگای زمانەوە دەگوازرێتەوە.

**٢- زانیاری پسپۆری:**

پێویستە پیشەوەران لەکاتی ئەنجامدانی پیشەکانیاندا زانیاری تەواو تایبەتمەندییان هەبێت، سەرجەم بوارەکانی پیشە جیاوازەکان لە ڕووی ئەرک و کارییانەوە پێویستییان بە زانیاری هەیە دەربارەی پیشەکانیان و تەنها شارەزایی بەسی نییە بۆ ڕاپەڕاندنی پیشەیەکی وەکو پزیشکی یاخود فڕۆکەوانی. تاک زانیارییەکان بە هۆی زمانەوە وەردەگرێت، جا لە ڕێگای زمانی ئاخاوتن بێت، یان لە ڕێگای زمانی نووسینەوە بێت، هەندێک جاریش لە ڕێگای هەردووکیانەوە دەبێت.

**٣- ئامادەکاریی پیشەیی:**

پیشە چوارچێوەی تیۆری و زانیاری و خاسیەتی تایبەت بەخۆی هەیە، بە ئەنجامگەیاندنی هەر پیشە و کارێک پێویستی بە ئامادەکاری پێشوەختە هەیە، بۆئەوەی

پیشەوەران ئاشنابکات بە زانیاری و تایبەتمەندییەکانی پیشەکە و شارەزاکردنیان لێی. ئامادەکردنی پیشەوەران بۆ زۆرێک لە پیشەکان پێویستە لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکی زانستی بێت کە پلەیەکی زانستی بەرزی هەبێت وەکو بەشەکانی پزیشکی و ئەندازیاری کە پێویستییان بە خوێندنە لە ئاستێکی بەرزی وەکو زانکۆ. بەڵام پیشە دەستییەکان پێویستییان بە ڕاهێنانی مەیدانی هەیە لە مەڵبەندەکانی ڕاهێنانی پیشەیی (ذیاب البداینة، ٢٠٠٠: ٩٤)، ئەمە لەکاتێکدا هەندێک پیشەی وەکو جوتیاری و ئاژەڵداری زیاتر لە باووباپیرانەوە فێردەبین و جۆرێک لە گوێزانەوەی پشتاوپشتی تێدا بەدی دەکرێت.

**٤- ڕێکخستنی پیشە:**

پیشە جیاوازەکان بەشێوەیەکی گشتی پێویستییان بە ڕێکخستن هەیە، جا ئەمەش لەڕێگای دامەزراوەیەکەوە دەکرێت کە سەرپەرشتی کارمەندانی دەکات و پێی دەوترێت؛ وەزارەت، کۆمەڵە... و سەندیکا، یاخود لە پیشە سەربەخۆکاندا لەڕێگای کەسانێکی شارەزا یان سەرکارێک و وەستایەکەوە ئەم ڕێککارییە ئەنجام دەدرێت.

**٥- هەڵسوکەوتی پیشەیی:**

ئەگەر سەرنج بدرێت، ئەوە شتێکی ئاشکرایە پیشە جیاوازەکان هەریەکەیان خاوەنی کۆمەڵێک ڕەفتار و هەڵسوکەوتی پیشەیی تایبەتمەندن، کە بەهۆیەوە دەناسرێنەوە و ئەندامەکانیان پێیانەوە پابەندن. بەمەش پیشەکان لە یەکتری جیاواز دەردەکەون و تایبەتمەندی خۆیان وەردەگرن. پیشەوەرەکانیش ئەم ڕەوشتانەیان تێدا ڕەنگدەداتەوە و شێوازی تایبەت بەخۆیان دەبێت لە ئاخاوتن و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیان. بۆنموونە ئەو کەسانەی پیشەیان ئاژەڵدارییە بە کۆمەڵێک هەڵسوکەوت و ڕەفتار کە لە بەرگدروێک یاخود زێڕینگرێک جیادەکرێتەوە، جا ئەو ڕەوشتە زمانی بێت یاخود نا زمانی بێت.

**٦- ڕووکاری گشتی پیشە:**

ئەو گۆڕانە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی بەسەر کۆمەڵگاکاندا دێت، یەکبوونێکی گشتی بەڕووکاری پیشە دەبەخشێت، چونکە گۆڕانی کۆمەڵگا واتە گۆڕانی پیشە[1]. ئەمە بەجۆرێکە کە زۆرێک لە پیشەکان جل و بەرگی یەکپۆشی و جیاواز لە پیشەکانی تریان بەسەر خاوەن پیشەکاندا سەپاندووە. وەک جل و بەرگی سەربازی، پزیشکی، کارمەندی هۆتێل و... چەندانی تر. دەکرێ ئاماژە بەوە بکرێ کە ئەمە زیاتر لە پیشە فەرمییەکان و شارنشینەکاندا دەبینرێت، نەک لە پیشە ئازاد و دێنشینەکانی، وەک؛ پیشەی بازرگانی و ئاژەڵداری... هەرچەندە ئەمانیش چەندین تایبەتمەندی لەشێوازی جل و بەرگ و هەڵسوکەوتیان بەدیدەکرێت و پێی دەناسرێنەوە لەناو پیشەکانی تر.

**٨/٢) ڕەوشت و ئاکاری پیشەیی:**

ڕەوشت شتێکی نا بەرجەستە و واتاییە، واتە پێڕەوی ئاکاریی لە کۆمەڵدا پێڕەوێکی کۆمەڵایەتی نەنووسراوە و تەنها لە هزری تاکەکانی کۆمەڵگادا بوونی هەیە. ڕەوشت بەدوای ئەوەدا ناگەڕێت کە هەیە، بەڵکو بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت، کە دەبێت شتەکان چۆن بن (شاخەوان جەلال، ٢٠١٣: ٧١) و هەڵسوکەوت و ئاخاوتنی تاکەکان بەچ شێوازێک بێت تاکو لە کۆمەڵگادا پەسەندبێت و بە ئاکارێکی بەرز لە قەڵەم بدرێت. ئەم پێڕەوە پێوەرییەش بەپێی کۆمەڵەکان دەگۆڕێت و جیاوازی دەکەوێتە نێوان بنەماکانی، تەنانەت لەناو یەک کۆمەڵیشدا بەردەوام لە گۆڕاندایە و بەرەو بەها نموونەیی و بەرزەکان هەنگاو دەنێت.

هەرچی سەبارەت بە پیشە و ئاکاری پیشەییەوە هەیە، زۆرجار لە کۆمەڵگای کوردیدا لەگەڵ ڕەوشتی کەسایەتیدا تێکەڵ دەکرێت. ئەمەش شتێکی نازانستی و نا دروستە، چونکە

---

[1] پ.د. یوسف شەریف، چاوپێکەوتن: ٢٠١٦/١٠/٢٣

ئەم دووانە هەریەکەیان لەویتر جیاوازە و بەجیاو لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا مامەڵە لەگەڵ هەریەکێکیاندا دەکرێت.

تاک سەربەستە لە ژیانی تایبەتی خۆیدا بە چ شێوەیەک ڕەفتار دەکات و چۆن سەیر دەکرێت لەلایەن کۆمەڵگاوە، بەڵام لە پیشەکەیدا پێویستە لەچوارچێوەی دیاریکراوی پیشەکەی دەرنەچێت و پابەندبێت بە ئاکاری پیشەکەیەوە (الأخلاق المهنية – ڕەوشتی پیشەیی).

بۆ نموونە ئەگەر بڵێین: دلێر ( بە ئەخلاق، بێ ئەخلاق، بێ ڕەوشت، بێ ئەدەب،...) ە ئەمە زیاتر لایەنی کەسایەتی و ڕەوشتی کەسەکە لەژیانی تایبەتیدا دەگریتەوە بەڵام کاتیک دەوترێت: دلێر فیتەر (بە ئەخلاق، بێ ئەخلاق، بێ ڕەوشت، بێ ئەدەب،...) ە ئەوا لایەنی شاکاری پیشەیی دەگرێتەوە، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی نازناوی پیشەییەوە لەگەڵ ناوەکەی دەردەکەوێت (شاخەوان جەلال، ٢٠١٣: ٧٣).

## ٩/٢) زمان و پیشە (پەیوەندی، کاریگەری)

زمان وەک ئامراز و چالاکییەکی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی گرنگ لە نێوکۆی بونیادی کۆمەڵگادا دەبینێت، ئەم ڕۆڵەشی کە دەیبینێت تەنها لە چوارچێوەی ڕەهەندێک یان لایەنێکدا نابێت، بەڵکو خۆی لەنێو هەموو لایەنە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکاندا دەبینێتەوە[١]. یەکێک لەو ڕۆڵە گرنگانەی کە زمان دەیبینێت؛ ئەوا لەڕاستیدا ئێمە گوزارشت لەکار و پیشە جۆراوجۆرەکان دەکەین. ئەمەش زۆرجار لەکاتێکدا دەبێت کە ناچارین ئەوە بۆ دەوروبەرەکەمان ڕوونبکەینەوە بەزمانی ئاخاوتن، کە ئەوکارەی خەریکین ئەنجامی دەدەین چییە؟ لەهەمان کاتدا پەیڕەوکردنیشی هەر بە زمان دەبێت (ڕەحیم سورخی، ٢٠١٣: ٣١) بۆ

---

(١) ئەم ڕۆڵانەی زمان لەکاتی باسکردنی ئەرکەکانی زماندا زۆر بەجوانی بەدیاردەکەون و کە خۆیان لە ئەرکە (مایکرۆیی و ماکرۆیی) ەکاندا دەبینەوە.

نموونە؛ کاتێک کەسێک هەوڵدەدات کارێک بە ئەنجام بگەیەنێت و هاوکارەکەی بەشداری جێبەجێکردنی پیشەکەی لەگەڵدا بکات، ئەوا ناچار دەبێت زمان بەکاربهێنێت بۆ ئەم چالاکییە، وەک ئەوەی کەسێک بە یەکێکی تر (هاوکارەکەی، کرێگرتەکەی، شوانەکەی،...) دەڵێت: ئادەی مەڕەکان ببە قەدپاڵی ئەو گردە بیان لەوەڕێنە، دەبینرێت، لێرەدا زمان بە زۆرەملێ دێتە ناوەوە بۆ بە ئەنجامگەیاندنی چالاکییەک (پیشەیەک)، واتە؛ زمان بەکارهێنان هەمیشە چالاکە و بەردەوام سەرپەرشتیکردنی کارێکی لە ئەستۆدایە و تێیدا بەشدارە.

لێرەدا جۆرێک لە پەیوەندی لە نێوان پیشە و زمان دەردەکەوێت، بەوەی پیشە وەک چالاکییەک و ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی خۆی دەنوێنێت، لەبەرامبەریشدا زمان کاتیک لەناو کۆمەڵگادا سەیر دەکرێت، ئەوە بەڕوونی دەبینرێت کە خۆی لەچوارچێوەی واتای فەرهەنگی و فۆڕمی ڕزگار دەکات، بەوەی تەنها گوزارشت لە دەربڕینی فۆڕمێکی دەنگی دەکات، و گوزارشت لە کۆمەڵایەتی بوونی خۆی دەکات و لەنێو کار و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا خۆی دەبینێتەوە، پیشەش یەکێکە لەو کارو چالاکییە کۆمەڵایەتییانەی کە زمان ڕۆڵێکی گرنگ لە هەڵسوڕانیدا دەگێڕێت.

زمان گرێدراوی ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانە، بەهەمان شێوە پیشەکانیش گرێدراوی ئەو ڕێسا کۆمەڵایەتییانەن هەردووکیان پێکەوە تەواوکەری یەکترین لەناو کۆمەڵگادا و کاریگەری دوولایەنەیان لەسەر یەکتری ڕوون و ئاشکرایە [١].

لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییە پتەو و کاریگەرەی نێوان زمان و پیشە، بێگومان جۆرێک لەکارلێک و کاریگەری لەنێوانییاندا دەردەکەوێت. وەکو لە پێشتردا باسکرا زمان لەوەدا کاریگەری لەسەر پیشە هەیە، کە سەرجەم کار و پیشە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێگای زمانەوە دەردەبڕێن، هەر بەهۆی زمانەوە دەتوانرێت کەرەستەو ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوون و گواستنەوەی زانیاری نێوان خودی پیشەوەران (بەشداربووان) بە ئەنجام بگات و لەم ڕێگایەوە پیشەکان لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە، هەروەها پێشکەوتن و

---

(١) پ.ی.د. ڕەحیم سورخی، چاوپێکەوتن: ٢٠١٦/٤/٢٧.

بەرەو پێشچوونی سەرجەم پیشەکانیش هەر لەڕێگای زمانەوە دەبێت چونکە بیرۆکە و داهێنانەکانی بۆ ئەم کارە چالاک دەبن و سەرهەڵدەدەن لەڕیگای زمانەوە گوزارشتیان لێ دەکرێت و دێنە دنیای واقیع و بواری جێ بەجێکردن.

لەلایەکی ترەوە تێبینی ئەوە دەکرێت کە پیشە لەوەدا کاریگەری لەسەر زمان هەیە، کەوا دەتوانێت:

١- فەرهەنگی گشتی زمان دەوڵەمەند بکات.

٢- وشەو زاراوەی نوێ بخاتە ناو زمانەوە.

٣- پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی نێو پیشە جیاوازەکان بخاتەڕوو.

٤- پێگەی زمانی جیاواز لە پیشەی جیاوازدا دەربکەوێت.

٥- شێوازی ئاخاوتنی جیاواز (زمانی پیشەیی) دێنێتە کایەوە، کە لەنێو زمانە گشتییەکەدا دەردەکەون.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە و لەم لیکۆڵینەوەیەدا جەختی دەخرێتە سەر زمانی ئاخاوتنی پیشە جیاوازەکانە لەنێویاندا بەتایبەتی ئەو پیشانەی دەکەونە سنوری ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لە بەشی سێیەمدا ئاماژەیان پێدەکرێت.

## ١٠/٢) زمانی پیشەیی (دەروازە)

پیشە یەکێکە لەو هۆیە کاریگەرانەی دەبێتە ئەگەری پەیدابوونی شێوازی زمانی تایبەت. شتێکی ئاشکرایە لەهەر کۆمەڵگایەکدا، پیشە و کاری جیاواز هەیەو تاکەکانی ناو ئەو کۆمەلگایەش هەریەکەیان سەر بە گروپیکی پیشەیی دیاریکراون، بۆنموونە (پزیشکی، جوتیاری، ئاژەڵداری، فیتەری،...) هەر پیشەیەک لەو پیشانەش خاوەنی ڕەفتاری زمانی و نا زمانی تایبەت بەخۆیەتی، (بێریڤان محەمەد، ٢٠١٠: ٤٣) مەبەست لە زمانی تایبەت زمانی پیشەییە و هەموو ئەو شوە و زاراوانە، شێوازی ئاخاوتن، هەڵسوکەوتی زمانی، دەربڕینی

تایبەت لە پیشەکە دەگرێتەوە، کە لە کۆمەڵگایەک بۆ یەکێکی تر و لە پیشەیەک بۆ پیشەیەکی تر دەگۆڕێت و کاریگەری دەخاتە سەر زمانی ئاخاوتنی پیشەوەران (بەشداربووانی) پیشە جیاوازەکان.

### ٢/١٠-١) زمانی پیشەیی (زاراوە):

زمانی پیشەیی بە (Jargon) دەناسرێت. ئەم زاراوەیە لەزمانی فەرەنسییەوە وەرگیراوە، یەکەمجار لە سەدەی سێزدەدا لە چاپەمەنییەکان بە واتای (نادیار) یاخود (لێڵ) بەکارهات، کە ئێستا لە زمانی ئینگلیزیدا بەواتای زمانی (تەمومژاوی، نادیار و تایبەت) لەبوارێکدا بەکاردێت.

لە سەرەتای سەدەی شازدەدا زاراوەی (کێنت – cant) سەریهەڵدا بۆ زمانی پیشەیی کە بە واتای شێوازی ئاخاوتنی قەرەجەکان بەکاردەهات. بەرامبەر ئەم زاراوانە پەیڤی (ئارگۆت – argot) لە بواری زمانی پیشەیی بەکاردەهات. لێرەدا ئەوە دەبینرێت کە تێکەڵییەک هەبوو لە بەکارهێنانی زاراوەکاندا، ئەمە لە کاتێکدا هەموویان بۆ مەبەستی (لێڵی لەزماندا) بەکاردەهاتن.

دواتر زاراوەی (زمانی لاوەکی) بەرامبەر بەدیالێکتی کۆمەڵایەتی پیشەیی (زمانی پیشەیی) پەیدابوو، هەموو زاراوەکانی تری لەخۆ دەگرت. (بێریڤان محەمەد، ٢٠١٠: ٤٤).

### ٢/١٠-٢) زمانی پیشەیی (پێناسە و تێڕوانین):

زمانی پیشەیی چەندین پێناسەی جیاواز و جۆراوجۆری بۆ کراوە کە مەبەست لە هەموویان ناساندنی ئەو زمانەیە کە گروپێکی پیشەیی لەنێوخۆیاندا ئاخاوتنی پێدەکەن. لێرەدا هەندێکیان دەخرێنەڕوو ؛ (ئادریان ئەکمجیان و ئەوانی تر، ١٣٧٣: ٢٢٩) لەم بارەیەوە دەڵێن: هەر پیشەیەکی تایبەتی و دیار زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە، کە پێویستییەکانی پیشەکەی پێ

جێبەجێدەکرێت، بەم زاراوە و شێوە ئاخاوتنە دەوترێت (زمانی پیشەیی)، زۆرجار زمانی پیشەیی بە دیالێکتی پیشەیی دەناسرێت و بەوە پێناسە دەکرێت، هەر پیشەیەک خاوەنی شێوازی ئاخاوتنی خۆیەتی، بەهۆیەوە لەگەڵ ئاخاوتنی پیشەکانی تر جیادەکرێتەوە بۆنموونە ؛ پیشەکانی پزیشکی، ئەندازیاری، فیتەری، زێڕینگری، جوتیاری... و ئاژەڵداری هەریەکەیان کۆمەڵێک وشە و زاراوە بەکاردەهێنن کە تایبەتە بە ئاخاوتنی خۆیانەوە. (سەلام ناوخۆش، ٢٠٠٩: ٧١). واتە دەکرێت بوترێت ؛ هەموو ئەو تایبەتمەندییە زمانییانە دەگرێتەوە کە لەلایەن خاوەن پیشە جیاوازەکانەوە بەکاردەهێنرێت و لەڕێگایانەوە پەیوەندی نێوان هەموو ئەو کەسانە دەبەسترێت کە خاوەن ئەو پیشەیەن (عەبدولمەناف ڕەمەزان، ٢٠١١: ٢٦).

بەشێوەیەکی گشتی زمانی پیشەیی هەموو ئەو وشە و زاراوانە[١] دەگرێتەخۆ، کە تایبەتن بە بوارێکی پیشەیی یان پسپۆرییەکی دیاریکراو، سەرەڕای ئەمەش شێوازی قسەکردن و پەیوەندی زمانی تایبەت بە پیشەکان دەگرێتەوە.

## ٣-١٠/٢) زمانی پیشەیی (بەکارهێنان، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی)

سەرەڕای ئەوەی زمانی پیشەیی پیشاندەری گروپێکی پیشەیی دیاریکراوە. بەهەمان شێوە بۆ چەندین مەبەستی تری کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنرێت و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر دەبینێت، کاتێک لەلایەن ئاخێوەرانەوە بەکاردەهێنرێت، جا ئەو ڕۆڵ پێبەخشینە مەبەستدار و ئامانجداربێت، یاخود بەبێ ئاگایی ئاخێوەر بێتەکایەوە، هەرشتێکی دروستە. بەکارهێنانەکان و ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییانەی زمانی پیشەیی دەیبینێت زیاتر لەمانەی خوارەوەدا دەردەکەون:

١- زۆرجار دەکرێت زمانی پیشەیی وەکو زمانێکی تەمومژاوی بەکاربێت لەلایەن ئاخێوەرانەوە شاردنەوەی بابەتێک لە کەسانی تر بە مەبەستێکی دیاریکراو. نموونەی ئەمە

---

([١]) واتای ئەم وشە و زاراوانە بۆ خەڵکانی تر (ئەندامانی گروپی پیشەیی جیاواز یاخود پسپۆری دوور لەمان) زۆرجار ڕوون و ئاشکرانین و کەسانی تر لە زمانی ئاخاوتنیان تێناگەن.

زیاتر لە زمانی پزیشکەکاندا دەبینرێت. زۆرجار پزیشکەکان لەنێو خۆیاندا (کارمەندانی تەندروستی) بە زمانی پیشەیی دەدوێن، بەتایبەتی کاتیک باسی بابەتێکی پزیشکی دەکەن یاخود دەربارەی نەخۆشییەکی ترسناکی نەخۆشێک دەدوێن، تاکو نەخۆشەکە و کەس و کارەکەی تینەگەن.

٢- دەکرێ وشە و زاراوەکانی زمانی پیشەیی بەکاربهێنرێن بۆ سوککردن و جوانکردنی زمانی ئاخاوتن، یاخود لەبری ئەو وشە و زاراوانە بەکاربهێنرێن کە تا ڕادەیەک واتایەکی تابۆ[١] دەبەخشن یان واتایەکی ناخۆش و ترسناکیان هەیە. بۆنموونە لە بری وشەی (مردن) وشەکانی (ئەمری خوای کرد، ئەمانەتەکەی تەسلیم کرد، گیانی سپارد، چۆوە بەر دلۆڤانی خودای گەورە) یاخود لە بری وشەی (سەقەت، نوقستان) دەستەواژەی (خاوەن پێداویستی تایبەت) بەکاردێت.

٣- بەکارهێنان و زانینی وشە و زاراوەکانی هەر زمانێکی پیشەیی لەلایەن ئاخێوەرەوە نیشانەی ئەندامبوونییەتی لەو گروپە پیشەییە. بەمەش پیشەوەرانی (بەشداربووانی) هەر پیشەیەک بەهۆی ؛ شێوازی ئاخاوتنی تایبەت، وشە و زاراوەی تایبەت و زۆرجار جل و بەرگی تایبەت، هەست بە یەکگرتن و هاوسۆزییەک بۆ کۆمەڵیەکی زمانی دیاریکراو دەکەن. (هدسن، ١٩٨٧: ٤٨٢).

٤- گرنگترین کار کە لە جۆراوجۆری زماندا بەدی دەکرێت ئەو وشە و زاراوانەن کە لە پیشە جیاوازەکاندا بەکاردێت دەبێتەهۆی دەوڵەمەندکردنی زمان لەڕووی وشە و زاراوەوە.

---

(١) تابۆ: بریتییە لە قەدەغەکردن یان دوورکەوتنەوە لە هەر کۆمەڵگایەکدا لەو بیروبۆچوون و ڕەفتارە زمانی و نا زمانییانەی، کە ببنەهۆی زەرەر گەیاندن بە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە و ئەندامانی دەخاتە دوودڵی و ڕاڕاییەوە، یان ئەندامانی تووشی خەم و دڵتەنگی و شەرم لەخۆکردن دەکات، واتە؛ ئەو دەربڕاوە زمانییانە دەگرێتەوە کە لەڕووی کۆمەڵایەتی و کەلتورییەوە دەربڕینییان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ شیاونییە و پێیان دەوترێت تابۆ(taboo). (شاخەوان، ٢٠١٣: ١٣١).

## ١١/٢) جۆرەکانی پیشە و بنەمای پۆلینکردنیان

زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگا ڕۆژانە خەریکی ئەنجامدانی پیشەیەکی دیاریکراون یاخود بەدوای کار و پیشەیەکی گونجاودا دەگەڕێن بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانییان، بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگاکانیش لە هەوڵی ئەوەدان، زۆربەی ئەندامەکانیان خاوەن پیشە بێت و بێ کارنەبێت. کەواتەهەر کۆمەڵگایەکی سەیری بکەیت چەندین پیشەی جیاواز و جۆراوجۆری تێدا دەبینیتەوە بەپێی پێویستی کۆمەڵگاکان و جیاوازی توانا و پسپۆری تاکەکان.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم پیشە جیاوازانە چەندین پۆلین و دابەشکردنی جۆراوجۆری بۆکراوە لەلایەن شارەزایانەوە[1]، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زۆرێک لە توێژینەوەکان پیشەکانیان دابەشی سەر دووبەشی سەرەکی کردووە، کە ئەوانیش (پیشە فەرمییەکان) و (پیشە نافەرمییەکان – ئازادەکان) ن.

---

(١) یەکەمین تۆمارکردنی جۆری پیشەکان لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، لە ساڵی (١٨٢٠) دا ئەنجامدراوە، کاتیک زانیاریان کۆکردۆتەوە دەربارەی ئەندامانی خێزان بۆ ئەوانەی کۆیلەن و ئەو کەسانەی لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی. لە وڵاتانی عەرەبیش لە پۆلینی پیشەکاندا پێنج ئاستیان دیاریکردووە.

١- کارە سنووردارەکان: ئەو کارانە دەگرێتەوە کە شارەزاییەکی سنوورداریان پێویستە وەک، کاری کشتوکاڵی.
٢- کاری دەست ڕەنگینی: ئەو کارانە دەگرێتەوە، کە پێویستیان بە کۆمەڵێک شارەزایی و ڕاهێنان هەیە وەک، کاری نەخش و نیگارکێشان.
٣- کرێکارە پیشەییەکان: ئەمجۆرە پیشانە پێویستیان بە هەبوونی شارەزایی پیشەیی هەیە وەک، میکانیکی ئۆتۆمبێل (فیتەر).
٤- هونەرییەکان: پێویستی بە شارەزایی و زانیاری زانستی و هونەری و کارگێری هەیە، وەک: ئەندازیاری.
٥- پسپۆرییەکان: ئەم پیشانە پێویستی بە توانایەکی بەرز لە شارەزایی زانستی، هونەری، سەرکردەیی هەیە، وەک: پزیشکی. (ڕزگار ڕەسول، ٢٠١٥: ١٩).

لە هەندێ سەرچاوەی تریشدا بە پێی پیشەکان چینەکانییان پۆلین کردووە بۆ سێ توێژی جیاواز وەکو:-

١- چینی ناوەندی کۆن: کە بریتین لە خاوەن سەرمایە بچووکەکان، خاوەنی فرۆشگا ناوچەییەکان،... و جوتیارە بچووکەکان.
٢- چینی ناوەندی سەروو: لە بنەڕەتدا لەو کەسانە پێکدێت، کە خاوەنی پیشەکانی بەڕێوەبەرایەتی و پسپۆرین.
٣- چینی ناوەندی خواروو: ئەو گروپە پیشەییانە دەگریتەوە، کە خاوەنی پێگەو پایەی گونجاوترن، وەکو ئەو تاکانەی خاوەن کارێکی کارگێری، فەرمانبەرە بچووکەکان.... و مامۆستاکان. (محەمەد شوانی، ٢٠١٢: ٣٧).

**١١/٢-١) پۆلینکردنی پیشەکان لە ڕوانگەی ئەم لێکۆلینەوەیەوە:**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا جەخت دەخرێتە سەر دابەشکردن و پۆلکردنی پیشەکان، بەپێی ژینگەکەیان لە کۆمەڵگادا، لە کۆمەڵگای کوردیدا ژینگەی پیشەکان خۆیان لە پیشەکانی (کۆمەڵگای شارنشین) و (کۆمەڵگای دێنشین) دا دەبیننەوە. کە لە خوارەوە بەشێوەیەکی ڕێک و پوخت دەرکەوتە و سیماکانی ژیانی تاکەکانی هەردوو کۆمەڵگاکە دەخریتەڕوو، باسی فەرهەنگی زمانییان دەکرێت و دواتریش پۆلینی پیشەکان دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی ئەو پیشانە دەستنیشان دەکرێت کە لە زمانی ئاخاوتنییان دەکۆڵرێتەوە.

**١١/٢-٢) پۆلینکردنی پیشەکان:**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا جەخت دەخرێتە سەر پۆلینکردنی پیشەکان بە گوێرەی گروپە پیشەییەکانی (دێنشین) و (شارنشین) کە بریتین لە:

**١- گروپە پیشەییەکانی دێنشین:**

پیشەی دێهاتەکان پیشەی نا فەرمی و ئازادن، کە زیاتر خۆیان لە پیشەکانی (ئاژەڵداری، کشتوکاڵکردن) دا دەبیننەوە، جگە لە پیشە لاوەکییەکانی وەک: ڕاووشکار، پیشە دەستییەکانی (ڕستن و چنین و دروستکردنی بەڕ و جاجم، دروستکردنی کەل و پەل و ئامرازەکانی ناوماڵ)، دەکرێت ئاماژە بەوەش بدرێت کە ئێستا هەندێ لە پیشەکانی شار گوازراوەتەوە بۆ ناو دێهاتەکان، وەکو پێویستییەکی ڕۆژگاری ئەمڕۆ لەوانە: سەرتاش و پزیشک... و مامۆستا.

**٢- گروپە پیشەییەکانی شارنشین:**

بە هەمان شێوە لە شاریشدا چەند گروپێکی پیشەیی دەبینرێن کە گرنگترینیان ئەمانەن:

**أ- گروپی پیشە فەرمییەکان:**

ئەم گروپانە سەرجەم فەرمانبەران و مووچەخۆرانی میری دەگرێتەوە، کە دەتوانرێ بەپێی وەزارەت و فەرمانگەکان پۆلین بکرێن وەک: وەزارەتی پەروەردە، تەندروستی،

شارەوانی... پێشمەرگە. ئەمە وەکو پۆلینکردنێکی سەرەکی لەناو ئەم پۆلینەشدا دەکرێ پۆلینێکی لاوەکی و تایبەتی بکرێن، بەپێی بڕوانامە و ناونیشانی پیشەکەیان، وەک: ئەندازیار، مامۆستا، پۆلیس، شوفێر،... و پزیشک.

**ب- گروپی پیشە ئازادەکان:**

ئەم گروپانە سەرجەم پیشە ئازادەکان دەگرنەوە، کە مووچەخۆری میری نین و کاری ئازاد دەکەن، وەک: بازرگان، دوکاندار، ئاسنگەر، سەرتاش، زێڕینگر، بەرگدروو،... و فیتەر. (عەبدوڵڵا حوسێن، ٢٠١٥: ١٦٣).

### ١١/٢-٣) سیماکانی ژیان و زمانی تاکی دێنشین و شارنشین (خستنەڕوو، جیاوازی)

١- ژیانی ڕۆژانەی هەر تاکێکی کۆمەڵگای دێنشین، هاوشێوەی تاکەکانی ترە. بەشێوەیەکی گشتی هاوپیشە و هاوبیر و هاوڕەفتار و... هاوجۆرن. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاکەکان ژینگەی پەروەردەبوونیان سنووردار و هاویەکە و بەزۆری هەموویان بەیەک پیشەی دیاریکراو خەریکن و بەزۆری بەیەکەوەن، بەڵام ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵگای شارنشین پێچەوانەیە و زۆر کەم هاوشێوەی یەکترن، چونکە ژمارەی پیشە جۆراوجۆرەکان زۆرە. تەنانەت لەناو یەک گروپی هاوپیشەی، وەک فەرمانبەران، مامۆستایان، زێڕینگران... بەڕێژەیەکی کەمتر لە تاکەکانی دێنشین هاوبیری و هاوڕەفتاری و هاوپیشەییان تێدا دەبینرێت.

٢- خەڵکی دێهاتەکان بە زۆری بە کار و پیشەی کشتوکاڵکردن یان ئاژەڵداری، یاخود هەردووکیانەوە خەریکن، ڕەنگە هەندێ جاریش بەهەندێ پیشەی کاری دەستی و دروستکردنی جاجم و بە تەون و ڕستن و چنین بۆ ئافرەتان و کڵاشی دروستکردن وناڵچی و ئەمجۆرە کارانە بۆ پیاوان خەریکبن. بۆیە سامانی زمانییان لە وشە و چەمک و دەربڕینەکان کەمتر لەم تەوەرانە دەردەچێت. تەناەت زۆربەی وشە و زاراوەکانیش ڕەسەن

و پەتی و دێرینن و مۆرکی کولتوری کوردەوارییان پێوە دیارە[1]. (عەبدوڵڵا حوسێن، ٢٠١٥: ١٦٠) بەڵام هەرچی خەڵکی شارەکانن بە چەندین پیشەی جیاواز و جۆراوجۆرە خەریکن، بەهۆی جەنجاڵی و پێداویستی زۆری خەڵکی چەندین پیشە و پسپۆری لە شارەکاندا پەیدابووە و بەردەوامیش لە گۆڕان و پێشکەوتن و زیادبووندان[2]. بۆیە دەبینرێت سامانی زمانی تاکەکانی شارنشین لە وشە و زاراوە و دەربڕینەکاندا لە چەندین بوار و تەوەری جۆراوجۆردا خۆی دەبینێت، جگە لە وشە فەرهەنگییە گشتییەکانی ڕۆژانە چەندین وشە و زاراوەی تایبەتی پیشەکانی تریش دەزانن بەهۆی پێویست بوونیان بە یەکتری. تەنانەت تێبینی ئەوەش دەکرێت، کە زۆرێک لە وشە و زاراوەکانیان بێگانەن و کەمتر مۆرکی ڕەسەنایەتی کولتوری کوردییان پێوەدیارە.

٣- بەهۆی ئەوەی تاکەکانی دێنشین بەهەردوو ڕەگەزەوە، لەگەڵ کازیوەی بەیانیدا ڕوو لەکارکردن دەکەن و خەریکی ئیشی کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، بێریەوانی، مەشکەژەنین... و دۆشینن. بەزۆری ڕۆژانە بە تەنیان و لەشوێنێکدا خەریکی کارکردنن. واتە ؛ ڕادەی تێکەڵبوونی لەگەڵ خەڵکیدا سنووردارە و کەمتر قسەدەکات و قسە دەبیستێت. بەشێوەیەکی گشتی سامانی زمانییان سنووردار دەبێت، لەڕووی وشە فەرهەنگییەکان ، بەڵام هەرچی تاکەکانی شارنشینە ڕۆژانە کە دەچنە سەر ئیشەکانیان و بە خۆویست و خۆنەویستانە جۆرە تێکەڵاوییەکی زۆر و بەردەوامییان لەگەڵ دەوروبەرەکەیاندا هەیە. چونکە هەرتاکێک بە ناچاری و ڕێژەی جیاواز، بە بەردەوامی پێویستی بە زۆربەی تاکەکانی گروپە پیشەییەکانی ترە. بۆنموونە، هەر تاکێک هامووشۆی بازاڕ، شوێنی پیشەسازی، شوێنی تەندروستی،

---

([1]) ئێستا بەهۆی شۆڕشی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنەوە زۆربەی ئامێر و کەرەستەکانی ئەم پیشانەش گۆڕانییان بەسەرداهاتووە بەمەش وشە و زاراوەکانی ئەمانیش وشەی بێگانەی تێکەوتووە و تاڕادەیەک لە وشە و زاراوەی ڕەسەنی کوردی دوورکەوتوونەتەوە.

([2]) دەبینین پێشتر لە شارەکاندا ئەو پیشە و پسپۆرییانەی هەبوون زیاتر گشتگیربوون، بەڵام ئێستا پیشە و پسپۆرییەکان تادێت وردتر و زیاتر دەبن. بۆ نموونە پێشتر پزیشک، پزیشکی هەموو نەخۆشییەک بوو، بەڵام ئێستا پسپۆری ورد لە پزیشکیدا سەریهەڵداوە، بۆ نموونە هەر لە پزیشکی چاودا چەندین تایبەتمەندی پسپۆڕی هەیە، وەک: پسپۆڕی (تۆڕی چاو، گلێنە، ئاوی سپی.... و ئاوی ڕەش)

فێرگە... و پەرستگاکان دەکات[1]. ئەمەش تاکەکانی شارنشین بەڕێژەی جیاواز ناچار دەکات، کە بڕێکی پێویست و گونجاو لە فەرهەنگی زاراوەی هەموو گروپەکانی تر بزانن. بەمەش سامانی زمانییان دەوڵەمەند دەبێت لەڕووی فەرهەنگ و زاراوەوە (مفردات – Vocabulary). (عەبدوڵلا حوسێن، ٢٠١٥: ١٦٥)

(١) پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە ئەم هاموشۆکردنە لەلایەن تاکەکانی دێنشینیش دەبێت، بەڵام بەڕێژەیەکی زۆر کەمتر لە چاو تاکی شارنشین، کە هەر ئەمەش وادەکات سامانی زمانی هەژاربێت.

# بەشی سێیەم

# زمانی ئاخاوتنی هەندێ پیشەی جیاواز

**سەرەتا:**

یەکێک لەو ڕەهەندانەی مەبەستە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بخرێتەڕوو (پیشە) یە، پیشە وەک پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی خۆی لەم چوارچێوەیەدا دەبینێتەوە وشە و دەربڕاوە زمانییە جۆراوجۆرەکانی لەناو پرۆسەی ئاخاوتندا ڕەنگڕێژدەبێت.

ئاشکرایە، هەر پیشەیەک فەرهەنگ و وشە و زاراوە و دەربڕاوەی تایبەت بەخۆی هەیە و شێوازی ئاخاوتنی جیاوازی تێدا دەردەکەوێت، لەچوارچێوەی ڕەگەز و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتندا ڕەنگدەداتەوە.

ئەگەر سەیری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ژیانی کۆمەڵگای کوردی بکرێت، تێبینی ئەوە دەکرێت، دابەشی دوو پێکهاتەی جیاوازی (دێنشین و شارنشین) دەبێت. لە هەریەک لەم پێکهاتانەدا کۆمەڵێک پیشەی جیاواز و جۆراوجۆری تێدا بە دیدەکرێت، لەوانە: (کشتوکاڵی (جوتیاری)، ئاژەڵداری، پیشەسازی، بازرگانی، پزیشکی، کورەچی، کورتاندروو، زێڕینگری... و فیتەری).

لەم بەشەدا هەوڵدەدرێت زمانی ئاخاوتنی ئەو پیشە دیاریکراوانە[1] لە هەردوو کۆمەڵگای (دێنشین و شارنشین) دا بخرێتەڕوو. هەروەها شیکردنەوەی زانستییان لەچوارچێوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتیدا بۆ بکرێت، بەوەی هەر پیشەیەک لەو پیشانە سەرەتا بە چەند دێڕێک بناسێندرێت، دواتر چەند نموونەیەکی زمانی ئاخاوتنی وەردەگیرێت و بەپێی سێ تەوەری جیاواز شیدەکرێتەوە، کە ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- تەوەری یەکەم: بریتییە لە فەرهەنگی زمانی ئاخاوتنی پیشەکان، لێرەدا لەناو نموونەی ئاخاوتنەکاندا، فەرهەنگی وشە و زاراوەکانی پیشەکان وەردەگیرێت و ئاماژە بەلایەنی (کوردی بوون و کوردی نەبوونیان)، (ڕەسەنی و ناڕەسەنییان) دەکرێت.

---

([1]) پیشە وەرگیراوەکانی لێکۆڵینەوەکە ئەمانەن:

أ- پیشەکانی دێنشین: (کشتوکاڵی (جوتیاری)، ئاژەڵداری).

ب- پیشەکانی شارنشین: (پزیشکی، فیتەری).

٢- تەوەری دووەم: لەڕوانگەی شێوازەکانی ئاخاوتن شیدەکرێتەوە کە بریتیین لەو شێوازانەی لەم پیشانەدا دەردەکەون، ئەوانیش زیاتر ئەمانەن: (شێوازی ؛ دۆستانە، نارەسمی، پرس و ڕا) بەڵام بەپێی لایەنی دەروونی و هەڵسوکەوتی قسەکەر و گوێگر، لەناو ئەم شێوازانەدا چەندین شێوازی تری وەک: (گاڵتەئامێز،... و تورەیی و هەڕەشەکردن)، جگە لەم ڕەهەندانەی شێواز، ڕەهەندی گوتنی قەدەغەکراو تێیاندا بەدیدەکرێت.

٣- تەوەری سێیەم: لەم تەوەرەدا زمانی ئاخاوتنی پیشەکان لە ڕوانگەی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتندا شیدەکرێتەوە. ئەو پێوەرانەی کە لەم پیشانەدا جەختی دەخرێتە سەر ئەم پێوەرانەن:

أ- لەڕووی چۆنیەتی: (قسە پێبڕین، دەنگ بەرزکردنەوە).

ب- لەڕووی چەندێتی: (زۆر گۆتن، کەم گوتن).

جـ - لەڕووی کەسایەتی: (ڕاستگۆیی، درۆکردن).

جگە لەم پێوەرانەش ئاماژە بە پێوەری ئاخاوتنی (پرسیارکردن و زانیاری گەیاندن) دەکرێت و نموونەیان لێ وەردەگیرێت.

### ١/٣) ڕێ و شوێنی لایەنی کارەکی لێکۆڵینەوەکە:

### ١/٣-١) کۆمەڵگای لێکۆڵینەوەکە:

کۆمەڵگای لێکۆڵینەوە، بەشێوەیەکی گشتی، بریتییە لە کۆی توخم و زانیاریە سەرەتاییەکان و ئەنجامە بە دەستهاتووەکانی، کە لێکۆڵەر لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی تیۆری یاخود پراکتیکیدا پێی دەگات. کۆمەڵگەی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەروەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا بریتییە لە چوار پیشەی دیاریکراوی دێنشین و شارنشین لە کۆی گشتی پیشەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا.

**٢-١/٣) نموونه و داتای لێكۆڵینەوەكە:**

**١-٢-١/٣) نموونەی لێكۆڵینەوەكە بە ژمارەو ئامار:**

نموونەی لێكۆڵینەوەكە بریتییە لە (٨) هەشت نموونەی ئاخاوتنی جیاواز لە چوار پیشەی دیاریكراو لە كۆی پیشەكانی كۆمەڵگای كوردیدا، كە لە هەر پیشەیەكدا (٢) نموونە ئاخاوتنی جیاواز وەرگیراوە.

**٢-٢-١/٣) كۆكردنەوە و وەرگرتنی نموونەكانی ئاخاوتن:**

سەرجەم ئەو نموونانەی كە لەم لێكۆڵینەوەیەدا وەرگیراون سەرەتا بە شێوازی تۆماركردن (دەنگ، تەسجیل)كردنی نهێنی كۆكراونەتەوە و دواتر پرس و ڕا بە كەسەكان (فۆرمانتەكان) كراوە، بەوەی كە ئایا دەكرێت ئەو ئاخاوتنە تۆماركراوەی بە بێ ئاگایی ئەوان وەرگیراوە، وەكو كەرەستەی لێكۆڵینەوە بەكاربێت؟، ئەم دوو هەنگاوەش لە پێناو دوو ئامانجدا كراوە،ئەوانیش:

هەنگاوی یەكەم (تۆماركردنی نهێنی): لە پێناو ئەوەی تا ئاخێوەران بە شێوازی خۆیان بدوێن و ئاخاوتنەكەیان نەگۆڕن.

هەنگاوی دووەم (پرسكردن بە بەشداربووانی ئاخاوتن): ئەمەش تەنها لەبەر پاراستنی ئەمانەتی زانستی و مافی ئاخێوەران بووە.

## ٢/٣) پیشەکان و وەرگرتنی نموونەی ئاخاوتنیان و شیکردنەوەیان:

### ٢/٣-١) پیشەی کشتوکاڵکردن:

**ناساندن:**

مرۆڤ لە ئەنجامی پێویستییەکانی ژیانیدا بە چەندین پیشە و کاری جۆراوجۆر خەریک دەبێت، یەکێک لەو پیشانەی کە هەر لە دێرینەوە مرۆڤ ئەنجامیداوە بریتییە لە کشتوکاڵکردن. دەستپێکردن و دۆزینەوەی کشتوکاڵ لەوکاتەوە سەریهەڵداوە، کە مرۆڤ وردە وردە شارەزایی جۆرەکانی بەروبووم بوو.

بەهۆی گەڕان و پشکنین بەدوای خۆراکدا، بیرکردنەوە و تێڕامان لە دەوروبەری و درککردن بە پەیوەندی نێوان ڕووەک و دیاردە سورشتییەکان، پەیدابوونی کشتوکاڵکردنی لەلایەن مرۆڤەوە لێکەوتەوە. (شیلان ڕەحیم، ٢٠٠٤: ١٨)

دەکرێت بگوترێت، کشتوکاڵکردن لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە مانا فەرهەنگییە بەرتەسکەکەی کە چاندنی بەروبووم و کۆکردنەوەیەتی نایات، بەڵکو هەر لە کێڵان و تۆکردن و پەینکردن و چنینەوەی بەرهەم و دابینکردنی پێویستییەکانی کۆمەڵگا لەم بوارەدا، هەروەها سەرجەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان پیشەوەرانی بواری کشتوکاڵکردن دەگرێتەخۆی. (شۆخان عەزیز، ٢٠١٤: ١٠٣)

کشتوکاڵکردن مێژوویەکی دێرینی هەیە و بە کۆنترین پیشە دادەنرێت کە مرۆڤ ئەنجامی دابێت، بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان ؛ پێش (١١٠٠٠) یازدە هەزارساڵ بوونی هەبووە لەلایەن هۆزە نیشتەجێبووەکانی ئەم ناوچانە دۆزراوەتەوە[١].

سەبارەت بەم پیشەیە لە کۆمەڵگای کوردیدا پیشەیەکی دێرینە و، پاشماوەی کشتوکاڵکردن لە (چەرمۆ) ی نزیک شاری کەرکوک دۆزراوەتەوە، کە مێژووەکەی بۆ

(١) ( http://www.Mawdoo3.com )

سەردەمێکی دێرین دەگەڕێتەوە. بۆیە تا ئێستاش ئەم پیشەیە بەتایبەت لەناوچە دەشتایی و دێنشینەکاندا بوونی هەیە و، بە پیشەیەکی سەرەکی و گرنگی دانیشتووانی ئەم ناوچە دادەنرێت.

**٢/٣-١-١) نموونەی ئاخاوتنی یەکەم:**

**١- تەوەری یەکەم لەڕووی فەرهەنگەوە:**

لەم دەقە ئاخاوتنەی یەکەمدا کۆمەڵێک وشە و زاراوە بەکارهاتووە، کەتیایدا گوزارشت لەم پیشەیە دەکەن و لە پیشەکانی تر جیای دەکەنەوە، سەرەنجام هەریەک لەم وشە و زاراوانە دەچنە نێو فەرهەنگ و فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەکەن. لە خوارەوە گرنگترین وشە و زاراوەکان دەخرێتەڕوو و ڕەسەن و ڕەسەن نەبوونیان دیاریدەکرێت.

| وشـــــە | جۆرەکەی |
|---|---|
| دەغر | ڕەسەن |
| شینایی | ڕەسەن |
| تۆ تەماتە | ڕەسەن |
| شتر (شتل) [١] | ڕەسەن |
| بڕک | ڕەسەن |
| ئەنکۆر [٢] | بیانی |
| دەزگر [٣] | ڕەسەن |
| هەراشک (هەڵەشک) | ڕەسەن |

(١) وشەکە لە بنەڕەتدا لە وشەی (شتل) ی زمانی عەرەبی هاتووە و بەڵام بە کوردی کراوە و وشەیەکی چاڵاکە لەم بوارە.
(٢) ئەنکۆر: ناوی جۆرێکە لە تەماتە، وشەکە بیانیە.
(٣) ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا لە (دەست + ڕەگی گرتن) پێکهاتووە و گۆڕانی دەنگی بەسەرداهاتووە کە دەنگی (س) بە دەنگی (ز) گۆڕاوە

| | |
|---|---|
| قەترە | بیانی (قطرة) |
| گۆل (جۆگە) | ڕەسەن |
| زەرعات | بیانی (زراعة) |
| ئیجار | بیانی (الإیجار) |
| بیر ( بیری ئاو) | بیانی (بئر) |
| تاخم | بیانی (طاقم) |
| عەرد | بیانی (الأرض) |
| زورگ | ڕەسەن |
| دۆنم | ڕەسەن |
| مەڕەشە | بیانی |
| ئینج | بیانی (Inch) |
| گەنم | ڕەسەن |
| بڕشت | ڕەسەن |
| عەربە | ڕەسەن |
| یەک و سی و پێنج [١] | ڕەسەن |
| فەللاح | بیانی (الفلاح) |
| تەرەکتەر (تڕاکتۆر) | بیانی |
| ڕۆتەر | بیانی |
| باینجان | ڕەسەن |
| کەستەک | ڕەسەن |
| داس | ڕەسەن |
| کەلەم | ڕەسەن |

(١) واتە یەک عەربە (سی و پێنج) عەربە گەنمی کردووە.

| | |
|---|---|
| میراح[١] | ڕەسەن |
| شوان | ڕەسەن |
| چادر | ڕەسەن |
| پەرە (پەڵە) | ڕەسەن |
| جۆخین | ڕەسەن |
| خەرمان | ڕەسەن |
| گاڕان | ڕەسەن |
| دەڕاسە | بیانی |
| قەسەر | ڕەسەن |
| خێلۆک [٢] | ڕەسەن |
| کارک [٣] | ڕەسەن |
| تەزرەکوت | ڕەسەن |
| گەوارە | ڕەسەن |
| دارک | ڕەسەن |
| سندوق | بیانی (صندوق) |
| دوورینە | ڕەسەن |
| جەمەلۆن | بیانی |
| دارم | ڕەسەن |
| وێنجە | ڕەسەن |

(١) بەرخێکی نێرە لە دایکی جیا دەکرێتەوە و دەخرێتە بن کەرێک (گوێدرێژیک) ، واتە؛ کەرەکە دەبێتە دایکی بۆ ئەوەی کە گەورە بوو، بە دوای کەرەکە بکەوێت، لە هەمانکاتیشدا ڕانە مەڕەکە بە دوای ئەو دەکەوێت.
(٢) زەوییەکە ساڵی پێشوو تۆ و کرابێت و نەدورابێتەوە ئەمساڵ تۆ نەکرێت و دەغڵەکەی پاری لێ شین ببێتەوە.
(٣) تەماتەی پێنەگەیشتوو.

**٢- تەوەری دووەم: لەڕووی شێوازی ئاخاوتنەوە**

لەم دەقە ئاخاوتنەدا چەند شێوازێکی ئاخاوتن بەرچاو دەکەون، لێرەدا بەپێی گوتنەکانی بەشداربووانی ئاخاوتنەکە (قسەکەر، گوێگر) شێوازەکان دیاریدەکرێت.

بۆ نموونە لە گوتنی ؛

- **ئا١: کە دەڵێ: مام (....) ئـ.... دەغر، کورە، شینایی، یەعنی فەرقی هەیە لە پێش نەورۆزێ لێبدەی ؟ لە وەڵامدا**
- **ئا٢ ؛ دەڵێ: ئارێ وەڵڵاهی، دانی سبەینێ لەگەڵ دانی ئێوارێ فەرقی هەیە، وەڵڵا وەڵڵاهـ**

لەم گوتنەی نێوان (ئا١ و ئا٢) دا، شێوازی ئاخاوتنی (نافەرمی و پرس و ڕا) بەدیدەکرێت، چونکە قسەکەری یەکەم بە (کورە) بانگی قسەکەری دووەم دەکات، کە ئەمەش شێوازێکی نافەرمییە، لەهەمان کاتدا لەڕێگای ئاڕاستەکردنی پرسیار بۆ قسەکەری دووەم جۆرێک لە شێوازی (پرس و ڕا)ی تێدا بەدی دەکرێت.

لە گوتنێکی تردا:

- **ئا١: (........ ) زەرعاتیەکەی ؟**
- **ئا٢: گیان ؟**

لەم جووتە گوتنەی سەرەوەدا شێوازێکی تری ئاخاوتنی تێدا دەردەکەوێت، کە شێوازی (دۆستانە) یە، هەروەک لە دەربڕاوی (گیان) دا هەستی پێدەکرێت، چونکە بەکارهێنانی ئەم وشەیە لەنێوان خۆشەویستان و خزم و دۆست و هاوڕێیاندا زیاتر دەبینرێت.

شێوازێکی تری ئاخاوتن لەم دەقەدا دەبینرێت، ئەویش شێوازی (پرس و ڕا) یە. بۆ نموونە: قسەکەر پرسیار لە بارەی زەویەک دەکات کە دەیەوێ بزانێت ئەو زەوییەی کە کشتوکاڵی تێداکراوە (ئیجارە یان نیوەییە) هەروەک دەڵێت:

- **ئا١: ئیجارە یان ئەوەیە........ ؟**

- **ئا٢: نەء......... بە نیوەییە.**

لەم گوتنەدا ئاخاوتنەکە بەشێوەی پرسیار و وەڵام (پرس و ڕا) بەڕێوەچووە.

هەر لە چوارچێوەی ئەم دەقە ئاخاوتنەدا گوتنێکی تر بەرچاو دەکەوێت، کە تێیدا شێوازی ئاخاوتنی گاڵتە ئامێزی پێوە دیارە، ئەویش بریتییە لە گوتنی:

- **ئا١: ئەریٚ، مەلا ڕێبوار چ دەکا لە زراعەی ؟ دایم ئەوەندە کتابەی پێیە.**
- **ئا٢: ئەوە دەیەویٚ یەک فەللاحی نەهێلیٚ، لە تۆوە پێیدا هاتییە، دەستی بە هەمووی کردییە.......**

لێرەدا قسەکەری دووەم لە وەڵامی پرسیاری قسەکەری یەکەمدا بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز وەڵامەکەی داوەتەوە، دەرکەوتنی گوتنە گاڵتە ئامێزییەکەش لەوەدایە، کە بۆتە جێی پێکەنینی بەشداربووانی ئاخاوتنەکە.

هەندیجار دەکرێت لە ئاخاوتنی پیشەوەرانی کشتوکاڵی شێوازی جیاوازی تری وەکو شێوازی هەڕەشەکردن (توڕەیی) و گوتنی قەدەغەکراو ببینرێت.

بۆ نموونە، لە گوتنی:

- **کورە حەددی چییە ؟ ئەوە قەراری نۆهەتە، فیل ناتانی لێیان بستێنێتەوە.**

لەم گوتنەدا قسەکەری پێنجەم بەشێوەیەکی هەڕەشە ئامێز و توند وەڵامی قسەکەری پێشوو دەداتەوە، بەهۆی تەمەن و بوونی زانیاری لەسەر ئەو بابەتە.

هەروەها قسەکەری پێنجەم گوتنێکی تر دەردەبڕیت، کە لە کۆمەڵگادا بە ناپەسەند و قەدەغەکراو لە قەڵەم دەدرێت بۆ نموونە، دەڵێت:........ چووینە ناو دەغری، لەسەر ناوانیٚ سوراببوو، داکی ئەو گوندەی گابوو، بەس ئەو دەغرەی منی نەکوتابوو، ئەگەنا ئەوی دی تەخت کردبوو.

لەم گوتنەدا دەربڕاوی (داکی ئەو گوندەی گابوو) دەربڕینێکی قەدەغەکراوە لە کۆمەڵگای کوردیدا دەچێتە جۆری (تابۆی سێکسی).

**٣- لە ڕوانگەی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتنەوە**

بە گشتی لە ئاخاوتنی نێوان بەشداربووانی ئەم دەقە ئاخاوتنەدا، چەند پێوەرێکی کۆمەڵایەتی ئاخاوتن دەبینرێن، لێرەدا گرنگترین و دیارترین ئەو پێوەرانە بەپێی جۆری گوتنەکان دیاری دەکرین و ڕوون دەکرێنەوە، بۆ نموونە:

- **ئا١: یەعنی، یەک و سی و پێنجی کرد ؟**
- **ئا٢: کورە وەڵڵا زیاتر، بێ لەوەی خەسار......... (تەواونەکردنی قسەکەی)**
- **ئا٣: (..... ) لایلۆنت دانەخستەوە ؟ ئەتووش ؟**

لێرەدا کردەی (قسەپێبڕین) وەک پێوەرێکی کۆمەڵایەتی، لەڕووی شێوازەوە بەدیدەکرێت، قسە پێبڕینەکەش لەوەدا دەردەکەوێت، کە قسەکەری سێیەم هەڵساوە بە قسەبڕینی قسەکەری دووەم پێش ئەوەی قسەکەی تەواوبکات، واتە؛ لەکاتێکدا قسەبڕین لە کۆمەڵگای کوردیدا شتێکی ناشرین و نەخوازراوە، بەڵام قسەکەری سێیەم ڕەچاوی ئەم پێوەرەی نەکردووە، ئەمەش بۆ پێگە (تەمەن) ەکەی و حەزی گرتنە دەستی سەرەداوی ئاخاوتن دەگەڕێتەوە.

هەر لە چوارچێوەی بنەمای شێوازدا پێوەرێکی تر لە ئاخاوتنەکەدا دەبینرێت، ئەویش بریتییە لە (دەنگ بەرزکردنەوە)، هەروەک لە گوتنی قسەکەری سێیەم بەرامبەر بە قسەکەری دووەمدا دەردەکەوێت، کە دەڵێت:

- **(......) ماتوو، لەوەڕتان نییە، سبەینێ بینێرە، بابێ بە سەیارەی ببا.**

هۆکاری دەنگ بەرزکردنەوەکە، بۆ پێگە و خاوەندارێتی قسەکەر دەگەڕێتەوە لەهەمان کاتدا کاریگەری ئەم دەنگ بەرزکردنەوەیە لە وەڵامدانەوەی قسەکەری دووەمدا بە ئاشکرا دەبینرێت، کە دەڵێت:

- **ئا٢: دەبەین، دەبەین، سبەینێ بەخۆم دێم، هەمووی دەبەم لەگەریان، هەتا ئێوارە هەموویە کێشینەوە.**

واتە ؛ لێرەدا قسەکەری دووەم لەژێر کاریگەری دەنگ بەرزکردنەوەکەدا، ئامادەیی خۆی نیشانداوە بۆ جێبەجێکردنی داواکەی.

لەڕووی بنەمای چەندێتییەوە لەم ئاخاوتنەدا هەردوو پێوەری کۆمەڵایەتی ئاخاوتنی (زۆر گوتن، کەم دویی) ی تێدا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە لە گوتنی:

- **ئا٥: ئەوسار بەهار تاخیر دەبی.**

پێوەری کەم دویی پەیڕەوکراوە، چونکە قسەکەری پێنجەم لە سەرەتای ئاخاوتنەکەوە ئامادەبووە، بەڵام تازە دێتە ناو بازنە و بابەتی قسەکردن و لە ئاخاوتنەکەدا بەشداری دەکت، هۆکاری ئەم کەم دوییەی قسەکەر بۆ ناجێگیری باری دەروونیەکەی دەگەڕێتەوە،

هەروەها لە گوتنی:

**- ئا١: ئەو گوندەی مە نییە !...، یەک دەغر کەس نەیدەگێڕاوە، گاڕان، مەڕ، نازانم چ... برێ دەغر یەک و چەندی کرد ؟... وەڵڵاهی وە بیللاهی وە تیللاهی، دەڕاسەمان ئەوساری کڕی، عەردەکی (..... ئاغای کەنداری) هەبوو. مەعمەل گێچەکەت دیتییە ؟ مام (.... ) لەسە جادەی ؟ عەردەکە لە پشت مەعمەل گێچەکەبوو، ڕوو لە دێمەکاری، جێی بیست عەربە جۆی بوو، ئەوها چوار قورنەش بوو، عەردەکە. شایەد بەو شایەدەی، کار مامزەکیشم پانکردەوە بە دەڕاسەی لەناوی، ناو قەلۆغانان، نەمدیتبوو...، وەڵڵاهی قەسەرمان لێکردەوە، قوونە قەسەر، هەزار عەربە جۆی کرد، جێی بیست عەربەی بوو، یەک و پەنجای کرد.**

لێرەدا پێوەری (زۆرگوتن) دەبینرێت، چونکە قسەکەر قسە و باسەکەی درێژکردۆتەوە و ڕێگای بە بەشداربووانی تر نەداوە، ئەمەش لادان لە ڕێسا و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتنی لێدەکەوێتەوە، دەبێتە هۆی بێزاربوونی گوێگر.

گرنگترین هۆکار کە وایکردووە ئەم پێوەرە (زۆر گوتن) بێتەکایەوە، پێگە و ویستی گرتنە دەستی سەرەداوی ئاخاوتنە.

لەڕووی بنەمای کەسێتییەوە پێوەرەکانی (ڕاستگۆیی و درۆکردن) لە ئاخاوتنەکەدا بەدیدەکرێت و ئەمانیش لەم گوتنانەی خوارەوەدا دەردەکەون.

لە گوتنی:

- **وەڵڵاهی، وە بیللاهی، وە تیللاهی.... یەک و پەنجای کرد.**

لەبەرامبەریشدا قسەکەری دووەم دەڵێت:

- **وەڵڵا وایە، دەیکا.**

ئەگەر سەیری هەریەک لەم گوتنانەی سەرەوە بکریت، ئەوە دەبینرێت پێوەری (ڕاستگۆیی) زۆر بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش لەڕێگای بەکارهێنانی دەستەواژەی سوێندخواردنەوە ڕاستی قسەکانی دەسەلمێنێ، چونکە لە بنەڕەتدا سوێندخواردن وەک ئەرکێکی زمان بۆ؛ باوەڕبوون، ڕاستی، جەختکردنەوە،.... و هاوشێوەی ئەمانە گوزارشتی لێدەکرێت.

لە هەمان کاتدا قسەکەری دووەم ئەم ڕاستگۆییەی قسەکەری یەکەمی پشت ڕاستکردۆتەوە، ئەمەش بە بەڵگەی سوێندخواردن و جەختکردنەوە لە ڕاستی ئاخاوتنەکەی.

بە پێچەوانەی ئەم پێوەرە هەندێجار لە ئاخاوتنەکەدا پێوەری درۆکردن دەبینرێت، بۆ نموونە لەم دوو گوتنەی خوارەوەی قسەکەری دووەم دا کە دەڵێت:

- **ئا١: تەماتە هەتا حەفتی نیسان بیکەی، لەوە بەولاوە بیکەی بەری نابێ.**

لەلایەکی تر دەڵێت:

- **لە نەوەت و یەک گەرامەوە لە (٥/٧) عەفتی پێنج تەماتەم لێدا یەکەمی هینا.**

لێرەدا دەکرێت گومانی درۆکردن لە قسکەری دووەم بکات، چونکە کاتێک کە قسەکەر قسە دەکات، دەبێت ئاگاداری ئاخاوتنەکانی بێت و گوتنەکانی دژ بەیەک نەوەستنەوە، ئەگینا بەزاندنی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتنی لێدەکەوێتەوە و دەبیتە گومان لێکردنی ڕاستگۆیی قسەکانی لەلایەن گوێگرەوە.

جگە لەم پێوەرانەی سەرەوە کە باسکران، دەکرێت ئاماژە بە پێوەرەکانی پرسیارکردن و زانیاری گەیاندن بکریت، کە لە ئاخاوتنەکەدا بەرچاو دەکەون، ئەمانیش لەم گوتنانەی خوارەوەدا خۆیان دەبیننەوە:

بۆ نموونە: لە یەکێک لەو گوتنانەی پرسیاری تێدا دەردەکەوێت، ئەم ئاخاوتنەیە کە قسەکەر پرسیار لە بارەی جۆری (شتڵە تەماتە) وە دەکات و دەڵێت:

- (.....) **ئەو شترەی توو، ئەوەی ئاخیری، ئەنکۆرە دەزگرەکەیە ؟**

ئامانجیش لەم پرسیارە بەدەستهێنانی زانیارییە، کە لە ئەنجامی وەڵامی قسەکەری دووەمدا بەدیهاتووە کە دەڵێت:

**ئا، هەموو دەزگرە، هەمووی.**

**٢/٣-١-٢) نموونەی ئاخاوتنی دووەم:**

**١- تەوەری یەکەم لەڕووی فەرهەنگەوە:**

بە هەمان شێوەی نموونەی یەکەم، لەم دەقە ئاخاوتنەشدا کە تایبەتە بە پیشەی کشتوکاڵی و کۆمەڵێک وشە و زاراوە بەکارهاتووە گوزارشت لەم پیشەیە دەکەن و لە پیشەکانی تر جیای دەکەنەوە، هەریەک لەم وشە و زاراوانەش دەچنە ناو فەرهەنگ و فەرهەنگی زمانی کوردی دەوڵەمەند دەکەن، لەخوارەوەدا ئاماژە بە گرنگترین و دیارترین ئەو وشە و زاراوانە دەکرێت:

| وشە | جۆرەکەی |
|---|---|
| ئاقار | ڕەسەن |
| وەرد | ڕەسەن |
| نۆک | ڕەسەن |
| نیسک | ڕەسەن |

| | |
|---|---|
| چەقێن [1] | ڕەسەن |
| فەریکەنۆک | ڕەسەن |
| بیستان | بیانی (بستان) |
| تەرۆزی | ڕەسەن |
| بار | ڕەسەن |
| کەر | ڕەسەن |
| وراغ (ولاغ) | ڕەسەن |
| ئاخوڕ [2] | ڕەسەن |
| چاری دەغر | ڕەسەن |
| عەمبار | بیانی |
| کا | ڕەسەن |
| ناربەند (ناڵبەند)[3] | ڕەسەن |
| لێواشە [4] | ڕەسەن |
| لموز | ڕەسەن |
| سم | ڕەسەن |
| کورتاندروو | ڕەسەن |
| کورتان | ڕەسەن |
| جوار (جواڵ) | ڕەسەن |
| شوژن | ڕەسەن |
| لوڕ [1] | ڕەسەن |

---

([1]) جۆرێک زەوییە، کە بەردی زۆربێت.

([2]) بۆ ئاژەڵ دروست دەکرێت، ئالیکی تێدەکرێت.

([3]) یەکێکە لە پیشە کۆنەکان ئێستا زۆر کەمبووە، تەنها لە هەندێ گوند و ناوچەی شاخاوی ماوە.

([4]) بۆ بەستانی دەمی ولاخ بەرزە بەکاردەهات لە کاتی ناڵکردن.

| | |
|---|---|
| قەبرغە | ڕەسەن |
| پاروو [2] | ڕەسەن |
| بنزگ | ڕەسەن |
| قەیناغ [3] | ڕەسەن |
| تەبارە | ڕەسەن |
| سوارە | ڕەسەن |
| جەنجەڕ | ڕەسەن |
| دەڕاسە | ڕەسەن |
| شەپ شەپە | ڕەسەن |
| هێستر | ڕەسەن |
| قرشە | ڕەسەن |
| گیشەکەر | ڕەسەن |
| مەرۆ (مەڵۆ) | ڕەسەن |
| سەپان | ڕەسەن |
| قرشەکێش | ڕەسەن |
| گیشە | ڕەسەن |
| تێلەکێش | ڕەسەن |
| جۆ | ڕەسەن |

---

(١) بە شێکە لە کورتان.

(٢) بە شێکە لە کورتان.

(٣) لە دەست دەکرا، بۆ دوورنە بەکاردەهات.

**٢- تەوەری دووەم : لەڕوانگەی شێوازی ئاخاوتنەوە**

لەم نموونەی ئاخاوتنەدا شێوازی ئاخاوتنی جیاواز دەردەکەوێت، لێرەدا بەپێی بوونی شێوازەکان لە گوتنەکانی بەشداربووانی ئاخاوتن، جۆرەکانییان دیاری دەکرێت.

لەم دەقە ئاخاوتنەدا شێوازێکی ئاسایی (نافەرمی) لە ئاخاوتنەکاندا بەدی دەکرێت بەتایبەتی بە گوتنی ؛

- **ئا١: شەپ شەپە بە تەرەکتەری ڕادەکێشرا یان بە کەرێ ؟**
- **ئا٢: نەء، پێشا بە هێستری.**

لەم گوتنەدا ئەوە بەرچاو دەکەوێ، کە ئاخێوەران لەشێوازی فەرمی و ڕۆتین دوورکەوتنوونەتەوە، بەوەی قسەکەری دووەم بە وەڵامی یەک وشەی (نەء... ) وەڵامی قسەکەری یەکەمی داوەتەوە.

بەهەمان شێوە لە گوتنی ؛

- **ئا١: تێلەکێش ؟**
- **ئا٢: ئا، سەپان دەیدوری، تێلەکێش هەرەگرتەوە، دەکاتە کێشە.**

ئەوها ڕووی گەنمەکەی دێختە ژۆرێ، قونی دێختە دەرێ، ئەوها، ئەوها، ئەوها... ڕاست قەپات ئەکا. گیشەکی دەکا ئەلێرە لۆ دەرکەی عەوشەی درێژ.

زیاتر ئەوە دەردەکەوێت کە شێوازی ئاخاوتنی نێوان ئەم قسەکەرانە شێوازێکی ئاسایی (نا فەرمی) یە، بەوەی چەندین دەربڕینی تایبەت بە پیشەی تێدا بەکارهاتووە وەک ؛ (سەپان، تێلەکێش، گیشە،...) و چەندین هێمای نازمانی و ئاماژەکردن بە دەستی تێدا بەکارهاتووە، هەروەها زۆر دووبارە کردنەوەی تێدایە وەک : (ئەوها، ئەوها، ئەوها...) ئەمانەش هەموو ئاماژە و دەرخەری شێوازی نافەرمی قسەکردنن لەنێوان ئەندامانی گروپێکی پیشەیی.

هەر لەچوارچێوەی ئەم دەقە ئاخاوتنەدا، گوتنێکی تر دەبینرێت، کەشێوازی ئاخاوتنی گاڵتە ئامێزی پێوە دیارە، ئەویش بریتییە لە گوتنی :

**- گۆتی مارمان لە قۆرت هەلاجی بوو، ڕۆژەکی چوومە کۆیە...... ئەمن و مام (....) خوا عەفویان کا...... گۆتی وەڵلا ئەمەش ویستمان لۆ بازاڕی بچین، توشی زەلامەکی ئەوەندە هاتین، سمێر ئەوەندە گەورە، جەمەدانیەکی بەستابوو، گۆتی زەلامەکە ئەوەندەبوو، ئەو قەزەمانە. (.....) ی چاوی بەو زەلامەی کهت، یەک شیڕی لێبەردا.....**

لێرەدا قسەکەری سێیەم ئەم سەرگوزەشتەیە دەگێڕێتەوە، تەنها مەبەستی خۆشی و پێکەنینە، ئامانجەکەشی پێکاوە بەوەی هەموو بەشداربووانی ئاخاوتن پێدەکەنن، قسەکەر کەسێکی قسەخۆشە و شێوازێکی تایبەتی هەیە لە گێڕانەوەی بابەتە گاڵتە ئامێزەکان.

هەر لەم گوتنەدا ئەوە بەدی دەکرێت کە جۆرێک لە دەربڕاوهی قەدەغەکراوی تێدایە ئەویش زیاتر لە وشەکانی (شیڕ، قەزەم) دا دەردەکەویت، بەکارهێنانی ئەم وشە و دەربڕاوانە لە کۆمەڵگای کوردیدا تاڕاددەیەک بە دەربڕاوی قەدەغەکراو سەیر دەکریت لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، لەبڕی وشەی (قەزەم) وشەی (کورتەباڵا) بەکاردێت لە ئاخاوتنە فەرمییەکاندا.

**٣- تەوەری سێیەم : لە ڕوانگەی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتنەوە:**

لە ئاخاوتنی نێوان ئاخێوەراندا لەم نموونەی دەقە ئاخاوتنەدا، بەشێوەیەکی گشتی چەند پێوەرێکی کۆمەڵایەتی ئاخاوتن (ڕەچاوکردن، ڕەچاونەکردن) بەدیدەکریت. لەم تەوەرەدا هەوڵدەدرێت، ئەو گوتنانە دیاری بکرێت، کە گرنگترین و دیارترین ئەو پێوەرانەی تێدا دەرکەوتووە و ڕوونکردنەوەی پێویستییان لەبارەی بخرێتەڕوو.

سەرەتا ئەگەر لەپێوەری قسە پێبڕینەوە لە ڕووی بنەمای شێواز (چۆنییەتی) یەوە سەیری دەقە ئاخاوتنەکە بکرێت، ئەم پێوەرە لە چەند شوێن و گوتنێکدا بەدیدەکرێت : بۆ نموونە لە گوتنی،

**– ئا١: ناولەپەکە برێ کووبوو ؟ شتەک بوو ئەوها لەدەستی هەردەکێشا، لەو پەنجەی هەر دەکێشا، ئەوەندەی ئاسن بوو، ناوی قۆڕبوو، لەگە شوژنی ئەوها لێدەدا نییە ؟....**

**– ئا٢: ئەوها شوژنی پار پێوە دەنا... ئەوجە سە پشتی کەری، کورتان ئەوها دوو شتی هەیە، خڕ.**

لەم گوتنەدا قسەکەری دووەم هەڵساوە بە قسە پێبڕینی قسەکەری یەکەم و تەواوکردنی بابەتەکە. ئەمەش بەو هۆیەوەیە، کە قسەکەری دووەم بە تەمەن لە قسەکەری یەکەم گەورەترە و پێی وایە زانیاری زیاترە، هەرچەندە لەڕووی دەسەڵات و ئابوورییەوە قسەکەری دووەم باڵادەستترە، بەڵام لە کۆمەڵگای کوردیدا تەمەن ڕۆڵێکی زۆر دەبینێ لە قسە پێبڕینی بەرامبەر.

هەر لە چوارچێوەی بنەمای شێوازدا، (دەنگ بەرزکردنەوە) ش لە ئاخاوتنەکەدا دەبینرێت، هەروەک لەم گوتنەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :

- **ئا١: مەکینەی هەبوو یان بێ مەکینە ؟**
- **ئا٢: مەکینەی نەبوو، نە.....** ⇧

لێرەدا ئەوە دەبینرێت، کە قسەکەری دووەم لە وەڵامدانەوەی قسەکەری یەکەمدا تاڕاددەیەک دەنگی بەرزکردۆتەوە، جا بەهۆی بێزاری بووە لە پرسیارەکەی یاخود هەر هۆیەکی تر بووە، ئەوەی کە ڕێ بە قسەکەری سێیەم دەدات دەنگی بەرزبکاتەوە بەسەر قسەکەری یەکەمدا ئەوە، کە تەمەنی گەورەترە و لە هەمان کاتیشدا باوکی قسەکەری یەکەمە. بۆیە دەنگ بەرزکردنەوەکە و هاوشێوەی لە کۆمەڵگای کوردیدا تاراددەیەک بە شتێکی ئاسایی سەیر دەکرێت.

سەبارەت بە بنەمای چەندێتیی لەم ئاخاوتنەدا پێوەری (کەم دویی) بەدی ناکرێت، چونکە هەر سێ بەشداربووی ئاخاوتنە ئامادەییان لە ئاخاوتن و گفتوگۆکاندا هەیە، بەڵام

پێوەری (زۆرگوتن) لە ئاخاوتنەکەدا دەبینرێت، ئەمەش لە گوتنی قسەکەری دووەمدا دەردەکەوێت کە دەڵێت :

**- ئا٢: پێشان عالەم گەنمی لە چارێ دەکرد، عەمبار و شت نەبوو، خانی نەبوو، گەنمی تێکەن. گەنمەکە هیچی لێنەدەهات، کایان لەبن ڕادێخست، پڕیان گەنم دەکرد، سەریان سواقەدا، وەکی ئەوەیە لەناو خەزێنەی بی هیچی لێنەدەهات.**

لەم گوتنەی سەرەوەدا جۆرە (زۆر گوتن) ێک لە قسەکانی قسەکەری دووەمدا بەدی دەکرێت، درێژدادڕیەک بە بابەتەکەوە دیارە، چونکە دەکرا ئاخێوەر بابەتەکەی بە کورت و پوختتر باس کردبا. هۆی ئەم زۆر گۆتنەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری تەمەنی قسەکەر و دنیا بینی و باری دەروونیەکەی.

لە ڕووی بنەمای کەسێتییەوە پێوەری (ڕاستگۆیی) لە گوتنی : **(ئا١: وەڵڵاهی، لە سلێمانی فەریکەنۆک چاوی زەلامی دەردەینی)...** دا دەردەکەوێت، قسەکەر بەهۆی بەکارهێنانی دەستەواژەی سوێندخواردن ڕاستگۆیی خۆی دەردەخات، لەوەدا کە لە سلێمانی فەریکەنۆک زۆرە، لە هەمان کاتیشدا شێوازی خوازەیی تێدا بەکارهێناوە کە دەڵێ : (چاوی زەلامی دەردەینی). پێی مەبەستی زۆری شتەکەیە.

هەرچی سەبارەت بە پێوەری (درۆکردن) ە، لەم ئاخاوتنەدا هەندێ گوتنی وا بەرچاو دەکەون، کە بۆنی درۆکردنیان لێدێت و گومان دەخەنە دڵی گوێگرەوە. وەک لە گوتنی قسەکەری دووەمدا دەردەکەوێت کە دەڵێت :

**- ئاغا لە باشتەپەی زەلامی گرتییە بە ساغی، گۆتیتی وەرە لەو قولینچکە دیوارەی دانیشە. گازی زەلامیشی کردییە، گۆتیتی وەرن ئاخوڕەکی لەسەربکەن، ئاخوڕیان لەسەر کردییە، حەتتا حەیاتی ڕەشی لێبڕایە،.....**

لەبەر نەبوونی بەڵگە و شایەد لەسەر ئەم بابەتە، هەروەها قبوڵ نەکردنی ئەقڵی مرۆڤ، ئەگەری درۆکردن لەم گوتنەدا بەهێزدەکات.

جگە لەم پێوەرانەی سەرەوە پێوەری (پرسیارکردن و زانیاری گەیاندن) بەرچاو دەکەون لە ئاخاوتنەکەدا بەتایبەتی لە گوتنی :

- **ئا١: شەپ شەپە بە تەرەکتەری ڕادەکێشرا یان بە کەرێ ؟**
- **ئا٢: نەء، پێشا بە هێستری.**

لێرەدا ئەوە دەبینرێت کە قسەکەری یەکەم پرسیاری کردووە. بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری، ئەمەشی لە وەڵامی قسەکەری دووەمدا دەستکەوتووە.

**٢-٢/٣) پیشەی ئاژەڵداری:**

**ناساندن:**

لە دوای قۆناغی کشتوکاڵکردن و نیشتەجێبوونی مرۆڤ، ئیتر بە هۆی پێویستی و گەڕانی مرۆڤ بە دوای هۆکارەکانی ژیان، پیشەیەکی تر سەریهەڵدا، ئەویش بریتی بوو لە پیشەی ئاژەڵداری و ماڵات بەخێوکردن. ئەمە لە کاتێکدا بوو، مرۆڤ فێری بەخێوکردنی ئاژەڵ بوو، هەڵسا بە دەستەمۆکردنی ئاژەڵانی دەوروبەری خۆی بۆ سود وەرگرتن لە بەرهەمەکانی وەک: (گۆشت، خوری، پێست، شیروبەرهەمەکانی تر). هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم پیشەیەدا بە شێوەی جیاواز بەشدارییان هەبووە، بە جۆرێک پیاوان خەریکی شوانی و لەوەڕاندنی ئاژەڵەکان بوون لە لەوەڕگاکان، لە کاتێکدا ئافرەتان خەریکی دۆشین و هێنانە کایەی بەرهەمەکان بووە (شیلان، ٢٠٠٤: ١٩). کەواتە دەکرێ بوترێت، پیشەی ئاژەڵداری و ماڵات بەخێوکردن یەکێکە لە پیشە کۆنەکان و لە دێرینیدا لە دوای پیشەی کشتوکاڵەوە دێت کە مرۆڤ بە مەبەستی بژێوی و مانەوەی خۆیدا خەریکی ئەم کارە بووە و ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی پێداوە. جێی ئاماژەیە کە ئەم پیشەیە لە ئاینی پیرۆزی

ئیسلامیشدا جێگای بایەخە و زۆربەی پێغەمبەران ئەم پیشەیە بە تایبەتی شوانییان ئەنجامداوە.[١]

ئەم پیشەیە وەک ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی زیاتر لەو شوێنانەدا سەریهەڵداوە کە بۆ ئەم پیشەیە گونجاوبوون. واتە؛ مرۆڤ بۆ بەردەوامیدان بە ژیانی و هەوڵدان بۆ مانەوە سوودی لە سروشتی دەوروبەری وەرگرتووە. (محەمەد شوانی، ٢٠١٢: ٢٣٧).

سەبارەت بەم پیشەیە لە کۆمەڵگای کوردیدا، تێبینی ئەوە دەکرێت، لەبەرئەوەی کوردستان گونجاوە بۆ ئەم پیشەیە و لەوەڕگای باش و فراوانی هەیە بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ، بۆیە ئەم پشەیە لەناو کورددا بە تایبەتی لە گوندنیشنەکاندا گرنگی زۆری پێدراوە و تا ئێستاش یەکێکە لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی بژێوی و داهاتی دانیشتوانەکەی.

ئاژەڵدارەکان بە شێوەیەکی گشتی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆیان هەیە و لە زۆر ڕووەوە لە خاوەن پیشەکانی تری ناو کۆمەڵگای کوردی جیادەکرێنەوە، بە هەمان شێوە زمانی ئاخاوتنیان ڕەنگدەرەوەی ژینگەی پیشەکەیانە و لە زمانی ئاخاوتنی پیشەکانی تر جیاوازە، کە لەم نموونە ئاخاوتنانەدا بە دەردەکەوێت.

**٢/٣-٢-١) نموونە ئاخاوتنی یەکەم**

**١- تەوەری یەکەم: لە ڕووی فەرهەنگەوە:**

لەم دەقە ئاخاوتنەدا کۆمەڵێک وشە و زاراوەی تێدا بەکارهاتووە، کە گوزارشت لەم پیشەیە دەکەن و لە پیشەکانی تر جیای دەکەنەوە، سەرەنجام هەریەک لەم وشە و زاراوانە دەچنە ناو فەرهەنگ و فەرهەنگی زمانی کوردی دەوڵەمەندتر دەکەن.

(١) (www.albayan.ae.....)

له خوارەوەدا گرنگترین وشە و زاراوەکانی نێو ئەم دەقە و وشە و زاراوە چالاکەکانی تری ئەم پیشەیە کە لە سەرچاوەکان هاتووە یاخود لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیاندا دەبیسترێت دەخرێتەڕوو، لە هەمانکاتیشدا ڕەسەن و ڕەسەن نەبوونیان دیاریدەکرێت.

| وشە | جۆرەکەی |
|---|---|
| مەیدان | بیانی |
| بەرخ | ڕەسەن |
| کاوڕ | ڕەسەن |
| بەران | ڕەسەن |
| مەڕ | ڕەسەن |
| خوری | ڕەسەن |
| مەڕبڕینەوە | ڕەسەن |
| بەرخ تێبەردان | ڕەسەن |
| هەیوان | ڕەسەن |
| دابەستە | ڕەسەن |
| شەوین | ڕەسەن |
| شوان | ڕەسەن |
| گاوان | ڕەسەن |
| شەرتی شوانی | ڕەسەن |
| شەو بەکێو | ڕەسەن |
| مەشکە | ڕەسەن |

**٢- تەوەری دووەم: لە ڕوانگەی شێوازی ئاخاوتنەوە:**

لەم دەقە ئاخاوتنەدا شێوازی ئاخاوتنی جیاواز دەردەکەوێت، لێرەدا بە پێی بوونی شێوازەکان لە گوتنەکانی بەشداربووانی ئاخاوتن، جۆرەکانیان دیاریدەکرێت.

لە ئاخاوتنەکەدا شێوازێکی ئاسایی(نافەرمی) لە گفتوگۆی نێوان بەشداربووانی ئاخاوتندا بەدیدەکرێت، بە تایبەتی لە گوتنی:

- **ئا١:.... وەڵڵا، دەرەجە یەکە بیشۆیەوە دیسان.**
- **ئا٢: وشکەوە نابێ، ڕەحمەت لە مردیت.**
- **ئا١: کورە وەڵڵا وا وشکەوابێ......**

لەم گوتنەی سەرەوەدا شێوازی ئاخاوتنەکە شێوازێکی نافەرمییە و لە نێوان هاوپیشەکاندا بەکاردێت، نافەرمیی ئاخاوتنەکەش زیاتر لە دەربڕینی وشە و دەستەواژەکانی (دەرەجە یەکە، کورە)دا دەردەکەوێت. ئەم جۆرە دەربڕاوانە لە ئاخاوتنی فەرمیدا نابینرێت.

بەهەمان شێوە لە گوتنێکی تری ئاخێوەری یەکەمدا کە دەڵێت:

ئا١: حەوز و مەوزیان پاک کردۆتەوە؟

بە جوانی شێوزی نافەرمیبوونی ئاخاوتنەکە دەردەکەوێت.

لەم گوتنانەی خوارەوەشدا:

- **ئا١: خارە؟**
- **ئا٢: بەرێ گیان.**

شێوازێکی تری ئاخاوتنی تێدا دەردەکەوێت، کە ئەویش شێوازی (دۆستانە)یە، هەروەک لە دەربڕاوی (خارە، گیان)دا هەستی پێدەکرێت، چونکە بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشە و دەستەواژانە زیاتر لە نێوان خۆشەویستان، هاوڕێیان، خزم و دۆستاندا دەبینرێت.

هەر لە چوارچێوەی ئەم دەقە ئاخاوتنەدا، گوتنێکی تر بەرچاو دەکەوێت، کە شێوازی ئاخاوتنی گاڵتەئامێزی پێوە دیارە، ئەویش بریتییە لە گوتنی:

- **ئا١: (.....) دە قسەکە برێ، هەر پێخەنی و دەریشی ناکەی.**

- **ئا٢: ئەوە لۆ وەهەت لەو مارەی کرد؟**

لێرەدا ئاخێوەری یەکەم هەوڵیداوە ئاخێوەری دووەم بدوێنێت و قسەیەکی گاڵتە ئامێز بکات تا بەشداربووانی ئاخاوتن بخاتە پێکەنینەوە، ئامانجەکەشی پێکاوە بەوەی ئاخێوەری دووەم پرسیارێکی کردووە و بەشداربووانی ئاخاوتنی خستۆتە پێکەنین، ئاخێوەر شێوازێکی تایبەتی هەیە لە گێڕانەوەی بابەتە گاڵتەئامێزەکان، بە کەسێکی قسەخۆش لە قەڵەم دەدرێت و خەڵکی ئارەزووی دانیشتنەکانی دەکەن.

هەر لە چواچێوەی ئەم ئاخاوتنەدا چەند جارێک و لە چەند گوتنێکدا دەربڕاوی قەدەغەکراو(تابۆ) لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەبینرێت، گرنگترینیان ئەمانەن:

- **ئا١: کورە گوی سەگی کردووە، تووش.**
- **ئا١: داکیانی گا، بەو جستانە دەریانی کرد...... ڕۆژێ دادێ دەرێ داکیان بگێم، بەکەڵک چ نایەن.**

**ئا١: هەتا جێی قونیان گەرمەبێ...**

لەم گوتنانەیسەرەوەدا ئەوە بەدی دەکرێت کە جۆرێک لە دەربڕاوی قەدەغەکراوی تێدا بەکارهاتووە، وەک لە دەبڕاوەکانی (گوی سەگ، داکیانی گا، داکیان بگێم،قون)دا دەردەکەوێت. بەکارهێنانی ئەم وشە و دەربڕاوانە لە کۆمەڵگای کوردیدا بە دەربڕاوی قەدەغەکراو (تابۆ) سەیر دەکرێن لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە. ئەوەی تێبینی دەکرێت بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوە قەدەغەکراوانە هەمووی لە لایەن ئاخێوەری یەکەمەوە بەکارهاتووە، ڕەنگە هۆیەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە خۆی شێوازی ئاخاوتنی وایە و زۆرجار بە کەسێکی زمان پیس ناو دەبرێت.

**٣- تەوەری سێیەم: لە ڕوانگەی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتنەوە:**

لە ئاخاوتنی نێوان ئاخێوەرانی ئەم نموونەی دەقە ئاخاوتنەدا، بە شێوەیەکی گشتی (ڕەچاوکردن، ڕەچاونەکردن)ی چەند پێوەرێکی کۆمەڵایەتی ئاخاوتن بە دیدەکرێت. لەم

تەوەرەدا هەوڵدەدرێت ئەو گوتنانە دەستنیشان بکرێت کە گرنگترین و دیارترین ئەو پێوەرانەی تێدا دەرکەوتووە و ڕوونکردنەوەی پێویستیان لە بارەوە بخرێتەڕوو.

سەرەتا ئەگەر لە پێوەری (قسەپێبڕین)ەوە لە ڕووی بنەمای شێواز(چۆنیەتی)یەوە سەیری دەقە ئاخاوتنەکە بکرێت، ئەم پێوەرە لە چەند شوێن و گوتنێکدا دەبینرێت، دیارترینی ئەو گوتنانە بریتییە لە گوتنی:

- **ئا١: ئەمن هەر زانیمە،....(تەواونەکردنی قسەکەی)**
- **ئا٢: کاکە مەڕی حەساسیەیەتی، مەڕ ئیستە.**

لەم گوتنەدا ئاخێوەری دووەم هەڵساوە بە قسەپێبڕینی ئاخێوەری یەکەم، ئەم دیاردەیە بۆیە ڕوویداوە، چونکە ئاخێوەری دووەم پێگەی لە ئاخێوەری یەکەم بەرزترە و پێی وایە زانیاری زیاترە، هەروەها خۆیشی کەسێکی زۆر بلێیە، هەوڵدەدات سەرەداوی ئاخاوتن لە دەست خۆیدا بێت.

هەر لە چوارچێوەی بنەمای شێوازدا، (دەنگ بەرزکردنەوە) لە ئاخاوتنەکەدا نابینرێت. ڕەنگە هۆیەکەشی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئاخاوتنەکە گفتوگۆیەکی دۆستانەی نێوان هاوپیشەکانە و سەرجەم بەشداربووانی ئاخاوتن ئاستییان لە یەکەوە نزیکە و کەسان لە ژێر دەستی ئەویتریان کار ناکەن.

سەبارەت بە بنەمای چەندێتی، لەم ئاخاوتنەدا پێوەری (کەمدوویی) بەدی ناکرێت، چونکە سەرجەم بەشداربووانی ئاخاوتن ئامادەییان لە ئاخاوتن و گفتوگۆکاندا هەیە و هەریەکەیان بە پێی پێویست هاوبەشییان لە گفتوگۆکاندا کردووە. بەڵام پێوەری (زۆرگوتن) لە ئاخاوتنەکەدا دەبینرێت، دیارترین نموونەش ئەم گوتنەی خوارەوەیە:

**– ئا١: وەڵڵاهی من هەندێ بەرخم مایە، کات خۆی پەنجا بەرخم فرۆشت، لەوانەیە بیست بەرخێکم مابێ، مێشن، بە خوا جوانن، گوناحە بیشیان فرۆشی، بەس تازە چی دەبێ، دابەستەن، ئەو هەموو کا و جۆیەم داوەتە پێیان، بە خوا قەڵەون، ئەمە دونگیانە، بان پشتیان یەک بست پانە.**

لەم گوتنەی سەرەوەدا جۆرە (زۆرگوتن) و درێژکردنەوەیەک لە قسەکانی ئاخێوەری یەکەمدا دیارە و جۆرە درێژدادڕییەک بە بابەتەکەوە دەبینرێت، دەکرا ئاخێوەر بابەتەکەی بە کوتتر و پوختتر باسکردبا. هۆی ئەم زۆرگوتنەی ئاخێوەر بۆ پێگە، حەز و ئارەزووەکەی بۆ گرتنەدەستی سەرەداوی ئاخاوتن و ڕێگە نەدان بە بەشداربووانی تر دەگەڕێتەوە.

لە ڕووی بنەمای کەسێتییەوە، پێوەری (ڕاستگۆیی) لە بەشی زۆری ئاخاوتنەکەدا دەبینرێت، هەر لەم گوتنەی سەرەوەدا ئەوە بە ڕوونی دەبینرێت، ئاخێوەر لە ڕێگای بەکارهێنانی دەستەواژەی سوێندخواردنەوە ڕاستگۆیی خۆی دەردەخات، چونکە لە بنەڕەتدا سوێندخواردن وەک ئەرکێکی زمان بۆ باوەڕهێنان، ڕاستی، جەختکردنەوە.... و هاوشێوەکانیان دەردەبڕدرێت. ئەم ڕاستگۆییەش زیاتر دەردەکەوێت بە هۆی پشت ڕاستکردنەوەی قسەکە لە لایەن ئاخێوەری دووەمەوە کە دەڵێت:

- **ئا٢: وەڵڵا وایە.**

هەرچی سەبارەت بە پێوەری (درۆکردن)ە، لەم ئاخاوتنەدا گوتنی وا بەرچاو ناکەوێت کە بابەتی درۆکردنی تێدا ڕەنگبداتەوە.

جگە لەم پێوەرانەی سەرەوە پێوەری (پرسیارکردن و زانیاری گەیاندن) لە ئاخاوتنەکەدا بەرچاو دەکەون، بە تایبەتی لە گوتنی:

- **ئا١: (......) بەرخە با؟**
- **ئا٢: وەڵڵا ئاگام لێی نییە، نازانم، (.......) م نەدیتییە.**

لێرەدا ئەوە دەبینرێت کە ئاخاوتنەکە بە شێوەی پرسیارکردن بەڕێوەچووە، ئاخێوەری یەکەم پرسیاری کردووە بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری، ئەمەشی لە وەڵامی ئاخێوەری دووەمدا دەست نەکەوتووە، چونکە زانیاری نەبووە. کەواتە؛ زانیاری پێویست نەگەیشتووەتە ئاخێوەری یەکەم، نەک لەبەرئەوەی هاوکاری لە ئاخاوتنەکەدا نەبووە، بەڵکو بە هۆی نەبوونی زانیارییەوە ئەوە ڕوویداوە.

### ٢/٣-٢-٢) نموونە ئاخاوتنی دووەم

#### ١- تەوەری یەکەم: لە ڕووی فەرهەنگەوە:

لەم دەقە ئاخاوتنەدا کۆمەڵێک وشە و زاراوەی تێدا بەکارهاتووە، کە گوزارشت لەم پیشەیە دەکەن و لە پیشەکانی تر جیای دەکەنەوە، سەرەنجام هەریەک لەم وشە و زاراوانە دەچنە ناو فەرهەنگ و فەرهەنگی زمانی کوردی دەوڵەمەندتر دەکەن.

لە خوارەوەدا گرنگترین وشە و زاراوەکانی نێو ئەم دەقە و وشە و زاراوە چالاکەکانی تری ئەم پیشەیە کە لە سەرچاوەکان هاتووە یاخود لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیاندا دەبیسترێت دەخرێتەڕوو، لە هەمانکاتیشدا ڕەسەن و ڕەسەن نەبوونیان دیاریدەکرێت.

| وشە | جۆرەکەی |
|---|---|
| هەراش | ڕەسەن |
| گەرحە چاوڕەش | ڕەسەن |
| کوڕیس | ڕەسەن |
| کەڕە | ڕەسەن |
| مێگەل | ڕەسەن |
| شەک | ڕەسەن |
| بەرخەمێ | ڕەسەن |
| قەساب | بیانی |
| چێر | ڕەسەن |
| قەرسیل | ڕەسەن |
| بەردیل | ڕەسەن |
| پەرێز | ڕەسەن |

| | |
|---|---|
| سەرمەڕ | ڕەسەن |
| گوجیلە | ڕەسەن |
| سەگ | ڕەسەن |
| دێر (دێڵە سەگ)[١] | ڕەسەن |
| گۆر (گۆڵە سەگ)[٢] | ڕەسەن |

**٢- تەوەری دووەم: لە ڕوانگەی شێوازی ئاخاوتنەوە:**

لەم دەقە ئاخاوتنەدا شێوازی ئاخاوتنی جیاواز دەردەکەوێت، لێرەدا بە پێی بوونی شێوازەکان لە گوتنەکانی بەشداربووانی ئاخاوتن، جۆرەکانیان دیاریدەکرێت.

لە ئاخاوتنەکەدا شێوازێکی ئاسایی(نافەرمی) لە گفتوگۆی نێوان بەشداربووانی ئاخاوتندا بەدی دەکرێت، بە تایبەتی لە گوتنەکانی:

- **ئا١: کورە وەڵڵا بەلاشە.**
- **ئا٢: گوجیلەی عەنتیکەنە!.**

لەم گوتنانەی سەرەوەدا شێوازی ئاخاوتنەکان شێوازێکی نافەرمییە و لە نێوان هاوپیشەکاندا بەکاردێت، نافەرمیی ئاخاوتنەکانیش زیاتر لە دەربڕینی وشە و دەستەواژەکانی (کورە، بەلاشە، عەنتیکە)دا دەردەکەوێت. ئەم جۆرە دەربڕاوانە لە ئاخاوتنی فەرمیدا نابینرێت.

هەر لە چوارچێوەی ئەم دەقە ئاخاوتنەدا، گوتنێکی تر بەرچاو دەکەوێت، کە شێوازی ئاخاوتنی گاڵتەئامێزی پێوە دیارە، ئەویش بریتییە لە گوتنی:

**- ئا١: توشی (.....) ببوو،.... گۆتی بەرخەکی گچکەمان بدێ، ئەو مندارە گەمەی پێبکا. گۆتی وەڵڵا بەرخ لۆ گەمەی نابی، وەرە گوجیلەکی ببە، گەمانی با پێبکا.**

---

[١] سەگی مێیە

[٢] سەگی نێر

لێرەدا ئاخێوەری یەکەم ئەم باسە دەگێڕێتەوە، تەنها مەبەستی خۆشی و پێکەنینە، ئامانجەکەشی پێکاوە بەوەی بەشداربووانی ئاخاوتن بە باتەکە پێکەنیون، ئاخێوەر شێوازێکی تایبەتی هەیە لە گێڕانەوەی بابەتە گاڵتەئامێزەکان، بە کەسێکی قسەخۆش لە قەڵەم دەدرێت و بەشداربووانی ئاخاوتن چاوەڕێی قسە و بەسەرهاتە خۆشەکانی دەکەن.

هەر لە چواچێوەی ئەم ئاخاوتنەدا چەند جارێک و لە چەند گوتنێکدا دەربڕاوی قەدەغەکراو(تابۆ) دەبینرێت، گرنگترینیان ئەمانەن:

- **ئا١:....ئی ئەو سەیە خۆڕیانە....**
- **ئا١: باری دەکرد لە کەندە پیسی....**

لەم گوتنانەیسەرەوەدا ئەوە بەدی دەکرێت، کە جۆرێک لە دەربڕاوی قەدەغەکراوی تێدا بەکارهاتووە، وەک لە دەبڕاوەکانی (خۆڕی، کەندەپیس)دا دەردەکەوێت. بەکارهێنانی ئەم وشە و دەربڕاوانە لە کۆمەڵگای کوردیدا بە دەربڕاوی قەدەغەکراو (تابۆ) سەیر دەکرێن لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە. ئەوەی تێبینی دەکرێت بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوە قەدەغەکراوانە هەمووی لە لایەن ئاخێوەری یەکەمەوە بەکارهاتووە، ڕەنگە هۆیەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە خۆی شیوازی ئاخاوتنی وایە و باری دەروونی ناجێگیرە.

### ٣- تەوەری سێیەم: لە ڕوانگەی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتنەوە:

لە ئاخاوتنی نێوان ئاخێوەرانی ئەم نموونەی دەقە ئاخاوتنەدا، بە شێوەیەکی گشتی (ڕەچاوکردن، ڕەچاونەکردن)ی چەند پێوەرێکی کۆمەڵایەتی ئاخاوتن بە دیدەکرێت. لەم تەوەرەدا هەوڵدەدرێت ئەو گوتنانە دەستنیشان بکرێت کە گرنگترین و دیارترین ئەو پێوەرانەی تێدا دەرکەوتووە و ڕوونکردنەوەی پێویستیان لە بارەوە بخرێتەڕوو.

سەرەتا ئەگەر لە پێوەری (قسەپێبڕین)ەوە لە ڕووی بنەمای شێواز(چۆنیەتی)یەوە سەیری دەقە ئاخاوتنەکە بکرێت، ئەم پێوەرە لە چەند شوێن و گوتنێکدا دەبینرێت، دیارترینی ئەو گوتنانە بریتییە لە گوتنی:

- ئا١: بەرخی من......
- ئا٢: ئەدی ئەوە چێرەکان ئی کێیە؟

لەم گوتنەدا ئاخێوەری دووەم هەڵساوە بە قسەپێبڕینی ئاخێوەری یەکەم، ئەم دیاردەیە بۆیە ڕوویداوە، چونکە ئاخێوەری دووەم بە تەمەن لە ئاخێوەری یەکەم گەورەترە، لە هەمانکاتیشدا غەزووریەتی، لە کۆمەڵگای کوردیدا تەمەن ڕۆڵێکی زۆر دەبینێ لە قسەپیبڕینی بەرامبەر و ڕێزێکی تایبەتیش لە غەزوور دەگیرێت.

هەر لە چوارچێوەی بنەمای شێوازدا، (دەنگ بەرزکردنەوە)ش لە ئاخاوتنەکەدا دەبینرێت. هەر وەک لەم گوتنەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

- ئا١: (.....)؟ (⇧...) بەرخی بە چەندی کڕی؟
- ئا٢: بە چارسەتی، دوو بەرخ.

لێرەدا ئەوە دەبینرێت کە ئاخێوەری یەکەم لە کاتی پرسیارکردن لە ئاخێوەری دووەم تا ڕادەیەک دەنگی بەرزکردۆتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە بووە کە سەرنجی بەشدابووانی ئاخاوتن بە تایبەتی ئاخێوەری دووەم بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و بە زووترین کات زانیارییەکەی پێبگات. ئەم مەبەستەشی هاتۆتە لە وەڵامدانەوەی ئاخێوەری دووەمدا. ئەوەی ڕێگا بە ئاخێوەری یەکەم دەدات دەنگی بە سەر ئاخێوەری دووەمدا بەرز بکاتەوە، ئەوەیە کە ئاخێوەری یەکەم برا گەورەی ئاخێوەری دووەمە، ئەمەش لە کۆمەڵگای کوردیدا ئاساییە و دەکرێ فەرمانیشی بە سەردا بدات.

سەبارەت بە بنەمای چەندێتی، لەم ئاخاوتنەدا پێوەری (کەمدوویی) لە لای ئاخێوەری سێیەم بەدی دەکرێت، چونکە ئاخێوەری سێیەم لە سەرەتای ئاخاوتنەکەوە ئامادەبوو بەڵام بەشداری نەکرد لە ئاخاوتنەکە تا گفتوگۆیەکی زۆر کرا، دواتر دێتە ناو بازنەی ئاخاوتنەکە و دەڵێت: **چەند مەڕی هەیە؟، شوانەکەت.**

هۆی ئەم کەمدوویەش ڕەنگە بۆ زۆری تەمەن و ناجێگیری باری دەروونییەکەی بگەڕێتەوە.

پێوەری (زۆرگوتن) لە ئاخاوتنەکەدا دەبینرێت، ئەویش لەم گوتنەی خوارەوەیە:

**- ئا٤: ئەوجە گوناحە بەرخی مێ ڕاگری، هەر شەکی سوری بکڕی، هەموویە فرۆشم، سەت سەرە. ئەمن بەس لەبەر ئەو قەسابە تورکمانانە، دەبی وەجبە وەجبە پارەت دەنێ، دەرێن ڕۆژی دە بەرخمان لۆ بینە.**

لەم گوتنەی سەرەوەدا جۆرە (زۆرگوتن) و درێژکردنەوەیەک لە قسەکانی ئاخێوەری چوارەمدا دیارە و جۆرە درێژدادڕییەک بە بابەتەکەوە دەبینرێت، دەکرا ئاخێوەر بابەتەکەی بە کوتتر و پوختتر باسکردبا. هۆی ئەم زۆرگوتنە بۆ زۆربڵێیی ئاخێوەر و ویستی گرتنە دەستی سەرە داوی ئاخاوتن دەگەڕێتەوە.

لە ڕووی بنەمای کەسێتییەوە، پێوەری (ڕاستگۆیی و درۆکردن) لەم گوتنەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کاتێک ئاخێوەری دووەم لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئاراستەی ئەو نەکراوە لە خۆیەوە دەڵێت: سەت سەری هەیە.

لە بەرامبەردا ئاخێوەری چوارەم قسەکەی ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت: نا وەڵڵا هینە...، شێست سەری هەیە.

لێرەدا بە هۆی بەکارهێنانی پەیڤی (وەڵڵا) کە دەستەواژەیەکی سوێندخواردنە لە ڕەتکردنەوەکەدا، لە هەمانکاتدا هەم ڕاستگۆیی خۆی دەردەخات و ئاخێوەری دووەم بە درۆ دەخاتەوە.

جگە لەم پێوەرانەی سەرەوە پێوەری (پرسیارکردن و زانیاری گەیاندن) لە ئاخاوتنەکەدا بەرچاو دەکەون، بە تایبەتی لە گوتنی:

- **ئا١: (.....)؟ (.....) بەرخی بە چەندی کڕی؟**
- **ئا٢: بە چارسەتی، دوو بەرخ.**

لێرەدا ئەوە دەبینرێت کە ئاخاوتنەکە بە شێوەی پرسیارکردن بەڕێوەچووە، ئاخێوەری یەکەم پرسیاری کردووە بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری، ئەمەشی لە وەڵامی ئاخێوەری دووەمدا دەستکەوتووە.

### ٣-٢/٣) پیشەی فیتەری:

**ناساندن:**

فیتەریش وەک پیشەیەکی ناو کۆمەڵگای شارنشین یەکێکە لەو هونەرە تەکنیکییانەی لە چوارچێوەی زانستی میکانیکیدا دەردەکەوێت. ئەم پیشەیە ئەرکی سەرەکی چاکردنەوەی ئۆتۆمبیل و ئامێرەکانە، ئەمەش بە بەکارهێنانی کەرەستەی جۆراوجۆری دیاریکراوی تایبەت بەم بوارە دەبێت.[١]

پیشەی فیتەری بوارێکی فراوان لە نێو خۆیدا دەگرێتەوە و لق و پۆپی جیاوازی تێدا دەبینرێت، بە واتایەکی تر لە هەر بەشێکی فیتەریدا جۆری چاککردنەوە و بابەتی جۆراوجۆر دەبینرێت، وەک: (وایەرمەن، سبوغچی، سیتەچی، گزۆزچی .... و تەعدیلچی)، لە هەر یەک لەم بەشانەی چاککردنەوەشدا وشە و کەرەستەی تایبەت بەم بوارە بەکاردێت، بۆ نموونە لە بواری چاککردنەوەی مەکینەدا چەندین وشەی جیاوازی وەک: (حەماوە، کاسکێت، سلف، تایم کێس....) دەبیسترێت، سەرەنجام هەندێک لەم وشە و زاراوانەش دێنە ناو فەرهەنگ و فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەکەن.

ئەگەر سەیری کۆمەڵگای کوردی بکرێت، تێبینی ئەوە دەکرێت، کە پیشەی فیتەری وەک پیشەیەکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵی شارنشیندا بوونی هەیە و ڕۆژانە دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهێز لە نێوان شوفێران و وەستا و پیشەوەرانی ئەم بوارە. ئەمەش لە ئەنجامی دروستبوونی کێشە و کەم و کوڕی لە ئۆتۆمبیلی هاوڵاتییاندا دێتەکایەوە، ئا لێرەدا بەریەککەوتنێکی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات، کە خۆی لە چوارچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕێک دەخات و لە ڕوانگەی زمانی ئاخاوتنەوە، شێوازی ئاخاوتنی جیاواز لە نێوکۆی بەشداربووانی ئەم پیشەیە بە تایبەت (وەستا، شاگرد و خاوەن ئۆتۆمبیل) دێنێتەکایەوە، ئەم شێوازی ئاخاوتنەش بە پێی کۆمەڵێک بنەما و پێوەر و پێگەی تاکەکان گوزارشتی لێدەکرێت و نێوان ئاخێوەرانی بەشداربوو ڕەنگدەداتەوە. لە خوارەوە لە

---

[٢] (http:/www.panoramadelavie.com/2014/07/blogspot ...)

چوارچێوەی نموونە وەرگیراوە کارەکییەکانی پەیوەست بەم پیشەیە، هەر یەک لە ڕەهەندەکانی (فەرهەنگ، شێوازی ئاخاوتن و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن) دەردەخرێن و ڕوونکردنەوەی پێویستیان لەبارەوە دەدرێت.

### ٢/٣-٣-١) نموونە ئاخاوتنی یەکەم

**١- تەوەری یەکەم: لە ڕووی فەرهەنگەوە:**

لەم دەقە ئاخاوتنەدا کۆمەڵێک وشە و زاراوەی تێدا بەکارهاتووە، کە گوزارشت لەم پیشەیە دەکەن و لە پیشەکانی تر جیای دەکەنەوە، سەرەنجام هەریەک لەم وشە و زاراوانە دەچنە ناو فەرهەنگ و فەرهەنگی زمانی کوردی دەوڵەمەندتر دەکەن.

لە خوارەوەدا گرنگترین وشە و زاراوەکانی نێو ئەم دەقە و وشە و زاراوە چالاکەکانی تری ئەم پیشەیە کە لە سەرچاوەکان هاتووە یاخود لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیاندا دەبیسترێت دەخرێتەڕوو، لە هەمانکاتیشدا ڕەسەن و ڕەسەن نەبوونیان دیاریدەکرێت.

| وشە | جۆرەکەی |
|---|---|
| وەستا | ڕەسەن |
| ڕەقەم دە | ڕەسەن |
| بورغی | بیانی |
| بۆکس | بیانی |
| فیشە | بیانی |
| کۆیل | بیانی |
| حەماوە | بیانی |
| حەساس | بیانی |
| سەیارە | بیانی |

| | |
|---|---|
| سلف | بیانی |
| لوقمە | بیانی |
| کەوەر | بیانی |
| پلاک | بیانی |
| وەلف | بیانی |
| تاک | ڕەسەن |
| عەیار | بیانی |
| فێرس | بیانی |
| تایم | بیانی |
| سەموونە | بیانی |
| تەپ | ڕەسەن |
| ساف | بیانی |
| پاتری | بیانی |
| مەکینە | بیانی |
| پلایس | بیانی |
| بۆش | ڕەسەن |
| گێڕ | بیانی |
| گریس | بیانی |
| ڕوون | ڕەسەن |
| ئیستاپ | بیانی |
| سلفی سوپەر | بیانی |
| تایە | بیانی |

**٢- تەوەری دووەم: لە ڕوانگەی شێوازی ئاخاوتنەوە:**

لەم دەقە ئاخاوتنەدا شێوازی ئاخاوتنی جیاواز بەرچاو دەکەوێت، لێرەدا بە پێی بوونی شێوازەکان لە گوتنەکانی بەشداربووانی ئاخاوتن، جۆرەکانیان دیاریدەکرێت.

لە ئاخاوتنەکەدا شێوازێکی ئاسایی(نافەرمی) لە گفتوگۆی نێوان بەشداربووانی ئاخاوتندا بەدی دەکرێت، بە تایبەتی لەم گوتنانەی نێوان ئاخێوەری یەکەم و دووەمدا:

- **ئا١: وەستا (....) وابزانم تەڕبەگەی.**
- **ئا٢: وەڵڵاهی ئەمن وەکو تو نیمە، ئەمن تەڕبەگەمە؟**
- **ئا١: ئاا.**
- **ئا٢: بە شەڕەفت؟!**

لەم گوتنانەی سەرەوەدا شێوازی ئاخاوتنەکان شێوازێکی نافەرمییە و لە نێوان هاوپیشەکاندا بەکاردێت، نافەرمیی ئاخاوتنەکانیش زیاتر لە دەربڕینی وشە و دەستەواژەکانی (تەڕبەگە، بە شەڕەفت، ئا)دا دەردەکەوێت. ئەم جۆرە دەربڕاوانە لە ئاخاوتنی ئاسایی نێوان هاوڕێیان و کەسە لە یەک نزیکەکاندا زیاتر بەکاردێن و لە ئاخاوتنی فەرمیدا نابینرێن.

لەم گوتنانەی خوارەوەشدا:

- **ئا١: خارە (.....)؟**
- **ئا٢: بەرێ گیان، وەرە.**
- **ئا١: بە کاملی هینام.**
- **ئا٢: چاوی منی قوربانی بابت بم.**

هەروەها لە گوتنەکانی تری ئاخێوەری دووەمدا کە دەڵێت:

- **ها حەڵقە، بابی من، وەرە کوڕی گەورەم.**
- **وەرە قوربانی بابم، بزانە ڕوونی ئیستاپی تێدایە.**

شێوازێکی تری ئاخاوتنی تێدا بەدیدەکرێت، کە ئەویش شێوازی (دۆستانە)یە، هەروەک لە دەربڕاوەکانی (خارە، گیان، چاوی منی، قوربانی بابت بم، بابی من، کوڕی گەورەم )دا

دەردەکەون، چونکە بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشە و دەستەواژانە زیاتر لە نێوان خۆشەویستان، هاوڕێیان، خزم و دۆستاندا دەبینرێت، ئەو کەسانەی کە ئاخێوەری دووەم لەگەڵیان دەدوێت هەموویان برا و کوڕی خۆین کە پێکەوە کار دەکەن لە دوکانی فیتەریدا.

هەر لە چوارچێوەی ئەم دەقە ئاخاوتنەدا، گوتنێکی وا بەرچاو ناکەوێت، کە شێوازی ئاخاوتنی گاڵتەئامێزی پێوە دیاربێت، چونکە سەرجەم بەشداربووانی ئاخاوتن خەریکی کارکردنن و بواری گاڵتە و گەپیان نییە لەبەر سەرقاڵییان بە پیشەکەیانەوە.

لەم ئاخاوتنەدا شێوازی گوتنی دەربڕاوی قەدەغەکراو(تابۆ) بە دوو جۆری جیاواز دەبینرێت، بۆ نموونە لە گوتنی ئاخێوەری دووەمدا کە دەڵێت:

- **ئا٢: ..... پڕکە، با ڕەق بی، عەیب نەبی، پێت داگرە، چۆ خواریێ؟**

لەم گوتنەی سەرەوەدا ئەوە بەدیدەکرێت، کە جۆرێک لە دەربڕاوی قەدەغەکراوی تێدا بەکارهاتووە، وەک لە دەربڕاوەکانی (با ڕەق بی، داگرە، چۆ خواریێ)دا دەردەکەوێت. بەکارهێنانی ئەم وشە و دەربڕاوانە لە کۆمەڵگای کوردیدا هەندێجار دەکرێت بە دەربڕاوی قەدەغەکراو (تابۆ) سەیر بکرێن لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بە تابۆی سێکسی لە قەڵەم بدرێن. هەر بۆیەش ئاخێوەر هەوڵیداوە لەو چوارچێوەیە دوور بکەوێتەوە و بۆچونێکی ئەرێنی لای گوێگر دروست بکات بە بەکارهێنانی ڕستەی (عەیب نەبی) و لە بۆچوونی نەرێنی دووری بخاتەوە ڕەنگە هۆیەکەشی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە خۆی کەسێکی پارێزکارە و برا و منداڵەکانی لەوێ ئامادەن.

بەڵام لە گوتنی ئاخێوەری چوارەمدا کە دەڵێت:

- **داکی مەکینەی گا، هەمووی تێک و پێکدا.**

ئەوە بەدیدەکرێت کە ئاخێوەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستەواژەیەکی تابۆی بەکارهێناوە، ئەویش بریتییە لە (داکی مەکینەی گا)، لێرەدا وشەی (گان) لە کۆمەڵگای کوردیدا بە دەربڕاوێکی قەدەغەکراوی سێکسی لە قەڵەم دەدرێت.

**٣- تەوەری سێیەم: لە ڕوانگەی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتنەوە:**

لە ئاخاوتنی نێوان ئاخێوەرانی ئەم نموونەی دەقە ئاخاوتنەدا، بە شێوەیەکی گشتی (ڕەچاوکردن، ڕەچاونەکردن)ی چەند پێوەرێکی کۆمەڵایەتی ئاخاوتن بە دیدەکرێت. لەم تەوەرەدا هەوڵدەدرێت ئەو گوتنانە دەستنیشان بکرێت کە گرنگترین و دیارترین ئەو پێوەرانەی تێدا دەرکەوتووە و ڕوونکردنەوەی پێویستیان لە بارەوە بخرێتەڕوو.

سەرەتا ئەگەر لە پێوەری (قسەپێبڕین)ەوە لە ڕووی بنەمای شێواز(چۆنیەتی)یەوە سەیری دەقە ئاخاوتنەکە بکرێت، ئەم پێوەرە لە گوتنی:

- **ئا١: زۆر دەرێن، کەوەر تەقی ئەوها بوو، ئەوها چوو... (تەواونەکردنی قسەکەی)**
- **ئا٢: باشە کاکە، (....) پلایسەکەم لۆ بینە.**

بەرچاو دەکەوێت کە تێیدا ئاخێوەری دووەم هەڵساوە بە قسەپێبڕینی ئاخێوەری یەکەم، ڕوودانی ئەم قسەپێبڕینە بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە، یەکەمیان ئەوەی کە ئاخێوەری دووەم بە تەمەن لە ئاخێوەری یەکەم گەورەترە و خاوەن دوکانە، هۆی دووەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئاخێوەری یەکەم زۆر قسەی کردووە و کەسی دووەمی بێزار کردووە، لەلایەکی ترەوە لە ئیش وکاریشیان دەکات.

هەر لە چوارچێوەی بنەمای شێوازدا، (دەنگ بەرزکردنەوە)ش لە ئاخاوتنەکەدا دەبینرێت. هەر وەک لەم گوتنەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

- **لێدە، لێدە، پێت داگرە هەڵنەگری ئێ؟....**

لێرەدا ئەوە دەبینرێت کە ئاخێوەری دووەم تا ڕادەیەک دەنگی بە سەر ئاخێوەری چوارەمدا دەنگی بەرزکردۆتەوە، لە هەمانکاتیشدا فەرمانی پێکردووە. ئاخێوەری دووەم لەم دەنگ بەرزکردنەوەیەدا تەنها مەبەستی ڕێک جێبەجێکردنی کارەکەیەتی. ئەوەی ڕێگا بە ئاخێوەری دووەم دەدات دەنگی بە سەر ئاخێوەری چوارەمدا بەرز بکاتەوە و فەرمانی پێبکات، ئەوەیە کە تەمەنی ئاخێوەری دووەم گەورەترە و وەستا و خاوەنی دووکانەکەیە.

سەبارەت بە بنەمای چەندێتی، لەم ئاخاوتنەدا پێوەری (کەمدوویی) تەنها لە لای ئاخێوەری سێیەم بەدیدەکرێت، چونکە زۆر کەم بەشداری لە ئاخاوتنەکەدا کردووە، ئەمەش بۆ سەرقاڵبوونی بە ئیش و کار دەگەڕێتەوە، هەروەها بە سروشتی خۆی کەسێکی کەمدووە. لەم گوتنانەدا دەردەکەوێت:

- **بابە ڕەقەم دەیەکەم لۆ بینە.**
- **ئا**
- **گریس، گریس.**

بە هەمان شێوە پێوەری (زۆرگوتن) لە ئاخاوتنەکەدا دەبینرێت، دیارترین نموونەش ئەم گوتنەی خوارەوەیە:

- **چوومە کن وەستا (....)یش وەڵڵا، گۆتی ئەگەر ئەو کەوەرە تەقی بوو، جێی پلاکی گرتبوو، جێی وەلفی گرتبوو، وەعد بی ئەمن سێ کەوەرت لۆ دەکڕم. گۆتی یان عەیار فێرسی یان عەیار تایمی، گۆتی عەیار فێرسی تێکچووە......گۆتم یە قیچ تەپە، دوایێ ساف دەبی.**

لەم گوتنەی سەرەوەدا جۆرە (زۆرگوتن) و درێژکردنەوەیەک لە قسەکانی ئاخێوەری چوارەمدا دیارە و جۆرە درێژدادڕییەک بە بابەتەکەوە دەبینرێت، دەکرا ئاخێوەر بابەتەکەی بە کوتتر و پوختتر باسکردبا کە نەبووایە هۆی بێزارکردنی بەرامبەرەکەی بە شێوەیەکی وا کە بگاتە ئەوەی قسەی پێ ببڕێت و لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. هۆی ئەم زۆرگوتنەی ئاخێوەری دووەم بۆ باری دەروونییەکەی و زۆر بڵێیی دەگەڕێتەوە.

لە ڕووی بنەمای کەسێتییەوە، پێوەری (ڕاستگۆیی، درۆکردن) بە شێوەیەکی گشتی لە ئاخاوتنەکەدا ئاماژەیەک یان دەستەواژەیەکی وا نابینرێت، کە دەرخەری ئەم پێوەرانە بێت یان ئەم پێوەرانەیان بە شێوەیەکی زەق پێوە دیاربێت. واتە؛ ئلخاوتنەکە بە شێوەیەکی ئاسایی لە نێوان پیشەوەراندا بەڕێوەچووە و هیچ یەک لەوان هەوڵی ئەوەی نەداوە ڕاستگۆیی خۆی دەربخات، یاخود درۆ بۆ هاوپیشەکانی بکات، چونکە هەموویان خەریکی کاری خۆیان بوون و سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بوون.

جگە لەم پێوەرانەی سەرەوە پێوەری (پرسیارکردن و زانیاری گەیاندن) لە ئاخاوتنەکەدا بەرچاو دەکەون، بە تایبەتی لە گوتنی:

- **ئا١: وەستا ئەوە چ چا دەکەی؟**
- **ئا٢: وەڵڵاهی ئەو قوڕبەسەرە، فیشەکانی هەموو پچڕابوو، سەیارەکەی ئیشی نەدەکرد، وا لۆی چا دەکەم.**

لێرەدا ئەوە دەبینرێت کە ئەم جووتە گوتنەی سەرەوە بە شێوەی پرسیار و وەڵام بەڕێوەچووە، ئاخێوەری یەکەم پرسیاری ئاڕاستەی ئاخێوەری دووەم کردووە بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری و دوواندنی، ئەمەشی لە وەڵامی ئاخێوەری دووەمدا دەستکەوتووە.

**٢/٣-٣-٢) نموونە ئاخاوتنی دووەم**

**١- تەوەری یەکەم: لە ڕووی فەرهەنگەوە:**

لەم دەقە ئاخاوتنەدا کۆمەڵێک وشە و زاراوەی تێدا بەکارهاتووە، کە گوزارشت لەم پیشەیە دەکەن و لە پیشەکانی تر جیای دەکەنەوە، سەرەنجام هەریەک لەم وشە و زاراوانە دەچنە ناو فەرهەنگ و فەرهەنگی زمانی کوردی دەوڵەمەندتر دەکەن.

لە خوارەوەدا گرنگترین وشە و زاراوەکانی نێو ئەم دەقە و وشە و زاراوە چالاکەکانی تری ئەم پیشەیە کە لە سەرچاوەکان هاتووە یاخود لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیاندا دەبیسترێت دەخرێتەڕوو، لە هەمانکاتیشدا ڕەسەن و ڕەسەن نەبوونیان دیاریدەکرێت.

| وشە | جۆرەکەی |
|---|---|
| سپانە | بیانی |
| لاستیق | ڕەسەن |
| جەگ | بیانی |
| کێس | بیانی |
| تاگۆز | ڕەسەن |

| | |
|---|---|
| ڕادێته | بیانی |
| وایەر پلاک | بیانی |
| تالیبەر | بیانی |
| گزۆز | بیانی |
| سندوق | بیانی |
| ئالەنكی | بیانی (LNK) |
| جام | ڕەسەن |
| شووته | بیانی |
| فەحس | بیانی |
| حەلقە | بیانی |
| فلس | بیانی |
| ئەنتیفرێز | بیانی |
| موقناتیس | بیانی |
| چەكوچ | ڕەسەن |

**٢- تەوەری دووەم: لە ڕوانگەی شێوازی ئاخاوتنەوە:**

لەم دەقە ئاخاوتنەدا شێوازی ئاخاوتنی جیاواز دەردەكەوێت، لێرەدا بە پێی بوونی شێوازەكان لە گوتنەكانی بەشداربووانی ئاخاوتن، جۆرەكانیان دیاریدەكرێت.

لە ئاخاوتنەكەدا شێوازێكی ئاسایی(نافەرمی) لە گفتوگۆی نێوان بەشداربووانی ئاخاوتندا بەدیدەكرێت، بە تایبەتی لە گوتنی:

- **ئەو ڕوونە، گێڕ و مەكینەی تەفلیش دەكا.**

لەم گوتنەی سەرەوەدا شێوازی ئاخاوتنەكە شێوازێكی نافەرمییە و ئەم جۆرە شێوازە لە ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵكی و نێوان هاوپیشەكاندا دەبینرێت، نافەرمیی

ئاخاوتنەکەش زیاتر لە دەربڕینی وشە و دەستەواژەکانی (تەفلیش)دا دەردەکەوێت. ئەم جۆرە دەربڕاوانە لە ئاخاوتنی فەرمیدا بەرچاو ناکەوێت.

لە لایەکی ترەوە لە گوتنێکی تری ئاخێوەری سێیەمدا کە دەڵێت:

- **هەستە گیانە، بەرکی ئەوە دەڕوا.....**

شێوازێکی تری ئاخاوتنی تێدا دەردەکەوێت، کە ئەویش شێوازی (دۆستانە)یە، هەروەک لە دەربڕاوی (گیان)دا هەستی پێدەکرێت، چونکە بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشە و دەستەواژانە زیاتر لە نێوان خۆشەویستان، هاوڕێیان، خزم و دۆستاندا دەبینرێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئاخێوەری سێیەم (وەستا) مامی ئاخێوەری یەکەمە و خزمایەتی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، لە هەمانکاتدا دەیەوێت کارەکەی بە نەرمی و قسەی خۆش پێ جێبەجێبکات.

هەر لەچوارچێوەی ئەم دەقە ئاخاوتنەدا جۆرێکی تر لە شێوازی ئاخاوتن دەبینرێت، کە ئەویش شێوازی (پرس و ڕا) یە، کە لەم نموونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**ئا۱: مامە، چ بکەم؟ لاستیقەکەی بگۆڕین؟**

**ئا۲: ئەتوو بکەوە جارێ.**

**ئا۱: دەرێم بزانین، بگۆڕین، نەگۆڕین؟ چاکەین؟**

لەم نموونەیەدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئاخێوەری یەکەم پرسی بە ئاخێوەری دووەم کردووە، کە وەستایەتی لە پیشەکەیدا، دەیەوێت بزانێت چی بکات بۆ ئەو ئۆتۆمبیلە و چۆن چاکی بکاتەوە، تاکو کاری پێویست بۆ چاکردنەوەکەی ئەنجامبدات. ئەم شێوازە ئاخاوتنە کە شێوازێکی ڕاوێژکارییە و زۆرجار لە نێوان پیشەوەراندا دەبینرێت، کە بۆ جێبەجێکرجنی ئیش و کارەکانیان پرس و ڕاوێژ بە یەکتری دەکەن تاکو بە باشترین شێواز کارەکانیان بەڕێوەبچێت.

لە درێژەی ئاخاوتنەکەدا، گوتنێکی تر بەرچاو دەکەوێت، کە شێوازی ئاخاوتنی گاڵتەئامێزی پێوە دیارە، بۆ نموونە کاتێک ئاخێوەری دووەم دەڵێت:

- **نا نا بورغییەکەی بنێشی ببەستە، بەرغیەکەی بنی.**

**له وەڵامدا ئاخێوەری سێیەم دەڵێت:**

- **لۆ چیتی؟ شەریکە زیادی دانایە.**
- **هههههەه (پێکەنینی ئاخێوەران)**

لێرەدا ئاخێوەری سێیەم لە وەڵامی پرسیاری ئاخێوەری دووەمدا قسەیەکی گاڵتە ئامێز دەکات تا بەشداربووانی ئاخاوتن بخاتە پێکەنینەوە و ئەو داواکارییە لە بیر ئاخێوەری دووەم بباتەوە و کارەکەی بۆ ئەنجام نەدات یاخود دوای بخات. ئامانجەکەشی پێکاوە بەوەی بەشداربووانی ئاخاوتنی خستۆتە پێکەنین، لە هەمانکاتدا داواکارییەکەی جێبەجێنەکردووە. ئاخێوەر شێوازێکی تایبەتی هەیە لە گوتنی بابەتە گاڵتەئامێزەکان و خۆ دزینەوە لە ئیش و کارەکان.

بەشێوەیەکی گشتی لەم ئاخاوتنەدا هیچ گوتن و دەربڕاوێکی قەدەغەکراو(تابۆ) لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە نابینرێت، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بەشداربووانی ئاخاوتن لەڕووی کۆمەللایەتییەوە خزمی یەکترن و شاگردی بچووکیان لەگەڵدایە، لە هەمانکاتدا بیر و بۆچوونێکی ئاینییان پێوە دیارە و لە هەڵسووکەوتی زمانی و نازمانییاندا ڕەنگیداوەتەوە..

**٣- تەوەری سێیەم: لە ڕوانگەی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتنەوە:**

لە ئاخاوتنی نێوان ئاخێوەرانی ئەم نموونەی دەقە ئاخاوتنەدا، بە شێوەیەکی گشتی (دەرکەوتن، دەرنەکەوتن)ی چەند پێوەرێکی کۆمەڵایەتی ئاخاوتن بە دیدەکرێت. لەم تەوەرەدا هەوڵدەدرێت ئەو گوتنانە دەستنیشان بکرێت کە گرنگترین و دیارترین ئەو پێوەرانەی تێدا دەرکەوتووە و ڕوونکردنەوەی پێویستیان لە بارەوە بخرێتەڕوو.

سەرەتا ئەگەر لە پێوەری (قسەپێبڕین)ەوە لە ڕووی بنەمای شێواز(چۆنیەتی)یەوە سەیری دەقە ئاخاوتنەکە بکرێت، ئەم پێوەرە لە چەند شوێن و گوتنێکدا دەبینرێت، دیارترینی ئەو گوتنانە بریتییە لە گوتنی:

**ئا١: مام (....)، ئەو تاگۆزەی وەر....(تەواونەکردنی قسەکەی)**

**ئا٢: بەخۆت لابە دەی، جەگکەی دانێ، لابە.**

لەم گوتنەدا ئاخێوەری دووەم هەڵساوە بە قسەپێبڕینی ئاخێوەری یەکەم، ئەم دیاردەیە بۆیە ڕوویداوە، چونکە ئاخێوەری دووەم بە تەمەن لە ئاخێوەری یەکەم گەورەترە، واتە؛ برا گەورەیەتی و لە هەمانکاتدا شارەزایی لە چاککردنەوە و فیتەریدا زیاترە، هەروەها چەند ساڵێکە لە ناو ئەو پیشەیەدا کاردەکات، هەرچەندە پێگەکەی وەکو وەستایەکی گەورە نییە، بەڵام لە چاو ئاخێوەری یەکەم پێگەی لە پیشەکەدا بەرزترە و ئەزموونی زیاترە، بۆیە ڕێگا بە خۆی دەدات قسەی پێببڕێت.

هەر لە چوارچێوەی بنەمای شێوازدا، (دەنگ بەرزکردنەوە) لە ئاخاوتنەکەدا دەبینرێت، لە درێژەی ئەو گوتنەی پێشوودا دەنگ بەرزکردنەوەش بەدیدەکرێت، لەو کاتەی کە ئاخێوەری دووەم قسەی بە ئاخێوەری یەکەم بڕی، ئینجا بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

**ئا٣: بەسە ، کورە دەخزی.**

لەم گوتنەدا ئەوە دەبینرێت، کە ئاخێوەری دووەم بەردەوام دەبێت لە پیشاندانی گەورەیی و بەرزی پێگەکەی بەوەی سەرەڕای قسەپێبڕینەکەی دەنگیشی بەسەر ئاخێوەری یەکەمدا بەرزدەکاتەوە لەگەڵ فەرمانپێکردنی بە ئەنجامنەدانی کارێک، ئەم دەنگ بەرزکردنەوەیەی زیاتر لە ڕوانگەی بە ئەزموونی لە پیشەکەیەوە سەرهەڵدەدات، چونکە ڕەنگە ئەوەی بینیبێت، کە بە ئەنجامدانی کارێکی هاوشێوەی ئەوە کارەساتێک و کێشەیەک ڕوویدابێت.

سەبارەت بە بنەمای چەندێتی، لەم ئاخاوتنەدا پێوەری (کەمدوویی) لەم گوتنەی ئاخێوەری یەکەمدا دەردەکەوێت، کاتێک لەسەر قسەکانی ئاخێوەری دووەم دەکات، بەمشێوەیەی خوارەوە:

**ئا١: ئەو ڕوونە، گێڕ و مەکینەی تەفلیش دەکا.**

**ئا٢: وەڵڵا برێم چ.**

لەم جووتە گوتنەی سەرەوەدا ئاخێوەری دووەم بە شێوەیەکی کورت قسەی لەسەر قسەکانی ئاخێوەری یەکەمدا کردووە، کە بە تەواوی پێوەری (کەمدوویی) تێدا بەدیدەکرێت، ئەمەش بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە:

١- ئاخێوەری دووەم وەستا و خاوەنی دووکانەکەیە و خەریکی چاککردنەوەی ئۆتۆمبیلە، بۆیە زۆر لەسەر بابەتەکە نادوێت.

٢- ئاخێوەری دووەم خۆی لە خۆیدا کەسێکی کەمدووە و ئەوەندە لەگەڵ خەڵکیدا نادوێت.

پێوەری (زۆرگوتن) لە ئاخاوتنەکەدا بە کەمی دەبینرێت، دیارترین نموونەش ئەم گوتنەی خوارەوەیە:

- **وەڵلا ئەمن دەریم خەتای ئەو قەپاخەیە، بگۆڕە، ئەو لاستیقانەی ناو ئێرەی تێکچووە، قەپاخی سەر مەکینەی تێکچووە، ئەوجە ئەو سەیارەیە چەند ئیزعاجە.**

لەم گوتنەی سەرەوەدا جۆرە (زۆرگوتن) و درێژکردنەوەیەک لە قسەکانی ئاخێوەری یەکەمدا دیارە و جۆرە درێژدادڕییەک بە بابەتەکەوە دەبینرێت، دەکرا ئاخێوەر بابەتەکەی بە کورتتر و پوختتر باسکردبا، تەنها بیگوتبا (دەبێت ئەو قەپاخە بگۆڕی). هۆی ئەم زۆرگوتنەی ئاخێوەر ڕەنگە بۆ حەز و ئارەزووەکەی بۆ گرتنە دەستی سەرەداوی ئاخاوتن و ڕێگە نەدان بە بەشداربووانی تر بگەڕێتەوە، یاخود زیاتر بۆ ئەوە بێت تا خاوەن ئۆتۆمبیل (ئا٢) ڕازی بکات بە گۆڕینی قەپاخەکە تاکو خۆی ئەوەندە ماندوو نەبێت و ئیشەکەی بە باشی بەڕێوەبچێت.

لە ڕووی بنەمای کەسێتییەوە، پێوەری (ڕاستگۆیی) لە بەشی زۆری ئاخاوتنەکەدا دەبینرێت، هەر لەم گوتنەی سەرەوەدا ئەوە بە ڕوونی دەبینرێت، ئاخێوەر لە ڕێگای بەکارهێنانی دەستەواژەی سوێندخواردنەوە دەیەوێت ڕاستگۆیی خۆی دەربخات و ئەوە بۆ گوێگر بسەلمێنێت کە قسەکانی ڕاستە و پێویستە بە قسەی بکات، چونکە لە بنەڕەتدا سوێندخواردن وەک ئەرکێکی زمان بۆ باوەڕهێنان، ڕاستی، جەختکردنەوە.... و هاوشێوەکانیان بەکاردێت.

به هەمان شێوە لەم گوتنەی خوارەوەشدا هەمان پێوەر (پیشاندانی ڕاستگۆیی) بەدیدەکرێت.

- **وەڵڵا، بەخوای بە ڕاستی، ئەمەش سەیارەکمان هەبوو، ئەوهای لێهاتبوو.**

هەرچی سەبارەت بە پێوەری (درۆکردن)ە، لەم ئاخاوتنەدا گوتنی وا بەرچاو ناکەوێت کە بابەتی درۆکردنی تێدا ڕەنگبداتەوە.

جگە لەم پێوەرانەی سەرەوە پێوەری (پرسیارکردن و زانیاری گەیاندن) لە ئاخاوتنەکەدا بەرچاو دەکەون، بە تایبەتی لە گوتنی:

**ئا١: کیهان بورغی؟**

**ئا٢: ئەوی لە بنەوە کردتەوە.**

لێرەدا ئەوە دەبینرێت کە ئەم گوتنە بە شێوەی پرسیار و وەڵام بەڕێوەچووە، ئاخێوەری یەکەم پرسیاری لە ئاخێوەری دووەم کردووە بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری و زانینی ئەوەی کە ئایا مەبەستی کام بورغییە، ئەمەشی لە وەڵامی ئاخێوەری دووەمدا دەست کەوتووە. کەواتە؛ زانیاری پێویست گەیشتووەتە ئاخێوەری یەکەم، هاوکارییەکی تەواو لەنێوان بەشداربووانی ئاخاوتنەکەدا بەدی دەکرێت لە ڕووی (پرسیارکردن و زانیاری گەیاندنەوە).

### ٢/٣-٤) پیشەی پزیشکی:

**ناساندن:**

پیشەی پزیشکی یەکێکە لەو پیشە هەرە گرنگ و پیرۆزانەی سەر ڕووی زەوی، کە مرۆڤ هەر لە دێر زەمانەوە بە شێوازی جیاواز ناسیویەتی. بۆ نموونە مرۆڤ لە کاتی هەستکردن بە نارەحەتی جەستەی یاخود تێکچوونی باری دەروونی، جا لەبەر هەر هۆکارێک بێت، ڕووی لە کەسانی شارەزا و پسپۆر لەم بوارەدا کردووە، کە پێشتر بە حەکیم[١] ناسرابوون، بەڵام لە ئێستادا هەندێکیان ڕۆڵی پزیشک دەبینن و هەندێکی تریان بڕوانامەی پسپۆرییان لەم بوارەدا هەیە.

ئەم پیشەیە لە ڕووی مێژووییەوە هەر لە سەردەمی گریکەکانەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان بوونی هەبووە و خەڵکی درکیان بە گرنگییەکەی کردووە بۆ کۆمەڵگا و ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەرە و پێشچوون و پێشکەوتنی بەردەوام دایە، وەکو ئەوەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان دەبینرێت کە پزیشکی گرنگیەکی زۆری هەیە و چەندین پسپۆری ورد تێیدا سەریهەڵداوە، چونکە خەڵکی وەکو گرێدراوی ڕاستەوخۆی ژیانییان و پیشەیەکی پیرۆز سەیری پزیشکی دەکەن[٢]. بە گشتی ئامانجی ئەم پیشەیە، دیاریکردن و دەستنیشانکردنی نەخۆشی و دانانی چارەسەری پێوستە بۆی لە چوارچێوەی پسپۆرییەکەیدا. گوزارشتکردنی کەرەستەی ئەم ئامانجانەش لەڕێگای زمانەوە دەردەبڕدرێت، لەم ڕووەوە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان زمان و ئەم پیشەیەدا دێتە کایەوە.

سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردیش ئەم پیشەیە پێشتر زیاتر وەکو پیشەیەکی فەرمی سەیر نەکراوە، بەڵکو شارەزایانی ئەم بوارە بە هۆی دەرمانی گیایی و کوردەوارییەوە هەوڵی چارەسەری نەخۆشیان داوە، تا ئێستاش ئەم دیاردەیە تا ڕادەیەک لە دێهاتەکان ماوە،

---

[١] حەکیم بە کەسێکی شارەزا دەوترا لە بواری تەندروستی و ژیان بە شێوەیەکی گشتی.

[٢] (www.mawdoo3.com)

بەڵام لە کۆمەڵگای شارنشیندا شێوازێکی سەردەمیانە و فەرمی وەرگرتووە و وەکو پسپۆرییەک دەخوێندرێت، بە شێوازی ئەکادیمی پەیڕەو دەکرێت. پیشەوەرانی ئەم بوارە پەیوەندی کۆمەڵایەتی تایبەتیان لە نێواندا دەبینرێت، کە جیایان دەکاتەوە لە کۆمەڵانی تر. زمانی ئاخاوتن پەیوەندی نێوان پیشەوەرانی پزیشکی ڕێکدەخات، کەرەستەی پەیوەندیکردنیش فۆرمە فەرهەنگی و زمانییەکانن، کە لەگەڵ زۆربوونی نەخۆشی و فراوانبوونی زانست و زانیاری پزیشکیدا زیاد دەکات، بە واتایەکی تر ناوی دەرمان و جۆری نەخۆشی و چارەسەری دەچێتە ناو فەرهەنگی زمانەوە.

جێگای ئاماژەیە ئەم پیشەیەش وەک هەر پیشەیەکی تر کەرەستە، وشە، زاراوە، فەرهەنگ و دەربڕینی تایبەت بە خۆی هەیە. هەروەها شێواز و پێوەری کۆمەڵایەتی ئاخاوتنی جۆراوجۆری تێدا دەردەکەوێت. لە خوارەوەشدا هەریەک لەو ڕەهەندانە لە چوارچێوەی نموونە وەرگیراوەکانی پەیوەست بەم پیشەیە دەخرێتەڕوو.

**٢/٣-٤-١) نموونەی ئاخاوتنی یەکەم**

**١- تەوەری یەکەم: لە ڕووی فەرهەنگەوە:**

لەم دەقە ئاخاوتنەدا کۆمەڵێک وشە و زاراوەی تێدا بەکارهاتووە، کە زۆربەیان تایبەتن بە بواری پزیشکی، بە شێوەیەکی گشتی گوزارشت لەم پیشەیە دەکەن و لە پیشەکانی تر جیای دەکەنەوە، سەرەنجام هەندێک لەم وشە و زاراوانە دەچنە ناو فەرهەنگ و فەرهەنگی زمانی کوردی دەوڵەمەندتر دەکەن، هەرچەندە زۆرێک لەو وشە و زاراوانە هەر تەنها لە چوارچێوەی پیشەی پزیشکی بەکاردێن، چونکە وشەی ئینگلیزین و تایبەتن بە بواری پزیشکییەوە، بۆیە زیاتر لە نێو شوێنە تەندروستییەکان و کارمەندانی تەندروستیدا بەکاردێن.

له خوارەوەدا گرنگترین وشە و زاراوەکانی نێو ئەم دەقە و وشە و زاراوە چالاکەکانی تری ئەم پیشەیە کە لە سەرچاوەکاندا هاتووە یاخود لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیاندا بۆ بەجێهێنانی کاری پزیشکی بەکاریدەهێنن، دەخرێنەڕوو، لە هەمانکاتیشدا ڕەسەن و بیانییەکانیان دیاریدەکرێت.

| <u>وشە</u> | <u>جۆرەکەی</u> |
|---|---|
| فییوری | بیانی |
| چێک | بیانی |
| لاکۆرسن | بیانی |
| ستەیبڵ | بیانی |
| ئەنسۆلین | بیانی |
| میرازۆلان | بیانی |
| نۆرتڤین | بیانی |
| کەیس | بیانی |
| ئۆکسجین | بیانی |
| سەککەر | بیانی |
| ڤایتەڵ | بیانی |
| های پرۆکس | بیانی |
| تایم | بیانی (time) |
| گلوکۆز | بیانی |
| وۆتەر | بیانی |
| سی سی | بیانی |
| هاوەر | بیانی |
| فەحس | بیانی |

| | |
|---|---|
| ئۆ پی دی | بیانی |
| موقیم | بیانی |
| موقیم ئەقدەم | بیانی |
| ئۆ تی | بیانی |
| دکتۆر | بیانی |
| قەرەویڵە | ڕەسەن |
| بلەد | بیانی |
| پلازمە | بیانی |
| کەی سی ئێڵ | بیانی |
| موڵتی پلای | بیانی |
| ئەپ دۆمین | بیانی |
| لێفت ئاڕم | بیانی |
| ڕایت هاند | بیانی |
| بۆت لێگ | بیانی |
| ڕەیچەر | بیانی |
| لابرتۆمیک | بیانی |
| ویک فەنکشن | بیانی |
| فۆرم بەدی | بیانی |
| ڤایکەڵی | بیانی |
| دیس تەیبڵ | بیانی |

**٢- تەوەری دووەم: لە ڕوانگەی شێوازی ئاخاوتنەوە:**

لەم دەقە ئاخاوتنەدا شێوازی ئاخاوتنی جیاواز بەرچاو دەکەوێت، لێرەدا بە پێی بوونی شێوازەکان لە گوتنەکانی بەشداربووانی ئاخاوتن، جۆرەکانیان دیاریدەکرێت.

لە ئاخاوتنەکەدا یەکێک لەو شێوازانەی بەرچاو دەکەوێت شێوازی ئاسایی(نافەرمی)یە لە گفتوگۆی نێوان ئاخێوەری یەکەم و دووەمدا، هەروەک لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت:

**ئا١: کورە، نا نا، ئەتوو مەزبووتی، مەزبووت.**

**ئا٢: نا نا، مەزبووت نیمە.**

**ئا١: وەڵڵا مەزبووتی.**

لەم گوتنەی سەرەوەدا شێوازی ئاخاوتنەکە شێوازێکی نافەرمییە، کە لە نێوان هاوپیشەکاندا بەکاردێت، نافەرمیی ئاخاوتنەکەش زیاتر لە دەربڕینی وشە و دەستەواژەکانی (کورە، مەزبووت)دا دەردەکەوێت. ئەم جۆرە دەربڕاوانە لە ئاخاوتنە فەرمیەکاندا کەمتر دەبینرێت، چونکە لە ئاخاوتنی فەرمیدا پێگەی نێوان بەشداربووانی ئاخاوتن، پێگەیەکی ستوونییە (لە بەرزەوە بۆ نزم).

هەر لەم دەقە ئاخاوتنەدا جۆرێکی تر لە شێوازی ئاخاوتن دەبینرێت، کە ئەویش شێوازی (ڕاوێژکارییە) و لەم نموونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**ئا١: ڕەیچەری لۆ کرایە؟**

**ئا٢: ئا، ڕەیچەری لۆ کرایە.**

**ئا١: لابرتۆمیک کرایە؟**

**ئا٢: لابرتۆمیک کرایە، نێگەتیڤ بووە...**

لەم نموونەیەدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئاخێوەری یەکەم پرسیاری لە ئاخێوەری دووەم کردووە، تا بزانێت تەندروستی نەخۆشەکە چۆنە و چی بۆکراوە، تاکو کاری پێویست بۆ چارەسەرکردنی بکات.

هەر لە چوارچێوەی ئەم دەقە ئاخاوتنەدا، شێوازێکی تر لە درێژەی قسەکردنی نێوان بەشداربووانی ئاخاوتنەکە بەرچاو دەکەوێت، کە شێوازی ئاخاوتنی (گاڵتەئامێز)ە، ئەویش لەم نموونەیەی خوارەوەدا دیارە:

**ئا١: ئەوە نییە سەککەرمان لۆ کردییە؟!**

**ئا٢: هههه (پێکەنین).**

لێرەدا ئاخێوەری یەکەم دەستەواژەیەکی پزیشکی (سەککەر) لە ناو گوتنەکەیدا بەکارهێناوە، کە ڕەنگە بۆ ئەم بارودۆخە گونجاو نەبێت و تەنها بۆ گاڵتەکردن بەکاریهێنابێت. هەر بۆیەش ئەو قسەیە بۆتە هۆی پێکەنینی ئاخێوەری دووەم و قسەکەی بە گاڵتە وەرگرتووە.

**٣- تەوەری سێیەم: لە ڕوانگەی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتنەوە:**

لە ئاخاوتنی نێوان ئاخێوەرانی ئەم نموونەی دەقە ئاخاوتنەدا، بە شێوەیەکی گشتی (ڕەچاوکردن، ڕەچاونەکردن)ی چەند پێوەرێکی کۆمەڵایەتی ئاخاوتن بە دیدەکرێت. لێرەدا هەوڵدەدرێت ئەو گوتنانە دەستنیشانبکرێت، کە گرنگترین و دیارترین ئەو پێوەرانەی تێدا دەرکەوتووە و ڕوونکردنەوەی پێویستیان لە بارەوە بخرێتەڕوو.

سەرەتا ئەگەر لە پێوەری (قسەپێبڕین)ەوە لە ڕووی بنەمای شێواز(چۆنیەتی)یەوە سەیری دەقە ئاخاوتنەکە بکرێت، ئەم پێوەرە لەم نموونەیەی خوارەوەدا دەبینرێت:

**ئا١: بزانە دوونێ هەموو،...(تەواونەکردنی قسەکەی)**

**ئا٢: ئەولای هەموو هەوبوو.**

لێرەدا ئاخێوەری دووەم هەڵساوە بە قسەپێبڕینی ئاخێوەری یەکەم، ئەم دیاردەیە بە هۆی ئەوەوە ڕوویداوە، کە ئاخێوەری دووەم وا هەستدەکات پێگەی لە ئاخێوەری یەکەم (ڕەگەزی مێ) بەرزترە، چونکە لە کۆمەڵگای کوردیدا زۆربەی کات ڕەگەزی نێر قسە بە ڕەگەزی مێ دەبڕێت.

هەر لە چوارچێوەی بنەمای شێوازدا، (دەنگ بەرزکردنەوە)ش لە ئاخاوتنەکەدا دەبینرێت. هەر وەک لەم گوتنەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**ئا١: چتان نووسییە لێرە؟** ⇧

**ئا٢: بزانم (....) چی نووسییە؟! ستەیبڵ، ئەنستەیبڵ، شیفت ئۆن لایت، بڵەدی وەرگرتییە.**

لێرەدا ئەوە دەبینرێت کە ئاخێوەری یەکەم لەگەڵ پرسیارکردنەکەیدا تا ڕادەیەک دەنگی بە سەر ئاخێوەری دووەمدا بەرزکردۆتەوە. ئەوەی ڕێگا بە ئاخێوەری یەکەم دەدات دەنگی بە سەر ئاخێوەری دووەمدا بەرز بکاتەوە و بەم شێوەیە پرسیاری لێبکات پێگەکەیەتی، کە دکتۆرە و بەرامبەرەکەشی یاریدەدەری دکتۆرە، واتە؛ پێگەی لە ئەو نزمترە. ئاخێوەری یەکەم لەم دەنگ بەرزکردنەوەیەدا تەنها مەبەستی ڕێک جێبەجێکردنی کارەکە و سەلامەتی تەندروستی نەخۆشەکەیە.

سەبارەت بە بنەمای چەندێتی، لەم ئاخاوتنەدا پێوەری (کەمدوویی) بەدی ناکرێت، چونکە سەرجەم بەشداربووانی ئاخاوتن ئامادەییان لە ئاخاوتن و گفتوگۆکاندا هەیە و هەریەکەیان بە پێی پێویست هاوبەشییان لە گفتوگۆکاندا کردووە. بەڵام پێوەری (زۆرگوتن) لە ئاخاوتنەکەدا دەبینرێت، دیارترین نموونەش ئەم گوتنەی خوارەوەیە:

- **ئەزانی ئەڵێ چی؟ ئەڵێ فیوری چەندە؟ تەمەشای کاتی دەکا، ئەڵێ فیوری چەندە؟ دونێ گۆتتان ئەوە فیورە. نەتان گۆت فیورە؟ڕاست تەماشای کرد، گۆتی: کا؟ گۆتی: کاکە لە سەعات ئەوەندەوە فیوەری نەبووە، وەڵلا ئەمنیش چێکم کرد، گۆتم ئا، بەس ئەوە وەبوە، دەیەوێ وەرەقە و ئەوە وەکی یەک بی... لاکۆرسن.**

لەم گوتنەی سەرەوەدا جۆرە (زۆرگوتن) و درێژکردنەوەیەک لە قسەکانی ئاخێوەری یەکەمدا دیارە و جۆرە درێژدادڕییەک بە بابەتەکەوە دەبینرێت، دەکرا ئاخێوەر بابەتەکەی بە کوتتر و پوختتر باسکردبا. هۆی ئەم زۆرگوتنەی ئاخێوەر بۆ حەز و ئارەزووەکەی بۆ گرتنەدەستی سەرەداوی ئاخاوتن و ڕێگە نەدان بە بەشداربووانی تر دەگەڕێتەوە.

لە ڕووی بنەمای کەسێتییەوە، پێوەری (ڕاستگۆیی و درۆکردن) لەم ئاخاوتنەدا نابینرێت، چونکە هیچ گوتنێکی وای تێدا نییە، کە بەشداربووانی ئاخاوتن تێیدا هەوڵی سەلماندنی ڕاستگۆیی خۆیان دابێت، یاخود گوتنێکی وا بەرچاو بکەوێت کە بۆنی درۆکردنی لێبێت و بێ بەڵگە و بێ بنەما بێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، بەشداربووانی ئەم ئاخاوتنە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتنیان لە ڕووی بنەمای کەسێتییەوە پەیڕەوکردووە.

جگە لەم پێوەرانەی سەرەوە پێوەری (پرسیارکردن و زانیاری گەیاندن) لە ئاخاوتنەکەدا بەرچاو دەکەون، بە تایبەتی لە گوتنی:

**ئا١: ئەوە نەهات فەحسی بکات؟**

**ئا٢: نا وەڵڵا، نازانم لۆ.**

لێرەدا ئەوە دەبینرێت کە ئاخاوتنەکە بە شێوەی پرسیارکردن بەڕێوەچووە، ئاخێوەری یەکەم پرسیاری کردووە بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری، ئەمەشی لە وەڵامی ئاخێوەری دووەمدا دەستکەوتووە، کەواتە؛ زانیاری پێویست گەیشتووەتە ئاخێوەری یەکەم، لە بەرامبەر پرسیارەکەیدا.

**٢/٣-٤-٢) نموونە ئاخاوتنی دووەم**

**١- تەوەری یەکەم: لە ڕووی فەرهەنگەوە:**

لەم دەقە ئاخاوتنەدا کۆمەڵێک وشە و زاراوەی تایبەت بە بواری پزیشکی تێدا بەکارهاتووە، بە شێوەیەکی گشتی زۆربەیان گوزارشت لەم پیشەیە دەکەن و لە پیشەکانی تر جیای دەکەنەوە، ڕەنگە هەندێک لەم وشە و زاراوانە بچنە ناو فەرهەنگ و فەرهەنگی زمانی کوردی دەوڵەمەندتر بکەن، بەڵام زۆربەیان ناچنە ناو فەرهەنگی زمان، چونکە وشەی زۆر تایبەتی ئەم بوارەن و زیاتر لە چوارچێوەی شوێنە تەندروستییەکاندا بەکاردێن.

لە خوارەوەدا گرنگترین وشە و زاراوەکانی نێو ئەم دەقە دەخرێنەڕوو، لە هەمانکاتیشدا ڕەسەن و ڕەسەن نەبوونیان دیاریدەکرێت.

| وشە | جۆرەکەی |
|---|---|
| بەنج | بیانی |
| ئیکستێرنەڵ | بیانی |
| تەخدیر | بیانی |
| خوێن | ڕەسەن |
| فۆلیک | بیانی |
| تەواری | بیانی |
| باک ستر | بیانی |
| سلاپ | بیانی |
| ووند | بیانی |
| ئەنتی بایۆتیک | بیانی |
| کانوولە | بیانی |
| تەحویل | بیانی |
| فەددان | بیانی |
| حەممالە | بیانی |
| پلاستەر | بیانی |
| کەف | بیانی |
| پرێشەر | بیانی |
| پاژنە | ڕەسەن |
| قیاس | بیانی |
| سپرەیت | بیانی |
| ساڵە | بیانی |
| کسوور | بیانی |

| | |
|---|---|
| تەعقیم | بیانی |
| گۆز | ڕەسەن |
| ماسک | بیانی |
| جیڕاحە | بیانی |

**٢- تەوەری دووەم: لە ڕوانگەی شێوازی ئاخاوتنەوە:**

لەم دەقە ئاخاوتنەدا چەند شێوازێکی ئاخاوتنی جیاواز بەرچاو دەکەون، لێرەدا بە پێی بوونی شێوازەکان لە گوتنەکانی بەشداربووانی ئاخاوتن، جۆرەکانیان دیاریدەکرێت و ڕوونکردنەوەی پێویستیان لە بارەوە دەخرێتەڕوو.

یەکێک لەو شێوازانەی لە ئاخاوتنەکەدا بەرچاو دەکەوێت، شێوازی (پرس و ڕا) یە، کە لەم چەند نموونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

- نموونەی گوتنی یەکەم:
- **ئا١: دکتۆرە کانولە لە کۆ دانێم؟ لێرە داینێم باشە؟ کەفەکە ببەمە قاچی؟ کەف بلەد پرێشەر.**
- **ئا٢: ئا داینێ، باشە.**

نموونەی گوتنی دووەم:

- **ئا١: دکتۆر گیان حازرن؟ بەنجی بدەینێ؟**
- **ئا٢: ئا، یەڵڵا.**

لە نموونە گوتنی یەکەمدا ئەوە دەردەکەوێت، کە ئاخێوەری یەکەم پرسی بە ئاخێوەری دووەم کردووە، تا بزانێت کانولە بۆ نەخۆشەکە دابنێت یاخود نا، وە ئەگەریش دایبنێ لە کوێ داینبێ، هۆی ئەم پرسکردنەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئاخێوەری یەکەم یاریدەدەری پزیشکە و زانیاری، پلە، بڕوانامەی لە ئاخێوەری دووەم کەمتر و نزمترە، بۆیە دەبێت لە ئەنجامدانی کارەکانیدا پرس بە پزیشک بکات و

بۆچوونی ئەو وەربگرێت لە کاتی جێبەجێکردنی هەر شتێک کە پەیوەندی بە تەندروستی و ژیانی نەخۆشەوە هەیە، چونکە بەرپرسی یەکەم لە هۆڵی نەشتەرگەری پزیشکە.

لە نموونەی گوتنی دووەمیشدا شێوازی ئاخاوتنی (پرس و ڕا) دەبینرێت، لەوەدا کە ئاخێوەری یەکەم پرسی بە ئاخێوەری دووەم کردووە تا بزانێت ئەوان بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە ئامادەن، تاکو ئەویش بە ئیشی خۆی هەڵبستێت و نەخۆشەکە بەنج بکات، هۆی ئەم پرسکردنەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئاخێوەری یەکەم یاریدەدەری پزیشکە و دەبێت لە ئەنجامدانی کارەکانیدا ڕاوێژ بە پزیشک بکات و بۆچوونی ئەو وەربگرێت لە کاتی جێبەجێکردنی هەر شتێک کە پەیوەندی بە تەندروستی و ژیانی نەخۆشەوە هەیە.

هەر لەم جووتە گوتنەدا شێوازێکی تریش بەدیدەکرێت کە ئەویش شێوازی (دۆستانە)یە، هەروەک لە دەربڕاوی (دکتۆر گیان)دا هەستی پێدەکرێت، چونکە بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشە و دەستەواژانە زیاتر لە نێوان خۆشەویستان، هاوڕێیان، خزم و دۆستاندا دەبینرێت، ڕاستە لێرەدا ئاخێوەری یەکەم و دووەم خزمی یەکتر نین، بەڵام هەردووکیان هاوپیشەن، ڕەنگە جۆرێک لە خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەبێت، یاخود ئەوەی ئاخێوەری دووەم خۆی شێوازی ئاخاوتنی وا بێت و هەمیشە بیەوێت هەست و سۆزی دەورووبەرەکەی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و هەوڵی باش بەڕێوەچوونی ئیش و کارەکان بدات، چونکە لە گوتنی تریشیدا ئەمەی لێ بەدیدەکرێت، وەک:

- **ئا١: یەڵڵا دەی باوکەکەی باوکم دەی تەحویل کەن.**

هەر لە چوارچێوەی ئەم دەقە ئاخاوتنەدا، شێوازێکی تر لە درێژەی قسەکردنی نێوان بەشداربووانی ئاخاوتنەکە بەرچاو دەکەوێت، کە شێوازی ئاخاوتنی (گاڵتەئامێز)ە، ئەویش لەم نموونەیەی خوارەوەدا دیارە:

- **ئەوانە جەماعەتی ئەوەی بان خۆش بوو، ئەوانەی دەرێن تێشی.**
- **هههه (پێکەنینی بەشداربووانی ئاخاوتن).**

لێرەدا ئاخێوەری چوارەم وەکو حالەتێکی گاڵتە پێکردن بە نەخۆش و شێوەزارەکەی کە لە کاتی بوونی ئازاردا دەڵێت: (تێشی) لە جیاتی بڵێت: (دێشی)، ئەو بابەتە باس دەکات و بەشداربووانی ئاخاوتن دەخاتە پێکەنینەوە بە هۆی گاڵتەکردن بەو نەخۆشانەی کە شێوەزارێکی لەو جۆرەیان هەیە. جێی ئاماژەیە کە ئەمجۆرە گاڵتە پێکردنە، واتە؛ گاڵتەکردن بە شێوەزاری یەکتر لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا زۆر دەبینرێت.

**٣- تەوەری سێیەم: لە ڕوانگەی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتنەوە:**

لە ئاخاوتنی نێوان ئاخێوەرانی ئەم نموونەی دەقە ئاخاوتنەدا، بە شێوەیەکی گشتی (دەرکەوتن، دەرنەکەوتن)ی چەند پێوەرێکی کۆمەڵایەتی ئاخاوتن بە دیدەکرێت. لێرەدا هەوڵدەدرێت ئەو گوتنانە دەستنیشانبکرێت، کە گرنگترین و دیارترین ئەو پێوەرانەی تێدا دەرکەوتووە و ڕوونکردنەوەی پێویستیان لە بارەوە بخرێتەڕوو.

سەرەتا ئەگەر لە پێوەری (قسەپێبڕین)ەوە لە ڕووی بنەمای شێواز(چۆنیەتی)یەوە سەیری دەقە ئاخاوتنەکە بکرێت، ئەم پێوەرە لەهیچ گوتنێکی نێو ئاخاوتنەکەدا نابینرێت، ڕەنگە هۆی ئەمەش بۆ ئاستی ڕۆشنبیری و پلەی زانستی بەشداربووانی ئاخاوتنەکە بگەڕێتەوە، چونکە ئەم دیاردەیە زیاتر لە لای کەسانی نەخوێندەوار و کۆڕ و کۆبوونەوە نافەرمییەکاندا زیاتر دەبینرێت.

ئەگەر هەر لە چوارچێوەی بنەمای شێوازەوە لە ئاخاوتنەکە بڕوانرێت، تێبینی ئەوە دەکرێت کە (دەنگ بەرزکردنەوە)یەکی کەم لە ئاخاوتنەکەدا بوونی هەیە، هەر وەک لەم گوتنەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**- یەڵڵا کاکە خەوتووە، فۆلیک، فۆلیک ئەوەم لۆ لادەن.**

لێرەدا ئەوە دەبینرێت کە ئاخێوەری پێنجەم لەگەڵ داواکارییەکەیدا تا ڕادەیەک دەنگی بە سەر هاوپیشەکانیدا (بەشداربووانی ئاخاوتن) بەرزکردۆتەوە و فەرمانی پێکردوون بە ئەنجامدانی کارێک. ئەوەی ڕێگا بە ئاخێوەری پێنجەم دەدات دەنگی بە سەر هاوپیشەکانیدا بەرز بکاتەوە و بەم شێوەیە فەرمانیان پێبکات، پێگەکەیەتی کە دکتۆرە و بەرامبەرەکانیشی

یاریدەدەری دکتۆرن یاخود ساڵانی خزمەتیان لەو کەمترە و زانیارییان وەکو ئەو نییە. ئاخێوەری پێنجەم لەم دەنگ بەرزکردنەوەیەدا تەنها مەبەستی ڕێک جێبەجێکردنی کارەکە و سەلامەتی تەندروستی نەخۆشەکەیە.

سەبارەت بە بنەمای چەندێتی، لەم ئاخاوتنەدا پێوەری (کەمدوویی) تەنها لای ئاخێوەری دووەم بەدیدەکرێت، ئەگینا سەرجەم بەشداربووانی تری ئاخاوتن ئامادەییان لە ئاخاوتن و گفتوگۆکاندا هەیە و هەریەکەیان بە پێی پێویست هاوبەشییان لە گفتوگۆکاندا کردووە. ئەوەی تێبینی دەکرێت ئاخێوەری دووەم دەربڕینەکانی کورتن (تەنها یەک دوو دەستەواژەن) و زۆر بەشداری لە ئاخاوتنەکاندا نابینرێت، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا ئاشکرایە:

- **ئا٢: ئا، یەڵڵا.**
- **ئا٢: یەڵڵا.**
- **ئا٢: نا، هیچ، دوعا بکەین و خەڵاس.**
- **ئا٢: کانولەی بۆ دابنێ.**

بەڵام پێوەری (زۆرگوتن) زیاتر لە گوتنەکانی ئاخێوەری یەکەمدا دەردەکەوێت، چونکە زۆرترین بەشداری هەیە لە ئاخاوتنەکەدا و شێوازێکی درێژکردنەوە بە هەندێ لە گوتنەکانییەوە دیارە، دیارترین نموونەش ئەم گوتنەی خوارەوەیە:

ئا١: ئەو یەددەیە بێنە (.....)، یەددە، دەستی. دوو ئەوەی چاکمەوێ (.....) دوو حەممالەی چاکمەوێ، باشە؟! یەک لەمبەر، یەک لەوبەر. دەستی جوان دانێن برام، ئەو دەستەی ئەوبەری، دەمەوێ کانولەیەکیش، ئەخە لەوبەر دانێم.

لەم گوتنەی سەرەوەدا جۆرە (زۆرگوتن) و درێژکردنەوەیەک لە قسەکانی ئاخێوەری یەکەمدا دیارە و جۆرە درێژدادڕییەک بە بابەتەکەوە دەبینرێت، دەکرا ئاخێوەر بابەتەکەی بە کوتتر و پوختتر باسکردبا. هۆی ئەم زۆرگوتنەی ئاخێوەر بۆ حەز و ئارەزووەکەی بۆ گرتنەدەستی سەرەداوی ئاخاوتن و خۆ دەرخستن بەرامبەر بە هاوپیشەکانی دەگەڕێتەوە.

لە ڕووی بنەمای کەسێتییەوە، پێوەری (ڕاستگۆیی و درۆکردن) لەم ئاخاوتنەدا نابینرێت، چونکە هیچ گوتنێکی وای تێدا نییە، کە بەشداربووانی ئاخاوتن تێیدا هەوڵی سەلماندنی ڕاستگۆیی خۆیان دابێت، یاخود گوتنێکی وا بەرچاو بکەوێت کە بۆنی درۆکردنی لێبێت و بێ بەڵگە و بێ بنەما بێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، بەشداربووانی ئەم ئاخاوتنە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتنیان لە ڕووی بنەمای کەسێتییەوە پەیڕەوکردووە. جێی ئاماژەکردنە، تەنها یەک گوتن دەبینرێت کە ئاخێوەری پێنجەم پشتگیری بۆچوون و قسەکانی ئاخێوەری یەکەم دەکات و هەوڵی چەسپاندنی قسەکەی دەدات، وەک لەم نموونەیەی خوارەوەدا دیارە:

- **ئا١:..... خۆ ئیستە بەس ماتۆڕ مەمنوع بکرێ، کسور کێسی نامینێ.**
- **ئا٢: ئا، ڕاستەکەی.**

ڕەنگە ئەم پشتگیریکردن و پشتڕاستکردنەوەیەی ئاخێوەری دووەم بۆ قسەکانی ئاخێوەری یەکەم بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە ئەویش هەمان بۆچوونی هەیە لەسەر ماتۆڕ و بۆتە کێشە بۆ پزیشکان و بەردەوام برینداری ڕووداوەکانی ماتۆڕیان بۆ دەچێت.

جگە لەم پێوەرانەی سەرەوە پێوەری (پرسیارکردن و زانیاری گەیاندن) لە ئاخاوتنەکەدا بەرچاو دەکەون، بە تایبەتی لە گوتنی:


- **ئا١: ئەو خوێنە چییە؟**
- **ئا٢: ئەوە لێرەووندەکی هەیە.**
- **ئا١: یەعنی لە پاژنەشی ووند هەیە؟**
- **ئا٢: ئەدی.**

لێرەدا ئەوە دەبینرێت کە ئاخاوتنەکە بە شێوەی پرسیارکردن بەڕێوەچووە، ئاخێوەری یەکەم پرسیاری کردووە بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری ئەوەی کە بزانێت ئەو خوێنەی لە نەخۆشەکە دەڕوات چییە و لە کوێوەیە؟، ئەمەشی لە وەڵامی ئاخێوەری


دووەمدا دەستکەوتووە، کەواتە؛ زانیاری پێویست گەیشتووەتە ئاخێوەری یەکەم، لە بەرامبەر پرسیارەکانیدا.

### ٣/٣) ئاماری فەرهەنگی پیشەکان:

لەم خاڵەدا هەوڵدەدرێ ئامارێکی بەکارهێنانی وشە ڕەسەن و بیانییەکان بەشێوەی وێنەی ئەندازەیی بخرێتەڕو بۆ گەیشتن بە چەند ئەنجامێکی ورد و زانستی دیاریکراو، بۆیە لە خوارەوە ئەم چەند نەخشەیە خراوەتەڕو:





نەخشەی ژمارە (٢)
(ڕێژەی بەکارهێنانی وشەی ڕەسەن و بیانی لە پیشەی کشتوکاڵکردندا)





نەخشەی ژمارە (٣)

(ڕێژەی بەکارهێنانی وشەی ڕەسەن و بیانی لە پیشەی ئاژەڵداریدا)




نەخشەی ژمارە (٤)


(ڕێژەی بەکارهێنانی وشەی ڕەسەن و بیانی لە پیشەی فیتەریدا)




نەخشەی ژمارە (٥)

(ڕێژەی بەکارهێنانی وشەی ڕەسەن و بیانی لە پیشەی پزیشکیدا)

**ڕێژەی بەکارهێنانی وشەی ڕەسەن و بیانی لە سەرجەم پیشەکاندا**




نەخشەی ژمارە (٦)

(ڕێژەی بەکارهێنانی وشەی ڕەسەن و بیانی لە سەرجەم پیشەکاندا)

# ئەنجام

## ئەنجام

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لێکۆڵینەوەکە پێیگەیشتووە، ئەمانەی خوارەوەن:

١- پیشە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردی دابەشی سەر دوو کۆمەڵگای (دێنشین و شارنشین) دەبن و زمانی ئاخاوتنی تایبەت بە خۆیان هەیە.

٢- کۆمەڵگای کوردی بە پێی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی (ڕەگەز، چین، تەمەن... و پیشە) کە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگان و ڕۆڵی گرنگ لە دروستبوونی جۆراوجۆری زمان دەگێڕن، شێوەی ئاخاوتنی جیاوازی تێدا دەبینرێت.

٣- پیشەکان وشە و زاراوەی تایبەت بە خۆیان هەیە کە دابەشی دو جۆر دەبن: وشەی ڕەسەن و بیانی. هەر یەک لە پیشەکانیش بە ڕێژەی جیاواز ئەم جۆرە وشانە بەکاردێنن بە جۆرێ کە پیشەی کشتوکاڵکردن (٨٠%) وشەی ڕەسەن و (٢٠%)ی وشەی بیانی بەکاردێنێ، پیشەی ئاژەڵداری (٩٤%) وشەی ڕەسەن و (٦%)ی وشەی بیانی بەکاردێنێ، هەروەها پیشەی فیتەری (١٨%) وشەی ڕەسەن و (٨٢%)ی وشەی بیانی بەکاردێنێ، لە بەرامبەردا پیشەی پزیشکی (٦%) وشەی ڕەسەن و (٩٤%)ی وشەی بیانی بەکاردێنێ. لەمەشدا ئەوە بە دەرکەوتووە، کە پیشەکانی دێنشین زیاتر وشەی ڕەسەن بەکاردێنن، لە کاتێکدا پیشەکانی شارنشین زیاتر وشەی بیانی بەکاردێنن.

٤- لە ڕوانگەی شێوازی ئاخاوتنەوە، ئەو پیشانەی وەرگیراون شێوازی ئاخاوتنی تایبەت بە خۆیان هەیە و هەریەکەیان بە پێی ئاخاوتنی ئاخێوەرانی، شێوازی ئاخاوتنی جیاوازی وەک (نافەرمی، دۆستانە، پرس و ڕا و گاڵتەئامێز) یان تێدا دەردەکەوێت.

٥- لە ڕوانگەی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتنەوە، لە نموونە وەرگیراوەکانی ئاخاوتنی پیشە دیاریکراوەکان ئەوە بە دیدەکرێت، کە لە هەریەکەیاندا بە شێوەی جیاواز پێوەرەکانی (قسەپێبڕین، دەنگ بەرزکردنەوە، زۆرگوتن، کەم گوتن، ڕاستگۆیی، درۆکردن و پرسیارکردن و زانیاری گەیاندن) دەردەکەوێت، هۆکاری ئەمەش بۆ پلە و پایەی ئاخێوەران، باری دەروونی و کەسایەتییان و پێکهاتەی پیشەکان بە شێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە.

# لیستی سەرچاوەکان

# لیستی سەرچاوەکان

## ١- بە زمانی کوردی:

### أ/ کتێب:


١. ئارام عەبدولواحید عەبدولواحید حەمەڕەشید، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، ٢٠١٣.

٢. بێرنارد کەمریێ و ئەوانی تر، زمان، و:کامیل محەمەد قەرەداخی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، ٢٠٠٧.

٣. بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین، زار و شێوەزار، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٦.

٤. تاڵیب حوسێن عەلی، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤.

٥. ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٣.

٦. ڕەحیم سورخی(و)، زمان، هزر و کولتوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.

٧. ـــــــــــــــــــ ، شیکردنەوەییێکی ڕەخنەیی گوتاری ڕۆژنامەنووسی کوردی (١٩١٨-١٩٣٢)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.

٨. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، ڕستە و پاش ڕستە تێڕوانینێکی ئەرکی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

٩. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨.

١٠. سەلام ناوخۆش، ناسیۆنالیزمی کوردی و زمانی کوردی، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠١٦.

١١.شاخەوان جەلال فەرەج، تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کەلتور، چاپخانەی بینایی، سلیمانی، ٢٠١٣.

١٢.شەهاب شێخ تەیب، دەربارەی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر، ٢٠١٤.

١٣.عبدالرحمن قاسملو، کوردستان و کورد، و.عبدالله حسن زادە، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٤.عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ، چەند باسێکی وردی زمانەوانی – کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٥.

١٥.عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد، ئەتڵەسی زمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠١١.

١٦.عەبدە ئەلراجحی، زمان و زانستەکانی کۆمەڵگا، و.عەبدوڵڵا گەرمیانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣.

١٧.عەلی عەبدولواحید وافی، زانستی زمان، و.د.ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم،.........

١٨.فوئاد حەمە ڕەشید، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٩.گۆران کوردی، کلتور و زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی گرافیک، ٢٠١٣.

٢٠.لیژەک ژیگیل، کۆمەڵی لادێی کوردستانی هاوچەرخی عێراق بەرامبەر بە نوێ بوونەوە، و.عەزیز گەردی،چاپی یەکەم، کتێبی سەنتەری برایەتی ژمارە (٥)، کوردستان، ١٩٩٩.

٢١.مارتین ڤان برونەسەن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، و.د.کوردۆ عەلی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠١٠.

٢٢.محمد معروف فتاح، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١.

٢٣.محمد معروف فتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠.

٢٤.محەمەد ڕەزا باتنی، چەند بابەتێکی زمانەوانی نوێ، و.هێرش کەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١١.

٢٥.مەنوچێهر موحسینی، کۆمەڵناسی گشتی، و.موسڵح ئیروانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

٢٦.نایف خرما، چەند تیشکێک بۆ سەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەکان، و.د.شەهاب شێخ تەیب، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک، ٢٠١٣.

٢٧.هاشم ئەحمەد زادە، زمان، ئەدەب و ناسنامە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢.

٢٨.یوسف شەریف سەعید، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.

**ب/ نامەی زانکۆیی:**

٢٩.ئالان محەمەد ئەوڕەحمان، پەرچە واتا لە بۆتەی کۆزمانەوانییدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان/فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥.

٣٠.بیان ملا حمدامین، ڕێبازی ئەرکی و شیکردنەوەی دەق بۆچوونەکانی "دیل هایمز"بە نموونە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٣.

٣١.بێریڤان محەمەد شەریف، جواروجوریا زمانی ل دەڤەرا بەهدینان زمانێ پیشەیی وەک نموونە، کۆلێژا ئادابێ، زانکۆیا دهوکێ، ٢٠١٠.

٣٢.بێستون ئەبوبەکر عەلی، دەرکەوتەی دوودیوی زمانی لە کۆمەڵە ئاخاوتنییەکاندا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان/فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥.

٣٣.بەهار زاير محمد، زمان و ياسا كۆمەڵايەتييەكان، نامەى ماستەر، كۆلێژى زمان، زانكۆى سەلاحەدين، ٢٠٠٩.
٣٤.پێشكەوت مەجيد محەمەد، ڕەگەز لە ڕوانگەى زانستى زمانى كۆمەڵايەتييەوە، نامەى ماستەر، سكوڵى زمان/فاكەڵتى زانستە مرۆڤايەتييەكان، زانكۆى سلێمانى، ٢٠١٣.
٣٥.پەروەر عبدالرحمن صالح، هەندێ لايەنى كۆمەڵايەتى پراگماتيك (زمانى بوارى پزيشكى بە نموونە)، نامەى ماستەر، كۆلێژى زمان، زانكۆى سەلاحەدين، ٢٠١٣.
٣٦.پەيمان حسن محمدسليم، پەيوەندى نێوان زمان و كەلتوور، نامەى ماستەر، كۆلێژى زمان، زانكۆى سەلاحەدين، ٢٠١٠.
٣٧.تابان محەمەد سەعيد حەسەن، گەشەسەندن و پوكانەوەى وشە لە زمانى كورديدا، نامەى ماستەر، كۆلێژى زمان، زانكۆى سلێمانى، ٢٠٠٨.
٣٨.ذكرى نزار محمدشريف، ڕێزدارى لە شێوەزارى باديني زمانى كورديدا، نامەى ماستەر، كۆلێژى زمان، زانكۆى سەلاحەدين، ٢٠١٥.
٣٩.ڕزگار رسول عزيز، پەيوەندى پيشە بە تاوان لە كۆمەڵگاى كورديدا، نامەى ماستەر، كۆلێژى ئەدەبيات، زانكۆى سەلاحەدين، ٢٠١٥.
٤٠.ڕزگار واحيد حەمەدئەمين، شێوازى بانگكردن لە زمانى كورديدا، نامەى ماستەر، كۆلێژى زمان، زانكۆى سەلاحەدين، ٢٠٠٩.
٤١.ڕێژنە مەعروف حوسێن، ڕۆڵى شێوەزارە كۆمەڵايەتييەكان لە دەوڵەمەندكردنى فەرهەنگى كورديدا، نامەى ماستەر، كۆلێژى زمان، زانكۆى سەلاحەدين، ٢٠١٠.
٤٢.زوبێر عەلى عارف، ئيديەم لە شێوەزارى هەوراميدا، نامەى ماستەر، سكوڵى زمان/فاكەڵتى زانستە مرۆڤايەتييەكان، زانكۆى سلێمانى، ٢٠١٢.
٤٣.سروە فيصل عزيز، بنەماى هاريكارى لە چوارچێوەى نواندنى كورديدا، نامەى ماستەر، كۆلێژى پەروەردە، زانكۆى سەلاحەدين، ٢٠١٠.

٤٤. شلێر ڕەشید عەبدوڵڵا، پرۆسەی گەیاندن و چالاکبوونەوەی فۆرمە زمانی و نازمانییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان/فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥.

٤٥. شۆخان عەزیز عومەر، لێکسیکۆلۆژی و هەندێ وشەی چالاک لە فەرهەنگی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان/فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤.

٤٦. شیلان ڕەحیم ئیبراهیم، شێوازی قسەکردنی ژن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٤.

٤٧. شیلان عوسمان عەبدولڕەحمان، کارابوونی زمان لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٨.

٤٨. عبدالواحد مشیر محمود دزەیی، پێکهاتی ئاخاوتن لە زاری هەولێردا، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٩.

٤٩. عوسمان کەریم عەبدولکەریم، وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان/فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤.

٥٠. کسپە ئەبوبەکر عەلی، پەیوەندی بیر و زمان لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١.

٥١. نەوزاد ئەنوەر عومەر، هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتیی پراگماتیک لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان/فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤.

٥٢. هێمن عەبدولحەمید عەبدولحەمید شەمس، شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٦.

**پ/ گۆڤار:**

٥٣.بەهزاد موحسین، کۆزمانەوانی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٢٩)، هەولێر، ٢٠٠٨.

٥٤.ڕەحیم قادر سورخی، مەترسییەکانی سەر زمانی کوردی وەک (زمانی زگماک)، یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماک، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.

٥٥.سەجاد جەهانفەر"ژیار"، زمانی کوردی و شێوەزارەکانی، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە(١٧)، ٢٠١٥.

٥٦.سەعدی عوسمان هەروتی، چالاکی پیشەگەری لە کوردستانی سەردەمی عوسمانی لە ژێر ڕۆشنایی گەشتنامەکاندا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٢٥)، ٢٠١٣.

٥٧.سەعدی عوسمان هەروتی، کشتوکاڵ و بەروبومەکانی لە کوردستانی سەردەمی عوسمانیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٢٢)، ٢٠١٢.

٥٨.سەلام ناوخۆش، جیاوازی لە نێوان زار و زمان، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە(١٣)، ٢٠١٢.

٥٩.گای دۆچەر،و/ڕێباز غازی، ئایا زمانەکەت چۆنیەتی بیرکردنەوەت دیاری دەکات؟، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە(١٢)، ٢٠١١.

٦٠.محمد معروف فتاح، سنوور و بنەما و ئەرکەکانی کۆزمانەوانی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(١١٢)، ١٩٨٦.

٦١.مەنسور ڕەحمانی، زمانی ستاندارد و کێشەی گەشەی کۆمەڵگەی کوردی، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە(١٢)، ٢٠١١.

**٢- بە زمانی عەرەبی:**

٦٢.احسان محمد الحسن، علم الاجتماع الصناعي، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٨٦.

٦٣.احمد ذكي البدوي، المعجم المصطلحات العلوم الاجتماعية، مكتبة لبنان-بيروت، ١٩٧٧.

٦٤.أنيس فريحه، اللهجات وأسلوب دراستها، الطبعة الاولى، دار الجيل، بيروت، ١٩٨٩.

٦٥. حاتم صالح الضامن، علم اللغة، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة بغداد، ١٩٨٩.

٦٦. خالد الزواوى، اكساب و تنمية اللغة، مؤسسة حورس الدولية للنشر والتوزيع، الأسكندرية، ٢٠٠٦.

٦٧. روي.سي.هجمان، ت/داود حلمي احمد السيد، اللغة والحياة و الطبيعة البشرية، الطبعة الاولى، جامعة الكويت، ١٩٨٩.

٦٨. صادق مهدي السعيد، العمل و تشغيل العمال و السكان والقوى العاملة، طبعة الاولى، مطبعة المعرف، بغداد، ١٩٧٤.

٦٩. عبدالصبور شاهين، فى علم اللغة العام، الطبعة الثالثة، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٨٠.

٧٠. على عبدالواحد وافي، اللغة و المجتمع، الطبعة الثانية، دار احياء الكتب العربية، ١٩٥١.

٧١. كمال بشر، التفكير اللغوي بين القديم والجديد، جامعة القاهرة، دار الثقافة العربية، ب.ت.

٧٢. كمال عبدالحميد الزيات، علم الاجتماع المهني، مطبعة جامعة القاهرة و الكتاب الجامعي، ١٩٨٠.

٧٣. م.م.لويس، ت/تمام حسان، اللغة فى المجتمع، عالم الكتب، القاهرة، ٢٠٠٣.

٧٤. محمد حسن عبدالعزيز، مدخل الى اللغة، الطبعة الثالثة، دار الكتاب الجامعي، ١٩٩٦.

٧٥. محمد عاطف غيث، علم الاجتماع، دار المعرفة الاجتماعية، الاسكندرية، ١٩٨٣.

٧٦. محمود السعران، اللغة والمجتمع رأى ومنهج، الطبعة الثانية، دار المعارف، الاسكندرية، ١٩٦٣.

٧٧. محمود السعران، علم اللغة"مقدمة للقارئ العربي"، دار النهضة العربية، بيروت، ٢٠٠٣.

٧٨. مصطفى لطفي، اللغة العربية في اطارها الاجتماعي،

٧٩. نايف خرما، أضواء على دراسات اللغوية المعاصرة، سلسلة كتب الثقافية"عالم المعرفة"، الكويت، ١٩٧٨.

۸۰. هادي نهر، اللسانيات الاجتماعية عند العرب، الطبعة الاولى، دار الأمل للنشر و التوزيع، الاردن، ۱۹۹۸.

۸۱. هدسون، ت/محمود عبدالغني عياد، علم اللغة الاجتماعي، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ۱۹۸۷.

**۳- به زمانی فارسی:**

۸۲. ادریان اکمجیان، ریچارد ای.دمرز، ان ک.فارمر، ام.هارتیش، زبان شناسی درآمدی بر زبان و ارتباط، ت.علی بهرامی، چاپخانه دانش، تهران، ۱۳۷۳.

۸۳. علی اکبر شیری، در آمدی بر گویش شناسی، چاپ اول، انتشارات مازیار، ۱۳۸٦.

# پاشکۆ

## ئاخاوتنی یەکەم (کشتوکاڵ)

ئا١/ مام (..........) ئـ...، دەغر، کورە ئـ...شینایی، یەعنی فەرقی هەیە لە پێش نەورۆزێ یان لە پاش نەورۆزێ لێدەی؟
ئا٣/ ئارێ وەڵڵا یەک ڕۆژبی.... (وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە بێ ئەوەی ئاڕاستەی ئەو کرابێ)
ئا٢/ ئارێ وەڵاهی دانی سبەینێ لەگەڵ دانی ئێوارێ فەرقی هەیە، وەڵڵا وەڵڵاهـ (١)
ئا٣/ بەدان فەرقی هەیە. (خۆ خستنە ناو بابەتەکە و قسەبڕین بە ئا٢)
ئا١/ بەدان؟
ئا٣/ بە سەعات فەرقی هەیە.
ئا٢/ (.........) (بۆ تەواو کردنی قسەکەی ١) پارەکە تۆ تەماتەم کڕی وتیان تاریخی ڕۆییە، وتم بێنە با ناو ئەم قۆدییە چەندێ تەماتە دانێینەوە.
ئا١/ ئێ. (بۆ درێژەپێدانی ئاخاوتن لەلایەن ئا٢)
ئا٢/ هێوارەی نەورۆزێ شترەکە ئەس... هە لەسەر دیوارێ بوو، شەختە نەی سوتاندبوو، ئەوەندە بوو (ئاماژەکردن بە بستێک)
ئا١/ ئێ وایە. (دەرخستنی ڕاستگۆیی ئا٢)
ئا٢/ کە لێمدا هەر لەناو تەماتەکە دیار بوو ئەوەندە بڕکە.
ئێوارێ نەورۆزێ، هەینێ ئاگری ناکەنەوە؟ ئاگرم کردەوە تەماتەم لێدا ئەرێ وەڵڵاهی، نەورۆز دەرمانە.
ئا١/ لە نەورۆز چییە؟ یەعنی تا مانگی چەند؟ ئادارە؟ نیسانە؟
ئا٢/ نا نا حەتا حەفتی نیسان بیکەی، لەوە بەولاوە بیکەی بەری نابێ.
ئا١/ حەفتی نیسان؟
ئا٢/ یەعنی حەتا حەفتی ئەتو شتر لێدە.
لە نەوەت و یەک گەڕامەوە لە (٥/٧) حەفتی پێنج تەماتەم لێدا، یەکەمی هینا، بەس ئەوساڵێ.
ئا٤/ (.......) ئەو شترەی توو، ئەوەی ئاخیری، ئەنکۆرە دەزگرەکەیە؟
ئا٣/ ئا.
ئا٤/ ئەوەی ئاخیری؟
ئا٣/ هەموو دەزگرە، هەمووی.
ئا٢/ دەزگر، زوو گەورابێ ئەزانی؟
ئا٣/ زووتریش شینەبی مام (.......).
ئا٢/ دەزگر، گەلە بەهەراشکەبێ، بەس ئەو قەترەیە چی پێبکەی دەبێ، دەزگر و مەزگر لەک... قەترەی نییە، عەمووی یەکە بەس بە گۆل، نەجاعەت نایێ.
ئا٢/ (.........) زەرعاتیەکەی؟
ئا١/ گیان؟ خۆشەویستی دۆستانە.

ئا٢/ زەرعاتیەکەی؟ (دووبارە، بۆ جەختکردنەوەی ئا١)
ئا١/ وەڵڵا مام (...) بە تەما بووم بکەم ئەویش... لۆریەکەم نەفرۆشا، نەمکرد.
ئا٢/ نا؟
ئا١/ ئەریَ وەڵڵا. (ڕاستگۆیی)
ئا٢/ ئەوی چت لە بۆریەکان کرد؟
ئا١/ وەڵڵا بۆریەکانم دا برادەرەکی.
ئا٢/ تخوا وەرە...، سەت بۆڕیمەویَ، بە ئیجاربا؟ بە پیاوەتی با؟
ئا١/ وەڵڵاهـ.. فرۆشتم.
ئا٢/ (......) بیرەکەت چ لێکرد؟ تاخمەت دانا. (پرسیارکردن لە ئا٤)
ئا٤/ ناوەڵڵاهـ.. (لە کورتی دەیبڕێتەوە، کەمدویی) بۆ گۆڕینی بابەتەکە
ئا٢/ ئەورۆ کرێنەک دیاربوو هی کیَ بوو؟
ئا٤/ ئیَ، ئەوە کارەبام بەستا.
ئا٢/ ئاااهـ کارەباا...
ئا٤/ دەبی سبەینیَ لایلۆن دابندرێتەوە؟ (پرسیارکردن بە ئاراستەی بەشداربووانی ئاخاوتن)
ئا٢/ (وەڵام دەداتەوە) کورە ناوەڵڵا، کورە قوڕە، ئەوەندە ئاو چۆتەبن عەردیَ بە قورعان بەیانی زستان ئەوەندە عەرد قوڕ نەبووە، ئەوڕۆ ناو زورگ قوڕ بوو. (زۆر گوتن)
ئا١/ ئەوڕۆ، زۆر قوربوو.
ئا٤/ بە (.........)م گۆتییە، سبەینیَ دەیبەم بزانم، دانابێنی!
ئا٢/ (.....) لە گەلۆزی گەنمەکم لۆ هاتییە، لە حەفتا دۆنم دایە.
ئا١/ لە کێندەرە؟
ئا٢/ لە گەلۆزی، ئەمن شەنسم لە دەغری گەلە چاکە، کابرا لە خۆشیا پێی بە عەردی ناکەوی.
ئا٤/ مەڕەشەت لۆ دانایە؟
ئا٢/ قەولە، وەڵڵاهی پێموایە یەک ڕیزی لۆ دانێم، (....) بیرەکەی گەلە بە ئاوە، چار ئینج ئاو، ئەوەندە فڕیَ دەدا، (ئاماژەکردن بە هەردوو دەستی)
ئا١/ ئیجارە یان ئەوەیە؟
ئا٢/ نەء... بە نیوەیی.
ئا١/ نیوەیی! جیَ شینابیە؟
ئا٢/ هی (........ چاوڕەشیە)، لەبەر ئەوەی (....... ناوی حیزبێک)یە، ئۆی گەلۆزی (خەڵکی...) ڕقیان لێی دەبتەوە.
ئا١/ (.....، چاوڕەش) کیهانە؟ ئەوەی...
ئا٢/ نەء، دوو خانی هەیە لە بەرامبەر یەک لە گەلۆزی بە دەسە چەپ، هە لە چاوەوە دیارە. ئەوەی دەمدینیَ، دەریَ ئەو دەغرە لۆ وایە؟ دەڵێم وەڵڵاهی کاکە ئەوە، بە کەیفی ساحێبیتی. (پێکەنینی ئاخێوەر و بەشداربوانی ئاخاوتن)

ئا١/ چ گەنمەکە مام (...)؟
ئا٢/ بەقورعان، سێ نەوعە گەنمە.
ئا١/ سێ نەوعە؟
ئا٢/ ئا، بەخۆم وەم لێکردییە مەراقم ئەوەی (....)ە، بە خوا بە بڕشتە دوو عەربەم کرد، حەفتا عەربەی کرد، پێرار.
ئا١/ یەعنی یەک و سی و پێنجی کرد؟!
ئا٢/ کورە وەڵڵا زیاتر، بێ لەوەی خەسار... (تەواونەکردنی قسە)
ئا٤/ (قسەپێبڕینی ئا٢)..... لایلۆنت دانەخستەوە، ئەتوش؟
ئا٢/ تەماتە؟ ناوەڵڵا.
ئا٤/ ئەرێ مەلا ڕێبوار چ دەکا لە زراعەی؟ دایم ئەوەندە کتابەی پێیە. (گۆڕینی بابەتی ئاخاوتن)
ئا٢/ ئەوە دەیەوێ یەک فەڵڵاحی نەهێڵێ، لە تۆوە پێداهاتییە، دەستی بە هەمووی کردییە. (پێکەنینی بەشداربووانی ئاخاوتن)
ئا٤/ بە قورعان دوو جارم دیتییە، تییە؟ هەرجارەی ئەوەندە کتابەی پێ بووە.
ئا٢/ وەڵڵا دەرێن بە تەمایە، خەریکی ئەو عەقدانەیە، ئەو فەڵڵاحەکان نییە؟ ئەوانەی عەقدەکانیان بە دەستەوەیە ئی خەرکی، کێ بوو دەیوت، دەیان وت دەستی بڕوا، هەمووی هینەکا، تێکەدا.
ئا٥/ کورە حەددی چییە، ئەوە قەراری نۆهەتە، فیل ناتانی لێیان؟ بستینتەوە. (کەمدویی، تازە هاتە ناو ئاخاوتنەکەوە)
ئا٢/ نانا، فەللاحەکان، وەکە ئەوەی (..... مام....)
ئا١/ فەڵڵاح، فەللاح.
ئا٤/ (...) ئەو کوڕەم دیت، ئەوەی پار لەگەر (..)ی زەرعاتی کردبوو، بە تەرەکتەرەکی تاک، ئەو ڕۆتەرەی لێدەدا، ئەوە هی کێیە بەرامبەر ماری (......)ی. (گۆڕینی بابەتی قسەکردن)
ئا٢/ ئەوەی بن ماڵان؟
ئا٤/ ئا.
ئا٢/ ئەوە ئی (.....ی بەکەیە)، ئەوە عەردەکەی (.....)یە، بە ئیجار نایگرێ، ئەوە دەیکاتە باینجان ئەو قلە عەردە.
ئا٤/ عەجاییب وردی کردبوو... چ. چ. چ.
ئا٣/ ئەورۆ تەرە لۆ ئەو جێ ئەوەی من چاکە.
ئا١/ کەستەکی هەیە؟
ئا٣/ ها، ئەرێ وەڵڵا
ئا١/ ئەوە موهیمە لۆ کەستەک.
ئا٢/ (........) هەندە جۆمان نادەیێ مەڕی تێکەین (ئا٢ لە هەمان کات جوتیارە و مەڕداریشە)
ئا٤/ جۆ؟ (کەمدویی، خۆلادان بۆ خۆدزینەوە لە بابەتەکە)

ئا٢/ کوره ئاوی نەدەی بە قورعان دەڕزێ، کوره با تێیکەین گوناحه، دەبی بە داس بیدورنەوه، ئەگە هینه.
ئا٤/ هەمووی وا لالابووه، ئاوی چی؟!
ئا١/ مەڕ چ ئەوەی بە دەغر مایه مام (.....)؟
ئا٤/ مەڕ چ دەربەست بە دەغری مایه؟
ئا٢/ ها...؟
ئا٤/ مەڕ لە هەموو جێیەکی تێر دەخوا ئێسته.
ئا٢/ کوره بە قورعان لای ئێمە پشیلەش تێر ناخوا. (بۆ چەسپاندن و ڕاستگۆیی خۆی)
ئا٤/ باشە لۆ نایەی ئەوەی ببەی، ئەو کەلەم و مەلەمەی جێی ئەوەی؟
ئا٢/ بڕی؟
ئا٤/ ئا، هیچی نەمایه، دە وەره ببه.
ئا٢/ ئێ کابرا، گۆتیان کەلەمەکەی نەبڕیه، بەیانی دێم، سەرەکەی بڕییه.
ئا٤/ ئا، ئەو گیای وەش، ئەو گیایەش بدورن، (...) سبەینێ وەره ببڕن.
ئا٢/ مەعیم مەڕەکەی بینمەوێ، دوو ڕۆژ دانی ئێواران.
ئا٤/ ئێ مەڕ دەگاتێ؟
ئا٢/ ئەرێ وەڵڵا،.... ئەورۆ چوار میراحی کڕیه عارەبەکەم، پێنج میراحی بە ملیۆنەک و نۆ سەت کڕییه (..)، میراحی جوانی کڕییه.
ئا٤/ لە مەیدانێ؟ (گۆڕینی بابەتی قسەکردن لادان)
ئا٢/ ئا بە گرانی نەکڕییه پێنج قل بەوەندەی؟ (ئاڕاستەی پرسیار بۆ ئا٤)
ئا٤/ (وەڵامنەدانەوەی پرسیارەکەی ئا٢) هاوکارنەبووه. ئێ وەڵڵاهی.... ئەگەر مەڕت دەگاتێ، شەرتبی وەره تێیکه، گیا ئەوەندەی لێهاتییه لەناوی.
ئا٢/ با سەرەکەی ببڕن ئەوجه دێم. ئێ (...)ی خەنی بووم پێی، دەبارم هینایه، بەس پێرێ گۆتبویه شوانەکەم، چەند بۆڕیت شکاندییه؟ گۆتم کاکه هەشت بۆڕی، گۆتی ناوەڵڵا.... (تەواونەکردنی قسه)
ئا٤/ (قسەبڕین بە ئا٢) (,.............) دەیگۆ هەشت نۆیه، ئێ کوره وەڵڵاهی (.....) بۆڕی وەشیان تەقاند.
ئا٢/ کوره بە قورعان ئەوانەی ئێمە نەبوونه. (پاکانە کردنی خۆی)
ئا٤/ (..) خاتوو لەوەڕتان نییه سبەینێ بینێره، بابێ بە سەیارەی ببا.
ئا٢/ دەبەین، دەبەین، سبەینێ بەخۆم دێم، هەموویەبەم لە گەریان، هەتا ئێواره هەموویه کێشینەوه.
ئا٤/ پارەکەشی بدێ.
ئا٢/ لەبن چادری دایەنێم.
ئا٤/ ئەرێ وەڵڵا، لەبن چادری دادەنێی؟ بەشکم ئەگە وەبی... (تەواونەکردنی قسه)
ئا٥/ ئەوسار بەهار تاخیر دەبی. (کەمدوویی)

ئا٢/ بەهار دەچتە مانگی چار.
ئا١/ دەرێ پەرەی، پەرەی پایزێ ئەوە... (تەواونەکردنی قسە)
ئا٥/ (قسەبڕین بە ئا١، بەپێی تەمەن) پەرەی یەعقوبی.
ئا١/ چ؟
ئا٥/ پەرەی حاجی یەعقوبی.
ئا٢/ دەرێ پەرەکەت، جۆخین کەت، مەخسەدت چییە؟
ئا١/ دەرێن ئەگەم پەرەکەت، جۆخین کەت؟
ئا٢/ ئا ئا پایزێ...
ئا٥/ لێرە دەرێن، خەرمان کەت... (تەواونەکردنی قسە)
ئا٤/ مام (.....) ساری... (قسەبڕین بە ئا٥)
ئا٥/ هەولێر دەرێن جۆخین کەت (گەڕانەوە بۆ تەواوکردنی قسەکەی )
ئا٤/ ساری نەهاتەکەی هەشتاو چار بوو؟ مفاوەزاتەکەی یەکێتی؟
ئا٢/ ئا.
ئا٤/ لە هەشتاو پێن، لە (١٠/١٥ پازدەی دە) پەرەی دا
ئا٥/ وابوو
ئا٢/ لە کن مە ئا لە بیست و شەشی دە پەرەی دا
ئا٤/ پازدەی پێنج پەرەی دا (دەنگ بەرزکردنەوە)
ئەو گوندەی مە نییە!..... یەک دەغر کەس نەیدەگێراوە، گاڕان، مەڕ، نازانم چ... برێ دەغر یەک و چەندی کرد؟
وەڵڵاهی بیلاهی وەتیلاهی، (بۆ دەرخستنی ڕاستگۆیی خۆی)
دەڕاسەمان ئەو ساری کڕی، عەردەکی (....ز ئاغای کەنداری) هەبوو، مەعمەل گێچەکەت دیتییە؟ مام (.....) لەسەر جادەی. عەردەکە لە پشت مەعمەل گێچەکەی بوو، ڕوو لە دێمەکاری، جێی بیست عەربە جۆی بوو، ئەوها چار قوڕ ئەش بوو عەردەکە (ئاماژە کردن بە دەستی) شایەد بەو شایەدەی، کار مامزەکیشم پان کردەوە بە دەڕاسەی لە ناوی، ناو قەلۆغانان، نەمدیتبوو...، وەڵڵاهی قەسەرمان لێکردەوە، قونە قەسەر، هەزار عەربە جۆی کرد، جێی بیست عەربەی بوو یەک و پەنجای کرد.
ئا٢/ وەڵڵا وایە، دەیکا. (پاڵپشتی ڕاستی قسەکانی ئا٤)
ئا٤/ پیرێژنەک هەبوو لە گوندی ناوی (پلکە.....) بوو.
ئا٢/ کەس زەکاتی وەرناگرت بە قورعان (قسەبڕین بە ئا٤)
ئا٤/ مام (......) پیرێژنەک هەبوو جیرانمان بوو ناوی (پلکە......ز) بوو، عەردەکی هێشتبۆوە خێلۆک، خێلۆکی پاس کرد، وەڵڵاهی وەبیلاهی خێلۆک، یەک و هەژدەی کرد.
ئا٢/ ئاخر ئەوساری هات بوو هات... تو ئەزانی پایز چ باران باری!.
ئا٥/ کورە تۆرکە گوندی بەبن ئێخست.
ئا٢/ کورە مەنتیقەی مەخمور دیبەگە کە تە بن ئاو ئەوی سارێ، بووە لافاو، پایزێ باری.

ئا١/ مەعنا تەماتە پێش نەورۆزێ لێی نەدەی..... پاش نەورۆزێ نابی. (گەڕانەوە بۆ بابەتی سەرەتا)
ئا٢/ کورە نا نا سەرمایەکە لە نەورۆزێ.
ئا١/ دەرێ لە یەکی چار بە پاشەوە کارکی کم دەگری!؟
ئا٢/ کورە نانا دەی چار دەی چار.
ئا٤/ کورە وەڵڵاهی وەبیللاهی لایلۆنت عازربی ئێستا لێی دەی.
ئا٢/ هەتا دەی چار مەجالت هەیە لەوە دوا تەماتە نابی.
ئا١/ هەتا دەی چار؟
ئا٤/ وەکی خۆی گرتەوە با هە باران لێی دا.
ئا٢/ سێ ڕۆژ لێی نەدا بەسە.
ئا١/ باشە لۆ دەرێن تەماتە و خیار تەزرە کوت بی دوایێ لە بن نایێ؟
ئا٢/ بەرەکەتی هەیە، ئەوجە ئی من پار.... (تەواونەکردنی قسە)
ئا٥/ خەیار لە بن نایێ (قسەبڕین بە ئا٢) بەهۆی تەمەن.
ئا١/ گۆتیان (.......... و............) لە قوشتەپەی شیناییان کردبوو، وەڵڵاهی گۆتیان تەزرەک هات، گەوارەک لێی دا، وەڵڵاهی گۆتیان پەلکی پێوەنەهێشت
ئا٢/ بەس دەغر (.......)ی نەکوتابوو ئەوساری ڕاستەکا هەینێ بوو (جەختکردنەوە لەسەر ڕاستگۆیی ئا١)
ئا٥/ لە هەولێرێ نییە؟ لە هەولێرێ بووم، (......)م توش بوو، گۆتم..، ئادەم گۆتی لۆ وها مشەوەشی؟ گۆتم وەڵڵا دەرێن تەزرە گوندەکەی مەی کوتایە.
ئا١/ ئێ؟!
ئا٥/ گۆتم دێی بچین؟ گۆتی دەبا بچین، سواربووین، هاتینەوە...
ئا٢/ بەقورعان بەس ئی (.......)ی مابوو.
ئا٥/ چووین لە ڕێی توشی خیارەک بووین، خیاری کردبووە دوو کەرێک.
ئا٢/ باینجانی هەموو بڕیبوەوە، بە قورعان. (تاکو بەشداربوان قسەکانیان بەدیۆ تێنەگەن)
ئا٥/ باینجانی بڕیبۆوە، باینجان نییە؟ بەس دارکە ڕەقەکەی مابۆوە. وەڵڵا کاکە چووینە ناو دەغری. لەسەر ناوانێ سوڕابوو، (داکی ئەو گوندەی.....) بوو، بەس ئەو دەغرەی منی نەکوتابوو، ئەگە نا ئەوی دی تەخت کردبوو.
ئا١/ گوری کردبوو؟ ئەوکاتی.
ئا٢/ کورە، دوورینەمان کرد، ئەو ڕۆژی.
ئا٥/ دورینەی جۆی بوو.
ئا٤/ ناوەڵڵا (.........،..........،...........) وتی خەیارەکی جەمەلۆنم هەبوو.
ئا٣/ (..........ز) چوویە دەشتێ؟
ئا٢/ ناوەڵڵا.
ئا٤/ گۆتی سندوقم لۆ عازر کردبوو، سبەینێ دارم کەین... (تەواونەکردنی قسە)

ئا٢/ ئەوجە برێ (.........) چەند بوو؟ نۆی پێنج بوو، شوانەکەی ما (.....ز شێخەیی) وێنجەی بە نیوەیی کردبوو، ئەوساری بوو. (قسەبڕین بە ئا٤)
ئا٤/ وەڵلاهی (........) گۆتی سندوقم لۆ هینابوو، عەلەساس، سبەینێ خیاری دەڕنین، گوتی دانی ئێوارێ یەک گەوارە تەزرە لێی دا. گۆتی خەیاری لە ڕەگ و مەگەوە دەرکرد.

## ئاخاوتنی دووەم (کشتوکاڵ)

ئا١/ مام (..........) بە زەمانی بابم کابرا، کە ئەوها ئیختیار بووە، حاجی (......) و کابرایەکی دیکە بوو، دەیگۆ بە زەمانی بابم ئەوانە تۆکراینە...، مەعننا، ئەو ئاقارە زەمانی خۆی پێشان، مەعنای هیچ نمایتەوە هەمووی تۆکرایە، ئەگەم وەبی!
ئا٢/ هەمووی تۆ دەکرا، یەک ئەقار نەدەماو، بەس کابرا چییە کرد؟ شێست دۆنمی هەبوو، سی دۆنمی تۆ دەکرد، سی دۆنمی دەککردە وەرد
ئا١/ وەرد؟
ئا٢/ ئا، سارەکی کە ئەو سی دۆنمەی تۆ دەکرد.
ئا١/ دەکرایە نۆک و نیسکیش یان نا.
ئا٢/ دەکرا نۆک و نیسکیش، ئەو مەنتیقە، مەنتیقەی مەنا، ئەو مەنتیقە دەکرا نۆک و نیسک، بەس لە مەنتیقەی مەناینی، نەء.
ئا١/ مەنتیقەی شاخاوی نەبی نۆک و نیسکی نایینی؟
ئا٢/ چەقێ.. چەقێن نەبی نایینی،... بەردی لێنەبی نایینی.
ئا٣/ وەڵڵاهی لە سلێمانی، فەریکە نۆک چاوی زەلامی دەردەینی.
ئا١/ مەنتیقەی ئێمە...، لە ئەوەی بووین زۆر بووە، مەنتیقەی ڕانیە و ئەولای بیستانیان زۆر دەکرد.
ئا٢/ لە کۆیە، زۆر مەرەقیان تەرۆزییە.
ئا١/ تەرۆزی؟
ئا٢/ ئاهـ
ئا٢/ وەختی خۆی ئەمن دەچوومەوێ، مندار بووم، مێردی یلکەکم هەبوو، ناوی حاجی (.....) بوو. هەموو سبەینان دوو کەری بارەکرد.
ئا١/ دووکەر؟ باری دووکەری چەند بووە داخوا؟
ئا٢/ پێنج فەردە بوو، دوو فەردەی ئەوها لە قەدی دەبەستا (ئاماژەکردن بە دەست)
ئا١/ ئەها....
ئا٢/ فەردەکیشی لە ناوەندی دادەنا (لێرە بۆچوونی درۆکردن هەیە، چونکە دەکرێ باری کەرەکان ٦ بێ) بەخۆشی لە دوو کەرەکان دەڕۆیی، مەلا بانگدانێ دەڕۆیی، دەچوو لە کۆیە دەیفرۆشت و دەهاتەوە (زۆرگوتن)
ئا١/ ئێ باش بووە پێنج فەردەی بردبی، نێزیکەی دووسەت و پەنجا کیلۆی بردییە.

ئا٢/ ئاهـ دەیگۆ دوو دیناری دەکرد، دوو دینار و ڕوبعەک، دوو دینار...
ئا١/ کیلۆی یان بە هەمووی؟
ئا٢/ نا، نا، هەمووی، هەمووی ئەو وەختی ئەوهابوو.
ئا٣/ مام (...)؟ مام (.......) بە ڕەحمەت بی.
ئا٢/ خوا عافووی کا.
ئا٣/ خوا عافوویان کا، گۆتی نەهاتبوو لە مەنتیقەی مە مەڕمان بردە قۆرت هەلاجی.... (تەواونەکردنی قسە)
ئا٢/ قۆرت هەلاج لەودیوی خەرابەیە (قسەبڕین بە ئا٣)
ئا٣/ ها... نا، نا، لە گۆمەتار و ئەوەت دیتییە؟
ئا٢/ ئا.
ئا٣/ لۆ کۆیە دەچی، ئایودیوی دەبی، قۆرت هەلاجە، ئەمن چویمە قۆرت هەلاج گۆتی مارمان لە قۆرت هەلاجی بوو، ڕۆژەکی چوومە کۆیە.. بە... سواری..
ئا٢/ وراغی
ئا٣/ کەریێ بوو وراغ بوو...، گۆتی ئەمن و مام (.....) خوا عافویان کا.
وەڵڵا گۆتی چووین، ساعەک هەبوو، ئی دار فرۆشی، وەڵڵاهی نازانم، گۆتی دارمان بردبوو ئەمەش...، گۆتی جێیەک هەبوو عالەم بەبار کەری...، کەر ڕاوەستابوو بە بارەدارەوە، خەرک دەیکڕی، گۆتی وەڵڵا ئەمەش ویستمان لۆ بازاری بچین تووشی زەلامەکی ئەوەندە هاتین، سمێر ئەوەندە گەورە (ئاماژەکردن بە دەست) جەمەدانییەکی بەستابوو، گۆتی زەلامەکە ئەوەندە (بستەک) بوو ئەو قەزەمانە.
ئا٢/ وایە (گوێ ڕاگرتن و پشتگیری کردنی ڕاستگۆیی ئا٢)
ئا٣/ گۆتی (..... حاجی....)ی..، ئەهای بکردبایە (ئاماژە بەدەستی بۆ دەمی) شیری بکردبایە بە دەوی نییە؟ هەندی یەک چاردەخۆری دەنگی دەهات وەڵڵا گۆتی (...) چاوی بەو زەلامەی کەت یەک شیڕی لێبەردا، کاکە.. گۆتی هەر ئەوەندەمان خۆش بوو، شیڕی لێبەردا... وتی کابرا کەتە دوومان، هەتا لە یەقەمان بۆوە بەرد بە کەرتک بوو.
ئا١/ مام (....)؟ ئەو زەمانیش بەس ئاغا ئاوی هەبووە؟
ئا٢/ ئاغا... لە باشتەپەی نییە؟
ئا١/ با.
ئا٢/ زەلامی گرتییە بە ساغی، گۆتیێ وەرە لەو قولینچکەی دیوارەی دانیشە.
گازی زەلامیشی کردیە، گۆتیتی وەرن ئاخوڕەکی لەسە بکەن
ئا١/ ئاخوڕەکی لەسە بکەن؟!
ئا٢/ ئا، ئاخوڕیان لەسە کردییە، حەتتا حەیاتی ڕەشی لێبڕایە، دوایێ ژنەکەی،...
ئا١/ ئێ
ئا٢/ سێ دیناری دایتە دزەکی گۆتی بڕۆ دیواری ببڕە، جەنازەکەم لۆ بدزە (بۆنی درۆکردنی لێدێ). (بەڵگەی پێویستی نییە بۆ سەلماندنی قسەکانی)

ئا١/ ئێ؟!
ئا٢/ چووه، دیوارەکەی لە پشتەوە بڕییە، جەنازەکەی دەرهێنایە، لۆی هێنایەتەوە... ئاغەی باشتەپەی.
ئا١/ ئاغەی باشتەپەی؟!
ئا٢/ ئاغەی باشتەپەی... ئاغەی گرد مەلای، زەلامی لە ناوچاری دەغری چار، پێشان عالەم گەنمی لە چارێ دەکرد.
ئا١/ ئەوە لە بەر چ لە چارێی دەکرد؟
ئا٢/ ئاخر عەمبار و شت نەبوو، خانی نەبوو گەنمی تێکەن.
ئا١/ تێک نەدەچوو، لەناو چاری؟
ئا٢/ نەء، هیچی لێنەدەهات، کایان لە بن ڕادێخست...
ئا١/ ئاااا.
ئا٢/ پڕیان گەنم دەکرد، سەریان سواقەدا، وەکی ئەوەیە لە ناو خەزێنەی بی، هیچی لێنەدەهات.
ئا١/ چاری گەنمی؟
ئا٣/ مام (....) دزەک (هەوڵدان بۆ قسەکردن و قسەبڕین بە ئا٢)
ئا٢/ زەلامی فڕەدایتە ناوێ. (گەڕانەوە بۆ بابەتەکەی پێشوو قسەبڕین بە ئا٣)
ئا١/ ئا.
ئا٢/ تەنەکە نەفتەکی پێداکردییە، ئاگری تێبەردایە، هە لە چاردەوری چار سوڕایە، حەتا عەبیاتی لێبڕایە.
ئا١/ مام (.....) ناربەند، لە گوندان دەگەڕان؟
ئا٢/ ئاهـ... دەهاتە گوندەکەی نە...
ئا١/ ئێ... دەچووە ماری ئاغەی؟ مەسەلەن دەچووە ماری شێخی؟ دەچووە کێندەرێ؟
ئا٢/ دەچووە ماری موختاری.
ئا١/ ماری موختاری!
ئا٢/ ماری کێخوای گوندی.... (تەواونەکردنی قسە)
ئا٣/ لێواشەی پێبوو، لێواشە (قسەبڕین بە ئا٢)
ئا٢/ ئاهـ
ئا٣/ لێواشەکی پێبوو، لە لموزی وراغەکەی دەدا، لموزی نیە ئەوها. (ئاماژە بە دوو پەنجەی) هەتا قەمپار و شتی ناوی.
ئا٢/ ئاهـ
ئا١/ لێواشە.... (تەواونەکردنی قسە)
ئا٢/ لاقی برندەکرد، (پێکدادانی دەستەکانی)، ئاسنەکی ئەوەندەخڕ، ئاماژە بە ناولەپی، کون کون.
ئا٣/ دەتراشی، دەورەی سمی ئەوەل جاری (قسەبڕین بە ئا٢)

ئا٢/ ئا، سمی دەتراشی، نارەکەی دادەنا، بزمارەکانیشی بە دەوی وەبوو، قل قل دایدەناو یەک چەکوچی لێەدا...
ئا٣/ دوایێ خواری دەکردەوە.
ئا٢/ دوایێ خواریشی دەکردەوە، لەودیوی.
ئا١/ ئەدی ئەو هەماشەیە... ئەو تشتە، کوو بوو؟
ئا٢/ ئەوە لەبە ئەوە، ئەو لێواشەی لێدا، هەتا گەزەی ناوێ.
ئا١/ لچی لە دەرێ هەردە پێی؟
ئا٢/ ئا.
ئا٣/ لچی دەرێی نییە؟ (زیادگوتن)
ئا١/ ئێ
ئا٣/ لچی سەرێی و ئەوەی (ئاماژە بە دوو پەنجەی دەستی) ئەوها لەواشەکەی تێ هەردەکێشا ئەوها توند دەیگرت، لەولاش ئەوەکی هەبوو دادێخست.
ئا٢/ کلیلی دەدا.
ئا٣/ کلیلی، دەوی کلیل دەدا.
ئا٢/ نەوەک قەمپاری باوێ.
ئا١/ ئەها. (واتە تێگەیشتم)
ئا٣/ ئەوە لە ئێران زۆر هەبوو، لە ئێران.
ئا٢/ ڕاست دەکەی (دان نان بە ڕاستگۆیی ئا٣)
ئا١/ ئێستا نماینە.
ئا٢/ نەء ناربەند نماینە، کورتاندروو هەبوو، کابرا لە گوندان دەگەڕا. دەهاتە مارینگۆ، دەیگۆ کێ کورتانی دەوێ؟ کاک (.......) دەیگۆ ئەمن دەمەوێ، دەهاتە مارێ وان و..
ئا١/ ئەشیا..
ئا٣/ جوارەکیان دەدایێ.
ئا٢/ جوارەکیان دەدایێ و هەندە پەڕۆ و پاڕیان لۆ خڕەکردەوە و...
ئا١/ لەگە خۆی دەیبر، دوایێ لۆتی دەدوری دەیهیناوە.
ئا٢/ نەء، لەماری تو دەیدووری، نەدەڕۆیی، خوا خوای بوو نانی بدەیێ.
ئا٣/ ناولەپەکە برێ کوو بوو؟ شتەک بوو ئەوها ئەوها لە دەستی هەردەکێشا، لەو پەنجەی هەردەکێشا، ئەوەندەی ئاسن بوو، ناوی قۆربوو، لەگە شوژنی ئەوها لێدەدا نییە؟... (ئاماژە کردن بە دەستی).
ئا٢/ ئەوهالە شوژنی پار پێوەدەنا، ئەو جەسە پشتی کەرێ، کورتان ئەوها دوو تشتی هەیە، خڕ
ئا١/ ئا.
ئا٢/ ئەوە پێی دەرێن لوڕ، بەوانە دەرێن لوڕ، دوو لوڕی لەسەرە.
ئا١/ ئەو لوڕانە دەکە و ئەو دیوو بڕبڕەی پشتی؟

ئا٢/ دەکەوتە سەقەبرغەی، هەتا ئەو زەلامە سوارەبی، عەیب نەبی لەشی بریندار نەبی، ئەوها ڕاستەبوو، سە پشتی (ئاماژە بە دەستی)

ئا١/ وایە...

ئا٣/ پارووی لۆ دەکرا لە پشتەوە.

ئا٢/ ئا پارووی لۆ دەکرا.

ئا١/ بنی زگ و پاردوو، مەسەلەکی پێشان هەیە، دەرێ، بن زگ باشترە لە پاردووی.

ئا٢/ (پێکەنینێکی کەمی ئا٢)

ئا١/ قەیناغ، قەیناغ، باشم ئەگەم پێشان دوور نەیان بکردبایە،...

ئا٢/ ئێ قەیناغی لە دەستی نەبایە دەستی خۆی دەبڕی. (بێ ئەوەی ئا١ پرسیار بکا وەڵامی داوەتەوە)

ئا١/ لۆ دەیبڕی؟

ئا٢/ دەیبڕی؟ (وەڵامی پرسیارەکەی نەداوەتەوە، بنەمای هاوکاری بەزاندووە)

کابرا ئەو قەیناغانەی لە دەستی دەکرد، لێی دەدا، نییە؟ بە کەیفی خۆی داسیش لێی بدابا، دەستی نەدەبڕی.

ئا١/ ئەو قەیناغە لێرە لەپەن لە قۆری نەدەداوە؟

ئا٢/ نەء، هەمووی تێلی پێوە بوو، تێل.

ئا١/ دەزانم دیتبووم.

ئا٢/ دەهاتە سە ئێرەی (ئاماژەکردن بە دەستی)

ئا١/ ئاااا

ئەگە داسەکەشی لێبدابایە، بە تێلەکان دەکەت، بە گۆشتەکەی نەدەکەت. ئەو قەیناغە دروست دەکرا لە هەولێرێ...، ماری حاجی (....) سۆربەشی دروستیانەکرد. (زۆر گوتن)

ئا١/ قەیناغەکان دەچووە سەری پەنجەت و شیشەکی پێوەبوو.

ئا٢/ ئا، تێلەکی پێوەبوو.

ئا١/ تێلەکی پێوەبوو؟!

ئا٣/ ئەگە ئەوە نەبایە تەبارە، ئەوانەتی هەموو دەخوارد (کەمدویی)

ئا١/ سوارەی زیاتر دەگرت؟ سوارە؟

ئا٢/ ئا، سوارەشی زیاتر دەگرت، ئەو پەنجانەشی دەخوراند.

ئا١/ ئەدی جەنجە... نەوعەک هەبوو، ئەمن ئەوێ سارێ لە حەسەن قەپاغی دیتم، لە شێوەی دەڕاسەی بوو، دەڕاسە.

ئا٢/ ئەوە ئەوە بوو...

ئا٣/ شەپ شەپە.

ئا٢/ ئا، شەپ شەپە.

ئا١/ شەپ شەپە بە تەرەکتەری ڕادەکێشرا یان بە کەرێ؟

ئا٢/ نەء، پێشا بە هێستری.

ئا٣/ بە دوو هێستران.
ئا١/ مەکینەی هەبوو یان بێ مەکینە.
ئا٢/ بێ مەکینە بوو.
ئا٣/ مەکینەی نەبوو نە
ئا٢/ دەیدوری نییە دەیکردە سوارە بە جی دەهێشت. (لەگەڵ قسەکردنی ئا٣)
ئا٣/ دوو تایەی ئاسنی هەبوو، داسەکەی ئەوها لێ دەکرد. (ئاماژە بەدەست)
ئا١/ داسەکە ئەوهای لێدەکرد.
ئا٢/ لەگە ڕۆیشتنەکەی.
ئا٣/ ئەوە کیشی هەبوو، ئەوەی نەی دەهاژوا؟..
ئا١/ ئێ؟
ئا٣/ تشتەکی هەبوو، ئەوهای لێدەکرد، قرشەکەی دەدا لایەکی ڕویدەکرد.
ئا٢/ قرشەکەش لە پشتەوە ژن هەریان دەگرتەوە، گیشەکەر. بەو ژنەیان دەگۆ گیشەکەر، بە قرشەکەیان دەگۆ مەرۆ.
ئا١/ ئەدی قرشەکێ.. مەسەلەن ئەوەک هەبی دەرێن، سەپان و قرشەکێش.
ئا٢/ تێلەکێش.
ئا١/ تێلەکێش!
ئا٢/ ئا، سەپان دەیدوری، تێلەکێش هەرە گرتەوە، دەکاتە گیشە. ئەوها (ئاماژە بە دەست) ڕووی گەنمەکەی دێختە ژۆرێ، قونی دێختە دەرێ، ئەوها، ئەوها، ئەوها، ڕاست قەپاتەکا، گیشەکی دەکا ئەلێرە لۆ دەرکەی عەوشەی درێژ...
ئا١/ ئەها...
ئا٢/ گەنمەکەش دیار نییە.
ئا١/ گەنمەکە دیار نییە؟
ئا٢/ هێشتان تەڕیشە دووریتیانەوە، لەناو ئەوەی ڕاست هیشکەبی.
ئا٣/ ئاخر مام (........) گیشەی جۆی ڕووی لەیەک دادەنرا، گیشەی گەنمی وەنەبوو. (بەدرۆخستنەوەی ئا٢)
ئا٢/ نەء گیشەی گەنمی وەنەبوو بیلعەکسی یەک، پشتی تێکەکرا، پشتیان تێکەکرد. (ڕاستکردنەوەی قسەکەی)

## ئاخاوتنی یەکەم (ئاژەڵداری)

ئا١/ خارە؟
ئا٢/ بەرێ
ئا١/ چ دەکەی سبیانێ؟
ئا٢/ سبیانێ ێ...؟ وەڵڵاهی نازانم!

ئا١/ نەچین هەتا دیبەگەی؟...

ئا٢/ سبیانێ چ وەخت بچین؟

ئا١/ کەیف تووە، قورە ئەگە بەیانی ناتوانین.

ئا٢/ ئێ نا، نا، ئیش ناکرێ

ئا٣/ سبەینێ چەند شەممە؟

ئا١/ سبەینێ ێ دوو... سێیە، سێشەممە.

ئا٣/ مەیدان هەیە سێشەمان یان نا؟!

ئا٢/ لۆ دەچی؟

ئا٣/ وەڵڵاهی هەندە بەرخم هەیە خارە

ئا٢/ بەرخ؟

ئا٣/ ئەرێ وەڵڵا

ئا١/ هەندێ کاوڕ هەیە، بۆ بەرانمە بۆمیان داناوە، دەچم ئەیهێنم.

ئا٢/ کەیفی توو چ وەخت دەرێی دەچین!

ئا١/ ئێ بەیانی سەعات هەشت، حەوت و نیو

ئا٢/ (...) نام دەمێ دنی گۆتی مەڕی لە دەرمان دەدەین ئەگەر بێی لە گەرمان، یاریمان کەی.

ئا١/ زەهر کردن

ئا٢/ ئاا.

ئا١/ قوڕگی

ئا٢/ نا، نا، دەرمان، لە حەوزێ

ئا١/ ئێ لۆ وها زوو؟!

ئا٢/ ئێ وەڵڵاهی گۆتی زوو، نازانم!

ئا١/ لەهی من

ئا٢/ ئااهـ

ئا١/ حەوزو مەوزیان پاک کردۆتەوە؟

ئا٢/ ئا، دەیگۆ ئاویشم تێکردییە، ئەوڕۆ وەی دەگۆ،...

هە دەرمانمان داو ڕاست دەڕۆین.

ئا١/ ئەوجا دانی ئێوارەکەی دەچین.

ئا٤/ خەرک مەڕ دەبڕتەوە، ئەوجا دەرمان دەکا

ئا١/ ئینجا بۆ ئیستە مەڕ دەرمانەکا.

ئا٢/ دەیگۆ خوری نەمایە، نازانم خۆی خواردۆتەوە.

ئا١/ کورە (گوی) سەگی کردووە، توش.

جارێ هێشتا مایە دوو سێ ڕۆژ دیکە.

ئا٢/ پێش تەواو بوونی قسەکە (قسەپێبڕین) ئەمن گۆتم ئەوڕۆ ئەو بارانەی لێدایە لێیگەڕێ دە پازدە شەوی دکە گەرمتر دەبی، ونییە؟

ئا٣/ وەڵڵا بە تەئکید وایە.
ئا٢/ ئەو بارانە لێی دابی، ئەوڕۆ مەڕ، وەنییە کاک (...)؟
ئا٤/ لە حەیاتی خۆی ئیستە نەمدیتییە مەڕ دەرمان بکرێ، ئەوە یەک.
ئا١/ ئێ وەڵڵا بۆ ئەگەر بۆت بکرێ، وەڵڵا دەرەجە یەکە، بیشۆیەوە دیسان.
ئا٤/ وشکەوە نابێ، ڕەحمەت لە مردیت.
ئا١/ کورە وەڵڵا وا وشکەوا بێ، بەیانی خۆرەتاوبێ؟
ئا٢/ وەڵڵاهی زووە خارە
ئا١/ وەڵڵا یە.. قل زوو نییە
ئا٤/ ئەمن هەر زانیمە.... (قسەکەی تەواو نەکرد)
ئا١/ (قسە پێبڕین) کاکە مەڕی حەساسیەتی، مەڕ ئیستە.
ئا٢/ ئەمن گۆتم لێی گەڕێ ئەو بارانەی لێدایە ئەوڕۆ، مەڕ برێی و نەرێی خاو بویتەوە، دە دوازدە ڕۆژی دکە ئەوجە لێیدەم گەرم... (قسەکەی تەواو نەکرد)
ئا٣/ (قسەپێبڕین) وەڵڵاهی من نیوڕانێ... کاک (...)یش قساکا بەرخەکانم تێپەردا، نییە؟ نەمهێشت لە بن هەیوانەکە..، ئەو بارانە بە قوەتە نەبوو؟ وتم با بڕوا ئەو بۆن و مۆنەی لە کۆڵ بێتەوە. چووبوونەوە بن هەیوانە، دەرمکرد گشتی.
ئا٢/ زووە زوو، لۆ دەرمانی، سەری مانگی چار.
ئا٣/ (چاو سۆر) بەرخە با؟
ئا١/ چوک خ
ئا٤/ وەڵڵا ئاگام لێی نییە، نازانم، چاوسۆرم نەدیتییە.
ق / وەڵڵاهی من هەندێ بەرخم مایە، کات خۆی پەنجا بەرخم فرۆشت، لەوانەیە بیست بەرخێکم مابێ، مێشن بەخوا جوانن، گوناحە بیشیان فرۆشی بەس تازە چی دەبێ، دابەستەبن!
ئا٢/ وایە.
ئا٣/ بە کەلک نایە.
ئا٢/ کاوڕ دابەستی بی...، کورە، مادام گۆشتی گرتبیت تازە بیفرۆشە.
ئا٣/ ئەرێ وەڵڵا. (ڕازی بوون).
ئا٤/ (...) دە قسەکە برێ، هەر پێخەنی و دەریشی ناکەی.
ئا٣/ ئەوە لۆ و هەت لەو مارەی کرد؟
(پێکەنینی بەشداربوانی ئاخاوتن)
ئا١/ (داکیانی) بەو جستانە دەریانی کرد، کورە ئەوە... ئەء هوو. ئەوە ئیستە هەروا مەحت ئەو ماڵاکا، هەروا مەحتێ کا.
ڕۆژێ دادێ، دەرێ (داکی)م وەڵڵاهی بە کەلک چ نایا.
ئا٤/ وەڵڵاهی دوازدە سێزدە ڕۆژە عەیبییان نییە جارێ.
ئا١/ هەتا جێی (قونیان) گەرمەبێ ئەوانیش

ئا٣/ غەدری لەو مارەی کرد، خارە.
ئا١/ هەر غەدر؟!...

## ئاخاوتنی دووەم (ئاژەڵداری)

ئا١/ (....) بەرخی بە چەندی کڕی؟ (دەنگ بەرزکردنەوە)
ئا٢/ بە چار سەتی، دوو بەرخ.
ئا١/ ئێ وەڵڵا هەرزانە، چ.. هەراشیش؟
ئا٢/ هەراشن، بەس ئەو هەراش نینە.
ئا١/ گەرمە چاوڕەش؟ کوڕیس؟
ئا٢/ ئا، کوڕیسەک و کەڕەک.
ئا٣/ لۆ بەرانی؟
ئا٢/ ئا
ئا١/ ئەدی (...)ەکە نەیبوو؟
ئا٢/ بابا، لەوێ هینامان، دوو قل.
ئا١/ لەکن (...)ی؟
ئا٢/ ئا.
ئا٤/ لۆ ئەولای ڕۆیشتن؟ (خۆ خستنە ناو بابەتەکەوە)
ئا١/ (قسەپێبڕین بە ئا٤) ئەدی لە کن (....) هیچتان نەهینا؟
ئا٢/ لەکن (......) ناوەڵڵا.
ئا٤/ مێگەلە مەڕێ سوری هەرزانە، لۆ نایکڕی؟
ئا١/ کێ؟
ئا٤/ سوریە هەیە، بە قەردە، هەرزان دەیدا، شەکە هەموو، برادەر (......)ە (........) دەزانی بە چەندی کڕیە؟ (..... مام...... )، حەفتا سەری کڕییە بە سێ سەت و بیست و پێنج هەزار، هەتا... بە قەردی مانگی حەفت... چار مانگی کە ئەوجا پارەیەدا، کورە وەڵڵا بەلاشە (زۆر گۆتن)
ئا٢/ کورە وەڵڵا تەلەفۆنی تازە لۆ (..... کەنداری) کرد، هەر (...) هەلۆ خۆی لەڕێیی.
ئا٤/ (.....)؟
ئا٢/ (........) دەیگۆ بە دوو سەت و پەنجا هەزاری بە نەقد.
ئا١/ (.........)؟ ئەویش لەگەرتان هاتبوو؟
ئا٢/ ئا.
ئا٤/ بەلاشە.
ئا٢/ کورە بەس بە پارە نییە.

ئا٤/ ئەوجە گوناحە بەرخی من ڕاگری، هەرشەکی سوری بکڕی، هەموویە فرۆشم، نێر و مێ، سەت سەرە. ئەمن بەس لەبەر ئەو قەسابە تورکمانانە، دەبی وەجبە وەجبە پارەت دەنێ، دەرێن ڕۆژی دە بەرخممان لۆ بینە. (زۆرگوتن)
ئا١/ (.....) بەرختان باش نییە ئەنگۆ.
ئا٤/ ئێ بە قورعان هەر ئەوهایە، چی لێ بکەم؟!
ئا١/ مەیفرۆشە، گوناعە، جارێ...
ئا٤/ بە قورعان دەیفرۆشم، جۆ گەلە گرانە.
با، بایی سێ سەت و پەنجا سێ سەت و حەفتا و پێنج دەرەچێ، لۆ بیهێڵمەوە.
ئا١/ ئەدی ئەوە چێرەکانی دی ئی کێیە؟
ئا٤/..........؟ نازانم چ نوسراوە
ئا١/ ئەو قەرسیلەکەی تێلەکانی لێدرایە پشت خانییەکەی؟
ئا٤/ کورە نانا من لە کن ماری (حاجی...)یمە
ئا١/ ئاا...
ئا٤/ بەرخی من.... (قسەکەی تەواو نەکرد)
ئا١/ (قسەپێبڕین بە ئا٤) ئەدی ئەوە هی (........)ە؟
ئا٤/ هی (...........)ە.
ئا١/ ئاا... چێرەکان هی کێیە؟
ئا٤/ هی عارەبەکەی (........)ە.
ئا٢/ وەڵڵا مادام، نێرومێی بفرۆشە، ڕا بەردیلی پێ  بکڕە.
ئا٤/ ئاخر، بەقورعان من هەتا میعادی پەرێزێ، هاوین عارەبەکان ئیزنەدەم، مەڕیان گەلێ زۆرە.
ئا٢/ وایە، ئێ شوانەکی کە بگرە. (پیشاندانی ڕاستگۆیی ئا٤)
ئا٤/ ئا. وەی لێکەم هاوینێ.
ئا١/ کورە شوانی بگرە یەک مەڕی نەبی نە.
ئا٤/ هە نەیبی نەء.
ئا٣/ چەند مەڕی هەیە شوانەکەت؟
ئا١/ سەت سەری هەیە. (لە جیاتی ئا٤ وەڵام دەداتەوە)
ئا٣/ سەت سەر!؟
ئا٤/ ناوەڵڵا هینە....، شێست سەری هەیە. (بەدرۆخستنەوە/ ڕەتکردنەوەی ئا١)
ئا٢/ دوو گوجیلەمان هیناوە و (گەڕانەوە بۆ بابەتی سەرەتا)
ئا٤/ دە بەرخیشمەداتێ... (قسەکەی تەواو ناکات)
ئا١/ (قسەپێبڕین بە ئا٤) لە کن کێ؟
ئا٢/ ک (لەکن) (.......)
ئا١/ ئێ دێرێ خۆی؟

ئا٢/ ناوەڵڵا ئی دێرەک لە هەولێرێ لەکن برادەرەکی هینابووی، بەس هەردووک بیلادی قوتونە، کلکیان ئەوەندۆکەیە (ئاماژەکردن بۆ نیو پەنجەی) گوجیلەی عەنتیکەنە.
ئا٣/ ئەنگۆ لۆ تارانێ چوونە کاکە. (کەمدویی)
ئا٤/ (.....)ە چێتە ئێران قاز دێنێ و ئەچێتە مەغمور گوجیلە دێنێ.
ئا٣/ (........،............) دەچوو لە هەولێرێ، لە مامزاوەی نییە......، بهاتباوە لۆ گوندی هەشت نۆ گوجیلەی لەگە خۆی بارەکرد، لەڕێیێ، ئی ئەو سەیە خۆڕیانە. هەرچی دەهات، جۆتە گوجیلەکی دەدایێ، ئی خۆشی نەدەدایێ.
ئا١/ کێ؟
ئا٣/ (عوسمان، ئاری)
ئا١/ (احمد، ئاری) (.....،..........) ڕەتکردنەوەی ئا٣، ناوەکەی بە هەڵە وتبوو)
ئا٣/ (.......،.........). (دانپێدانان بە هەڵەکە)
باری دەکرد لە کەندە پیسی، گوجیلەی بارکە، شەش حەفت قلی بارەکرد دیهیناوە گوندی.... دەیگۆ بەسەری تو...
ئا١/ جارەکی (قسەپێبڕین بە ئا٣)
ئا٣/ ئەتو نەبی نادەم، دوو گوجیلەی دەدایێ (وازنەهێنان و تەواوکردنی ئاخاوتنەکەی)
ئا١/ (.....)، (.........)ی برای (........)!
ئا٢/ ئاااا
ئا١/ توشی (.......،.........) ببوو، گۆتی (....) بەرخەکمان بدێ، کوڕەکی گچکەی هەبوو، گۆتی بەرخەکی گچکەمان بدێ ئەو مندارەی گەمەی پێبکا... گۆتی وەڵڵا بەرخ لۆ گەمەی نابی، وەرە گوجیلەکی ببە، گەمانی پێبکا.
(هههە... پێکەنینی بەشدابوان و قسەکەر).
گۆتی گوجیلەکی با ببا، بەرخ ئی گەمانە... ئێ وەڵڵاهی قسەکەشی ڕاستبوو.
ئا٤/ لەگەر (....) چوینە شێخ شێروانی (.....) دەرزی لۆ کابرای لە مەڕی دا، کابرا گوجیلەی دابێ، کورە وەڵڵا گوجیلەمان بارکرد، وتم (..) دێرن یان گۆرن؟ سەیرەکەبن هەردووکی دێرە، وەڵڵا (....) هەردووکی داناوە کابرا گۆتی کا گوجیلە؟ کورە گوتم گوجیلە دێرە...
ئا١/ کورە فەرە ئەو هەموو گوجیلەیە چییە هەیتی؟ حیسابم کرد شەش قلە هەیە.
ئا٢/ نۆ قلن، دوو دیکەش وا بەخێو دەکەن لە ژۆرێنە، نام لە کێنە!

## ئاخاوتنی یەکەم (فیتەری)

ئا١/ وەستا (...) وابزانم تەڕبەگەی!
ئا٢/ وەڵاهی ئەمن وەکو تۆ نیمە، ئەمن تەڕبەگەم؟
ئا١/ ئا.
ئا٢/ بەشەرەفت؟
ئا٢/ (...) بەهەوای لەگەری ببەستە.

ئا٣/ (...) بابە ڕەقەم دەیەکم لۆ بینە.
ق٢/ وا لۆت دەینم بابە.
ئا٤/ خارە (...)
ئا٢/ بەرێ وەرە
ئا٤/ بەکاملی هینام
ئا٢/ چاوی منی قوربانی بابت بم
ئا٢/ ڕاوە (...) بورغییەکت دەدەمێ، لۆ ئەوەکەی
ئا٢/ ها (...) ئەو بورغییەی بدە (...)
ئا٢/ (...) ئەو بورغییەش ببەستە، وەی کوڕم
ئا٢/ (...)بۆکس دەیەکت ئیش پێ خلاص.
ئا٣/ ئا
ئا٢/ بماندەوە.
ئا١/ وەستا ئەوە چ چا دەکەی.
ئا٥/ وەڵڵاهی ئەو قوڕبەسەرە فیشەکانی هەموو پچڕابوو، سەیارەکەی ئیشی نەدەکرد، وا لۆی چادەکەم. زۆر گوتن
ئا١/ فیشەی چ؟
ئا٥/ سەر کۆیل و حەماوەو حەساس و... سەیارەکە ئیشی دەکرد تەتەتە... دەکوژاوە، جار وەبوو بە شەش سلفی ئیشی دەکرد.
یەڵڵا (.....).
خارە دوو پارچە سۆندەی تێ هەرکێشە با بە یەکتر نەکەوی
ئا٢/ دەی ئەڵقەکی هەشت بینە، بۆکسەکی شەش بینە ناو تۆڕمبیلی، کوڕم. یان ئەوەتە لە کن براتە، کوڕم، لوقمە هەشتەکەم لۆبینە.
ئا٤/ چوومە کن وەستا (...) یش وەڵڵا گۆتی ئەگەر ئەو کەوەرە تەقی بوو، جێی پلاکی گرتبوو، جێی وەلفی گرتبوو، وەعدبی ئەمن سێ کەوەرت لۆ دەکرێم.
ئا٢/ نەء بڕی جێی نەگرتییە وەکی پێی لێ دەنێی تاک دەکا.
ئا٤/ ئەخەر دەزانی چی گۆ؟ گۆتی یان عەیار فێرسی یان عەیار تایمی.
ئا٢/ ئێ عەیار فێرسی بدە، عەیار تایممان دا، دوونێ نەمدا، ئەدی عەیار تایم.
ئا٤/ با... گۆتی عەیار فێرسی تێکچووە.
ئا٢/ ئێ، برێ وەرە عەیارەکم لۆ بدە.
ئا٤/ گۆتی لۆت دەم، گۆتم بەس هەوابی...، گۆتی ئەمن لەبە ئەوەم نییە.
ئا٢/ برێ دوونێ بورغییەکانیشم هەموو چاکرد.
ئا٤/ پێم گۆ، گۆتم بابە وەستا (...) هەموو سەمونەکانی گۆڕی ئێهـ تەواو، گۆتی مادام ئەدی بە چ چاکەم، گۆتم یەقیچ تەپە دوایێ ساف دەبی.
ئا٢/... هەشت، هەشت، لوقمە هەشتەکەی بدە مامت.

ئا٤/ وەنەبوو وەستا (...)

ئا٢/ ئاااا...

ئا٤/ بیدایەتی تاکە دوایێ ساف دەبی

ئا٢/ ئاهـ

ئا٤/ گۆتی کاکە بەخوای عەیار فێرسە.

ئا٢/ چت مایە (...) بابی بابم پاتریەکەی لۆ لێکەوە کوڕم فەقیرەی کابرا با بچتە کاسبێ کاکێ.

ئا٤/ گۆتی بەس عەیار فێرسە. گۆتی کەوەر بەخوای تەقینەکی ئەوهای نییە.

ئا٢/ زۆر چاکە.

ئا٤/ زۆر دەرێن، کەوەر تەقی ئەوها بوو ئەوها چوو.

ئا٢/ باشە کاکە

ئا٤/ خوشکێ مەکینەی (گا)، هەمووی تێک و پێکدا.

ئا٢/ وەنییە؟!

ئا٢/ (...) پلایسەکەم لۆ بینە (...)

ئا٣/ هەستە بڕۆ بیدێ خۆ سەیارەی من نیە (ئاراستەی قسەکەری ٤ی کردووە)

ئا٢/ (...) ئەو پلایسەی تێهەردە (دەنگ بەرزکردنەوە). مەکە سەیارەی من مەیارەی من حەقت لە (...) نەبی کوڕم، بدە من. ئەوە لۆ وە دەکەی (...).

ئا٢/ بزانە لێ دەدا سلفی... (قسەکردن بە عەرەبی تعال انت اگعد بسيارة).

بۆشکە کوڕم لە گێڕ لێ نەدەی تەفلیشی کەی

ئا٢/ ئەوە لۆ دیسان بۆش دەکا.

یەڵڵا بکوژێنەوە (...)، بکوژینەوە، لێدەوە. ئا هەتا جێی جێی خۆی دەکاتەوە، بەس ئەوجارە، بەس، بەس بەس

ئا٢/ (قسەکردن بە عەرەبی لەگەڵ خاوەن ئۆتۆمبیل: سلف ما مضبوط، لازم جيب لها سلف) وەرە بکەوە سلفەکی با بچی بینی.

ها (...) وەرە، ها حەڵقە ها بابی من، وەرە کوڕی گەورەم.

ئا٣/ گریس، گریس (داواکاری)

ئا٢/ وەرە قوربانی بابم (...) (...) وەرە بزانە ڕوونی ئیستاپی تێدایە ئەوە.

ئەنجامدانی تێل ئەلو... کاک (عەبدوڵڵا) کوی، باشی، ئەحواڵت، چاکی؟... کاک (عەبدوڵڵا) سلفی سوپەرت هەیە ئی ئەو سەیارەی تازە... سلفی سوپەر... سوپەر سوپەر...، تازەمان ناوێ ئەگە هەیە سوپەرەکمان بدەیێ باشە،...، باشە، باشە با بزانین کو دەبی! جارێ خوا حافیز.

ئا٢/ پڕکە (...) ئیستاپی لێدە، مامۆستا لاکەو قەلبت پیس دەبی پێت داگرە، پڕکەوە (...)، دوو سێ جاری دیکە، لێدە، لێدە لێدە، پێت داگرە هەڵنەگری ئێ (فەرماندان)... چۆ خوارێ؟

ئا٤/ ئا

ئا٢/ ئەو جارە پڕکەوە... پێت داگرە وەستا،... چۆ خوارێ؟

ئا٤/ ئا

ئا٢/ پڕکەوە وەستا، پێت داگرە وەستای قەدیم، تەواو وەستا پێت هەرگرە. پێ لێنێ، ئێ...، پێ هەرگرە، پێ لێنێ وەستای قەدیم، بەسە وەرە خوارێ، تەواو

ئا٤/ دەچتە خوارێ.

ئا٢/ دەچتە خوارێ؟ دە پڕکەوە دوو سێ جار، پڕکە (...) بارەق بی عەیب نەبی، پێت داگرە. چۆ خوارێ؟

ئا٤/ ناوەڵڵا.

ئا٢/ وەرە ئەو تایەی لۆ ببەستە ئێ پێت هەرگرە، تەواو وەرە تایەی ببەستەوە (...) با بڕوا. دەی کاکە ئیشت نەبوو... (کۆتایی هێنان بە ئاخاوتن و ڕۆیشتن بۆ کارێکی تر).

## ئاخاوتنی دووەم (فیتەری)

ئا١/ چووی؟ کاکە ئەتوو.

ئا٢/ گۆتم، وەڵڵا بزانم چم لەبیر نەکردییە.

ئا١/ کا، ڕەقەم حەڤدەکەت چ لێکرد؟

ئا٣/ سپانە؟ ئەوەتا.

ئا١/ وە مەکە (....)

ئا٣/ مامە گیان چ بکەم؟ لاستیقەکەی بگۆڕین؟

ئا١/ ئەتوو بکەوە جارێ.

ئا٣/ دەرێم بزانین بگۆڕین؟ نەگۆڕین؟ چاکەین؟

ئا٢/ دانانیشی؟

ئا١/ وەرە جەگەکی لەوە بدە (....)

ئا٣/ ئێهـ

ئا١/ هەستە گیانە، بەرکی ئەوە دەڕوا، ئەوە دێتە جێی.

ئا٣/ جەگ؟ کا جەگ؟

ئا١/ بینە وەرە لەو لایە دە، لای سەکنی.

ئا٣/ ئەو قەپاغەی، لۆ کا؟ ڕوونی نەدایە، دەرێی بەس بەسەریدا ڕژایە.

ئا٢/ ئەوەتە، ئەها.

ئا٣/ ئاااا، لەوێ.... ئەوە لۆ ئەدا؟ ڕوونی.

ئا٢/ وەڵڵا نازانم، ئەوە دوو جارە لاستیقەکەشی بگۆڕم هەر وەی لێدێتەوە.

ئا٣/ وەڵڵا ئەمن دەرێم خەتای ئەو قەپاخەیە، بگۆڕە، ئەو لاستیقانەی ناو ئێرەی تێکچووە. قەپاغی سەر مەکینەی، ئەوجە ئەو سەیارە چەند ئیزعاجە.

ئا١/ (.....) ئەو کێسەی بینە ژۆرێ، نا نا، لەو تەنیشتەی.

ئا٣/ لە تەنیشتەکەی دی؟

ئا١/ ئا ئا، سەریع دەی، یەڵڵا کاکە، بە سەبر، بە سەبری، ڕاوەست با نەشکێ، ئێهـ بینە با لاستیقەکەی بگۆڕم، فڕێیدە ئەو لاستیقەی، ڕەقبووە ئەو لاستیقە بابم.
ئا٤/ مام (....) ئەو تاگۆزەی دە...... (تەواونەکردنی قسە)
ئا٣/ بە خۆت لابە دەی، جەگکەی دانێ، لابە. بەسە کورە دەخزی.
(....) بڕۆ سلیکۆنەکی بینە.
ئا٢/ ئەو ڕوونە گێڕ و مەکینەی تەفلیش دەکا.
ئا١/ وەڵڵا برێم چ.
ئا٣/ کا ئاوت لە ڕادێتەی کرد؟ ئەوها تێنەکەی، عەموو دەبتە بڵقە بڵق. بینە ئەو وایەر پلاکانەش دانێینەوە.
ئا١/ لوقمەکی عەڤدەم دێ.
ئا٣/ ئەو سەیارە ئی کوڕتە، عەممۆ؟ تەکسییەکەت هەر مایە؟
ئا٢/ ئمم
ئا٣/ تەواو هیچ نمایە.
ئا٤/ ئەوەشم بدێ، ئەو تالیبەرە دەی.
ئا٣/ لۆ سلفی لێدەدەی بابە؟ ئەگەر ئەو مەکینەیە دەرپەڕی لە گزۆزی.
ئا٤/ بزانە کیهان گریس نەکرایە.
ئا١/ ڕاوەستە کاکە ڕاوەستە، ئێستا ئەمە دەزانین.
ئا٣/ ئەوە پلاکی یەکەمە، تەواوە، تەواو دانیشتییە.
ئا١/ نا بابە نا، ڕاوەستێ با بەجوانی بچی.
ئا٣/ کا قەپاخی سەر ئێرەی نەبوو؟
ئا٢/ با وا لە ناو سندووقیە.
ئا٣/ ئێ دەبینە، با ئەویش ببەستینەوە. کا ئالەنکییەکە؟
ئا٤/ کا سلفەکی لێدە جارێ.
ئا٣/ لۆ؟ با ئەویش ببەستین.
ئا٢/ نا نا، بوڕغییەکەی بنێشی ببەستە، بوڕغییەکەی بنی.
ئا٣/ کیهان بوڕغی؟
ئا٢/ ئەوی لە بنەوە کردتەوە.
ئا٣/ لۆ چیتی؟! شەریکە زیادی دانایە.
ئا٢/ هههههه
ئا٣/ ها ئەو بوڕغییە دەیانەش تێبێخەوە، خوا کەریمە. ئەو بوڕغییانە بگرە لەسەر جامی دانێ، جەگەکی لێدە. ئەتووش وەرە شووتەکەی ببەستەوە، ئەوەتە شووتەکە، ئەوەش بوڕغییەکانی ئەوەتەنە.
ئا٢/ با جارێ فەحس کا ئەوجا.
ئا١/ قایشم دانەنایە، قایش.

ئا٣/ لۆ؟
ئا١/ حەلقە پازدەکەی حازرکە، ئەوە هاتم.
ئا٣/ لۆ قایشت دانەنایە، ئاخ لۆ لۆ؟ (لەبەر خۆیەوە قسە دەکات، بە دەنگی نزم)
ئا٤/ لەبە لۆبیای.
ئا٣/ دای نەنایە، ئەمە دایدەنێینن وە نییە (....) ؟
ئا٢/ بورغییەکانی قەپاخەکەشم لۆ ببەستەوە، وەستا.
ئا٣/ ئەنتیفرێزی تێکە، با چیدی فلست نەتەقی.

## ئاخاوتنی یەکەم (پزیشکی)

ئا١/ ئەزانی ئەڵێ چی؟ (مەبەستی دکتۆرە)
ئا٢/ ئا
ئا١/ ئەڵێ فیوری چەندە؟ تەماشای کاتی دەکا، دونێ گۆتتان ئەوە فیورە. نەتان گۆت فیورە؟
ئا٢/ ئم
ئا١/ ڕاست تەماشای کرد، گۆتی کا؟
ئا٢/ ئێ
ئا١/ گۆتی کاکە، لە سەعات ئەوەندەوە فیوری نەبووە، وەڵڵا ئەمنیش چێکم کرد، گۆتم ئا، بەس ئەوە وەبوە، دەیەوێ وەرەقە و ئەوە وەکی یەک بی... لاکۆرسن (ناوی دەرمانێک).
ئا٢/ کاکە ئەوە هاتن.
ئا٣/ لاکۆرسن چییە؟ ئەها ئەهە، هەر ئەوەندەیە (ئەنجامدانی کارەکە)
ئێهـ ئەوە فرییە، دیتیت.
ئا١/ دوو نیوی نییە؟
ئا٤/ بزانە دونێ هەموو... (تەواونەکردنی قسە)، (ڕەگەزی مێ)
ئا١/ ئەولای هەموو هەوبوو (قسەبڕین بە ئا٤)
ئا٣/ ستەیبلەکان بوو، ئەوی دیکە ئەوە نییە.
نا، نا ئیمە ئەوەیە.
ئا١/ کورە، نا، نا ئەتوو مەزبوتی مەزبووت.
ئا٣/ نا، نا مەزبووت نیمە.
ئا١/ وەڵڵا مەزبووتی.
ئا٢/ کاکە، پەنجاوپێنج بوو، دەبی ڕاگیرێ، بەخۆی دکتۆر (.........) گۆتبووی لە سەت و هەشت کەمتر بوو ڕاگرن.
ئا١/ چ، ئەنسلۆلینەکە؟!
ئا٢/ کوژاندمەوە، ڕاست، کوژاندمەوە.
ئا٣/ ئا، ئێ ستۆپت کردبا کاکە
ئا٢/ ئێ ستۆپم کرد

ئا٤/ بەس میرا زۆلان دەڕوا ونییە؟
ئا٢/ بەس میرا زۆرلان دەڕوا، ئەگەر نۆرتڤین
ئا١/ نۆرتڤین وکی جارانە میرا زۆلان وکی جارانە
ئا٢/ کەیسەکە هەر وەکی خۆیتی
ئا٢/ بەس چ زیادی کردییە؟ ئا، ئەوەمان زیاد کردییە.
ئا١/ چ
ئا٢/ ئۆکسجینەکە
ئا١/ ئۆکسجین؟
ئا٣/ هەشتا دەڕوا ئا...
ئا٢/ بەهەشتە ئەوجا... (تەواونەکردنی قسە)
ئا١/ ئەوە نییە، سەککەرمان لۆ کردییە
ئا٢/ ههههه (پێکەنین)
ئا١/ ئۆکسجینت ڕاست لابردبا
ئا٢/ کاکە؟ ئەوە ڤایتەلی هەبووە، جارەکی
ئا١/ ئیعتیادییە
ئا٢/ هایپرۆکسی هەبووە دووجاران
ئا١/ سەککەری لۆ دەکەن؟
ئا٢/ وەڵاهی مائیڤری... هەبوو، جارەک لەبۆم کردیە ئەگەرنا هیچی و کە نەیبووە. ئینشورەکەی؟
ئا٤/ زۆر نییە..هههه (پێکەنین)
ئا٢/ نا زۆر نییە یەک دوو تایم مائیڤری ڤێری هەبووە
ئا٥/ ئەوە، کو بەکاربینین؟ چەند بە چەند؟
ئا٤/ ئا... (هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوە) قسەپێبڕین لەلایەن (ئا٢)
ئا٢/ ئەگەر شەربەت هەبوو، لەگەڵ شەربەتی تێکەڵی بکە
ئا٥/ چەند؟
ئا٢/ ئەگەر شەربەت لەگە گلوکۆزی
ئا٥/ چەند؟
ئا٢/ شەش مراک لەناو پەرداخەک ئاو
ئا٥/ ئێ
ئا٢/ ئەوجا لەجیاتی ئەوەی ئەتو ئاوت ناوێ، یان شەربەت، یانیش گلوکۆز وۆتەر، شەش مراک لەگەر شیری دەیدەیێ
ئا٤/ یەعنی ئەگەر شەربەت نەبوو
ئا٢/ نانا بەخۆی گۆتی شیر
ئا٥/ ئێ، کە تێکەراوت کرد چەندی دەدەیێ؟

ئا٢/ (٣٠) سی، سی سی توو هاوەر جارەک
ئا٥/ سێ (تێنەگەیشتن لە قسەکانی دکتۆر)
ئا٢/ سی سی
ئا٤/ سی
ئا٢/ لەگە بیست ئاوی
ئا٣/ دەکا پەنجا
ئا١/ ئەوە نەهات فەحسی بکە خارە؟
ئا٢/ ناوەڵا نازانم لۆ؟
ئا١/ کچەکە بوو، عەرەبە؟ وەنییە؟
ئا٣/ ئا
ئا٢/ سەعات شەش گاسم کردیە، نەهاتیە
ئا١/ نەهاتیە، ئەکید نەهاتیە وەنیە؟
ئا٢/ نەهاتیە
ئا٣/ تەلەفۆنمان کرد جوابی نەبوو، هیچ
ئا٢/ جوابی نەبوو، گۆتمان با بێ، کەیس هەیە کو نەهات، نەهاتیە هەتا ئێستا
ئا١/ یەعنی جوابی نەداوە یان هەر نەهات؟
ئا٢/ بەخۆی لە (ئو پی دی OPD) بوو، گۆتمان با بێ، موقیم، موقیم ئەقدەم کێ هەیە بێ
ئا٣/ گۆتمان کێ هەیە با بێ نەخۆشەکمان هەیە
ئا٢/ ئێستاش نەهاتن
ئا٣/ ئێستاش نەهاتن کەس نەهاتیە
ئا٢/ تازە تەلەفۆنەکم کرد لە (ئۆتی OT) گۆتیان دەرچووە یەعنی لە دونێوە، دونێ ئیڤنینگ نایتەوە هیچ دکتۆرەک نەهاتیە ئەنسیست
ئا١/ موقیم ئەقدەمیش نەهاتبوو؟
ئا٢/ بابا موقیم ئەقدەم هاتبوو
ئا٣/ موقیم ئەقدەم هاتبوو بەس...
ئا٤/ کەسەکی وانەهات، دوونێ جومعە بوو.
ئا٦/ کاکە گێ بدە من، هەر لیترەکو نیو نمرەکە...
ئا٣/ ئاومان دایتێ
ئا٦/ بەس ئاومان دایتێ، یان شتیکەشتان دایتێ؟
ئا٣/ لەگە شەربەتی
ئا٦/ هیچ نەڕشاوە؟
ئا٣/ ئەویش ئەگە بخوا، ئەگەنا، ناخوا (وەڵامنەدانەوەی پرسیارەکە)
ئا٢/ نا نەڕشاوە
ئا٣/ ئەوە لێرەبوو. ئاماژەکردن بۆ ئا٢

ئا٣/ کاکە ئەوەی لەسە قەرەوێلەکەی...، دوو سەد سیسی بلەدی وەرگرتییە
ئا٦/ ئەورۆ؟ وەنییە، ئێ...
ئا٢/ ئەو ژنە بلەدەکەی وەرگرت. (ڕوونکردنەوەی زیاتر)
ئا٦/ ئەدی پلازمە و ملازمەی وەرنەگرت؟
ئا٢/ هیچی وەرنەگرتییە
ئەو منداڵەش (کەی سی ئێڵ KCL)ی هەبووە، دونێکە، وەریگرتییە  کەی سی ئێڵ
ئا٦/ ها ؟ (پلەی بەرزە، بێڕێزی پێوە دیارە)
ئا٢/ کەی سی ئێڵی هەبوو، ئەو منداڵە.
ئا٦/ ئێ؟
ئا٢/ لۆماندانایە و...
ئا٦/ چەند؟
ئا٢/ بیستی هەبوو،... کەی سی ئێڵ (زیادەڕۆیی تەنیا بیست بەس بوو)
ئا٦/ باشە
ئا٢/ کاکە ئەوە نیو کەیسە
ئا٦/ ئەوە لێرە نەبوو؟
ئا٢/ نا نا، مۆڵتی پلایە، ئەپ دۆمین، لێفت ئارم، ئۆ... ڕایت هاند بۆت لێگ. (خوێندنەوەی فایلی نەخۆش بۆ دکتۆر)
ئا٦/ ڕەیچەری لۆ کرایە؟
ئا٢/ ئا، ڕەیچەری لۆ کرایە
ئا٦/ لابرتۆمیک کرایە؟
ئا٢/ لابرتۆمیک کرایە، نێگەتیڤ بووە، نا نا ستەیبڵ نیە ئەن ستەیبڵە؟
ئا٦/ کاکە ستەیبڵەکەشی ڕایتەکە...
ئا٢/ ویک فەنکشنە، وەڵڵاهی ویکە
ئا٦/ سەتا بیستە، یان پەنجایە؟
ئا٣/ نووسرایە، لەسەر قائیمەیە (وەڵامنەدانەوە)
ئا٣/ فۆرم بەدی هەیە، لەگەڵ ئۆڵ بەدی
ئا٦/ ئەدی ئەوە، ڤایکەڵی؟
ئا٢/ دیس تەیبڵە، وابزانم.
ئا٦/ چتان نووسیە لێرە؟
ئا٢/ بزانم... چی نووسیە؟! ستەیبل، ئەن ستەیبڵ، شیفت ئۆن لایت، بلەدی وەرگرتییە.
ئا٦/ بلەدی وەرگرتییە.
ئا٢/ ئا
ئا٦/ ئێ، سێ لترە، وەنییە.
ئا، سێ لترە، ئەورۆ (ئۆ تی OT) هەیە.

## ئاخاوتنی دووەم (پزیشکی)

ئا١/ دکتۆر گیان حازرن، بەنجی بدەینێ؟
ئا٢/ ئا، یەڵڵا.
ئا٣/ ئەوە چەندەم جارە ماتۆڕ لێئەخوڕی؟
ئا١/ یەعنی حادیسەی ماتۆڕە؟
ئا٣/ ئا.
ئا١/ یەڵڵا دکتۆرە دەست پێبکەین؟
ئا٢/ یەڵڵا.
ئا٤/ ئەوە سی سییەکتان بۆ حازرەکەم، باشە؟ ئەمن ئێکستێرنەڵم ئیش نەکردییە، پێشتر.
ئا١/ ئینجا ئێکستێرنەڵ چییە؟ ئەوەی کە ئاسان بێ ئیکستێرنەڵە.
ئا٤/ وەڵڵا ئەمن زۆر پێم زەحمەتە.
ئا١/ کە ئیشت نەکردبێ، ئا. ئیشەکانتان ئەگەر وابێ زۆرە کا نیو سەعاتە؟
ئا٤/ نیو سەعاتە، نیو.
ئا٥/ با جەماعەتی تەخدیر دەست پێبکەن.
ئا١/ های هیە، یەڵڵا کاکە بیسمیللا.
ئا٤/ ئەوانە جەماعەتی ئەوەی بان خۆش بوو، ئەوانەی دەرێن تێشی.
~~هههههههه~~ (پێکەنینی بەشداربووانی ئاخاوتن)
ئا١/ خوێنەکەی بنێرن، تەواو بەس بینێرن.
ئا٥/ یەڵڵا کاکە خەوتووە، فۆلیک، فۆلیک، ئەوەم لۆ لادەن.
ئا١/ لای دەن کاکە لای دەن. تۆماسمان نییە لە تەواری چی بکەین؟
ئا٢/ نا هیچ، دوعا بکەین و خەڵاس.
ئا١/ دوعای خێر ئەبێ بکەین، ئینشائەڵڵا پەیا ئەبێ.
ئا٢/ ئینشائەڵڵا.
ئا١/ ئەمبەریش، باک ستاری بۆکەن، دەسی؟، دەسی باک ستاری بۆکەن؟
ئا٥/ نەئە، دەسی بە ساغی نمایە.
ئا١/ ئەخە وتیان، وتم بەڵکو بیگۆڕن، ئەوە سلاپ حازرەکەن. ئەوە ووندشی هەیە؟
ئا٥/ ئەنتی بایۆتیک وەرگری، با.
ئا١/ دەبی وەریگرتبێ؟ دە بزانە تەماشای تەبەلەی بکە، بزانە ئەنتی بایۆتیک؟ چی وەرگرتووە؟ چی وەرنەگرتووە؟
ئا٢/ کانولەی بۆ دابنێ.
ئا١/ ئێستا کانولەی بۆ دائەنێم.
ئا٥/ تەحویل، تەحویل.

ئا٤/ یەڵڵا یەڵڵا، تەحویل.
ئا٣/ ئەوجا ئەوە بە توو تەحویل دەکرێ؟!
ئا١/ ئەی بە کێ؟!
ئا٢/ کاکە چەند فەددانی درایتێ؟
ئا١/ دوو سەت مایکرۆگرام.
ئا٥/ بەس حەوزی، بەس حەوزی.
ئا١/ دەقەیەک، یەڵڵا باوکەکەی باوکم دەی تەحویل کەن.
ئا٤/ وەڵڵاهی (....) ئەتوو هیچت نەکرد.
ئا٣/ کورە ئەمن تەماشام دەکرد.
ئا٤/ دووبارەکەینەوە کاکە، (....) هیچی نەکرد.
ههههههــ (پێکەنینی بەشداربووانی ئاخاوتن)
ئا١/ ئەو یەددەیە بێنە، یەددە، دەستی. دوو ئەوەی چاکمەوێ (.....)، دوو حەممالەی چاکمەوێ، باشە؟ یەک لەمبەر، یەک لەوبەر. دەستی جوان دانێن برام، ئەو دەستەی ئەو بەری، دەمەوێ کانولەیەکیش ئەخە لەوبەر دانێم.
ئا٥/ وەڵڵا ئەوەی نەقلی ئەوەی بکەین بە پلاستەری، ئەوجا کانولەیەک دانێ.
ئا١/ دکتۆرە، کانولە لە کۆ دانێم؟ لێرە داینێم باشە؟ کەفەکە ببەمە قاچی؟ کەف بلەد پرێشەر.
ئا٢/ ئا داینێ، باشە.
ئا٥/ دەی ستێپ بای ستێپ، بلەدەکە کۆنترۆڵکە.
ئا١/ ئەو خوێنە چییە؟
ئا٤/ ئەوە لێرە ووندەکی هەیە.
ئا١/ یەعنی لە پاژنەشی ووند هەیە؟
ئا٥/ ئەدی.
ئا١/ قیاس تەخدیرەکەی کەمێ بێنە پێش، با بگاتە ئێرە.
ئا٥/ قفڵمان هەیە؟، سپڕەیت؟
ئا١/ سپر، بەس لە ساڵەی کسور هەیە.
ئا٣/ تەعقیم کرایە پشتی؟
ئا٤/ نەء
ئا٣/ کا ئەو ئەشیای تەعقیمەم بدێ.
ئا٤/ بڕۆ گۆزەکە لە دەرێیە.
ئا١/ ئەو یۆدە، یۆد، ئەو یۆدەم بدەیە.
ئا٣/ ئەوە لە کێندەر لۆ کێندەر تەعقیم کەین؟
ئا٥/ چەنێ پێت دەکرێ بیکە.
ئا١/ ئەگەر وابێ، لە پەنجەی پێیەوە هەتا حەوزی دەبێ تەعقیم بکرێ. ئەوەش ئیشی ماتۆڕ، خۆ ئیستە بەس ماتۆڕ مەمنوع بکرێ، کسور کێسی نامێنێ.

ئا٥/ ئا، ڕاستەکەی.
ئا١/ دکتۆر بەس..... (تەواونەکردنی قسە)
ئا٥/ نا، نیوابێ نیوە
ئا١/ نیوە؟! سەتا هەشتا.

For this purpose; the examples have been clarified in three different sectors, in each of the (culture, methods of speech, and cultural criteria of speech)

The research has reached to some important results, the most obvious one is different occupations of Kurdish society which have been divided to (rural and urban) and each one of them has distinctive spoken language. Another point is that Kurdish community according to its social quantities (gender, class, age…., and occupation) which are the flows of society play an important role in creating language verities; a different spoken language is felt.

# Abstract

This research is entitled (the spoken language of different occupations in Kurdistan region); it discusses spoken language in those specific occupations which is shown in the research. The aim is to shade some light on culture and the way people speak and its reflection on the frame of social communication within their relationships.

Moreover, the research consists of three sections apart from introduction, result and conclusion and references:

Section one: In the beginning of this section, there will be a discussion on the relation between (language and community), then that there will be other subjects which are social language, language and identity, language as social behavior, types of language, language categories and types of dialects to indicate language of the occupation as a part of social dialects. On the other hand the concepts of (language, dialects, accents and types) are defined in the frame of language types.

Section two: This section has attempted to explain the verities of language in general, its dialects, definition and reasons of appearing in Kurdish community, examples are provided where necessary. Then it discusses the basic theories of occupation and its connection and effect to language, concerning division and classification of professions; at the beginning the various divisions of professions have been explained in general then according to the aim of the research, occupations of Kurdish society have been divided to (rural and urban).mien languages of these two societies are determined.Section three: This section is the practical side of the research in which some speech related to specific occupation (agreeculture, stock breeding, mechanic, medical) are taken by record and later the examples were written.

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# The Spoken Language of different occupation in Kurdistan region

A Thesis

Submitted to the Council of the College of Languages
University of Salahaddin- Erbil in Partial Fulfillment of the
Requirement for the Degree of Master in Kurdish Language

By

**Shallaw Salih Hamagharib**

B.A in Kurdish Language University of Salahadin-Erbil-2008

Supervised by

**Prof. Dr. Yousif Sharef Saeed**

**Erbil- kurdistan**

**May - 2017**